# وەرزنامەی ئێرانناسی

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات

ژمارە (١٢) ساڵی سێیەم، ئابی ٢٠٢٤



- گوتاری نوخبە و میدیای فارسی لە جیاکاریی ئەتنیکییەوە بۆ نەژادپەرستی
- مەسعود پزشکیان و گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا
- کاریگەری گۆڕاوەکانی ئەمنی و سیاسی لەسەر سیاسەتی ئێران بەرامبەر عێراق
- سیاسەت و ستراتیجی ئێران لە وڵاتانی ئەفریقا
- داهێنانی ئێران: لە «ئێرانییەت»ەوە بۆ «فارسییەت»
- مێزگردێک سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە ئێران

وەرزنامەی
# ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٢) ساڵی سێیەم، ئابی ٢٠٢٤

خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزاین: ڕەوشت محەمەد

شوێن: عێراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G، شووقەی (4)
Address: Iraq, Kurdistan, Slemani
Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:
www.centerfs.org
Facebook: Center.of.Future.Studies
Instagram: centerfs
Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی ئێراناسی

وەرزنامەی ئێراناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەریان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێراناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەتڕێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەتڕێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەرۆك

## سەروتار


سەرۆک کۆمارێکی نوێ و هەلومەرجێکی نوێ، سەروتار | بارام مەجید خان ........ ٤


## توێژینەوە


گوتاری نوخبە و میدیای فارسی لە جیاکاریی ئەتنیکییەوە بۆ نەژادپەرستی | د. ڕەحیم سورخی ........ ٨

مەسعود پزشکیان و گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا | د. بێستون حسین عارف ........ ٢٩

کاریگەری گۆڕاوەکانی ئەمنی و سیاسی لەسەرسیاسەتی ئێران بەرامبەرعێراق دوای ساڵی ٢٠٠٣ |جەبارمحەمەد ساڵح ........ ٥٤

غازی سروشتی لە ستراتیجی ئێران | میران حسین ........ ٨٠

سیاسەت و ستراتیجی ئێران لە وڵاتانی ئەفریقا | هەڤاڵ ئازاد ........ ٩٥


## مێزگرد


مێزگردێک سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە ئێران ........ ١١٢


## توێژینەوەی وەرگێڕدراو


داهێنانی ئێران: لە «ئێرانییەت»ەوە بۆ «فارسییەت» | ئەحمەد محەمەدپوور . وەرگێڕان: گەلاوێژ سۆفی........ ١٣٣

هاوپەیمانیی مێژوویی بازاڕ و پیاوانی ئایینی لە ئێران وەرچەرخانەکان و ئەنجامەکانی | و: بارام سوبحی ........ ١٧٠


## کەسایەتی


مەسعود پزیشکیان لە مهابادەوە بۆ پاستۆر | یاسین عزەم ........ ٢٠٩


## کتێبناسی


تاریخ اجتماعی و سیاسی ایران دردوره معاصر (مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێرانی هاوچەرخ) ئامادەکردن: ئێرانناسی ٢١٧


## چەمکناسیی


شیاوی خۆپاڵاوتن ........ ئامادەکردن: هەورامان فەریق ٢٢٢

سەروتار

بارام
مەجیدخان

# سەرۆک کۆمارێکی نوێ و هەلومەرجێکی نوێ

خولی چواردەی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران بە ناوی مەسعود پزشکیان لە مێژووی ئەو وڵاتە تۆمار کرا. دابەشبوونی کۆمەڵگەی ئێران بەسەر دوو بەرەی جیاوازی سیاسی و فیکری و ئایدۆلۆژی کاری سەرۆکی داهاتووی ئێران قوورستر دەکات. ئێران لە بەردەم باری ناهەمواری ئابووری و دابەشبوونی ناوخۆیی و هەلومەرجی ئاڵۆزی ناوچەییدایە. جەمسەرەکانی دەسەڵات لە ئێران بە دەست نەریتخوازەکانەوەیە. ڕادەستکردنی ئەو دەسەڵاتانە بە سەرۆکی تازە کارێکی ئەستەمە. بەڵام کەسایەتی بەهێز و کاریزمایی پزشکیان دەتوانێت وەڵامدەرەوەی خواستی هەموو ئەو ئێرانییانە بێت کە هێشتا ئومێدیان بە داهاتووی وڵات لە دەست نەداوە.

پزشکیان زادەی چەندین هۆکاری ئاڵۆز و ئاشکرای هەلومەرجی قۆناغی ئێستای حوکمڕانییە لە ئێران لە وانە:

• قۆناغی دوای سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕەئیسی. حوکمڕانی سەرۆکی پێشوی ئێران پشتیوانی هەموو دەزگاکانی باڵی نەریتخوازی ئێرانی لە پشت بوو. ڕەخنە گرتن لەو حوکمڕانییە وەک تابۆ لە لایەن سیستەمی سیاسی لە ئێران سەیر دەکرا. دوای چەندین خولی سەرۆکایەتی باڵی نەریتخواز توانییان دەسەڵاتی سەرۆکایەتی کۆمار بگرنە دەست بە سەرکردایەتی ئیبراهیم ڕەئیسی و پشتیوانی تەواوی ڕابەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لەگەڵ بوو. بەڵام لە هەناوی حکومەتی ڕەئیسی بابەتی جێنشینی ڕابەر و داهاتووی سیستەمی ڕابەرایەتی کۆمار، وەک ململانێیەکی شاراوە، لە ناو دەسەڵات ئیشی کردووە. پۆستی سەرۆک کۆمار بەو مەرجەی

ڕۆحانی ( مەلا) بێت، کاریگەری ڕاستەوخۆیی بە سەر پرۆسەی دیاریکردنی ڕابەری داهاتووەوە هەیە. هەندێک وای لێک دەدەنەوە کە نەمانی ئیبراهیم ڕەئیسی جادەی بەردەم جێنشینی ڕابەر هەموار تر دەکات بۆ ناوەندەکانی تری دەسەڵات لە ئێران، کە چاویان لەو پۆستە گرنگەی ئێرانە..

• مەسعود پزشکیان زادەی هەلومەرجی دوای سەرهەڵدانەکانی ژن. ژیان. ئازادییە. ناردنە ماڵەوەی نیوەی کۆمەڵگەی ژنی ئێران و خانەنشینکردنیان وەک گوتارێکی زیندوو لەسەر ئاستی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران نارەزاییەتی لێکەوتەوە. هەرچەندە جووڵانەوەکە سەرکوت کرا، بەڵام بڵێسەی ئەو ئاگرە لە سندوقی هەڵبژاردنی سەرۆکی نوێ دوبارە بڵێسەی سەند و دەسەڵاتی نەریتخوازەکانی خستە ژێر گوشاری هزری و ئایدۆلۆژی و سیاسی. پزشکیان زیرەکانە ئەو گوتارەی قۆستەوە بۆ لێدان لە باڵی نەریتخواز.

• پزشکیان زادە و درێژەپێدەری ڕیفۆرمخوازەکانی ئێرانە. پزشکیان توانی دۆخی باڵی شکستخواردووی ئێران لاسەنگ بکاتەوە بە گوتاری جیاواز لەوانی تر. گوتاری وەدەرنانی باڵی نەریخواز و سڕینەوەیان گوتارێکی سواوە و ئەزموون کراوە. نزیکبوونەوە لە ڕابەر و داوای ئاشتی نیشتمانی، رابەری لە نییەت باشی خۆی دڵنیا کردەوە و لە لایەکی تر هەندێک لە دەنگەکانی باڵی ڕیفۆمی هەڵوەراند. بەڵام بە کەسایەتی ڕاستگۆی خۆی و بە کەسایەتی کاریزمی خۆی توانی دۆخەکە لە بەرژەوەنی خۆی کۆنترۆڵ بکات. هەمیش توانی سەرکردایەتی باڵی ڕیفۆرم خواز مسۆگەر بکات و هەم دەنگی نارەزاییەتەکانی سەرهەڵدانەکانی ژن.ژیان. ئازادی لە بەرژەوەندی وڵاتەکەی هەڵمژێت.

• پزشکیان زادەی بارودۆخی ئابووری سەخت و خراپی ئێرانە. پزشکیان هیچ پلانێکی ئابووری نەخستەڕوو. بەڵام بەڵێنی ئەوەی بە خەڵکی ئێراندا کە سوود لە ئەزموونی پسپۆڕانی ڕاستەقینەی ئەو بوارە وەردەگرێت و کاروباری ئابووری دەداتە دەست ئەوان. بڕوای بە فەرمانی ئابووری یەکلایەنە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە نییە. کێشە ئابووریەکانی بە دوو هۆکار بەستەوە. یەکەم بەشی هەرە زۆری کێشەکان پەیوەندییان بەو فەساد و گەندەڵییەوە هەیە کە لەناو دڵی حوکمڕانییەوە مۆنۆپۆلی بەشی زۆری ئابووری خەڵکییان کردوە بە ناشەفافی و دوور لە چاودێری دەوڵەت پەڕلەمان. هۆکاری دووەم گەمارۆکانی سەر ئێرانە کە وڵاتانی جیهان بە تەنها هۆکاری ئەو گەمارۆیانە نیین، بەڵکو هەڵە و خەمساردی دەسەڵاتێش هۆکارن


بۆ ئەو دۆخە نالەبارەی ئابووری ئێران. ئەو پێیوایە تا نەتوانین لەگەڵ جیهان پەیوەندیمان هەبێت و دەرگاکان لە سەر خۆمان ئاوەڵا نەکەین ناتوانین دۆخی ئابووری چاک بکەین. کێشە ئابوورییەکانی ڕاستەوخۆ بەستووەتەوە بە سیاسەتی دەرەوە و پێکهاتن لە جیهان. بە تایبەت گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی و پابەند بوون ئیمزاکردنی FATF.

- پزشکیان زادەی بارودۆخی ناوچەیی و جیهانی ئێرانە. چەمکی «دیپلۆماسی و مەیدان» کە جەواز زەریف هێنایە ناو کایەی سیاسی لە ئێران بۆ ڕەخنەگرتن و لێدان بوو لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران. باڵی نەریتخواز بشت ئەستوورە بە چەمکی «مەیدان» بە واتای پشتیوانی ئێران لە گرووپە وابەستە و هاوپەیمانەکانی خۆی لە ناوچەکە. ئەوە مەیدانە کە دەبیت ئاڕاستەی دیپلۆماسی دیاری بکات نەک بە پێچەوانەوە. ئەم سیاسەتە وایکرد کە ئێران بە تەواوی لەگەڵ جیهانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا دابڕێت و گەمارۆی قورسی ئابووری بەسەردا بسەپێت. باڵی نەریتخواز پێیانوابوو کە ئەم بڕیار و گەمارۆیانەی سەر ئیران کاریگەییان نابێت و دەتوانن تێکی بشکێنن بە پشتبەستن بە بەرهەمهێنانی ناوخۆ. بەڵام ئەمە کاریگەری نەبوو. پشتیوانی ئێران لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی بۆ بۆ گرووپە میلیشیاییەکانی سەر بە ئێران لە ناوچەکە لە غەززە و لوبنان و یەمەن و عێراق پەرەی سەند. ئەم سیاسەتە لە لایەن باڵی نەریتخواز پشتیوانی توندی لێدەکرێت. بەڵام: ئایا هاتنی پزشکیان لەم دۆخەدا دەتوانێت گۆڕانکاری گەورە دروست بکات؟ بە دڵنیاییەوە نەخێر! چونکە بڕیاردان لەو بابەتە دەسەڵاتی ڕابەرەی کۆماری ئیسلامییە.

_ ئێران ناخوازێت لە شەڕێکی بێسنووری ناوچەکە تێوەبگلێت کە ئەنجامەکانی دیار نەبێت. وەک لە شەڕی غەززە ئێران کەوتە ژێر لۆمە و گازندەی هاوپەیمانەکانی خۆی و فشارێکی ئەخلاقی و ئایدۆلۆجی زۆری کەوتەسەر. هاتنی پزشکیان دەرفەتێکی باشە بۆ سازش و پێکهاتن و کات کوشتن لە پێناو دوورخستنەوەی تارمایی شەڕ لەسەر ئێران.


- پزشکیان لە گەڵ خۆی شەرعیەتی سیاسی بۆ ئێران هێنایەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو لە دەستی دابوو. ئەمەش تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئیران درێژ دەکاتەوە و پێگەی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ دەگەڕێتەوە.

- پزشکیان مەترسی بۆ سەر دیاریکردنی ڕابەری داهاتوو لە ئێران نابێت وەک پێگەکەی. لەبەرئەوەی خۆی پیاوێکی ئەکادیمی و مەدەنییە.



توێژینەوە

ئێرانناسی



# گوتاری نوخبە و میدیای فارسی
## لە جیاکاریی ئەتنیکییەوە بۆ نەژادپەرستی

د. ڕەحیم سورخی



**پوختە**

ئەم وتارە گوتاری جیاکاریی نوخبە و میدیای فارسی لە پاش سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا تاوتوێ دەکات. جیاکارییەکی سیستیماتیک کە پێکهاتەی گوتارەکەی شێوەیەکی نەژادپەرستانە بەخۆوە دەگرێت. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی ڕێبازی شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی گوتاری ڤاندایک بەدواداچوون بۆ پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی نێوان زمان، گوتار و جیاکاری لە میدیاکان و ئەو تریبوونانە دەکرێت کە نوخبەکان تیایدا جیاکارییە ئەتنییەکان بنیات دەنێن. نواندنی کەیسی ژینا، دانیشتنی جۆرج تاون، وتوێژی تەلەفزیۆنی لەگەڵ بەرپرسانی حیزبە کوردییەکان لە میدیای ئۆپۆزسیۆنی ئێرانیدا و میدیاکانی سەر بەڕژیم لە ئێراندا بە نمونە وەرگیراون، ئەو شێوازەی کە گوتاری جیکارانە لە کرداری ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووسان و نوخبەی فارس لە میدیاکاندا بەرهەم دێت و دەنوێندرێت، دەخرێنە ڕوو. شێوەکانی داپۆشین(کیتمان) و پەراوێزخستن یان بەکارهێنانی هەندێک کلێشەی تایبەتی کە سەرکوت و پەراوێزخستنی کورد پاساو دەدات، هەروەها کۆنترۆڵی ڕای گشتی لەڕێگەی میدیا و تریبونە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانەوە تیشکیان دەخرێتە سەر. دەرکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخەن کە گوتاری ئیلیت و میدیاکانی سەربە زمان و نەتەوەی زاڵ لە ئێراندا لەسەر کورد بە شێوەیەکی بابەتییانە یان بێلایەنانە ڕاستییەکان یان چیرۆکەکانیان ڕاناگەیەنن و لەبەکارهێنانی مۆرکە کلێشەییە پەراوێزخەرەکانیاندا یەک هەڵوێستیان هەیە و بەردەوام بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا، بەرژەوەندیی باڵادەستانە، بەها دیاریکراوەکانی دەسەڵات و کۆنترۆڵ و قاڵبە خشتەییەکانی هەواڵ واقیع بنیات دەنێنەوە. دیمەنی وێنە و گێڕانەوەی میدیایی مانا و پەیامی بەهێز بەڵام ڕەمزێندراو هەڵدەگرن لە پێناو زاڵکردنەوەی گوتاری زاڵی دەوڵەت و نەتەوەی زاڵدا هەوڵی پەراوێزخستن و بە پاشکۆکردنی کورد و نەتەوە غەیری فارسەکان دەدەن. بیرۆکەی سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە کە تەونی گێڕانەوەی ئێرانییەکان هەر لەسەر ڕابردووی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بنیاد نراوەتەوە، و واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران دادەپۆشێت. کلێشەسازی و مۆرک لێدانی تاڕادەیەک نەژادپەرستانەش دەورێکی سەرەکیی لە واتاسازیی و دەمەتەقێ لەبارەی شوناسەکان لە بەستێنی گوتارەکەدا دەگێڕێت.

## خستنە ڕووی کێشەکە

ژینا ئەمینی کیژێکی ٢٢ ساڵی خەڵکی کوردستان لە شاری سەقزەوە لەگەڵ خێزانەکەی بۆ سەردانێک چوونە تاران پایتەختی ئێران. لە وێستگەی میترۆی تاران لە کاتێکدا لەگەڵ براکەی بوو، ڕۆژی سێشەممە ١٦ سیپتەمبەری ٢٠٢٢ لەلایەن گەشتی ئیرشادی ئیسلامیی هێزی ئینتیزامیی ئێرانەوە بە بیانووی بێ حیجابی گیراو کەوتە بەر توندوتیژی و کوژرا. ئەم بابەتە بوو بە هۆی شۆڕشێک لە کوردستانەوە بە دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» دەستی پێکرد و بەرەو ناوچەکانی تری ئێران پەرەی سەند. لە ڕۆژی بە خاک سپاردنی لە گۆڕستانی ئایچیی سەقز، لە سەر کێلی مەزارەکەی بە کوردی نووسرا: «ژینا گیان تۆ نامری ناوت دەبێتە ڕەمز». ئەم دروشمانە بە خێرایی وەرگێڕدرانە فارسی و زمانە بیانییەکان و بە میدیاکان و لە درێژی شۆڕشەکەدا بە دەم خۆپیشاندەراندا گوترانەوە کە بەشێکی بەرچاوی شەقامی ئێرانی، بەتایبەتی ناوەندە ئەکادیمییەکان و ژنان تێیدا چالاک بوون. میدیا، ڕێکخراوە و نوخبەی ئێرانی لەسەرەتادا بە زوومکردنی لەسەر خۆپیشاندانەکانی کوردستان، ڕووماڵکردنیان و بڵاوکردنەوەی سرووده کوردییەکانیش، هەوڵیان دا کوردستان بەرجەستە بکەن تا بەشەکانی تری ئێرانیشی پێ بهێنێنە شەقام، بەڵام بەرەبەرە لەگەڵ تەشەنەسەندنی شۆڕشەکە هەوڵی ئەوەیان دەدا کورد بە شێوەیەکی ئامرازییانە بەکاربهێنن نەک دەوری کارایەکی چالاکی ڕاستەقینەی خاوەن تایبەتمەندیی خۆی پێبدەن. هەربۆیە ویستیان، پاشکۆیەتیی کوردییەکە بۆ فارسییەکە بپارێزن و نەهێڵن لە گوتاری زاڵ دەربچێت. بۆیە لەگەڵ کزبوونەوەی خۆپیشاندانەکان شێوەی ڕووماڵکردنی ڕووداوەکان، دەستڕاگەیی کورد و حیزبە کوردییەکان بە میدیاکانیان کەوتە پەراوێزەوە. ئێستا ئیتر دەکرێت بڵێین داپۆشین و پشتگوێخستن و نەگوتن لەسەر کوردستان پەیڕەو دەکرێت.

بەستێنی مێژوویی چالاکیی سیاسی لە کوردستان، ئاگایی سیاسیی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە مافەکانیان، پەیوەندیی ڕێکخراوەیی حیزب و ڕێکخراوەکانی بە کۆمەڵگەکەوە، و هەبوونی کولتوورێکی شێوە سیکۆلار کوردستانی لە ناوەند و بەشەکانی تری ئێران جیا دەردەخات. ئەوە لەحاڵێکدایە کە زاڵبوونی زمانی فارسی وەک تاکە زمانی فەرمی لە ئێراندا و بوونی ڕۆژنامە و میدیا سەرەکییەکان بەو زمانە، ئامرازێکی گرنگی سەپاندنی هەژموون و دەسەڵاتی فارسەکان بەسەر نەتەوەکانی دیکەی ئێراندایە. بەتایبەتی لەسەر کەیسێکی وەک کوژرانی ژینا ئەمینی، هەموو شت دەبوو بەو زمانە بنوێندرێت و لەو پەنجەرەیەوە

سەیر بکرێت. لە ڕاپۆرتە هەواڵەکانی ڕۆژنامەکانی «شەرق» و «هەم میهەن»دا ناوی «ژینا» لە پاڵ ناوی ڕەگەزنامەییەکەی کە فارسییە (مهسا) بە شێوەی «مهسا (ژینا) امینی» بڵاو کرایەوە، بەشی فارسیی بی.بی.سی لە ١٩ سیپتەمبەری ٢٠٢٢ و ڕۆژنامەی «همشهری» لە ٢٠ سیپتەمبەری ٢٠٢٢ بەهەمان شێوە ناوەکەیان بڵاوکردەوە. دەوری کوردستان لە شۆڕشەکەدا لە ناوخۆی ئێران کاریگەرتر و بەرچاوتر بوو، هەربۆیە لە باری گوتارییەوە ناوچەکانی تری ئێرانی خستبووە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. بە جۆرێک کە لە تاران دروشم دەدرا: تاران ببێتە کوردستان، ئێران دەبێتە گوڵستان». گریمانەی ئەم وتارە ئەوەیە کە نوخبەی سیاسی، ڕۆشنبیری و میدیایی هەوڵ دەدەن بە شێوەکی ئۆرگانیک (وەک گرامشی ١٩٧١ دەڵێت سیستەمێک لە پەیوەندییەکان کە چالاکییەکانیان لە قاڵب دەدات و ناتوانرێت بە ئاسانی لێی جیابینەوە) لە پێناو پاراستنی دۆخی ئێستای ناوەندبوونی نەتەوەی زاڵ و ئەویترە پەراوێزەکانیدا لەسەر گوتاری ناسیۆنالیزمی ئێرانی و بنیاتی حکومەتی پێشووی پەهلەوییەکان گێڕانەوەی زاڵ بۆ دەسەڵات بپارێزن.

لەم پێناوەدا، زۆر کۆڕ و کۆبوونەوە پێکهاتن کە یەک لەوانە کۆنفرانسی ڕۆژی جومعە، ٢١ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی بەرامبەر ١٠ فێبریوەری ٢٠٢٣ کە بە ناوی «داهاتووی بزووتنەوەی دیموکراسیی ئێران» لە زانکۆی جۆرج تاون لە ئەمریکا بوو کە بە هاشتاگی هاوپێوەندی(همبستگی) بەڕای گشتی گەیەنرا. ئەم کۆنفرانسە سەکۆیەکی بۆ بەرهەمهێناوە و زاڵکردنەوەی گوتاری زاڵی ئێرانشاری. دەستپێکی ئەم کۆنفرانسە کە بە دەستپێشخەری و ڕێکخستنی بژاردە ئەکادیمی و سیاسییە چالاکەکانی فارسەکان پێکهاتبوون، بە وتەکانی سیناتۆرێکی ئەمریکی، دەستی پێکرد. لەیەکەم دەستپێکدا و لە زمان ئەم سیناتۆرەوە، ژینا وەک «ژنێکی کوردی گەنجی ئێرانی، بە ناوی «مەهسا ژینا ئەمینی» نوێندرایەوە کە «لە پاش گیرانی لە گرتووخانەی پۆلیسی ئەخلاقی کۆماری ئیسلامیی گیانی سپارد. لەم ناساندنەدا، پێشخستنێکی وشەیی هەیە کە «مەهسا» ناوە فارسییە زاڵکراوەکەی بە سەر «ژینا» ناوە ڕاستەقینە خێزانی و زمانییە زگماکییەکەیدایە. بەشێوەیەک کە بەستراوەیی ناسنامەکەی لە پێشخستنی «مەهسا»دا بە ناوبردنی بە «مەهسا ژینا»دا دەکاتەوە بە هاوتای «ژنێکی گەنجی کوردی ئێرانی» تا پارسەنگی باڵادەستییەکە بە قازانجی زمان و گوتارە زاڵەکە بپارێزرێت. بەتایبەتی، بەکارهێنانی «ژن» و «گەنج» لە ئاماژە بۆکراوە کۆمەڵایەتییەکانیان لە توێژ و تەمەن وەک «ژنان» و «گەنجان»دا، لایەنی جەختکراویی گوتارەکەی لەسەر

بە توێژی دەرخستنی شۆڕشەکە و بەناوەندیکردنی لە بەکارهێنانی «سەرانسەری ئێراندا»، لەبەرامبەر «ژنێکی گەنجی کوردی ئێرانی»دا لایەنی بەستراوە پیشاندان و دەرهاویشتنی ناسنامە نەتەوەییەکەی ژینای زیاتر بەرجەستە دەکرد. ئەوەی بە ئاشکرا دەردەخست کە تەنیا «کورد» بوونەکەی بۆیە بەکارهاتووە ئاخێزگەی گوتاریی دروشمەکە «ژن، ژیان، ئازادی» لە کوردستانی بوون و کولتووری سیکولاری گوتاری سیاسیی کوردی داماڵێت، بۆیە بەناوی کوردی ئێرانی ناوی دەبات. لە دەقی ئاخاوتنی ئەم کاربەدەستە فەرمییە ئەمریکییەدا، دەرهاویشتنێکی ئاشکرای نەتەوەی کورد و نەتەوە غەیری فارسەکان لە ئێراندا هەیە و بە بازدان بەسەر ئاخێزگەی شۆڕشەکە و دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی»دا بەرەنگاریی نەتەوەکان و بەتایبەتی ناوچە پەراوێزییەکانی ئێران لە توێژ و چینی کۆمەڵایەتیدا قەتیس کرا و نوێندرایەوە:

«مەرگی ئەو بروسکەیەک بوو بۆ ناڕەزایەتیی لە سەرانسەری ئێراندا و زۆربەی ژنانی گەنج لە هێڵی پێشەوەی ئەم خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانەدا بوون، زۆر زوو خوێندکاران و کۆمەڵەی ئەکادیمیی و ژنان و خەڵکی تر لە سەرانسەری ئێراندا تێوەی گلان، خەڵکانێک لە هەموو پۆلە تەمەنەکان، هەموو توێژەکان و هەموو چینەکان»[1].

ئەمە بونیادی گێڕانەوەیەکی تایبەت و زاڵبوو لە ڕووداوەکە و لە دەوری ئاماژەی «دەوڵەت»ی ئێران دا کە بەڕاشکاوی تەنیا ژنبوونی ژینا بە دوور لە ناسنامە نەتەوەییەکەی وەک کورد و شوێنەکەی وەک کوردستان تێیدا بەرجەستە بکرێتەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە گوتارێکە کە زۆربەی بەشداربووەکانی ئەم کۆبوونەوەیە لەسەری کۆکن. ئەویش گوتاری «ئێرانشاری»یە کە تێیدا، ڕەزا پەهلەوی بە سیمبۆل و «سەرمایەیەکی سیاسی»ی ئەو گوتارە دانرا و زۆربەی کەسایتییەکان بەدەوری ئەوەوە کۆبوونەوە، یان وا نوێندرا. هەربۆیە شایانی سەرنجدانە بزانین لەباری گوتارییەوە چۆن نوێندراوەتەوە. ئەوەی زۆر گرنگە هێز یان دەسەڵاتێکە کە گوتارەکە بەرهەمی دەهێنێتەوە یان کۆمەک دەکات بە بەرهەمهێنانەوەی و ئەو ئایدۆلۆژیا زاڵەیە لەخزمەتی بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵاتەکەدایە.

ڕاستییەکەی، نە بەستێنی گەیاندن و نە بابەت و ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییە پڕ بینەر و بەناوبانگە فارسییەکان لە دەست نوخبەی نەتەوە غەیری فارسەکاندا نین. ژوورەکانی ڕێکخستنی هەواڵ تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست فارسەکاندان و ئەوانن کە وەک خاوەن و

سەرنووسەرانی میدیاکان ئامانج، سیاسەت و کۆنترۆڵی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەرنامەکانی دیکەش دیاری دەکەن. هەر لەبەر ئەم هۆکارانە، زۆربەی هەواڵەکان هەواڵی «ئێران» بە ناوەندێتیی تاران (زمانی فارسی و ئایینی فەرمی)ن. ئەم باڵادەستییە لە بەرهەمهێنانی گوتاردا هەڵاواردن و نا یەکسانییەکی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەیی قووڵی لەسەر بەشێکی سەرەکیی ئەو خەڵکانە هەیە کە دەکەونە دەرەوەی ئەو ئەرک و ناسنامەیەوە

## شیکردنەوەی گوتار

تاوتوێکردنی گوتاری میدیا و نوخبەی سیاسی هەم ڕەهەندی شیکردنەوەی پێکهاتەی زمانیی گوتارەکەی هەیە، هەم ڕەهەندی شیکردنەوەی کردە و بەستێنەکانی بەرهەمهاتنی گوتارەکەی هەیە. لە دۆخێکی پێویستی پەیوەندی یان گەیاندندا گرنگە کە ڕووماڵکردن و قسەکردن لەبارەی دۆخەکەوە هەڵبژێرین یان نا. ئەگەری لێدوان و قسەکردن لەبارەیەوە، نەبوونی بە شێوەیەکی متبوو مانادار دەکات. بەڵام هیچ ئاماژەیەک بە بوونی نیشانەکانی ئاخاوتن نەبێت، پێدەچێت مانا و لێکدانەوەکانی بێدەنگی بە تەواوی وابەستەی بەستێنەکان بێت. بۆیە بێدەنگی خۆی لە خۆیدا زۆر ناڕوونە، دەکرێت ئامانجێکی ستراتیژیی مەبەستناسانەی لە شێوەی شاردنەوە(کیتمان) لە پشت بێت. لەبەرئەوە شیکردنەوەکە تەنیا لە پێکهاتەکانی گوتاری میدیای جیارانەدا سنووردار نین، بەڵکو لە بەستێنی گەیاندن و پەیوەندییەکانیشیان دەکۆڵنەوە، وەک دەستڕاگەیشتن، ڕەوتەکانی بەرهەمهێنانی گوتار، کۆکردنەوەی هەواڵ و ڕۆتینی ڕێکخراوە میدیاییەکان، کردار و ئایدۆلۆژییەکان لە نواندنەوە فرە ڕەهەندە زمانی و وێنەییەکانیشدا خۆ دەردەخەن.

## گوتار وەک پێکهاتە، کردە و بەستێن لە ڕو انگەی ڤاندایکەوە

دەشێت گوتار لە ئاستە جیاوازەکانی پێکهاتەدا وەسف بکرێت. ئەم پێکهاتانە، بۆ نمونە لە ڕستەسازیی، واتاناسی، شێوازناسی و ڕەوانبێژی، هەروەها لە لێکۆڵینەوە لە ژانرە تایبەتەکاندا، وەک بەڵگاندن(argumentation ) و چیرۆکبێژی، بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەچاو دەکرێن. هەروەها، جگە لەم ڕێبازە پێکهاتەییانە، دەشێت گوتار لە ڕووی پرۆسەی مەعریفی (زەینی)ی ڕاستەقینەی بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی لەلایەن بەکارهێنەرانی زمانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. ڕەهەندێکی بنەڕەتی گوتار ئەوەیە کە دیاردەیەکی پراکتیکی، کۆمەڵایەتی و کولتووریشە. کاتێک کە بەکارهێنەرانی زمان بە شێوەیەکی

تایبەت لە دیالۆگ و جۆرەکانی تری گفتوگۆدا، کردە کۆمەڵایەتییەکان جێبەجێدەکەن و بەشداری لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا دەکەن، بە گوتارەوە خەریکن. ئەم جۆرە کارلێککردنە لە بەرامبەردا لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کولتووری جۆراوجۆردا چەسپاوە، وەک کۆبوونەوەی نافەرمی لەگەڵ هاوڕێیان یان بەریەککەوتنی پیشەیی و دامەزراوەیی وەک دیبەیتی پەرلەمانی. گرنگیدان بە گوتار وەک کردار لە کۆمەڵگەدا بەو مانایە نییە کە ئێمە چیتر حەزمان لە پێکهاتە نییە. بە پێچەوانەوە گوتارشیکار وەک کارێکی بەردەوام، سەرنجی لەسەر ڕیزبەندیی (order) و ڕێکخستن (organization) کردەی کۆمەڵایەتیشە. بە گشتی، بەکارهێنانی گوتاریانەی زمان نەک هەر لە زنجیرە وشە، برگە، ڕستە و گەلاڵە ڕێکخراوەکان بەڵکو لە زنجیرەی (sequence) کردەی پەیوەندیدار بە یەکتریش پێکدێت.

جەختکردنەوە لەسەر کارلێک و ـ پراکتیکی ناو گوتار بە شێوەیەکی سروشتی پەیوەستە بە گرنگیدان بە بەکارهێنانی زمان وەک کارلێکی قسەکردن- لەڕاستیدا، زۆربەی کاری گوتار وەک کردار لەسەر گفتوگۆ و دیالۆگ، واتە لەسەر قسەکردنە. ئاشکرایە کە نووسین و خوێندنەوە فۆرمەکانی کردەی کۆمەڵایەتین.

بەکارهێنەرانی زمان نەک هەر وەک قسەکەر، نووسەر، گوێگر یان خوێنەر، بەڵکو وەک ئەندامی پۆلە کۆمەڵایەتییەکان، گرووپەکان، پیشە، ڕێکخراوەکان، کۆمەڵەکان، کۆمەڵگەکان یان کولتوورەکان چالاکانە بەشداری دەق (نووسین)و قسە کردنن. ئەوان وەک ژن و پیاو، ڕەشپێست و سپی پێست، پیر و گەنج، هەژار و دەوڵەمەند، پزیشک و نەخۆش، مامۆستا و خوێندکار، دۆست و دوژمن، چینی و نیجیریایی و هتد کارلێک دەکەن و زۆرتر لە... تێکەڵە ئاڵۆزەکانی ئەم ڕۆڵ و ناسنامە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانەوە تێوەگلاون. بە پێچەوانەشەوە، بە بەدیهێنانی گوتار لە دۆخە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەکارهێنەرانی زمان لە هەمانکاتدا چالاکانە ئەو جۆرە ڕۆڵ و ناسنامانە دروست دەکەن و دەیخەنە ڕوو.

قسەکەران بەگشتی لە دەوروبەرە جیاوازەکانی پەیوەندیی و گەیاندندا، بە پێی فۆرمە جیاوازەکانی زانینی کۆمەڵایەتی، کولتووری و بیروباوەڕی دیکە، بە ئامانج، مەبەست و ئەنجامە جیاوازەکانەوە، کردارەکانیان جێبەجێ دەکەن. گوتارەکەیان بەزۆری ئەم تایبەتمەندییانە نیشان دەدات یان ئاماژەیان پێدەدات: بە پێی بەستێنەکانیان ئاسایی ئەم تایبەتمەندییانە دەخەنە ڕوو و نیشان دەدەن. بۆیە دەوترێت قسە و دەق بە ڕێژەی

بەستێنەکانیان ئاماژەیی(indexical)ن. بۆ نمونە، فۆڕمی ناونیشانی فەرمی لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا ڕەنگە بە وردی فۆرماڵیزمی ئەم ڕووداوە یاساییە ئاماژە پێبکات. بە کورتی، گوتار زۆربەی ئەو تایبەتمەندییە پەیوەندیدارانەی ئەو دۆخە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەردەخات یان دەریدەبڕێت و لە هەمانکاتدا لە قاڵب دەدات کە ئێمە بە بەستێن(context) ناوی دەبەین(Van dijik، ١٩٩٧).

**کۆنترۆڵکردنی گوتاری کورد لە میدیای فارسیدا**

میدیای فارسی، لەلایەکەوە بە سەپاندنی زاراوەسازییەکی مەزنخوازانە بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا کە دەسەڵاتی دامەزراوەیی پەروەردەی دەوڵەتی لە پشتە و کار بۆ گۆڕینی زەینیەتی تاکی کورد دەکات، لەلایەکی دیکەوە، بە دەرهاویشتنی کورد لە گوتاری هەواڵ و زانیاری گەیاندنی ڕۆژانەشیدا گوتاری سیاسیی کوردیش کۆنترۆڵ دەکات. نوخبە و ڕێکخراوی ئۆپۆزسیۆنی فارس دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە گوتاری کورد لە زمانی دەسەڵاتی خۆیدا کەناڵیزە بکات. واتە هەم لە پێکهاتە و هەم لە بەستێنی گوتاردا دەیەوێت دەسەڵاتی خۆی بەسەر کورددا بسەپێنێت.» ئەگەر کۆنترۆڵی بەستێنەکان و پێکهاتەکانی دەق و ئاخاوتن یەکەم شێوەی سەرەکیی بەکارهێنانی دەسەڵاتە، کۆنترۆڵکردنی زەینی ئەوانی دیکەش لە ڕێگەی گوتارێکی ئەوتۆوە ڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام بنەڕەتییە بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەسەڵات و هەژموونی»(Van Dijik، ٢٠١٥).بۆ نمونە، فارسەکان لە پێکهاتەی گوتاری خۆیاندا وشەی «قەوم» لە بری ئەتنیک بۆ نەتەوە غەیری فارسەکان بەکار دەهێنن. ئەوە لە حاڵێکدایە، وشەی ئێرانیبوونیان بە واتا فارسبوون بەسەر گشت نەتەوەکانی دیکەدا سەپاندووە، هەموو نەتەوەکانی دیکە بەناوی ئێرانیبوونەوە کۆنترۆڵ دەکەن. چونکە، «قەوم» بە واتا فارسییەکەی، پەیوەندی بە پلەبەندیی نەتەوەکانەوە هەیە، و باڵادەستی و ژێردەستی دروست دەکات، وشەیەکی سادە و بێ لایەن نییە. واتایەکی ئایدۆلۆژییانەی هەیە. بە ئاسایی نواندنەوەکەی خزمەتی باڵادەستییەکە دەکات. کاتێک نوخبەیەکی سیاسی کورد یان نەتەوە غەیری فارسەکانی دیکە کە بەرپرسیارێتییەکی حیزبی، یان پێگەیەکی تری کۆمەڵایەتیی و سیاسی هەیەو نوێنەرایەتیی کۆمەڵەکەسێکی تریش دەکات، لە چوارچێوەی گوتارە زاڵکراوە فارسییەکەدا «قەوم» بە واتا فارسییەکەی بەکار دەهێنێت، واتە خۆی وا دەناسێنێت، و هەر بەو شێوەیە دەدوێ کە دەسەڵاتداری فارسیش پێیان خۆشە وای بناسێنن. کەوابوو، لایەنێکی تریشی هەیە، ئەویش ڕازیبوون بەو شێوە ناساندن و ناسنامە سازکردنە بۆ نەتەوە

ژێردەستکراوەکەیە و داننانە بە پلە بەندییەکە.

سەرنجێک بدەینە قسەکانی خالید عەزیزی وتەبێژی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئێران ئینتەرنەشناڵ و تەلەفزیۆنی VOA دا لە مانگی جولای ٢٠٢٤دا لێکەوتەکانی ئەم کاریگەرییە زەینییەمان بە هۆی گوتارەوە بۆ دەردەکەوێت. عەزیزی بەهەمان شێوەی فارسەکان «ژینا مەهسا ئەمینی»، بەکار دەهێنێت. تەنیا جێگۆڕکێیەک بە شوێنەکانیان دەکات و نایەوێت لە گوتارە فەرمییەکە دەربچێت. ئەو هەروەها لە وتوێژێکی لەگەڵ دەنگی ئەمریکاش بەهەمان شێوە لە بەکارهێنانی وشەی «قوم» و «نەتەوە»(ملت) دا بە دوو دڵی دەسەڵاتی بەکارهێنانەکەی دەداتەوە بێژەرە فارسەکەی دەنگی ئەمریکا و خۆی ناتوانێت لەسەر ناسنامەکەی پێداگری بکات[2].

بەکار هێنانی «ناو» و بەگشتی هەندێک وشە کە پەیوەندییان بە نەتەوە، کۆمەڵەیەک، یان تاقمێکەوە یان تاکێکەوە هەیە، بە تایبەتی لە بەکارهێنانی سیاسیانەی زماندا و لە گوتاری سیاسیدا زۆر گرنگن، چونکە بە ناوەکە یان وەسفکردنی بە ئاوەڵناوێک کە دەخرێتە پاڵ ناوەکەی، سنووری ناسنامەیی ناولێنراوەکە و جیاوازییەکانی لەگەڵ نەتەوە، پۆل، تاقم و تاکی تر دیاری دەکرێت. لە ئێران ناونانی کوردی لە منداڵ لەلایەنی دەوڵەتی نەتەوەی زاڵەوە قەدەغە کراوە، ئەوە پێشێلکاریی مافی مرۆڤی زمانییە. بۆیە زۆربەی تاکی نەوەی ئێستای کورد دوو ناوەن. ناوێکیان ڕەگەزنامەیی و فارسییە؛ داسەپاوە، و ناوێکیان ناوی خێزانیی و کوردین. ئەم ناوەیان ناوە سۆزدارانە و هەستەکییەکەیتی و لە کۆمەڵی خۆمان پێی دەناسرێت. خالید عەزیزی لە بریتی «ژینا»، «مەهسا» یان «مەهسا-ژینا»، یان «ژینا—مەهسا» بەکاردەهێنێت. ڕاستییەکەی ئەمە خۆی داننانە بە ناسنامە فەرمییە ئێرانییەکەی کە بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤی زمانیی «ژینا ئەمینی» وەک زمانی زگماکییەکەی زاڵکراوە، و هەربۆیە کۆنترۆڵکراویی زەینی ئەو نوخبە سیاسییەش بە هۆی گوتاری زاڵەوە دەگەیەنێت.

میدیا بە ئەو ئەرکە ناوەندگرەی لە کۆمەڵدا هەیەتی، دەورێکی کاریگەری لە بەرهەمهێنانەوەی دەرهاویشتن و هەڵاواردنیشدا هەیە. «زۆربەی ئەو شتانەی [خەڵک] و نوخبەکان لەبارەی [خەڵک] و نوخبەکانی ترەوە دەیزانن ئەوەیە کە لە ڕۆژنامەکانەوە لەسەریان دەخوێننەوە» (Van Dijik، ١٩٩٣). بۆیە داپۆشین(کیتمان)و ڕووماڵ نەکردنی هەندێک نەتەوە، بابەت، ڕووداو و پۆلی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری کە لەباری

مرۆڤایەتی و بە پێی بەهاکانی هەواڵ پێویستییان بە ڕوومالْکردنە، بە واتای پەراوێزخستن، هەڵاواردن، دەرهاویشتنی ئەوانە دێت. سەرەڕای ئەوە، لەوانەیە نەتەوە و پۆلە پەراوێزخراوەکان هەندێک مۆرکی تایبەتی نەژادپەرستانەی وایان لێبدرێت، یان بە شێوەیەک لە میدیادا کڵیشەسازی بکرێن کە کار بکاتە سەر ناسینەوەی گشتیی کۆمەڵایتی بەرامبەر بەوانە و تێڕوانینێکی نەرێنیان لەسەر دروست بکرێت بۆ ئەوەی سەرکوتکردنیان بە ڕەوا دابنرێت. ڕەوایەتی سەرکوتی پۆلیسی و دەوڵەتی لەلایەک، سەرکوت و سەرکۆنەی میدیا و ئیلیتی نەتەوەی زاڵ، لەلایەکی دیکەوە لە پێناوی «ئاسایشی دەوڵەت» و «یەکپارچەیی خاک»ی دەوڵەت دەکرێت کە لە ئەنجامی سەرکوت و سەپاندنەوە بەسەر نەتەوەکانی دیکەی غەیری فارس لە ئێراندا زاڵ کراوە. ڕووداوەکانی کوردستان، ڕۆڵی چالاکانەی ئەم نەتەوەیە لە ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێراندا، ئاستی بەکارهێنانی سەرکوتی توندوتیژانەی دەوڵەتی ئێران لە کوردستان بەتایبەتی و ناوچە نەتەوەجیاوازەکانی تری ناوجوگرافیای سیاسی ئێران وەک بەلوچستان کە لێکەوتەکەی نادادپەروەرییەکی قووڵی کۆمەڵایەتی لەو شوێنانەیە، پێویستیی بە سەرنجێکی تایبەتیی میدیایی هەیە. بەڵام یان وەک پێویست لە بەرنامەی ڕاگەیاندنی میدیا کاریگەر و پڕ وەرگرەکانی فارسیدا نین یان ئەگەر هەشن بەردەوام لەپاڵ کۆمەڵێک کڵیشەی وەک «جیاوازیخواز/تجزیە طلب»(جدایی طلب/تجزیە طلب) و هەندێک مۆرکی لەم شێوانەدا ئاماژە بۆ ئەم پەراوێزخستن و هەڵاواردنانە لە ڕوومالْکردنی میدیا فارسییەکاندا دەکەن.

جیاکارییە ئەتنۆ زمانی و ئایینییەکان لە ئێران تەنانەت «کۆمیتەی پاکتاوی هەموو شێوەکانی هەڵاواردنی نەژادیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان»ی وەدەنگ هێنا و لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی مانگی ئاگۆستی ٢٠٢٤ دا لە ١١٣ یەمین دانیشتنیدا ڕاپۆرتی پێشێلکارییەکانی دەوڵەتی ئێرانی لە هەڵاواردنی ئەتنۆ-زمانی و ئەتنۆ-ئایینییەکان لە ئێراندا لەگەڵ لیژنەی نوێنەرایەتیی ڕژیم تاوتوێی کرد و هەڵیان پێچان و مشتومڕێکی ئاڵنگارانەی ڕژدیان لەگەڵ کردن. لە ڕاپۆرتی کۆمیتەکەی ڕێکخراوەکەدا دەڵێت:

«کۆمیتەکە لە چەندین سەرچاوەوە زانیاری پێگەیشتووە و زانیوێتی کە بە تایبەتی ناوچە ئەتنۆ زمانی و ئەتنۆ ئایینییەکانی کوردستان و بەلووچستان لە مەینەتی هەڵاواردن و جیاکارییەکانی دەوڵەتی ئێراندا دەژین. ئەم هەڵاواردنانە «بەهەڵکەوت» نین، بەڵکو بەشێویەکی «پێکهاتەیی(ساختاری) و سیستیمی» خۆ دەردەخات .... هەروەها سەرکوتی

کولتووریش ڕاپۆرت کراوە و سوان(فرسایش)ی زمانە خۆجێیەکان وەک نەریتەکەیان کە ناسنامە و تۆکمەیی کەمینەکان بنکۆڵ دەکات لە ئارادایە. بەتایبەتی ئاماژە بە بریکاران و نوێنەران ([چالاکانی زمانی و کولتووری]) دەکات کە بە زیندانی درێژخایەن و گرتنی سەرەڕۆیانە و لە خۆوە و شکەنجە سزا دەدرێن»[3].

ئەم دانیشتنە لەلایەن میدیا فارسییەکان و ئیلیتی ئێرانیدا بە تەواوی پشتگوێ خرا، من تەنیا لە بەشی فارسی VOA ئەمریکا، کە ئەویش چونکە میدیایەکی دەوڵەتییە، بینیم ڕاپۆرتە هەواڵێکیان لێ بڵاوکردەوە. بەتایبەتی، تەلەفزیۆنی ئێران ئینتەرنەشناڵ کە ڕۆڵی میدیایەکی ئۆپۆزسیۆن دەگێڕێت، خۆ گیلکردنی لەم بابەتە واتای هەڵاواردنێکی ئەتنیکی و نەژادی دگەیەنێت کە ئەم کاناڵە بەرهەمی دەهێنێتەوە. هۆیەکەشی لەوانەیە ئەوە بێت کە ئەم دانیشتنەی کومیتەکە فرەچەشنییە نەتەوەییەکانی بەرجەستە دەکردەوە و زوومی لەسەر کوردستان و بەلوچستان بوو، کە لە گوتاری زاڵی نوخبە و دەوڵەتی نەتەوەی زاڵ لە ئێراندا مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوەکان بە ئەرک و ناسنامەی خۆیانەوە دانی پێدا نەنراوە.

حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لە گەیاندنی پەیامی سیاسی خۆیاندا دوو ڕێگەیان لە پێشە. یان دەبێت خاوەن میدیایەکی بەهێز بن کە بتوانن کار لەسەر کەلێنی نەتەوەیی لە ئێران بکەن، یان دەبێت لە لێدوانیان لەگەڵ میدیای فارسیدا بەو دروشمە ستراتیژییانەی هەڵیان گرتووە و بانگەشەی بۆ دەکەن پابەند بن، بە شێوەیەکی ڕووڕاستانە (شفاف) لەگەڵ میدیا بهێننە ئاراوە. کاری سیاسی بە پێی سروشتەکەی هاوکات لەگەڵ هێزدا، لە پەیوەندی و کارلێک و مامەڵەشدا دەچێتە پێش. وەک کۆرلێت (٢٠١٣) دەڵێت: پەیوەندیکردن دراوی سیاسەتە. سیاسەتمەداران بازرگانی بە گوتار و ئارگومێنت، بەیاننامە و وتاری گشتی، نامیلکە و مانیفێستەوە دەکەن. چۆنێتی دەربڕینی خۆیان دیاری دەکات کە کێن و لە پیشەکەیاندا سەرکەوتوو دەبن یان نا؟ بێدەنگبوون بۆ سیاسەتمەدارێک بەڕادەی دوکاندارێک کە هەرگیز فرۆشگاکەی ناکاتەوە قازانجی هەیە». بەڕاستی کاری سیاسی بۆ نەتەوە و پۆلە ژێردەستکراوەکان لە دابڕان و پەراوێزبووندا ناچێتە پێش. بەتایبەتی، ئەگەر دەسەڵاتی گۆڕینی پارسەنگی هێزەکەیان نەبێت. هێزی تاقمە دژبەرەکانی کۆماری ئیسلامی لە نێو فارسەکانیشدا زیاتر ڕواڵەتێکی میدیایی هەیە تا ڕواڵەتێکی ڕێکخراوەیی بە هێز کە بزوێنەر و کۆکەرەوەی هێزی کۆمەڵایەتی

لەسەر شەقام بێت. لەبەرامبەردا کورد و ڕێکخراوە سیاسییەکانی، هەرچەند لەباری ڕێکخستن لە ناوخۆی کوردستان کاریگەربوون، لەباری میدیا و کاریگەریی میدیایی لەسەر ڕەوایەتی داواکانی کوردستان بۆ مافەکانی لاواز و کەم کاریگەربوون. ئەندامان و وتەبێژە سیاسییەکانی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێویستییان بە میدیایە بۆ ئەوەی ڕای خۆیان بگەیەننە لایەنە سیاسییەکانی تر، هەروەها ڕای گشتی لە ئێراندا. بەڵام ئەو میدیایانە بە زمانی فارسین، زمانی زاڵی کارلێکی سیاسی لە ئێراندا بەو زمانەیە، و ڕاستییەکەی وەک ئامرازێکی گرنگی پەراوێزخستن و کۆنترۆڵکردنی نەتەوەکانی دیکە بەکارهێنراوە کە لە بەرهەمهێنان و پاراستنی گوتاری زاڵدا دەورێکی بەهێزی گێڕاوە. ئەندامان و نوخبەی زمانی زاڵ، ئەگەر لە بەرەی دژبەری کۆماری ئیسلامیشدا بن، نایانەوێت لە چوارچێوەی ئەو گوتارە فەرمییەی دەوڵەت نەتەوەی ئێرانی لە پاش فەرمانڕەوایەتیی قاجارەکانەوە تا کۆماری ئیسلامیی لە پەیوەندی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی غەیری فارس و بەتایبەتی کورد لە ئێراندا هەیانە دەربچن. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئەوان نایانەوێت ئەو دەسەڵاتەی بە سەر نەتەوەکانی دیکەی غەیری فارسدا زاڵیان کردووە لە دەستیان بچێت. بۆیە کۆنترۆڵی گوتار و زەینی نەتەوە ژێردەستکراوەکان بە ئامانجی کۆنترۆڵی ڕووداوەکان لە دەست خۆیاندا بەشێوەیەکی ستراتیژیک بەکاردەهێنن. ئەمە بە ڕژدی بانگەشەکانیان بۆئەڵتەرناتیڤی دیموکراتیک لە پاش کۆماری ئیسلامیی دەباتە ژێر پرسیارەوە، و دەریدەخات لەبری ڕێگەچارە دیموکراتیکییەکان هەروەک پێشوو پشت بە هێزی زۆر دەبەستن. لەلایەکی دیکەشەوە، ئەندامانی ڕێبەریی حیزبە سیاسییەکان لە ئەنجامی ململانێی ناوخۆییاندا، بۆ ئەوەی لە میدیای زاڵی فارسی زماندا دەربکەون، بە بەکارهێنانی هەندێک زاراوەی تایبەتی سیاسی لە چوارچێوەی گوتاری فەرمیی و زاڵی نەتەوەی زاڵدا دەدوێن. ئەمەش خۆی پێچەوانەی ئەو دروشم و ئامانجانەیە کە لە پێناویدا خەبات دەکەن. واتە هەبوونی ناسنامەیەکی سیاسی و ڕزگاری لە ژێردەستیی نەتەوەیی. خاڵە گرینگەکە ئەوەیە کە سەرەڕای نەرمی نواندن و تەنانەت هەندێک پاشەکشە لە گوتاری بەرەنگاریخوازانەی نەتەوەیی کورد، تەنانەت پاشەکشەش لە هەندێک ویست و داخوازیی سیاسی لە گوتاری هەندێک لایەنی سیاسیی کوردیشدا دەبینرا و دەبینرێت، بۆ نمونە، ئاماژەکانی عەبدوڵڵا موهتەدی بە بازدان و تێپەڕین بە سەر ئامانجەکانی شۆڕشی ١٩٧٩ی نەتەوەکان لە ئێراندا و داننانەوە بە ڕێبازی

دەسەڵاتی پەهلەوی بۆ خۆ نزیک کردنەوەی لە گوتاری زاڵی ئێرانشاری لەوانەن. ئەوەندی خۆیان بە دەستەواژەیەکی سواوی کڵێشەیی وەک یەکپارچەیی خاک(تمامیت ارضی) و بەڵگاندن بۆ پابەندی بەو کڵێشە نەژادپەرستانەیەوە خەریک کردووە، بەرجەستەکردنی مافی ڕەوا و ناسنامە کوردییەکەیان بزرکردووە. ئەوە لە حاڵێکدایە، مافی نەتەوایەتی و هەستی حاکمیەت بەسەر ئاسایش و چارەنووسی خەڵکی کوردستاندا دەبێت لەبەرایی یەکپارچەیی خاکی ئێراندا بێت. واتە مەرجی پاراستنی تەواوییەتەکە دەبێت ببەسترێتەوە بە پێشمەرجی مافدارێی کورد لەو چوارچێوەیەدا. بەڵام گوتاری زاڵ لەبری سازان و دانان بە ئەرک و ناسنامەی کورد و نەتەوەکانی دیکە بەشێوەیەکی دەم هەراشانە تاوی سەند بەرەو گوتارێکی ڕەگەز پەرستانەش.

**نو اندنەوەی نەژادپەرەستانە لە پێکهاتەی گوتاری میدیادا**

نەژادپەرستی هەم وەک کرداری کۆمەڵایەتی(social practice) و هەم وەک ئایدۆلۆژیا بەشێوەیەکی گوتاری دەردەکەون. کەواتە گوتار بە دوو شێوە لە ناو کرداردا پێکدێت: کردارەکان تاڕادەیەک گوتارین(ئاخاوتن، نووسین و هتد. یەکێک لە شێوەکانی کردنە)، بەڵام بە شێوەی گوتاریش دەنوێندرێنەوە. تا ئەو جێگایەی کە ئەم شێوە نواندنەوانە خزمەت بە پەیوەندیەکانی باڵادەستی لە ناو کردارەکاندا دەکەن، ئایدۆلۆژیکن (Chou-liaraki and Fairclough, ١٩٩٩). بۆیە تاوتوێکردنی گوتار وەک کردە دەکرێت تیشکۆی لەسەر وردەکارییە کارلێکییەکانی ئاخاوتن یان نووسین (پێکهاتەی زمانی بەکارهاتوو) بێت، یان بەستێنی بەرهەمهاتن و بەکارهاتنەکەی بخاتە بەر سەرنج و لە ڕوانگەیەکی بەرفراوانتر لەوەش کە ئەرکە کولتووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی لە ناو دامەزراوەکان، پۆل، کۆمەڵگە و کولتوور لە پانتا گەورەترەکەشدا وەرگرێت و بخاتەڕوو.

لێرەدا نیشان دەدرێت چۆن نوخبەی فارس بەشێوەیەکی ڕۆتینی لە هەندێک کرداری گوتاریدا بەشدار دەبن و لەگەڵ ئەوەی لە ڕواڵەتدا وا دەنوێنن کە دەمارگرژ نین، لە کردە گوتارییەکەیاندا هەڵاواردن ئاسایی دەکەن. نوخبە لێرەدا بۆ بەرجەستەکردنەوەی کردارە گوتارییە دامەزراوەییەکان لە کایە سیاسی و میدیاییەکاندا بەکاردەهێندرێت. لەم بەستێنانەدا سەرنجی سەرەکی لەسەر ئەوەیە کە چۆن گوتاری ئایدۆلۆژیای ڕەگەزپەرستانە بەرهەم دەهێنێرێتەوە کە پەراوێزخستن

و بەکارهێنان (استغلال)ی «ئەوانی دیکە» ئاسایی و سروشتی دەکات. ئەوەی کە ئاماژە بەڕەگەزپەرستی دەکەم، مەبەستم پرۆسەیەکی ڕاستەقینەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە کە بەشێوەیەکی سیتیماتیک نەتەوەیەک بەسەر ئەوانی دیکەدا پێش دەخات. بۆ نمونە، کاتێک «کورد» و «تجزیه طلب»(جیاوازیخواز) دەکاتە هاوتای جێگیر و چەسپاو. ئەم هاوتاکردنە لە ئەنجامی بەکارهێنانێکی زۆری میدیایی دەوڵەتی و نوخبەی ئۆپۆزسیۆنی دەوڵەتی فارسدا بە شێوەیەک ئاسایی بووە کە بەکارهێنانی هەر کامیان لە زەینی خوێنەر، بینەر و گوێگری فارسدا ئەوەی تریان ڕادەکێشیت. ئەم وەسفکردنەی ئەوی تری فارس ڕاستییەکەی بۆ هەڵاواردنە تا لە ژێر ناوی ئەو دەرهاویشتن و هەڵاواردنە دا پاساوی حاشاکردن لە مافەکەی و لە ئەنجامدا سەرکوتیشی دروست بکات. بۆیە «بۆ ڕەگەزپەرستی پەیوەندی دەسەڵاتی پۆلیی یان باڵادەستی جەوهەرییە. لێرەدا، ڕەگەزپەرستی وەک تایبەتمەندییەکی پەیوەندی نێوان گرووپەکان دەردەکەوێت کە دەسەڵاتێکی تاکەکەسی نییە، بەڵکو کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی، یان ئابوورییە»(Van Dijk, 1993).

ئێستا سۆشیال میدیاش «زمانی ڕقاوی»ی ڕەگەزپەرستانە لە ژێر کاریگەری نوخبە پۆپۆلیستییەکانی سیاسەت و میدیای نەریتی وەک بەرنامە ڤیدۆیی و تەلەفزیۆنییەکاندا بڵاو دەکەنەوە. نمونەیەکی بەرچاو لەو جۆرانە، ئەو کۆمێنتانە بوون کە بەر لەکاتی وتوێژێکی عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لەگەڵ بیژەنی فەرهودی، بێژەرێکی پێشووی بەشی فارسی تەلەفزیۆنی ئەمریکا(VOA) و ژورنالیستێکی فارس نووسران، ئەویش ئەوانەی کردە بنەمای پرسیاری وتوێژەکە لە ژێر ناوی «ئێران: یەکپارچەیی خاک و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی»(ایران: تمامیت ارضی و جنبش انقلابی)دا و عەبدوڵڵا موهتەدی وەک «تۆمەتبارێک» ناوبرد و لێی پێچایەوە[4]. «دەسەڵاتی پۆلیی(Group power) لە بنەڕەتدا جۆرێکە لە کۆنترۆڵکردن: مەودا و سروشتی کردارەکانی ئەندامانی پۆلی ژێردەستکراو بەهۆی کردار، کاریگەریی، یان خواستە درک پێکراو و هەست پێکراوەکانی ئەندامانی پۆلی باڵادەستەوە سنووردار دەکرێن. بە واتایەکی تر کرداری کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی بەسەر پۆلەکانی تردا ئازادی کۆمەڵایەتی ئەم پۆلە جیاوازانە سنووردار دەکات»(Van Dijk, 1993).

ئەم بە ناو وتوێژە، بە شێوازی لێپێچانەوە(بازجویی) لە تۆماتبارێک لە پانتای

دادگایەکدا پێکهێنراوە. سەرەتا داوای لێدەکات خۆی بناسێنێت. بە ئاشکرا پێی دەڵێت تۆ لێرە تۆمەتباری(در مظان اتهام هستی). جریوە(تویت) و تێچن (کۆمێنت) ە ڕقاوییەکانی سۆشیال میدیای فارسی کردووەتە بەڵگە و شایەدیدان لە دژی موهتەدی و حیزبە کوردییەکانی دیکە. پێداگریی وتوێژکەرەکە لە دووبارەکردنەوەی پرسیاری «یەکپارچەیی خاک، ناوەندگەرایی و تۆمەتبارکردنی عەبدوڵڵا موهتەدی و حیزبی دیموکراتی کوردستان بە جیاوازیخوازی و سەربەخۆییخوازی» بەبێ ئەوەی هیچ بایەخێک بۆ فرچەشنی و پلۆرالیزم بهێڵێتەوە، جەختکردنەوەیەکی واتایی تێدایە کە بزانرێت بەشێوەیەکی خۆئاگایانە خۆی وەک ئەندامێکی ئەتنیکیی دیاریکراو(کورد) دەناسێنێت و حیسابێکی سیاسی لەسەر دەکات؟ لەڕاستیدا، بەر لەوەی خستنەڕووی هەندێک پرسیار (لە فۆرمدا پرسیارن، بەڵام لە واتادا لە جۆری کردەقسە [speech acts]ی ناڕاستەوخۆدان و تۆمەتبارکردنن) بێت، لێپێچانەوەیەکە بۆ حاشاپێکردن لە ناسنامە(هویت)ی سیاسیی ڕێکخراوەیی و نەتەوەیی وتوێژ لەگەڵکراوەکە کە ڕێکخراوەی ئەتنیکیی کوردی نابێت هەبێت. گریمانەکە ئەوەیە کە هەبوونی هەستی هاوپەیوەندی سیاسی هاوبەش بە نەتەوەکەیەوە بەرژەوەندیی هاوبەش دەهێنێتە ئاراوە کەواتە جێی باوەڕ نییە. ئەمەش لە پێداگریی لەسەر ئەوەی بۆ حیزبی دیکەی تری کورد(حیزبی دیموکرات) لەگەڵ تۆ نییە، تۆمەتباربوونەکەی زیاتر کردووە، تەنانەت وتوێژکەرەکە بێڕێزیشی پێدەکات. بەداخەوە، بەڕێز موهتەدی بەوەڵامەکەی کە کۆمەڵە ئەندامێکی تورکی ئازەربایجانی هەبووە، بەشێوەی هاوپێچ حاشا لەناسنامەکەی دەکات. ئەم لێپێچانەوەیە بە جەختکردنی لەسەر بە ناوەندکرنی فارس بە شێوەی هاوپێچ(تلویحی) لە ژێر ناوی (تمامیت ارضی)دا کە لە ئێستاوە ڕای گشتی بۆ ئامادە دەکرێت، بۆ حاشاکردنی لە کوردبوون و ناسنامە نەتەوەییەکەی پێکهاتەی گوتارێکی نەژادپەرستانە دەنوێنێت.

شایانی سەرنجە کە تەنانەت میدیاکانی سەر بە ڕژێمی ئیسلامیش بە هانای گوتاری هەژمونخوازانەی پاشایەتیخوازەوە دێت و دەڵێت: «دەرکەوتووە کە جیاوازیخوازان(تجزیه طلبان) کاسەی لاوازی خۆیان لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی پەرانگیردا لەسەری ڕەزا پەهلەویدا بشکێنن و مەبەستیانە بەخورتی ئەو لە قوژبن پەستێون»(ایسنا، یکشنبه / ۶ اسفند ۱۴۰۲ / ۱۰:۱۷). بەم شێوەیە دەبینین کە لایەنێکی گرنگی دەرخستنی گوتاری نەژاد

پەرستانەی نوخبە و میدیای فارسی ئەوەیە کە هەر کوردێک، یان غەیرە فارسێک بۆی هەیە بەسانایی مۆرکی جیاوازیخوازی لێبدرێت، هەرچەند لە رووی ڕوانگە، بیروبۆچوون، ئەرک و پیشەیشەوە جیاواز و ناکۆک بن. هەر لەم ڕاپۆرتە هەواڵەی ئیسنادا، سامان رەسوڵ پوور، ڕۆژنامەنووس، (کارمەندی پێشووی تەلەفزیۆنی ئێران ئینتەرنەشناڵ)، و مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لە وەسفکردنیان بە جیاوازیخواز(تجزیە طلب)دا هاوبەش و لە یەک ناسنامەدا کۆ دەکرێنەوە:

- «سامان رسول‌پور، کارمند پیشین شبکە اینترنشنال و همکار سیما ثابت کە مواضع تجزیەطلبانە نیز دارد».

- «[....] مصطفی هجری، دبیرکل گروە تروریستی تجزیە طلب حزب دموکرات کردستان [...].

کەواتە، بەم پێیە گوتاری ڕەگەزپەرستانە تەنیا کاردانەوەی خەڵکی ئاسایی فارس لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و لە شەقامەکاندا نییە. زۆربەی ئەو گوتارە لە سەرەوە دارێژراوە، و هەندێکجار بە شێوەیەکی نادیار و ناڕاستەوخۆ، لەلایەن تاقمە نوخبە جۆراوجۆرەکان و گوتارەکانیانەوە بەڕێوەدەبرێت یان پێشوەختە دارێژراوە. بۆ نمونە ڕەگەزپەرستی نوخبە سیاسییەکان نەریتێکی دوور و درێژی هەیە و سەرەڕای ڕەتکردنەوەی ڕۆتینی، تەنانەت تا ئەمڕۆش و لە لوتکەدا بەردەوامە. ئەمە خۆی دەرخەری پەیوەندی گرنگی نێوان گوتار و دامەزراوەکان لە ڕووی چەمکاندن (conceptualization)ەوەیە. هەربۆیە لە ڕوانگە شیکارییە گوتاریی و زمان تەوەرییەکاندا سەرنجێکی تایبەتی دەدرێتە ئاڵوگۆڕکردن یان مامەڵە زمانییەکان کە پێکهێنانی گوتاری دامەزراوەیین. واتە زمان ئامرازێکی سەرەکییە کە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان واقعی کۆمەڵایەتیی خۆیان لە ڕێگەیە ئەوە بنیات دەنێن. «گوتاری نوخبە لە بەرهەمهێنانەوەی ڕەگەزپەرستیدا ڕەهەندێکی ناسینی(cognitive)ی گرنگی هەیە: دەق و قسەکردن لەسەر بنەمای مۆدێلی زەینیی ڕووداوە ئەتنیکییەکان بەرهەم دەهێنرێن و لێکدەدرێنەوە و ئەم جۆرە مۆدێلانە بە نۆرەی خۆیان بە نواندنەوە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان لە یادەوەریدا (زانین، هەڵوێست، ئایدۆلۆژیاکان) سەبارەت بە تاقمی خۆیی، سەبارەت بە کەمینەکان و پەیوەندییە ئەتنیکییەکان بەدی دێن(Van Dijk، 1993)».

## دەرکەوتنی زمانی کوردی لە شۆڕشی ژینادا لە بەرانبەرزمانی زاڵدا

فرەزمانی دیاردەیەکی باوە، کە دەتوانرێت لە ڕوانگەی جیاوازەوە لێی بکۆڵرێتەوە. دیمەنی پۆستەری بانگەشەی ڕاگەیاندنی بەکارهێنانی زمانەکان لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا یەک لەو لایەنانەیە. پێگەی چالاکی ئاخێوەرانی زمانی کوردی و زیندوویەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیی کوردستان وایکردووە ئەم زمانە وەک یەک لە زمانەکانی کە ئێستا لە ئێراندا قسەیان پێدەکرێت لە دیمەنی ئەم پۆستەرەدا دەرکەوێت. ئەمە یەکەمجارە زمانی کوردی بەم شێوەیە هاوتەریبی پێگەی سیاسی کۆمەڵەلایەتیی کۆمەڵەیە ئاخێوەرەکانی لەگەڵ ئینگلیزی، و فارسیدا دەربکەوێت. بە پێی (لاندری و بۆرهیس، ١٩٩٧) دیمەنی زمانی دەتوانێت خزمەت بە دوو ئەرکی بنەڕەتی بکات: ئەرکێکی زانیاری گەیاندن و ئەرکێکی ڕەمزی.

ئەوەی لێرەدا شایانی سەرنجە لایەنە ڕەمزییەکەیەتی کە لایەنێکی ئایدۆلۆژیانەی هەیە و پەیوەندیەکانی دەسەڵات و هێز دەخاتە ڕوو. گونتەر کرێس (١٩٩٣)دەڵێت: «هەموو نیشانەکان بە یەکسانی وەک یەک دەکەونە بەر خوێندنەوەی ڕەخنەیی، چونکە هیچ نیشانەیەک بێ سوچ[بێ لایەن] نییە». کە سەیرێکی دیمەنی زمانیی ڕاگەیەنراوی هاوپەیوەندی سیما دیارەکان لە زانکۆی جۆرجتاون دەکەین، زۆر کەس لەوانەیە ئاسایی ببینن و زۆرکەسیش بینیویانە کە ئاسایی نییەوە و ڕەخنەیان لێگرتووە. چونکە، هەموو نیشانە گشتییەکان لە ڕواڵەتدا ئایدیۆلۆژیاوی نایەنە بەرچاو. هەر بۆیە لەوانەیە وا باشتر بێت بڵێین بە جۆرێک، نیشاندەری هێمای پێگە و دەسەڵاتن، و لە چوارچێوەی سیستەمی نیشانەیی پێگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکانی دەسەڵاتدا کاردەکەن. هەڵبژاردنی زمانی و پێشخستن و دواخستنەکان و فۆنتەکانیان لە دەقی نووسراودا، هەروەها ڕەنگ و شێوازی نووسینیان لە فەزای گشتیدا خزمەت بە نیشانکردنی تێڕوانینە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکان بەرامبەر بە زمانە جیاوازەکان و لە ئاکامدا قسەکەرەکانیان دەکەن. ئەم هەڵوێستانە لەوانەیە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی زمانی نوخبە یان دەوڵەتی نەتەوەیی یان ناوچەیەکی دیاریکراو بن، بە تایبەت لەو وڵاتانەدا کە فرە زمانن.

لە ڕێگەی وردبوونەوە و شیکردنەوەی ئەم کردانەوەیە کە دەکرێت پەیوەندییە ڕەمزییەکانی دەسەڵات ئاشکرا بێت.

## ڕوونکردنه‌وه‌ی پۆسته‌ره‌که




سه‌رنجێکی دیمه‌نی زمانیی ئه‌م وێنه‌یه بده‌ن، که دروشمی «ژن، ژیان، ئازادی» لێ نووسراوه.

زمانی فارسی له‌سه‌ره‌وه‌یه. به ڕه‌نگی سوور و به خه‌تی نه‌سته‌علیق، نووسراوه. نه‌سته‌علیق، خه‌تێکه که فارسه‌کان له‌به‌ر باڵاده‌ستییان له ده‌سه‌ڵاتدا وه‌ک نوێنه‌ری زمانی فارسی ناساندوویانه و به‌کاریان هێناوه. سوور گه‌رمترین ڕه‌نگه و له که‌مترین فریکوێنسی نووردا ده‌ناسرێته‌وه. له ده‌روونناسیی ڕه‌نگه‌کاندا ڕه‌نگی بابه‌ت و دڵخوازی پیاوانه. که پێده‌چێت له ڕێی ئه‌م ڕه‌نگه‌وه هاوسه‌نگ له‌گه‌ڵ ناوی ڕه‌زا په‌هله‌ویدا دروشمی «پیاو، نیشتمان، ئاوه‌دانی»ی وه‌ک هاوتایه‌کی «ژن، ژیان، ئازاد»هاتبێت که لایه‌نگرانی په‌هله‌وی به‌رزیان کردووه. له‌م سۆنگه‌یه‌وه له‌م ڕه‌نگه‌دا نوێندارابێته‌وه. ئینگلیزییه‌که له‌ناوه‌ڕاست و

بە فۆنتێکی گەورە، بەڕەنگی ڕەش. کوردییەکە، بەفۆنتێکی تر، بچوکتر لە هەدووکیان و بە ڕەنگی سپی؛ ڕەنگێکی بێلایەن یان خەسیو کە لەپاڵ ڕەنگی دیکەدا واتا دەدات، بەتایبەتی لەگەڵ ڕەشدا. ڕەنگی سادەیی، پاکی و بێ تاوانییە. سپی لەڕاستیدا جۆرێک واتای بێ ڕەنگی دەگەیەنێت.

بە کورتی، ئەم دیمەنە زمانییە پێمان دەڵێت، هێزی زمانی زاڵ، و گوتاری زاڵ دیاری دەکات زمانی بندەستچوون دەرکەوێت. چ واتایەکی پێ بدرێت. بوونەکەی چۆن لە قازانجی باڵادەستییەکەدا واتادار بێت. ئەوە لەحاڵێکدا بوو کە لە جەرگەی خۆپیشاندانەکاندا، کوردستان لەباری گوتاریی و مەیدانی باڵادەستبوو. بۆیە، پێویستە ئەو دەورەی لەباری میدیایی لێوەربگیرێتەوە و بەتایبەتی لە ڕێی ئیلیتی سیاسییەوە کە سیمایەکی ناسراوی هەیە، کۆی نەتەوەکەش بخاتە دووی کەسێک کە بڕیارە دەسەڵاتە ناوەندییەکەی پێڕاست بکرێتەوە.

ئەوەی لێرەدا گرنگە، ئەوەیە کە سروشتی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کورد، زۆر لەگەڵ بزوتنەوەی دیموکراسیی ئێران(ئێرانشاریی: فارسی) جیایە. چونکە، بزووتنەوەی دیموکراتیکی کورد بزووتنەوەیەکی فرەیی خوازە، لە ڕووی زمانی، نەتەوەیی و ناوچەیی. بەڵام دیموکراسیی ئێران، تاک نەتەوە، تاک زمان و ناوەندخوازە، واتە دیموکراسییەکە کە ڕۆڵێکی ناوەندی داوە بە زمان و نەتەوەی فارس. بۆیە، دەکرێت جۆری ئیتنۆکراسیدا ئاماژەی پێبکرێت، ڕاستییەکەی بەشداریی و ئاکتی کەسایەتییەکی سیاسیی کورد دەکاتە ئامراز بۆ جوانکردنی ڤایترینی شاپەرستی بۆ بەرهەمهێنانەوەی دەوڵەتێکی شۆڤینیستی بە ناوەندێتی تاران. هەربۆیە، لە ئەنجامی دەسەڵاتی گوتاریدا و بە پاشکۆکردندا کارلێککردنەکە دەگۆڕێت بۆ کارتێکردنی گوتاری هەژموونخواز و زاڵ کە گوتاری مافخوازی ژێردەسەڵات و بەرەو پاسیڤچوونی دەبات.

## ئەنجام

شێوەکانی داپۆشین(کیتمان) و پەراوێزخستن یان بەکارهێنانی هەندێک کلێشەی تایبەتی کە سەرکوت و پەراوێزخستنی کورد پاساو دەدات، هەروەها کۆنترۆڵی ڕای گشتی لەڕێگەی میدیا و تریبونە ئەکادیمی و ڕۆشنبیرییەکانەوە تیشکیان دەخرێتە سەر. دەرکەوتەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخەن کە گوتاری ئیلیت و میدیاکانی سەر بە زمان و نەتەوەی زاڵ لە ئێراندا لەسەر کورد بە شێوەیەکی بابەتییانە یان بێلایەنانە ڕاستییەکان یان چیرۆکەکانیان ڕاناگەیەنن و لەبەکارهێنانی مۆرکە کلێشەییە پەراوێزخەرەکانیاندا یەک هەڵوێستیان هەیە و، بەردەوام بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیا، بەرژەوەندیی باڵادەستانە، بەها دیاریکراوەکانی دەسەڵات و کۆنترۆڵ و قاڵبە خشتەییەکانی هەواڵ واقیع بنیات دەنێنەوە. واتە، تەونی گێڕانەوەی ئێرانییەکان هەر لەسەر ڕابردووی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بونیاد نراوەتەوە، واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران دادەپۆشێت. کلێشەسازی و مۆرک لێدانی تاڕادەیەک نەژادپەرستانەش دەورێکی سەرەکیی لە واتاسازیی و دەمەتەقێ لەبارەی شوناسەکان لە بەستێنی گوتارەکەدا دەگێڕێت. دەوڵەت و ئۆپۆزسیۆنەکەشی کە میدیایان لە کۆنترۆڵدایە، لە بەکارهێنانی پێکهاتەیەکی زمانی هاوبەشدا نەتەوە ژێردەستکراوەکان، بەتایبەتی کورددا دەنوێنن. ئەندامانی ڕێبەریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتدا دەورێکی سەرەکی لە ئاساییکردن و زاڵکردنی ئەو گوتارە بەسەر نەتەوەکەیاندا دەگێڕن. چونکە، دەرکەوتن لەو میدیایانەدا وەک ئیمتیازێک بەسەر حیزبی ڕکابەری خۆیاندا دادەنێن، و ناچار دەبن تەمکین بۆ گوتاری ئەوانیش بکەن. هەربۆیە کورد، پێویستی بە پێکهاتنێکی بنەڕەتیی ناو ماڵی خۆی لەباری کرداری و پراکتیکی سیاسی لە لایەک و دامەزراندنی میدیایەکی کاریگەر لەسەر بنەما نەتەوەییەکان لە لایەکی دیکە هەیە و، دەتوانێت لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەشدا هەوڵی لەو چەشنە بدات.

## سەرچاوەکان

1. Van Dijk (1997)Discourse as Interaction: Sage
2. Van Dijk(1993)Elite Discourse and Racism:Sage
3. Van Dijk (2015) Critical Discourse analysis . In The Handbook of Discourse Analysis / edited by Deborah Tannen, Heidi E. Hamilton & Deborah Schiffrin. – Second
4. Chouliaraki and Fairclough(1999). Discourse in Late Modernity: Rethinking Critical Discourse Analysis: Edinburgh University Press.

https://www.isna.ir/news/1402120603306

https://webtv.un.org/en/asset/k1y/k1ylul2990

https://isdmovement.com/2023/0223/021323/021323-Text-of-Washingtom-Conference.htm

https://www.youtube.com/watch?v=WoH2G-r75GQ

https://www.youtube.com/watch?v=Gt0pFF142Ns

پرسش و پاسخ از لندن با بیژن فرهودی و همراهی عبدالله مهتدی، ایران: تمامیت ارضی و جنبش انقلابی (youtube.com)

## پەراوێزەکان

1. https://isdmovement.com/2023/0223/021323/021323-Text-of -Washingtom-Conference.htm

https://www.youtube.com/watch?v=cT6JO83QLGg https:// kurdistanmedia.com/.2 fa /news/2024/07/47

https://webtv.un.org/en/asset/k1y/k1ylul2990. 3

٤. پرسش و پاسخ از لندن با بیژن فرهودی و همراهی عبدالله مهتدی، ایران: تمامیت ارضی و جنبش انقلابی (youtube.com)



# مەسعود پزشکیان و
# گۆڕانکاریی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا

توێژەر: د. بێستون حسین عارف



## بەرایی

شێواز و چۆنێتی دارشتنی سیاسەتی دەرەوە ڕۆڵێکی سەرەکی لە بەهێزکردن یان لاوازکردنی پێگەی هەر دەوڵەتێك لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دەبینێت، هەروەك سیستەمی جیهانی ڕەنگدانەوەی کارلێکردنی دەوڵەتانە لەسەر پرسە جیاوازەکان. بە گشتی دەوڵەتان سیاسەتی دەرەوەیان بە جۆرێك ڕەنگرێژ دەکەن کە لە کۆتایدا لەگەڵ سیاسەتی ناوخۆ و بەرژەوەندی باڵای نیشتمیانی وڵاتەکانیان یەکبگرێتەوە. ئێران کە زۆرترین کاریگەری بەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هەیە، لە دوای مردنی ئیبراهیم ڕەئیسی لە ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی هەلیکۆپتەرەکەیلە ئایاری ٢٠٢٤، بەپێی دەستووری ئێران ئامادەکاری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار کرا. لە ئەنجامدا بە پێچەوانەی زۆرێك لە پێشبینی ناوەندە جیهانییەکان، لە خولی دووەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئێران لە ٥ تەمموزی ٢٠٢٤، مەسعود پزشکیان سیاسەتمەداری ڕیفۆرمگەرا سەرکەوتنی مسۆگەر کرد. زۆرێك وای بۆ دەچن کە سەرۆکایەتی پزیشکیان سەردەمێکی جیاواز لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی ئوسوڵگەرا دەهێنێتە ئاراوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران. ئەم نووسینە هەوڵدەدات وەڵامی چەند پرسیارێك بداتەوە لەوانە: سیاسەتی دەرەوە چیە؟ چۆنێتی دروستکردنی بڕیاری سیاسەتی دەرەوە لە ئێران یاخود کێن ئەوانەی ڕۆڵی سەرەکیان لە دروستکردنی بڕیاری سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەیە؟ هاوکات ئایا مەسعود پزیشکیان دەتوانێت گۆڕانکاری جەوهەری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بکات دەبێتە ئارگومێنتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە و هەوڵدەدات بە لەبەرچاوگرتنی گۆڕاو و فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان وەڵام بدرێتەوە.

## سیاسەتی دەرەوە چییە؟

لە جیهانی مۆدێرندا، هیچ دەوڵەتێك ناتوانێت خۆی گۆشەگیر لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکات و پێویستی بە دەوڵەتانی تر نەبێت. لەگەڵ پەرەسەندنی سەردەمی جیهانگیری، پشت بەیەك بەستن و کارلێکی نێوان دەوڵەتان بووەتە جیاکەرەوەیەکی سەرەکی سیستەمی جیهانی بەشێوەیەك کە کردار و بڕیاری دەوڵەتێك کاریگەری لەسەر دەوڵەتێکی تر دەبێت جا بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت. تەنانەت پرسی ناوخۆی یان ناسەقامگیری دەوڵەتێکی دیاریکراو ڕەنگە کاریگەری لەسەر تەواوی ناوچەکە هەبێت بۆ نمونە جەنگی

ناوخۆی سووریا. (١) سیاسەتی دەرەوە بریتیە لە پرۆسەیەکی گشتگیر و کاریگەر کە دەوڵەتان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو ئەو پرس و ڕووداوانەی کە لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکانیان ڕوودەدەن دایدەڕێژن، هەروەك ڕینولدز لە کتێبەکەی بە ناوی (دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) ئاماژە بە سێ پێناسە بۆ سیاسەتی دەرەوە دەکات، یەکەم "کۆمەڵێك ڕێوشوێن و کردار دەگرێتەوە کە بەشە جیاوازەکانی حکومەتی دەوڵەتێك دەیگرێتەبەر لە پەیوەندی لەگەڵ کیانەکانی تر کە بەهەمان شێوە ڕەفتار لە سەر شانۆی نێودەوڵەتی لە پێناو پەرەپێدانی بەرژەوەندی نەتەوەیی دەکەن". لە پێناسەی دووەمدا ئەو ئاماژە بەسیاسەتی دەرەوە دەکات وەك چەمکێك کە" پێکهاتووە لە چالاکی دەرەکی کە لە لایەن دروستکەرانی بڕیار بەمەبەستی بە دەستهێنانی ئامانجە دوورمەودا و کورت خایەنەکان دەگیرێتەبەر". لە کۆتا پێناسەدا ئەو دەڵێت،"سیاسەتی دەرەوە لە بۆشیایدا دروست ناکرێت، ئەو سیاسەتە لە پەیوەندی لەگەڵ کیانەکانی تر دروست دەبێت کە بەهەمان شێوە لەسەر گۆڕەپانی جیهانی ڕەفتار دەکەن".(٢) ئەم پێناسانە چەند ڕەگەزێکی گرنگی وروژاندووە کە جەوهەری سیاسەتی دەرەوە لەخۆ دەگرێت کە ئەویش بەرژەوەندی و ئامانجی دەوڵەتانە لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێناسانە ڕەنگە بەتەواوی واتای سیاسەتی دەرەوە ڕوون نەکەنەوە بەتایبەتی لەسەردەمی جیهانگیریدا کە پەیوەندیەکانی دەرەوە تەنها لە نێوان دەوڵەتان کورت نابێتەوە بەڵکو چەندین ئەکتەری نادەوڵەتی و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان هەیە. هەروەها کاتێك حکومەتێکی هەرێمیی یان حکومەتی ویلایەتێك مامەڵەی بازرگانی ئەنجامدەدات یان نوسینگەی پەیوەندیەکانی لە دەرەوە بۆ پەرەپێدانی مامەڵەی بازرگانی و وەبەرهێنان و بواری گەشتیاری دەکاتەوە، ئایا ئەمە ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەوە نییە؟ چی دەربارەی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان کە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتە جیاوازەکان لە پێناو پەرەپێدانی بەرژەوەندی دوولایەنە دەکەن؟ ئایا گرووپە ناحکومیەکان یان کەسە سەربەخۆکان کە ڕۆڵی نێوەندگیری دەگێڕن لە نێوان حکومەتەکان یان ئەوانەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ گرووپە تایبەتەکان لە وڵاتێکی تر دەکەن، ئایا ئەمە ئەنجامدانی سیاسەتی دەرەوەیە؟ تەنانەت بیرۆکەی ئەوەی کە هەندێك جار سیاسەتی دەرەوە بە مەبەست ئاراستەی ئەو کیانانە کە لەدەرەوەی دەوڵەتن و پرسیاریان لەسەرە دەکرێت.(٣) لە هەموو وڵاتێکدا چەندین گرووپ و فاکتەری

جیاواز ڕۆڵ لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دەگێڕن، بۆ نمونە گرووپی ناحکومی یان گرووپەکانی فشار کە بەردەوام کاریگەرییان لەسەر بڕیاری دروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکانیان هەیە، بەتایبەتی ئەو گرووپانەی کە پشتگیری حکومەتی وڵاتەکانیان لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا دەکەن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ڕای گشتی لە ناوخۆی وڵاتێکدا کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دەبێت.(٤) هەروەك ئایدۆلۆجیا و ئایینیش دوو فاکتەری ترن کە دەتوانن کاریگەری زۆر لەسەر ئاڕاستە و شێوازی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێك دابنێن.(٥)

ئامانج و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە و تەنانەت بۆ وڵاتێکی دیاریکراویش بەپێی پەرەسەندنەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت. وەزارەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی ئاماژەی بەوە کردووە کە سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان کار لەسەر جێبەجێکردنی ئەم سێ چەمکە دەکات: دیبلۆماسی و بەرگری و پەرەپێدان. ئەم ئامانجانە بە ڕوونی لە ستراتیجی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئاماژەی پێکراوە. یەکەم لە بواری دیبلۆماسیدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی لەسەر ئاستی پەیوەندی دوولایەنی و فرەلایەنی بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندییە هاوبەشەکان بپارێزێت. هەروەها ئاماژە بەوەکراوە کە ئەمریکا کار بۆ پاراستنی هاوپەیمانە تەقلیدییەکان و بنیاتنانی هاوپەیمانی نوێ بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی کە دەبێتە هۆی بەرقەرارکردنی سەقامگیری دەکات، ئەمە سەرەڕای یارمەتیدان و هاریکاری ئەوانی تر لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرسە نەخوازراوەکان. دووەم، لەبواری ئەمن و بەرگریدا، ئەمریکا پاراستنی خاك و نەتەوەی ئەمریکای لە پێشینەی کارەکانی داناوە، سەرەڕای ئاماژەدان بە بەرگریکردن لە هاوپەیمانەکان و دۆستەکانی ئەمریکا لە دژی هەموو ئەو مەترسیانەی، کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە وەك هەژاری و نەخۆشی و تیرۆری نێودەوڵەتی و تاوانی نێودەوڵەتی و بڵاوبوونەوەی چەکە کۆمەڵکوژ و گرووپە جیهادییەکان. سێیەم، لە بواری پەرەپێدان و دیموکراسیدا، ئەمریکا هەوڵدەدات پەرە بە بەهاکانی دیموکراسی و بازاڕی ئازاد لە پێناو گەشەسەندنی خۆشگوزەرانی و مامەڵەی بازرگانی جیهانی بدات، ئەمە سەرەڕای ڕەواجدان بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربرین و ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان و دانبنان بە مافی ئەوانی تردا.(٦) ئەمە هێڵە گشتی و ئاشکراکانی ستراتیجی ویلایەتە

یەکگرتووەکانە لە سیاسەتی دەرەوەدا، بەڵام لە بواری وردەکاریدا زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە لێرەدا وەبیرهێنراوەتەوە، هەروەها زۆرجار ئەو ئامانجانەی کە زۆر گرنگ نیین یاخود بایەخی کەمیان هەیە ئاشکرا دەکرێن. بەواتایەکی تر لە سیاسەتی دەرەوەدا چەندین ئامانج و مەبەست هەیە هەرگیز نادرکێنرێن یاخود کاتێك باس دەکرێن کە ئامانجەکە پێشوەخت بەدەستهاتووە و ئاشکراکردنیان گرنگیەکی ئەوتۆی نییە.

## کێن ئەوانەی سیاسەتی دەرەوە دروست دەکەن؟

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوە پڕۆسەیەکی ئاڵۆزە و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر بە پێی سیستەمی سیاسی وڵاتەکان دەگۆڕێت، ئەمەش وادەکات ئاسان نەبێت هەموو ئەوانەی کە کاریگەریان لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەیە دیاریبکرێت. بەشێوەیەکی گشتی دروستکردنی بڕیاریی سیاسەتی دەرەوە لە سیستەمە دیکتاتۆری و ستەمکارەکاندا لە دەستی کەسی یەکەمی وڵاتدا چڕبووەتەوە و ڕۆڵی یەکلاکەرەوە لە هەموو پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە دەبینێت و دامەزراوەکانی پەیوەست کەمترین ڕۆڵ دەگێڕن، لە کاتێکدا لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا پرۆسیەکی ئاڵۆزەو چەندین لایەن و دامەزراوەی فەرمی بەشداری لە پرۆسەی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە دەکەن لە ناویشیاندا: سەرۆك وەزیران، سەرۆکی وڵات، پەرلەمان، وەزارەتی دەرەوە، دەزگا هەواڵگرییەکان و چەندین دامەزراوەی فەرمی تر،(٧) لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی کات و شێوازی پرسەکان ئەو دامەزاراوە و لایەنانەی کە بەشداری لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لەسیاسەتی دەرەوە دەکەن دەگۆڕێت. چارلس هێرمان و مارگرێت هێرمان لە توێژینەوەیەکیاندا چەمکی یەکە (unit) بۆ گرووپەکانی بڕیاردان بەکاردەهێنن و پۆلێنیان دەکەن بەسەر سێ یەکەی بڕیاردانی کۆتایی (ultimate decision unit) ئەوانیش: یەکەم، ئەوان دەڵێن کاتێك یەکەی بڕیاردانی کۆتایی سەرکردەیەکی زاڵ بێت ئەوا تاکە کەسێك دەسەڵاتی بڕیاردانی لەسەر سیاسەتی دەرەوە هەیە. کاتێك پێگەی ئەم سەرکردەیە زانرا کە چەند توندڕەوە، ئیتر ئەوانەی دەوروبەری ئەگەر تێڕاونینێکی جیاوازیشان لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوە هەبێت بەهیچ شێوەیەك دەری نابڕن لەترسی سەرکردەکەیان و تۆڵەسەندنەوەی سیاسی لێیان. تەنانەت ئەگەر ئەوانی تر بۆیان هەبێت گفتوگۆی بەدیلی جیاواز بکەن، بۆچوونەکانیان بەهەند وەرناگیرێت و هیچ ئەرزشێکی لەسەر دەرئەنجامە سیاسییەکان نابێت. ئەم

حاڵەتە لە بڕیاردان زیاتر لە نێو سیستەمە دیکتاتۆری و تاکڕەوەیەکاندا کاری پێدەکرێت. سەبارەت بە شێوازی دووەم ئەوان ئاماژە بە گرووپێکی تاکانە (single group) دەکەن کە وەك یەکەی کۆتایی بڕیاردان ڕەفتار دەکەن و بە ڕاوێژ و بەشداری پێکردنی ئەندامانی گرووپەکە بڕیار لەسەر پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە دەدەن. ئەم جۆرە لە بڕیاردان زیاتر لە سیستەمە شیوعیەکانی یەکێتی سۆڤیەت و چین باو بوو. دواین یەکە کە ئەوان باسیان کردووە بریتیە لە چەندین ئەکتەری سەربەخۆ (multiple autonomous actors)، لەم حاڵەتەدا دوو دامەزراوە یان زیاتر کە دەسەڵاتی سەربەخۆن کار لەسەر داڕشتنی سیاسەتی دەرەوە دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە هیچ کام لەم یەکانە بە تەنها ناتوانن بڕیار بەبێ بوونی ڕەزامەندی هەموو یان هەندێك لە یەکەکانی تر بدەن. یەکەی بڕیاردانی کۆتایی لەم شێوازەدا پێکهاتووە لە چەندین ئەکتەری سەربەخۆ، هەروەها ئەم شێوازە لە دروستکردنی بڕیار تایبەت نییە تەنها بە سیستەمە پەرلەمانییەکان، بەڵکو لە سیستەمی کۆماری دیموکراسیشدا مومارەسە دەکرێت. (٨) کەواتە شێوازی دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوە و ئەو کەسانەی کە ڕۆڵ دەگێڕن تیایدا بەپێی سیستەمی سیاسی وڵاتەکە و گرنگی و کاریگەری پرسەکە لە سیاسەتی دەرەوە دەگۆڕێت. ڕۆجێستەر و پێرسن بڕیاردان لە سیاسەتی دەرەوە بۆ سێ جۆر دابەش دەکەن ئەوانیش: بڕیارە گەورەکان، بڕیارە بچوکەکان، بڕیارە قەیراناوییەکان. بڕیارە گەورەکان یان گشتییەکان بەزۆری لە بارەی ئەو پرسانەوە دەدرێت کە ماوەیەکی درێژ خایەنیان پێویستە بۆ بەدیهێنان بەواتایەکی تر گرنگی زۆریان هەیەو پرسی چارەنوسسازن، لە هەمانکاتدا ژمارەیەکی زۆر ئەکتەر بەشداری دەکەن لە داڕشتنیدا. بڕیارە بچوکەکان یان کارگێڕییەکان ئەو ئەرك و کردارانە دەگرێتەوە کە چوارچێوەیەکی دیاریکراو بەرتەسکیان لە سیاسەتی دەرەوە هەیە و مەترسی کەم لەخۆ دەگرن و لە ئاستێکی خوارتر لە دامودەزگا فەرمییەکان مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. جۆری سێیەم لە بڕیاردان کەبڕیاری قەیراناوییە بە بەرزی ئاستی مەترسیەکەی دەناسرێتەوە کە ڕەنگە ئەگەری دوژمنداری سەربازیی لێبکەوێتەوە لە مەودایەکی زۆر دیاریکراودا، هەروەها بەرپرسەکان لە باڵاترین پۆستی حکومیدا بەشداری لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسانەدا دەکەن.(٩) کەواتە دروستکەرانی بڕیاری سیاسەتی دەرەوە لە وڵاتێکی دیاریکراودا بە پێی شێواز و گرنگی پرسەکە دەگۆڕێت، بەشێوەیەك ئەگەر دۆزێکی گرنگ و چارەنووس ساز بێت ئەوا کەسانێك بەشداریدەکەن لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار کە باڵاترین پۆستی

حکومیان لە دەوڵەتدا هەیە، ئەگەر پرسەکە گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت ئەوا بەرپرسەکان لە ئاستی خوارەوەی حکومەت بەشداری لە بڕیاردان دەکەن. بەگشتی دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوە پرۆسەیەکە کە حکومەت شیکردنەوە بۆ پرس و کێشەکان دەکات و هەڵسەنگاندن بۆ ئەڵتەرناتیڤە سیاسیە شیاوەکان دەکات و ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەرکردن و یەکلایکردنەوەی پرسەکان دەگرنە بەر، لەهەمانکاتدا کارکردن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین بەرژەوەندی نەتەوەیی.

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە نمونە

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد سیستەمی سیاسی کاریگەرییەکی جەوهەری لەسەر شێوازی دروستکردنی بڕیار لە سیاسەتی دەرەوە هەیە، بەشێوەیەك ئەگەر لە سیستەمی سیاسی وڵاتەکە تێنەگەین ئەوا ئاسان نییە بزانین کێن ئەوانەی بڕیار لەسیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکە دەدەن، بۆ ئەوەی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و ئەکتەرەکانی دروستکەرانی بڕیار تێبگەین وا پێویست دەکات سەرەتا لە  سیستەمی سیاسی ئێران ورد ببینەوە.

## پێکهاتەی سیستەمی سیاسی ئێران

سیستەمی سیاسی ئێران بە یەکێک لە سیستەمە جیاوازەکان لە سەر ئاستی جیهان دادەنرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری پێکهاتە بەشداربووەکان و ئاڵۆزی پرۆسەی بڕیاردان تیایدا. هەندێک لە دامەزراوەکان ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلەوە دەنگیان لەسەر دەدرێت وەک سەرۆکی وڵات، پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەزایان، لە کاتێکدا هەندێکی تر لە دەزگاکان ئەندامەکانیان ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێبەری باڵای ئێرانەوە دیاریدەکرێن و لە ژێر فەرمانی ئەودا کارەکانیان ئەنجامدەدەن. لەخوارەوە بەکورتی سیستەمی سیاسی ئێران و دامەزراوەکانی ڕوون دەکەینەوە:

### یەکەم: ڕێبەری باڵا (The Supreme Leader)

پۆستی ڕێبەری باڵای ئێران بە بەرزترین پلەی سیاسی و ئایینی لە سیستەمی سیاسی کۆماری ئیسلامیی ئێران دادەنرێت. یەکەم ڕێبەری باڵای ئێران ئایەتوڵڵا ڕوح الله خومەینییە کە سەرکردایەتی شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانی لە ساڵی ١٩٧٩ کرد، دوای مردنی ئایەتوڵڵا خومەینی لە ساڵی ١٩٨٩، ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی دووەم ڕێبەری باڵای ئێرانە و تا ئێستا

لە پۆستەکەی بەردەوامە.(١٠) ڕێبەری باڵا دەسەڵاتی کۆتایی لە یەکلاکردنەوەی پرسە گرنگەکانی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران هەیە. ئەو لە لایەن ئەنجوومەنی شارەزایانەوە (مجلس الخبراء) هەڵدەبژێت کە ٨٨ ئەندامی هەیە و لە پیاوانی ئاینی پێکدێت. لە هەمانکاتدا ئەنجوومەنەکە دەسەڵاتی لابردنی ڕێبەری باڵای هەیە لە حاڵەتی بێتوانایی لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی.(١١) ڕێبەری باڵا دەسەڵاتێکی زۆر فراوانی لە دیاریکردن و لابردنی بەرپرسی هەریەکە لەم دامەزراوانەی خوارەوە هەیە: سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، بەرپرسی گشتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی تەلەفیزۆن و ڕادیۆ، ئیمامەکانی نوێژی هەینی لە شارە گەورەکان، هەروەها دەسەڵاتی دیاریکردنی ٦ ئەندام لە ١٢ ئەندامانی ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور (مجلس صیانه الدستور)، و هەڵبژاردنی ئەندامەکانی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندی ڕژێم (مجلس تشخیص مصلحه النظام) هەیە.(١٢) سەرەڕای هەموو ئەو دەسەڵاتانە، ڕێبەری باڵای ئێران ڕۆڵی یەکلاکەرەوەی لە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە هەیە.

### دووەم: ئەو دامەزراوانەی کە ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێرین

أ- سەرۆك کۆمار: سەرۆکی وڵات دووەمین بەرزترین پلەی هەیە و لە لایەن گەلەوە هەڵدەبژێرێت بۆ ماوەی چوار ساڵ، دەتوانێت بۆ ماوەی دوو خول بەدوایەکدا خزمەت بکات، بەڵام دوای بوونی ناوبڕ دەتوانێت جارێکی دیکە خۆی هەڵبژێرێتەوە کە ئەمە حاڵەتێکی زۆر دەگمەنە.(١٣) هەرچەندە بەپێی دەستوور سەرۆکی وڵات دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا دەسەڵاتەکانی سنووردار کراوە، لەبەرئەوەی ڕێبەری باڵا کۆنترۆڵی هێزە چەکدارەکانی کردووە و بڕیارە گرنگەکانی پەیوەندیدار بە پرسی ئاسایش و بەرگری و سیاسەتی دەرەوە لە دەستی ڕێبەری باڵادایە.(١٤) ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبکرێت ئەوەیە دەسەڵاتەکان بەزۆری لە لایەن ڕێبەری باڵای شۆڕشەوە مومارەسە دەکرێت نەک سەرۆکی وڵات.

ب- پەرلەمان (ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی): پەرلەمانی ئێران لە ٢٩٠ ئەندام پێکدێت کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە لایەن گەلەوە بۆ ماوەی چوار ساڵ هەڵدەبژێرێن. هەموو کاندیدەکان پێویستە پێشوەختە لە لایەن ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوورەوە پەسەند بکرێن. (١٥) دەسەڵاتەکانی پەرلەمان خۆی دەبینێتەوە لە داڕشتنی یاساکان بەمەرجێک

لە لایەن ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوورەوە پەسەند بکرێت و لەگەڵ شەریعەتی ئیسلام و دەستووری وڵاتدا گونجاو بێت، هەروەها تەصدیقکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان و پەسەنکردنی بوجەی گشتی وڵات لە دەسەڵاتی پەرلەماندایە.(١٦)

ج- ئەنجوومەنی شارەزایان (مجلس الخبراء): ئەم ئەنجوومەنە لە ٨٨ ئەندام پێکدێت کە هەموویان پیاوانی ئایینین و لە لایەن گەلەوە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەڵدەبژێرین بۆ ماوەی ٨ ساڵ. ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور دیاریدەکات کێ شیاوە بۆ ئەوەی کاندید بێت بۆ ئەنجوومەنی شارەزایان پێویستە کاندیدەکان بە تاقیکردنەوەی وردا تێپەرن پێش دەسپێکردنی پرۆسەی هەڵبژاردن. ئەنجوومەنەکە بە شێوەیەکی گشتی ساڵانە دوو کۆبوونەوەی هەیە.(١٧) ئەرکی ئەم ئەنجوومەنە بە پێی مادەی ١٠٧ و ١١١ دەستووری ئێران بریتیە لە دیاریکردنی ڕێبەری باڵای ئێران، و دواتر چاودێریکردنی کاروبارەکانی، تەنانەت ئەم ئەنجوومەنە دەسەڵاتی لابردنی ڕێبەری باڵایان هەیە ئەگەر ڕێبەر بێتوانا بوو لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا.(١٨) هەرچەندە لە بواری پراکتیکدا، تا ئێستا هیچ یەکێک لە ڕێبەرەکانی ئێران لانەبراوە لە لایەن ئەم ئەنجوومەنەوە.

سێیەم: ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور (مجليس صيانه الدستور): ئەم ئەنجوومەنە بەهێزترین دەزگای سیاسیە لە ئێران لە لایەن باڵی پارێزگارەکانەوە کۆنترۆڵکراوە. ئەنجوومەنەکە لە دوانزە ئەندام پێکدێت. شەش ئەندامیان کە پیاوانی ئایینی شارەزان (Muslim faqih) لە لایەن ڕێبەری باڵاوە دیاریدەکرێن. شەش ئەندامەکەی تر کە یاساین و دادوەرن لە لایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە پێشنیار دەکرێن بۆ پەرلەمان بۆ دەنگدان لە سەریان.(١٩) بەرپرسیارێتی ئەنجوومەنەکە بریتیە لە پەسەندکردنی هەموو ئەو کاندیدانەی کە لە لایەن گەلەوە دەنگیان لە سەر دەدرێت بۆ سەرۆکایەتی و پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەزایان، لە هەمانکاتدا دەتوانن هەر کاندیدێک ڕەتبکەنەوە بەبێ ئەوەی هۆکاری شیاونەبوونی دیاریبکەن. ئەم ئەنجوومەنە دەسەڵاتی ڤیتۆی هەر یاسایەکیان هەیە کە لە لایەن پەرلەمانەوە دەردەچێت ئەگەر یاساکە پێچەوانەی شەریعەتی ئیسلام بێت یان لەگەڵ دەستووری وڵاتدا یەکنەگرێتەوە. دەکرێت یاساکە بگەڕێنرێتەوە پەرلەمان بۆ دووبارە پێداچوونەوەی لە لایەن پەرلەمانەوە.(٢٠)

چوارەم: ئەو دامەزراوانەی لە لایەن ڕێبەری باڵاوە بەرپرس و ئەندامەکانیان

دیاریدەکرێن: ڕێبەری باڵای ئێران دەسەڵاتی فراوانی لە دیاریکردن و لابردنی بەرپرسی چەندین دامەزراوەی فەرمی لە وڵاتدا هەیە لەوانەش: دیاریکردنی سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، فەرماندەی هێزە چەکدارەکان، بەرپرسی گشتی دەزگاکانی ڕادیۆ و تەلەفیزۆن، و وتاربێژی هەینی شارەکان.(٢١) هەروەها ڕێبەری باڵا دەسەڵاتی دیاریکردنی سەرۆك و ئەندامانی ئەنجوومەنی دیاریکردنی بەرژەوەندی ڕژێم (مجلس تشخیص مصلحە النظام) هەیە، ئەم ئەنجوومەنە لە لایەن ڕێبەری باڵاوە دامەزراوە لە ساڵی ١٩٨٨، بۆ یەکلایەکردنەوەی ناکۆکی نێوان پەرلەمان و ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور لە سەر یاساکان. لەئێستا ئەم ئەنجوومەنە وەک دەستەیەکی ڕاوێژکاری خزمەت بە ڕێبەری باڵا دەکەن. ئەنجوومەنەکە پێکدێت لە ٣٩ ئەندام کە لە لایەن ڕێبەری باڵاوە دیاریدەکرێن بۆ ماوەی ٥ ساڵ، ئەندامەکانیان بریتین لە پیاوانی ئایینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دیار.(٢٢)

لەمەوە دەردەکەوێت کە ڕێبەری باڵا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی تۆڕێکی پیاوانی ئایینی و سیاسیەوە کۆنترۆڵی تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی ئێرانی کردووە. هەربۆیە لە زۆربەی مەسەلە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوە بڕیاری کۆتایی لە لای ڕابەری ڕێبەری باڵای ئێرانە.

## سیاسەتی دەرەوەی ئێران

بنچینەی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئایەتوڵڵا خومەینی ڕێبەری شۆرشی ئیسلامی ئێران لە ١٩٧٩ پشت ئەستوور بوو بە درووشمێك بە ناوی" نە ڕۆژهەڵات نە ڕۆژئاوا"، کە مەبەستی لێی نە ئەمریکا و نە یەکێتی سۆڤیەت، خومەینی دەڵێت" ئێمە ڕازی نابین لە لایەن ئەمریکا یان یەکێتی سۆڤێتەوە کۆنترۆڵ بکرێین، زلهێزەکان دەیانەوێت کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بکەن". لە ڕوونکردنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ١٩٨٠، خومەینی وتی" ئێمە دەمانەوێت کە شۆرشی ئیسلامی هەناردەی هەموو وڵاتە ئیسلامییەکان بکەین، هەروەها بۆ کۆمەڵگە چەوسێنراوەکان. دەمانەوێت هەموو حکومەت و نەتەوەیەك هەژموونی زلهێزەکان لە وڵاتەکانیان لە ناوبەرن".(٢٣) ئەم شێوازە لە سیاسەتی دەرەوە دوو ڕەهەندی سەرەکی لە خۆگرتبوو، یەکەم سەربەخۆیی ئێران لە دژی زلهێزەکان و دووەم پەرەپێدانی جوڵانەوەی ئیسلامی لە ناوچەکانی تر یان ئەوەی کە پێی دەوترێت ناردنە دەرەوەی شۆرشی ئیسلامیی. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەمکانە بە

تایبەتی چەمکی ناردنە دەرەوەی شۆڕش پێشوازیلێکراو نەبوو لە نێو زۆرینەی حکومەتە عەرەبییە محافزکارەکان کە هەوڵیاندەدا پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ئەو دوو زلهێزە بپارێزن. لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، سیاسەتی دەرەوەی ئێران گۆڕانکاریەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهات لە ڕووی ستراتیجیەوە. ئامانجی سەرەکی ئێران بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ویلایەتە یەککگرتووەکان لە سیستەمی تاك جەمسەری جیهانیدا بوو، لەڕێگەی دروستکردنی هاوپەیمانی ڕانەگەیەنراوی نێوان دەوڵەتانی تازە پێشکەوتوو. سەرەڕای ئەوەش، چەمکی هەناردەکردنی شۆڕش بە شێوەیەکی فەرمی کاڵبوویەوە، و ئێران توانی هەژموون و کاریگەری خۆی فراوان بکات لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تەنانەت لە دەرەوەی جیهانی ئیسلامیی، بەدیاریکراویش لە ئەمریکای لاتین و ئەفریقا.( ٢) بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر چەند ئامانج و نمونەیەکی باڵا دارێژراوە کە لە دەستووری ئێراندا جێی خۆی گرتووە. ئەو ئامانجانەش ئەمانە لە خۆدەگرێت: پاراستنی سەربەخۆیی ئێران و یەککگرتووی خاکەکەی و ئاسایشی نەتەوەیی و بەدەستهێنانی گەشەسەندنی نەتەوەیی دوورمەودا و بەردەوام. لەدەرەوەی سنوورەکانیش، ئێران دەیەوێت پێگەی هەرێمیی و نێودەوڵەتی خۆی بەهێزبکات لە ڕێگەی پەرەپێدانی نمونەی فەرمانڕەوایەکەی بە تایبەت دیموکراسیی ئیسلامیی، هەروەها دەخوازێت بۆ فراوانکردنی پەیوەندییە دوولایەنی و فرە لایەنییەکانی بەتایبەتی لەگەڵ دەوڵەتە زۆرینە- ئیسلامییەکانی دراوسێ و دەوڵەتە بێ لایەنەکان لە پێناو هێورکردنەوەی ئاڵۆزییەکان و ئیدارەدانی ناکۆکییەکان لەگەڵ دەوڵەتانی تر، لە هەمانکاتدا بۆ پەرەپێدانی ئاشتی و سەقامگیری لەسەر ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی لە ڕێگەی بەشداریکردنی پۆزەتیڤانە، لێکتێگەیشتن لە ڕێگەی دیالۆگ و ئاڵۆگۆڕی کولتوورەکانەوە.(٢٥) ڕەنگە هەندێك لەو بابەتانە تەنها لە بواری تیۆریدا بێت بۆ پێدانی وێنەیەکی جوان بە سیستەمی سیاسیی و شێوازی فەرمانڕەوایی ئێران، بەڵام لە بواری پراکتیکدا ئێران دەیەوێت ببێتە هێزی هەژموونداری و قۆرخکاری هەرێمیی و ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی دیار، بەمەش سیاسەتی دەرەوەی ئێران خۆی دەبینێتەوە لە پەیوەندییەکی باش لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ و باڵادەستی هەرێمیی، کە پێویستە ئیسرائیل ئیحتیوا بکرێت لەم نێوەندەدا. دروستکردنی هاوپەیمانی لە نێوان دەوڵەتانی تازە پێشکەوتوو، لە ئاسیاوە بۆ ئەمریکای لاتین. زیاتر لەوەش سەرکردایەتیکردنی ئۆپۆزیسیۆنی جیهانی لە دژی هەژموونی ڕۆژئاوا و سیستەمی

تاك جەمسەری لە جیهانی سیاسی و ئابووریدا، هەموو ئەمانەش بە شێوەیەك بكرێت كە نەبێتە هۆی پێكدادانی ڕاستەوخۆ و كراوە.(٢٦) سەرەڕای هەموو ئەمانە، چەندین دیوی شاراوەی سیاسەتی دەرەوە هەیە كە بەهیچ شێوەیەك باس ناكرێت، بەڵكو دەوڵەت بەبێ دەنگی و بەشارەوەی كار لەسەر بەدەستهێنانیان دەكات، بۆ نمونە دەكرێت ئاماژە بە فراوانبوونی هەژموونی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بكرێت كە ماوەیەكی دوورو درێژە ئێران كاری لەسەر دەكات و چەندین شێواز و میتۆدی جیاواز و قەدەغەكراوی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی تاقیكردۆتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە، ئاشكرایە چەكی دەستی ئێران بۆ بوونی ئەو ڕۆڵە فراوان و كاریگەرە لە ناوچەكە بریتیتە لە پەرەپێدانی چەمكی پرۆكسی بوون بە تایبەتی لە نێو كۆمەڵگە شیعیە نشینەكان، واتا ئێران چەندین گرووپ و میلیشای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست كردووە بە پاشكۆ و بریكاری خۆی و ئەوان بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ كار بۆ بەرژەوەندیەكانی ئێران دەكەن لەو نمونانەش دەكرێت ئاماژە بە عێراق و سووریا و یەمەن و لوبنان بكرێت. كەواتە دەكرێت ئامانجێكی ڕەوا هەبێت لە سیاسەتی دەرەوە، بەڵام ئامرازی جیاواز و تەنانەت قەدەغەكراویش بەكاربهێنرێت بۆ بەدیهێنانی ئەمەش بە ڕوونی لە دوای شۆڕشی عەرەبی لە ناوچەكە هەستی پێدەكرێت.

## كێن ئەو انەی بڕیارلە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەدەن؟

هەروەك لە دەستووری ئێراندا دیاریكراوە چەند لایەنێك یان دامەزراوەی سەرەكی بەرپرسن لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران ئەوانیش: ڕێبەری باڵا، سەرۆك كۆمار، سەرۆكی ئەنجوومەنی دیاریكردنی بەرژەوەندی ڕژێم، وەزیری دەرەوە، ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی، لەخوارەوە هەوڵدەدەین ڕۆڵ و گرنگی هەریەك لەم دامەزراوانە شرۆڤە بكەین:

- ڕێبەری باڵا: بەپێی دەستووری ئێران ڕێبەری باڵای دەسەڵاتی كۆتایی و یەكلاكەرەوەی لەسەر پرسەكانی سیاسەتی دەرەوە، بەرگری، ئاسایشی نەتەوەیی، جەنگ و ئاشتی هەیە. ئەو فەرماندەی گشتی هەموو هێزە چەكدارەكانی سوپای پاسداران و بەسیج و سوپای سەربازیی و پۆلیسی ئێرانە. لەگەڵ ئەوەی دەستوور دەسەڵاتی فعلی بە هەندێك لە دامەزراوەكان داوە وەك لە پێشەوە باسكرا، بەڵام كاتێك خومەینی دەژیا، وتەكانی ئەو لەسەر پرسەكان لە لایەن هەموو ئەندامانی ئەو دامەزراوانەوە قبوولْ دەكرا. لە نێوان ١٩٨٠ بۆ ١٩٩٧، دەسەڵاتی فعلی لە لایەن سەرۆك كۆماری ئێران هاشمی ڕەفسنجانییەوە

مومارەسە دەکرا، ڕێبەری باڵای نوێی ئێران زۆر خۆی تێکەڵ بە کارەکانی نەدەکرد، تاکە پرسێك کە ڕێبەری باڵا لەسیاسەتی دەرەوە زۆر جەختی لەسەر دەکردەوە ئەوە بوو کە نزیکبوونەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگە پێنەدراوە.(٢٧) کەواتە سەرەڕای ئەوەی دەسەڵاتی کۆتایی دراوە بە ڕێبەری باڵا لەسەر پرسەکانی دەرەوە، بەڵام ئەو دەتوانێت ڕۆڵ بدات بە هەر دامەزراوەیەکی تر ئەگەر شوێن خواست و ڕێنوێنیەکانی ئەو بکەون.

- سەرۆك کۆمار: بەپێی دەستووری ئێران سەرۆك کۆمار سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، هەمان دەستوور دەسەڵاتێکی زۆری جێبەجێکردنی بە ڕێبەری باڵا داوە. لە بواری پراکتیکدا دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار لاواز کراوە لە دوای ١٩٨٩ ەوە، هەروەك پێشتر باسکرا ئەگەر سەرۆکی کۆمار بەخواستی ڕێبەری باڵا جووڵا بێتەوە ئەوا پشتگیری ئەوی بەدەستهێناوە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوە، ئەگەر نا ئەوا هەوڵدراوە ڕۆڵ و کاریگەری سەرۆکی وڵات کەمبکرێتەوە. هەروەك لە ماوەی سەرۆکایەتی محەمەد خاتەمی (١٩٩٩-٢٠٠٥)، کە بەکەسێکی ڕیفۆرمخواز دەناسرا بە ڕاگەیاندنی چەمکی "گفتوگۆی شارستانیەتییەکان" بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان ئێران و ڕۆژئاوا ناوی دەرکرد، ئەم بیرۆکەیە پێشوازیلێکراو نەبوو لە لایەن ڕێبەری باڵای ئێران لەبەرئەوە بەردەوام لە ململانێدا بوو لەگەڵ سەرۆك کۆمار و هەوڵیدەدا دەسەڵاتەکانی لاواز بکات.(٢٨) لە ماوەی نێوان ٢٠٠٥ بۆ ٢٠١١، ڕێبەری باڵا تاڕادەیەکی زۆر سیاسەتەکانی ئەحمەدی نەژاد سەرۆك کۆماری ئێرانی بەلاوە پەسەند بوو ئەمەش وایکرد سەرۆکی ئێران دەسەڵاتی فراوانی جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەوەی هەبێت. لە پشت پەردە و چەندین جار بەئاشکرا ڕێبەری باڵا پشتگیری خۆی بۆ ئەحمەدی نەژاد دەربڕیووە. بەڵام ئەمە گۆڕانی بەسەردا هات کاتێك ناکۆکی نێوان خامنەئی و ئەحمەدی نەژاد دزەی کردە ناو میدیاکانەوە. ئەم ناکۆکییانە زیاتر لەسەر کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی هەواڵگری بوو. لە دیسەمبەری ٢٠١٠، ئەحمەدی نەژاد بەشێوەیەکی تاك لایەنە مەنوچەهر موتەکی وەزیری دەرەوەی دوورخستەوە. کاتێك ئەحمەدی نەژاد لە مانگی نیسانی ٢٠١١ بەشێوەی تاك لایەنە بڕیاری دوورخستنەوەی حەیدەر موسلحی دەرکرد، ڕێبەری باڵا دژی بڕیارەکەی ئەحمەدی نەژاد وەستایەوە و موسلحی لە وەزارەتەکەی هێشتەوە. بەپێی دەستووری ئێران، سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی لابردنی ئەندامانی کابینەکەی هەیە، بەڵام لە ماوەی ١١ ڕۆژدا ئەوە ڕوون بوویەوە کە دەسەڵاتی فعلی لە دەستی ڕێبەری باڵادایە و سەرۆکی کۆمار

یان دەبوایە دەست لە کاربکێشێتەوە یان ملکەچی خواستی ڕێبەری باڵا بێت.(٢٩) کەواتە ئەمە بەڵگەی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە ڕێبەری باڵا دەسەڵاتی کۆتایی لە سەر پرسەکانی دەرەوە هەیە، و تا ئەو کاتەش پشتگیری سەرۆك کۆمار دەکات کە شوێن ڕێنمایەکانی ڕێبەری باڵا بکەوێت.

- ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران: ئامانجی ئەم ئەنجوومەنە دروستکردنی کۆدەنگیە لە نێوان سەرکردەکان سەبارەت بە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە، ئاسایشی نەتەوەیی، بەرگری و ئاسایشی ناوخۆیی. سەرۆک کۆمار وەک سەرۆکی ئەم ئەنجوومەنە کاردەکات و ئەندامانی تری بریتین لە وەزیرانی دەرەوە، هەواڵگری و ناوخۆ، سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری، سەرۆکی ئەرکانی هێزە چەکدارەکانی ئێران، فەرماندە گشتیی سوپای ئێران و فەرماندەی سوپای پاسداران و دوو نوێنەری ڕێبەری باڵای ئێران، کە بەزۆری یەکێکیان وەک سکرتێری ئەنجومەنەکە کاردەکات. هەموو بڕیارەکانی ئەم ئەنجوومەنە دەنێرێت بۆ ڕێبەری باڵا بۆ پەسەندکردن، دوای پەسەندکردن لە لایەن ڕێبەری باڵاوە بڕیارەکان دەبن بە سیاسەتی فەرمی ئێران و دەنێرێن بۆ وەزارەت و دامەزراوە جیاوازەکان بۆ جێبەجێکردن.(٣٠) سەرۆکی کۆمار سکرتێری ئەنجوومەنەکە دیاریدەکات، بەڵام دەبێت پێشوەختە لە لایەن ڕێبەری باڵاوە ڕەزامەندی لەسەر درابێت. سکرتێرەکانی ئەم ئەنجوومەنە بریتی بوونە لە حەسەن ڕووحانی (١٩٨٩-٢٠٠٥)، عەلی لاریجانی (٢٠٠٥-٢٠٠٧)، سعید جەلیلی (٢٠٠٧-٢٠١٣)، عەلی شەمیخانی (٢٠١٣-٢٠٢٣)، علی ئەکبر ئەحمەدیان (٢٠٢٣.ئێستا).(٣١) کەواتە ڕێبەری باڵا دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ئەم ئەنجوومەنەدا هەیە.

-وەزارەتی کاروباری دەرەوە: ئەرکی وەزارەتی دەرەوە لە پرسەکانی سیاسەتی دەرەوە زیاتر خۆی لە جێبەجێکردنی سیاسەتە پێشوەختە داڕێژراوەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانی دەبینێتەوە، واتا زیاتر ڕۆڵی جێبەجێکردن لە ڕێگەی دیبلۆماسیەوە دەبینێت، بەڵام ئەمەش بەواتای ئەوە نایەت هیچ ڕۆڵێکی نییە، بەڵکو وەزیری دەرەوە خۆی ئەندامە لە ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتیمانیی کە زۆربەی سیاسەتی دەرەوە نەخشەکێش دەکرێت تیایدا.(٣٢) بەپێی دەستوور وەزیری دەرەوە لە لایەن سەرۆکی وڵاتەوە دیاریدەکرێت و دەتوانێت لای بەرێت. لەبەرئەوە دەسەڵاتی وەزیری دەرەوە سنووردارە لە سیاسەتی درەرەوە.

لێرەوە دەردەکەوێت ڕێبەری باڵای ئێران دەسەڵاتی کۆتایی لە یەکلاکردنەوە و بڕیاردان لەسەر پرسەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەیە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندین دامەزراوەی تر ڕۆڵ لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوە دەگێرن، بەڵام پێکهاتەی هەریەك لەو دامەزراوانە بە شێوەیەکە کە دیسانەوە هەژموونی ڕێبەری باڵای ئێران بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەسەریانەوە بوونی هەیە.

## ئایا مەسعود پزشکیان دەتوانێت گۆڕانکاری جەوهەری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بکات

مەسعود پزیشیکان لە دوای سەرکەوتنی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری ئێران، لە بابەتێکدا بە ناونیشانی"پەیامی من بۆ جیهانی نوێ" کە لە ڕۆژنامەی تهران تایمز لە ١٢ تەموزی ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە، نەخشە ڕێگای سیاسەتی دەرەوەی کابینەکەی خستۆتە ڕوو. زۆرێك وای بۆ دەچن کە سەرۆکایەتی پزیشکیانی ڕیفۆرمگەرا سەردەمێکی جیاواز لە سەردەمی ئیبراهیم ڕەئیسی ئوسوڵگەرا دەهێنێتە ئاراوە لە سەر ئاستی ناوخۆ و نێودەوڵەتی. لێرەدا هەوڵدەدەین وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئایا مەسعود پزیشکیان دەتوانێت گۆڕانکاری جەوهەری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بکات بدەینەوە بە شیکردنەوەی"پەیامەکەی پزیشکان بۆ جیهانی نوێ" و بەربەست و ئاڵەنگارییە ناوخۆی و دەرەکییەکان.

## نەخشەڕێگای سیاسەتی دەرەوەی پزیشکیان

پزیشکیان لە وتارەکەیدا جەختی لەسەر پاپەندبوونی ئیدارەکەی بە پاراستنی شکۆی نەتەوەیی و پێگەی نێودەوڵەتی ئێران لەسەر بنەمای" کەرامەت، حیکمەت و وریایی" کردەوە. ئەو دەڵێت سیاسەتی دەرەوەی ئێران بە دەرفەتەوە دەبینێت بۆ دروستکردنی پەیوەندیی هاوسەنگ لەگەڵ هەموو وڵاتان، بەشێوەیەك هاودەنگ بێت لەگەڵ بەرژەوەندیی نەتەوەیی، گەشەپێدانی ئابووری، ئاشتی و ئاسایشی ناوچەیی و جیهان.(٣٣)

پزیشکیان دەڵێت بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لە پێشینەی کارەکانیدایە. بانگەشە بۆ دامەزراندنی"هەرێمێکی بەهێز" کە هیچ وڵاتێک بەدوای هەژموون بەسەر ئەوانی دیکەوە نەبێت دەکات. ئەو پێی وایە پێویستە سەرچاوەکان بۆ پێشکەوتن و گەشەپێدانی ناوچەیی تەرخان بکرێن نەک پێشبڕکێی خۆخۆری و پێشبڕکێی چەک. پزیشکیان بەدوای قووڵکردنەوەی پەیوەندییە ئابووریی و بازرگانییەکان، و وەبەرهێنانی هاوبەش و گفتوگۆی ناوچەیی لەگەڵ تورکیا، سعودیە، عومان، عێراق،

بەحرەین، قەتەر، کوەیت، ئیمارات و ڕێکخراوە ناوچەییەکان دەگەڕێت. داوای هەوڵی پێکەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگە هاوبەشەکانی وەک شەڕ، ململانێی تائیفی، تیرۆر، تێکدانی ژینگە و دەستێوەردانی دەرەکی دەکات. پزیشکیان بە دووپاتکردنەوەی هەڵوێستی ئێران، ئیسرائیلی بە ڕژێمێکی سەرکوتکەری ڕەگەزی ئیدانە کرد کە خەریکی جینۆساید، داگیرکاری، تاوانەکانی جەنگ، پاکتاوی نەتەوەیی و دەستدرێژییە. داوای لە وڵاتانی عەرەبی دراوسێ کرد کە هاوکاری سیاسی و دیپلۆماسی پێشکەش بکەن بۆ گەیشتن بە ئاگربەستێکی هەمیشەیی لە غەززە و کۆتاییهێنان بە داگیرکاری درێژخایەن. (٣٤)

پزیشکیان تیشکی خستە سەر هاوپەیمانییە ستراتیژییەکان لەگەڵ چین و ڕووسیا. ناوبراو نەخشەڕێگای ٢٥ ساڵەی لەگەڵ وڵاتی چین وەک پلانێکی گرنگ بەرەو "هاوبەشیەکی ستراتیژی گشتگیر" وەسفکرد. ناوبراو ڕۆڵی چینی لە ئاسانکاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و سعودیە لە ساڵی ٢٠٢٣دا بەرز نرخاند. ڕووسیا وەک هاوپەیمانێکی ستراتیژی و دراوسێیەکی بەنرخ دەمێنێتەوە. ئیدارەی پزیشکیان پابەندە بە فراوانکردنی هاریکاری لەگەڵ ڕووسیا، و پشتگیریکردن لە دەستپێشخەرییەکانی ئاشتی بۆ ڕووسیا و ئۆکرانیا، و ئەولەویتدان بە پەیوەندییە دوولایەنە و فرەلایەنەکان لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکانی وەک بریکس، ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای و یەکێتی ئابووری ئۆراسیا.(٣٥)

سەبارەت بە ئەورووپا، پزیشکیان ئاماژەی بە هەوراز و نیشێوی پەیوەندییەکانیان کرد، بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٢٠١٨ و دوای کشانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ٢٠١٥ ئێران. سەرەڕای شکستی وڵاتانی ئەورووپایی لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیان بەرامبەر بە ئێران، پزیشکیان بە دوای "دیالۆگێکی بیناتنەرانەوەیە" لەسەر ڕێزگرتنی یەکتر و یەکسانی. ناوبراو داوای لە وڵاتانی ئەورووپایی کرد کە دان بە شکۆ و مافی ئێرانییەکاندا بنێن و هەلی هاریکاری لە هاوکاری ئابووری و تەکنۆلۆژی، ئاسایشی وزە، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و بوارەکانی دیکە بدۆزنەوە.(٣٦)

پزیشکیان لە پەیامەکەیدا بۆ ئەمریکا داوای لە واشنتۆن کرد دڵنیابن لەوەی کە ئێران وەڵامی فشارەکان ناداتەوە. ناوبراو تیشکی خستەسەر نیەتپاکی ئێران بۆ چوونە ناو ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران لە ساڵی ٢٠١٥ و بەراوردی کرد بە کشانەوە نایاساییەکەی ئەمریکا لەو ڕێکەوتنە و کارەکانی دواتر، لەوانەش تیرۆرکردنی فەرماندە قاسم سولەیمانی.

پزیشکیان دووپاتی کردەوە کە دوکتۆرینی بەرگری ئێران چەکی ئەتۆمی لەخۆناگرێت و داوای کرد هەڵسەنگاندن بۆ سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێران بکرێتەوە.(٣٧)

لە پەیامەکەی پزیشکیانەوە دەردەکەوێت کە ئەو ئامانجی هەندێک گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەیە، بەڵام هەوڵی هەژاندنی بەلەمەکە نادات. لە کاتی دیبەیتەکانیدا زۆرجار بەڵێنی دڵسۆزی بە ئایەتوڵڵا خامنەیی ڕێبەری باڵای ئێران دەدا و هیچ کات بەردەوامیی سیستەمی سیاسی ئێرانی نەخستۆتە ژێر پرسیارەوە. پێدەچێت پزیشکیان لەلایەن دامەزراوەکان و دەوڵەتی قووڵەوە وەک هەڕەشەیەک سەیر نەکرابێت. ئەمەش هۆکارێک بووە بۆ ئەوەی لە پلەی یەکەمدا لەلایەن ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور (ئەو دەستەیەی بەرپرسی پاڵەفتەکردن و ڤیتۆکردن کاندیدەکانە) پەسەندکرابێت و بووەتە تاکە کاندیدی ڕیفۆرمخوازەکان کە ڕێگەی پێدراوە خۆی کاندید بکات و ببێتە یەکەم سەرۆکی ڕیفۆرمخواز لەو کاتەوەی محەمەد خاتەمی لە ساڵی ٢٠٠٥دا پۆستەکەی بەجێهێشتووە.

لە پەیامەکەی و هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پزیشکیانەوە دەردەکەوێت کە پێویستی پەیوەندیی لەگەڵ ڕۆژئاوا، لەوانەش پرسی ئەتۆمی، بۆ سوککردنی سزاکان و باشترکردنی بارودۆخی ئابووری وڵات، هەروەها دوورکەوتنەوە لە لێواری شەڕی ناوچەیی لە ئەجێندای کارەکانێتی. پزیشکیان ستایشی نزیکبوونەوەی ئیبراهیم ڕەئیسی سەرۆك کۆماری پێشووی ئێرانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی کرد، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لە پرسەکانی تردا جگە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا، پێدەچێت بە شێوەیەکی بەرفراوان لە سیاسەتی ئیدارەی پێشوو بەردەوام بێت.(٣٨) لەبەرئەوە بە هاتنی پزیشکیان، سیاسەتی تاران بەرامبەر بە چین و ڕووسیا گۆڕانکاری ئەوتۆی بەسەر نایەت، بەڵکۆ تاران لە پاڵ بەردەوامبوون و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین و ڕووسیا، هەوڵی نزیکبوونەوە لە ڕۆژئاوا بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەدات.

## بەربەست و ئاڵنگارییەکانی بەردەم پزیشکیان

پزیشکیان لە چوارچێوەی بارودۆخی ئاڵۆزی ناوخۆیی و دەرەکی کە ئاڵنگاری زۆری بۆ ئەو وڵاتە دروستکردووە، پۆستی سەرۆکایەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەگرێتە ئەستۆ. ئەو ناچار دەبێت ڕێبازگەلێک دابڕێژێت کە ئاڕاستە"ریفۆرمخوازەکان" لەگەڵ هێزە"ئوسوڵگەرا" زاڵەکان بەسەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا ئاشت بکاتەوە. لەهەمانکاتدا ئەو دەبێت

هەندێك سازش لەبەرامبەر ئوسوڵگەراکان سەبارەت بە پرسە مشتومڕاوییەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا بکات بەمەبەستی گەیشتن بە چارەسەر. ئەمە گرنگە چونکە هەڵوێستەکانی ئێران لەگەڵ ئەو سەرکردە سیاسیانەشدا بەریەکدەکەون کە بە توندی دژی سیاسەتەکانی ئێرانن، بەتایبەتی ئەگەر هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە مانگی نۆڤەمبەردا ببێتە هۆی سەرکەوتنی ترەمپ. لەگەڵ ئەوەشدا پزیشکیان ڕووبەڕووی کۆمەڵێك بەربەست و ئاڵەنگاری ناوخۆی و دەرەکی دەبێتەوە کە لە خوارەوە بە کورتی باسکراون.

## یەکەم: فراوانی دەسەڵاتەکانی ڕێبەری باڵای ئێران

هەروەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، ڕێبەری باڵا لە ڕووی دەستووری و کردارییەوە زاڵە بەسەر هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا، بەپێچەوانەی دەسەڵاتە سنووردارەکانی سەرۆك کۆمارەوە. بەڵام ئەمە توانای سەرۆك کۆمار ڕەتناکاتەوە کە لە ناو ناوچەی سەریەککەوتووی (overlapping area) نێوان خۆی و ڕێبەری باڵا بجووڵێت و بڕیار سەبارەت بەو پرسانەی کە لەگەڵ دیدی خۆیدا دەگونجێت بدات، بەڵام ناکۆکە بە بیروبۆچوونەکانی ڕێبەری باڵا. ناکۆکییەکانی نێوان ڕێبەری باڵا و سەرۆك کۆمار بەبێ گوێدانە پاشخان و ئاڕاستەی فکری سەرۆك کۆمار ڕوودەدەن، جا چ"ڕیفۆرمخواز" وەك محەمەد خاتەمی،" ئوسوڵگەرا" وەك ئەحمەدی نەژاد، یان" میانڕەو" وەك حەسەن ڕووحانی بێت. لەوانەیە ئەم ناکۆکییانە لەناو بازنەیەکی داخراو و سنوورداردا بمێننەوە یان پەرەبسێنن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕاستەوخۆ کە لە ڕێگەی هەڵوێستە ناکۆکەکانی دامەزراوە جیاوازەکانی دەوڵەتەوە دەردەکەون، بەتایبەتی لەسەر ئاستی وەزارەتی دەرەوە یان دامەزراوە سەربازییەکان، بەتایبەتی سوپای پاسداران. محەمەد جەواد زەریف وەزیری پێشووی دەرەوە ڕەنگە یەکەم تاقیکردنەوەی ئەم پەیوەندییە بێت ئەگەر هەر ڕۆڵێکی سیاسیی پێ بسپێردرێت لە کابینە نوێیەکە.(٣٩) لەلایەکی دیکەوە ڕێکخستنەکان بۆ جێگرتنەوەی ڕێبەری باڵا بەردەوامە و ڕەنگە یەکێك لە هۆکارەکانی ناکۆکییەکە بێت ئەگەر پزیشکیان لەمپەریان بۆ دروست بکات، بەو پێیەی دەچێتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بەیتی ڕێبەری باڵا و ئەو هێزە کاریگەرانەی پەیوەستن پێیەوە، وەک موجتەبای کوڕی و سوپای پاسداران.

## دووەم: نەبوونی بەرەی پەرلەمانی

نەبوونی پاڵپشتی پەرلەمان بۆ سەرۆک کۆمار لە بەرچاوترین ئاستەنگەکانە کە سەرۆکی نوێ رووبەرووی دەبێتەوە. بەپێی دەستووری ئێران، پزیشکیان پێویستی بە متمانەی پەرلەمان بۆ وەزیرەکانی حکومەتەکەی دەبێت، تەنانەت پەرلەمان دەتوانێت هەرەشەی لێسەندنەوەی متمانەیان لێبکات، بە خودی سەرۆک کۆماریشەوە. هەر رێککەوتنێکی نوێ لە پەرلەمانەوە دەبێت بۆ پەسەندکردن تێپەرێت. بە لەبەرچاوگرتنی بالادەستی "ئوسوڵگەراکان" بەسەر پەرلەماندا، بێ گومان لەرادەبەدەر قورس دەبێت. شایانی باسە لەو چوارچێوەیەدا کە رەنگە پەرلەمان یەکێک بێت لە ئامرازەکانی رێبەری بالا بۆ رامکردنی سەرۆک کۆماری نوێ. رادەی پێکدادانی نێوان سەرۆکایەتی کۆمار و پەرلەمان بەندە بە پەیوەندی سەرۆک لەگەڵ رێبەری بالا. لە ئەگەری دروستبوونی گرژی لە نێوان ئەو دووانەدا، ئەوا پەرلەمانی "ئوسوڵگەراکان" هێرشەکانیان بۆ سەر سەرۆک چرتر دەکەنەوە و بەربەستی زیاتری بۆ دروستدەکەن.(٤٠) بە پێچەوانەوە، رەزامەندی رژێمی رێبەری بالا لە سەرۆك کۆمار پاڵ بە پەرلەمانەوە دەنێت بۆ سنووردارکردنی رەخنەکانیان لە وەلامی رێنماییە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆکانی رێبەری بالا.

## سێیەم: رۆڵی سوپای پاسداران

رەنگە چالاکییە دەرەکییەکانی سوپای پاسداران یەکێک لە ئاستەنگە هەرە بەرچاوەکانی بەردەم سەرۆکی نوێ بێت. بە پشت بەستن بە ئەزموونی پێشووی "ریفۆرمخوازان" لە دەسەلاتدا، کێبرکێ لە نێوان وەزارەتی دەرەوە و سوپای پاسداران پەیوەست بە بریاردانی سیاسەتی دەرەوە هەبووە. سوپای پاسداران زۆرجار سەربەخۆ لە وەزارەتی دەرەوە کاردەکات، لەسەر بنەمای ئەو دەسەلاتەی کە لەلایەن رێبەری بالاوە پێی دراوە. پرسی هێرشەکانی سەر بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق لە کاردانەوە تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی پێشووی سوپای قودس لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی ٢٠٢٠، کە سوپای پاسداران لە رێگەی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە بەبێ ئاگاداری سەرۆکایەتی کۆماری ئێران و وەزارەتی دەرەوە، ئەمریکیەکانییان لەو هێرشە ئاگادار کردبوویەوە، دەرخەری گێژاوی پەیوەندی نێوان ئەو دوو دەسەلاتەیە.(٤١) سەرەرای ئەوەی پزیشکیان زۆر جەخت لە سیاسەتی هەرێمایەتی لەگەڵ دراوسێکانی ئێران دەکاتەوە، بەلام لە راستیدا سیاسەتی

دەرەوەی ئێران لەو وڵاتانە بە زۆری لەژێر ئیدارەی سوپای پاسداراندایە بە تایبەتی لە دەوڵەتانی وەك عێراق و سوریا و لوبنان و یەمەن. بەو پێیەی تاران کۆمەڵێك بریکاری چەکداری زۆری لەم دەوڵەتانە هەیە و مامەڵەی ئەمانەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێرانە نەك سەرۆکایەتی کۆمار یان وەزارەتی دەرەوە.

## چوارەم: گەڕانەوەی ترەمپ بۆ کۆشکی سپی

سەرەڕای بەڵێنەکانی پزشکیان بۆ زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنامە ناوەکییەکە، بەربەستی قورس لە بەرەی ئەمریکاوە بەدی دەکرێت لەبەردەم زیندووکردنەوە یان ڕێکەوتنێکی نوێی ئەتۆمی. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، کاندیدی سەرۆکایەتی کۆمارییەکان و پێشەنگی ئێستای ڕاپرسیەکان بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی لە مانگی نۆڤەمبەری داهاتوو، دۆناڵد ترەمپە کە لە ساڵی ٢٠١٨ لە ڕێکەوتنە ناوەکییەکەی ئێران کشایەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەمریکا لە ژێر ئیدارەی دووەمی ترەمپدا پێناچێت ئارەزووی زیندووکردنەوەی ڕێکەوتنەکە بکات. هاوکات جۆ بایدن سەرۆکی ئێستای ئەمریکا تا ئەو کاتەی پزشکیان سوێندی یاسایی دەخوات و ئەندامانی کابینەکەی دیاری دەکات، لە پێگەیەکی سیاسی بەهێزدا نابێت بۆ ئەوەی بەر لە هەڵبژاردنەکان ڕێککەوتنێکی نوێ لەگەڵ ئێراندا بخاتە سەر پێ.(٤٢) هەرچەندە ئەگەر کاندیدێکی دیموکراتەکان سەرۆکایەتی ئەمریکا بباتەوە، ئەوا ئەگەری گەیشتن بە ڕێکەوتن لەسەر ئەو پرسە زیاتر دەبێت. ئەگەر ترەمپ لە هەڵبژاردنەکاندا سەربکەوێت، ئەگەری ڕێکەوتن زۆر کەمتر دەبێتەوە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێرانیەکان متمانەیان بە دانوستان لەگەڵ ترەمپ نییە. پاڵپشتی بەهێزی پێشووی ترەمپ بۆ ئیسرائیل و دژایەتیکردنی ڕێکەوتنامە ناوەکیەکەی ٢٠١٥، ئەوە نیشان دەدەن کە پێناچێت ترەمپ هەرگیز ئەو شازش و ئیمتیازانە پێشکەش بە ئێران بکات کە بۆ ڕێکەوتنێك گرنگن. زیاتر لەوەش، ڕقێکی مێژوویی لە نێوان تاران و ترەمپ هەیە کە لە ساڵی ٢٠٢٠ فەرمانی کوشتنی جەنراڵ قاسم سولەیمان فەرماندەی هێزی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی دەرکرد. ئەمە وایکردووە ئەمریکا گومانی هەبێت کە ئێران ڕەنگە پیلانی تیرۆرکردنی بەرپرسانی باڵای ئەمریکا دابڕێژێت بۆ تۆڵەسەندنەوەی ورد.

هەموو ئەم بەربەستانە وایانکردووە کە پزیشکیان نەتوانێت گۆڕانکاری ئەوتۆ لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندان بکات، تەنانەت ئەگەر بتوانێت گۆڕانگاریش بکات پێویستە ڕەزامەندی ڕێبەری باڵای ئێرانی لەسەر بێت.

## دەرەنجام

سیاسـەتی دەرەوە بەشـێکی گرنگی سـتراتیجی دەوڵەتـان پێکدەهێنێت، شـێوازی دارشـتن و جێبەجێکردنی بەپێی سروشـتی سیسـتەمی سیاسی دەوڵەتەکان دەگۆڕێت. بەشـێوەیەکی گشـتی ئامانجی سیاسـەتی دەرەوەی دەوڵەتـان لـە دەوری پاراسـتنی سـەروەری و یەکگرتـووی خـاك و پاراسـتنی بەرژەوەنـدی نەتەوەیی وڵاتەکـە چڕبووەتـەوە. پێگـەی سیاسـی و ئایینی ڕێبـەری بـاڵای ئێران وایکـردووە کـە دەسـەڵاتی کۆتایی لـە زۆرێك لـە پرسـەکانی دەرەو هەبێت و ئەمە سـەرەڕای ئەوەی چەندین دامەزراوەی تر بەشـداری لە دارشـتنی سیاسـەتی دەرەوەی ئێران دەکەن.

لەبەرئەوە هاوسـەنگی هێزی ئێسـتا لـە تـاران، ڕێگـری لـە پزیشـکیان دەکات کـە گۆڕانی قووڵتـر ئەنجـام بـدات. دامـەزراوەی ئوسـوڵگەراکان بـە سـەرۆکایەتی خامنەیی، هەمـوو ناوەندەکانی دەسـەڵاتی وڵاتەکـەی لـە ژێـر کۆنترۆڵیدایـە، لەوانـەش دەزگا ئەمنیـەکان، دەسـەڵاتی دادوەری، میدیا و بەشـێکی زۆری ئابووری. تەنانـەت ئەگـەر دەسـەڵاتی پزیشـکیان ئەوەنـدە سـنووردار نەبووایـە، هێشـتا شـەڕی گۆڕانکاری گـەورەی نەدەکـرد. ڕەنگـە سـەرۆکی داهاتـوو وەک ئیبراهیـم ڕەئیسـی ملکەچی خامنەئیی نەبێـت، بـەڵام پێناچێـت پزیشـکیان هێنـدەی محەمـەد خاتەمی و حەسـەن ڕوحانی تەحـەدای ڕێبـەری بـاڵا بکات. جگـە لـەوەی پزیشـکیان بەڵێنی دڵسـۆزی تەواوەتی بـە خامنەئیـداوە، لـە بانگەشـەی هەڵبژاردنەکەیدا جەختی لەسـەر ئـەوە کردۆتـەوە کـە ئەرکی حکومەتی داهاتوو"دانانی پلانی نـوێ یان ڕاگەیاندنی سیاسـەتی نـوێ نییـە". بـە پێی ئاژانسی هەواڵی مهر، لـە یەکـەم ڕۆژی خۆیـدا وەک سـەرۆک کۆماری هەڵبژێرداو، پزیشـکیان کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی پلان بۆ داڕێژراوی هەڵوەشـاندەوە بـۆ ئـەوەی لەبـری ئـەوە لەگـەڵ خامنەئیی کۆببێتـەوە. لـە یەکـەم وتاریـدا دوای هەڵبژاردن، سـوپاسی ڕێبـەری باڵای کـرد بۆ پاراسـتنی یەکپارچەیی پرۆسـەی دەنگدان. پزیشـکیان وتی:"بێ ئەو، بـە خەیاڵمـدا نایـەت نـاوم بـە ئاسـانی لـەم سـندوق [دەنگدانانـە] دەربچێـت."

ڕێزگرتـن و ملکەچی پزیشـکیان بـۆ ڕێبـەری بـاڵا و سـوپای پاسـداران بـەو مانایـە دێـت کـە ئێران پەیوەندییـە بەهێزەکانی لەگـەڵ میحـوەرەکـەی بەنـاو بـەرەی مقاوەمـە دەپارێزێـت،

کە تۆڕێکە لە ئەکتەرە هاوپەیمانە نادەوڵەتییەکان کە حەماس، حزبوڵڵا، حوسییەکان و میلیشیا شیعەکانی عێراقی تێدایە. میحوەرەکە گەوهەری ستراتیژی بەرگری کۆماری ئیسلامییە، بەهۆی کاریگەریی ناوچەیی و توانای تێکدانی خاڵە ستراتیجیە ئابوورییەکانی ناوچەکە. لە کاتێکدا سەرۆکە ڕیفۆرمخوازەکانی ڕابردوو لەگەڵ سوپای پاسداران لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گرووپانە تێکهەڵچوون، پزیشکیان ئەگەر وەك ڕەئیسیش هاوکاری لەگەڵ سوپای پاسداران نەکات ئەوا پێناچێت ڕووبەڕوویان ببێتەوە. لە ڕاستیدا پێشوەختە پابەندبوونی بەهێزی خۆی بۆ ڕێکخراوەکانی میحوەرەکە پیشانداوە. پزیشکیان لە پەیامێکدا بۆ حەسەن نەسروڵڵا، سەرۆکی حیزبوڵڵای لوبنان، جەختی لە پشتیوانی ئێران لە"بەرخۆدانی خەڵکی ناوچەکە لە دژی ڕژێمی ناشەرعی زایۆنی" کردەوە، کە"ڕەگ و ڕیشەی لە سیاسەتە بنەڕەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی"دا هەیە. بەهەمان شێوە، پزیشکیان لە نامەیەکدا بۆ ئیسماعیل هەنیە، سەرۆکی بزووتنەوەی حەماس، بەڵێنیدا کە کۆماری ئیسلامیی بەردەوام دەبێت لە پشتیوانیکردنی نەتەوەی ستەملێکراوی فەلەستین تا بەدیهێنانی هەموو ئامانجە باڵا و مافەکانی. پزیشکیان هەروەها لەسەر هەوڵەکانی ئیبراهیم ڕەئیسی بەرەو ئاشتەوایی لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتانی دیکەی دراوسێ بەردەوام دەبێت. وەک لە ڕاپۆرتێکدا کە لە ڕۆژنامەی ئەلعەرەبی جەدید کە بڵاوکراوەتەوە نووسیویەتی، "ئەولەویەتی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران فراوانکردنی هاوکارییە لەگەڵ دراوسێکانی".

## سەرچاوەکان

(1) No Author, Foreign Policy Decision Making:A Theoretical Frame Work, Available At: http://shodhganga.inflibnet.ac.in/bitstream/10603/175801/8/08_chapter%202.pdf

(2) Partowazar B., Jayum A. Jawan, Fakhreddin Soltani (2014), Decision-Making in Foreign Policy, Pensee Journal, Vol 76, No. 4, PP. 344- 353.

(3) Charles F Hermann, foreign policy, Available At: http://www.voxprof.com/cfh/hermann-pubs/Hermann-Foreign%20Policy.pdf

(4) Blaisdell, D. C. (1958). Pressure Groups, Foreign Policies, and International Politics. The Annals of the American Academy of Political and Social Science, 319(1), 149–157.

(5) Jeffrey Haynes, 2017, Religion in Foreign Policy, Oxford Research Encyclopedia, Available At: http://oxfordre.com/politics/view/10.1093/acrefore/9780190228637.001.0001/acrefore-9780190228637-e-380

(6) U.S. State Department, 2003, FY 2004-2009 Department of State and USAID Strategic Plan, Available At: https://www.state.gov/s/d/rm/rls/dosstrat/2004/

(7) No Author, Foreign Policy Decision Making:A Theoretical Frame Work, Available At: http://shodhganga.inflibnet.ac.in/bitstream/10603/175801/8/08_chapter%202.pdf

(8) Hermann, M. G., & Hermann, C. F. (1989). Who makes foreign policy decisions and how: An empirical inquiry. International Studies Quarterly, 33(4), 361-387.

(9) Pearson, F. S., & Rochester, M. (1998). International relations: The global condition in the late twentieth century. London,New York: McGraw-Hill.

(10) Arjomand, S, A. 2009. After Khomeini: Iran under his successors. Oxford: Oxford University Press: 120

(11) Jones, S. (2009), The Islamic Republic of Iran: An introduction, Research Paper 09/92, House of Commons Library.

(12) Sadjadpour, K., 2008. Reading Khamenei: The World View of Iran›s Most Powerful Leader, Carnegie Endowment for International Peace. P.7

(13) Beeman, W.O., 2004. Elections and Governmental Structure in Iran: Reform

Lurks under the Flaws. Brown J. World Aff, vol. 11, no. 1, p.5

(14) Mohammadi, M. 2013, Iran›s cmplex political system, Euronews, Available at: http://www.euronews.com/2013/06/06/iran-complex-political-system/

(15) Harvard›s Belf Center, , Politics in Iran, Harvard University , Available at: http://iranmatters.belfercenter.org/politics-iran

(16) Beeman, W.O., 2004. Elections and Governmental Structure in Iran: Reform Lurks under the Flaws. Brown J. World Aff, vol. 11, no. 1, p.5

(17) Schmidt, P. 2016, Understanding Iran›s Assembly of Experts Vote , Policywatch 2558, The Washington Institute for Near East Policy, Available at: http://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/view/assembly-test

(18)Pendleton, C.S and Bucala, P. 2016, Iran's 2016 elections: The process, the players, and the stakes

(19)Sial, O. 2006, A Guide to the Legal System of the Islamic Republic of Iran, Hauser Global Law School Program, New York University School of Law, Avilable at: http://www.nyulawglobal.org/globalex/Iran.html

(20) Pendleton, C.S and Bucala, P. 2016, Iran's 2016 elections: The process, the players, and the stakes, Critical Threats Project, Available at: http://www.irantracker.org/analysis/pendleton-bucala-irans-2016-elections-process-players-stakes-january-12-2016

(21) Mohammadi, M. 2013, Iran›s cmplex political system, Euronews.

(22) Alamdari, K., 2005. The Power Structure of the Islamic Republic of Iran: transition from populism to clientelism, and militarization of the government. Third World Quarterly, 26(8), pp.1285-1301.

(23) Keddie, N., & Gasiorowski, M. (Eds.). (1990). Neither East nor West: Iran, the Soviet Union, and the United States. New Haven; London: Yale University Press.

(24) Interview by: Leonhardt van Efferink (2010), Mahdi Ahouie: Iran's foreign policy objectives, security concerns, global position, Exploring Geopolitics, Available At: http://www.exploringgeopolitics.org/interview_ahouie_mahdi_iranian_foreign_policy_objectives_security_concerns_global_position_revolution_ayatollah_khomeini_mohammad_mossadeq_reza_shah_iraq_arab/

(25) Zarif, M. J. (2014). What Iran really wants: Iranian foreign policy in the Rouhani era. Foreign Affairs, 93(3), 49-59.

(26) Interview by: Leonhardt van Efferink (2010), Op cit.

(27) Masoud Kazemzadeh (2017), Foreign policy decision making in Iran and the nuclear program, Comparative Strategy, 36:3, 198-214,

(28) Abbas Maleki, 2002, Decision Making in Iran's Foreign Policy: A Heuristic,

(29) Masoud Kazemzadeh (2017), Op cit.

(30) United Against Iran Nuclear, (2024), Organizational Chart of the Islamic Republic of Iran,Available at: https://www.unitedagainstnucleariran.com/government-institution/supreme-national-security-council-snsc

(31) Masoud Kazemzadeh (2017), Op cit.

(٣٢) خالد وليد محمود، ٢٠٠٥،"صنع القرار في السياسة الخارجية لجمهورية ايران الاسلامية"، دنيا الوطن، على الموقع التالي: https://pulpit.alwatanvoice.com/articles/٢٠٠٥/٠٦/١٣/٢٣٦٣٤.html

(33) Tehran Times, (July 12, 2024), My message to the new world, Available at: https://www.tehrantimes.com/news/501077/My-message-to-the-new-world

(34) Ibid.

(35) Ibid.

(36) Ibid.

(37) Ibid.


(38) Aniseh Bassiri Tabrizi, (2024), Iran under Masoud Pezeshkian: Aiming for change without rocking the boat, Chatham House, Available at: https://www.chathamhouse.org/2024/07/iran-under-masoud-pezeshkian-aiming-change-without-rocking-boat

(39) Rasanah, (2024), Pezeshkian's Presidential Victory: Implications and Challenges, International Institute for Iranian Studies, Available at: https://rasanah-iiis.org/english/position-estimate/pezeshkians-presidential-victory-implications-and-challenges/

(40) Ibid.

(41) Ibid.

(42) Stratfor, (2024), A Reformist Presidential Win Is Unlikely to Shift Iran›s Regional Policy, Available at: https://worldview.stratfor.com/article/reformist-presidential-win-unlikely-shift-irans-regional-policy



# کاریگەری گۆڕاوەکانی ئەمنی و سیاسی

## لەسەر سیاسەتی ئێران بەرامبەر عێراق دوای ساڵی ٢٠٠٣

توێژەر: جەبار محەمەد ساڵح



**پوختە:**

بابەتی ئەم توێژینەوەیە وەسف و باسی واقعی یەکێک لە فاکتەرەکانی گۆڕەپانی هەرێمایەتییە، کە کاریگەری گۆڕاوەکانی ئەمنی و سیاسییە لەسەر سیاسەتی ئێران بەئاراستەی عێراق دوای٢٠٠٣. دیاریکردنی گرنگترین پرەنسیپ و ئامانجەکانی سیاسەتی ئێرانە لەدوای ساڵی١٩٧٩، هەروەها کاریگەری ڕوداوەکەی ١١ی ئەیلولی٢٠٠١، لەسەر گەشەی ئەو سیاسەتە لە ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی، عێراق بۆ ئێران ناوچەی بایەخدارو بواری زیندووە. ئەوە خراوەتەڕوو، کە بۆچی ئێران هەوڵی قۆستنەوەی بۆشایی ئەمنی و سیاسی لەعێراق دەدات، بۆچی هەوڵی بەگەڕخستنی تواناکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی فاکتەرە هەڕەشەئامێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکە خستەکار.

پاڵپشتی ئێران لە دامەزراوەکانی سیستەمی سیاسی تازە بنیاتنراوی عێراق چی هەلێکی بۆ ئێران دروستکرد بۆ ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆی بیقۆزێتەوە، بەتایبەت دوای ساڵی٢٠٠٥. کارتێکردن لەهەڵوێستە سیاسییەکان و پتەوکردنی ڕایەڵەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکان لەعێراق، لەسەروو هەموویانەوە حزبە سیاسیە شیعەکان، ئامانجی گەشەپێدانی زیاتری باڵادەستی و نفوزی سیاسی بووە لەعێراق، یان بەکارهێنانی بۆ خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندییەکان، دوورخستنەوەی هەڕەشەو مەترسییە دەرەکییەکانە لە ئێران و بەرەنگاربوونەوەی ئاڵنگارییەکانی.

**بەرایی:**

ئێران دەیەوێت وەک هێزێکی هەرێمایەتی کاریگەر لەناوچەکە پێگەی کاراتری هەبێت، لەگۆڕەپانی سیاسەتی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، بکەرێکی حساب بۆکراو بێت. بەو پێیەی عێراق دراوسێیە لەگەڵ ئێران، لەڕووی مەزهەبی، کە زۆرینەی دانیشتوانی عێراق شیعە مەزهەبن، زەمینەی ڕەخساندووە ئێران ئاسانتر بتوانێت لەعێراقدا کاریگەری هەبێت. بۆ یەکەمجارە ئەم توێژینەوە بەزمانی کوردی بخرێتە بەردەست خوێنەرانی، کە هەڵێنجراوی ماستەرنامەکەمە لەزانکۆی سلێمانی، بەزمانی عەرەبی نوسراوە لەساڵی٢٠٢٢دا پەسەندکراوە، ئەوەی زیاتر گرنگی ئەداتە ئەم توێژینەوەیە، لەهەندێ شوێن کە پێویستی کردبێت زانیاری نوێی پەیوەست بەسروشتی ناوەڕۆکی توێژینەوەکە زیاد و تێهەڵکێشکراوە، بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردن و وەسفی ئەو گۆڕنکاریانەی کە دواتر

لەگۆڕەپانی سیاسەتی هەرێمایەتی بێت یان نێودەوڵەتی ڕوویانداوە.

فۆکسی ستراتیجی ئەمریکا بۆ لەناوبردنی تیرۆر دوای ڕوداوەکانی ١١ئەیلولی ٢٠٠١، چڕکردنەوەی ئامانجەکانی لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی سەقامگیری ئەمنی کرد، بەتایبەت دوای داگیرکردنی سەربازی عێراق لە ساڵی٢٠٠٣، ڕووخاندنی ڕژێمی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە ئەمنییەکان. بووە مایەی دروستبوونی بۆشایی ئەمنی و سیاسی، کاریکردە سەر سیاسەتی وڵاتانی دراوسێ بەئاراستەی عێراق، بەتایبەت سیاسەتی ئێران. بوونی هێزی گەورەی سەربازی ئەمریکا لەناوچەکە، دوای داگیرکردنی عێراق لەساڵی٢٠٠٣، ترسی بۆ ئێران دروستکرد کە نەوەک دوای عێراق بەئامانج بگیرێت. چونکە ئەمریکا دوای ڕووداوی ١١ی ئەیلولی٢٠٠١، ئێرانی بەدەوڵەتێکی داڵدەدەری تیرۆر و لە تەوەری شەڕ ئەژماری کردبوو، ئێران سیاسەتی دەستوەردانی لە عێراق بە ناڕاستەوخۆ، ڕاستەوخۆ دەستپێکرد، بۆ کارتێکردن لەدۆخی سەقامگیری ئەمنی و سیاسی، دروستکردنی لەمپەر لەبەردەم پرۆژەی ئەمریکا. هانی ئێرانیدا کە زیاتر لە عێراق توانا سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی بخاتەکار.

بەشێوەیەکی گشتی کارابوونی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەدوای ساڵی١٩٧٩، بەتایبەتیش دوای ساڵی٢٠٠٣لە بەرامبەر عێراق، بەئامانجی خزمەتکردنی ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی بووە، تا بتوانێ پێگەو ڕۆڵی زیاتر لەئاستی هەرێمایەتی و لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بگێڕێ؛ لەڕووانگەی بیردۆزی ڕیالیزم لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، (دەوڵەتان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نیشتیمانی و مانەوەی قەوارە سیاسییەکەیان، هەوڵی خۆ بەهێزکردنی بەردەوام دەدەن)، ئێرانیش بەسوود وەرگرتن لەو گۆڕانە ئەمنی و سیاسییە ناسەقامگیرەی ناوخۆی عێراق، ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ هەژموون و خزمەتی بەرژەوەندی نیشتیمانی و مانەوەی سیستەمی سیاسی خۆی، کە چەندین ئاڵنگاری لەپێشیبوو.

# بەشی یەکەم:

## گۆڕاوە ئەمنی و سیاسییەکان لە عێراق و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئێران دوای ٢٠٠٣

### باسی یەکەم/ کورتەیەک دەربارەی سیاسەتی ئێران بەرامبەر عێراق

دۆخی پەیوەندی لە نێوان ئێران و عێراق لە دروستبوونی دەوڵەتی نوێ لەسەرەتای سەدەی بیستەم، ناسەقامگیری بەخۆیەوە بینیوە، لەئەنجامی زۆرێک هۆکار( مێژوویی سیاسی و ئابووری)، بەتایبەت دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی لە ئێران ساڵی١٩٧٩، کێشەی سنوور و کێشەی ئاو دیارترین و گرنگترین بابەتەکانە، کە کاریگەری لەسەر دۆخی سەقامگیربوونی پەیوەندییە دووقۆڵیەکان هەبووە. جیاوازی لە فەلسەفەی سیستەمی سیاسی لە عێراق لەگەڵ فەلسەفەی سیستەمی سیاسی لەئێران، فاکتەری هەرە سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕی هەشت ساڵەی(١٩٨٠-١٩٨٨)نێوانیان بوو؛ هەردوولا زەرەری ماڵی و گیانی گەورەیان بەرکەوت، بەبێ دەسکەوتێکی نوێ بۆ هیچ لایەکیان[١]. ڕووداوی داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراق ساڵی١٩٩٠، دواتر ڕزگارکردنی کوێت لەساڵی١٩٩١، جەنگی داگیرکردنی عێراق لەلایەن سوپای ئەمریکا ساڵی٢٠٠٣، کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەئاڕاستەی عێراق.

سیاسەتی ئەمریکا لەبەرامبەر ئێران دوای ڕووداوەکانی ١١ی ئەیلولی٢٠٠١، هەڕەشەیەکی ترسێنەر و گەورەی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دروستکرد، ئەمریکا ئێرانی بەدەوڵەتێکی داڵدەدەری تیرۆر و لە تەوەری شەڕ ئەژماری کردبوو، داگیرکردنی ئەفغانستان ساڵی٢٠٠١ و عێراق لە ساڵی٢٠٠٣، هێزێکی زەبەلاحی وشکانی و ئاسمانی و دەریایی ئەمریکی و بیانی هێنایە وڵاتانی ناوچەکە[٢]. ئەمریکا ئێرانی ئابلۆقەدا، سەرەڕای ئەوەی توانای ئێران هاوبەرامبەری سەربازی لەڕووی قەبارەو جۆرەوە نەبوو، بە بەراورد بە توانا سەربازیی و تەکنەلۆجیەکەی سوپای ئەمریکا لە ناوچەکە[٣]. پێش ساڵی٢٠٠٣، دروستکەری بڕیار لە ئێران درکی بە مەترسی ستراتیج و ئامانجەکانی ئەمریکا لە داگیرکردنی عێراق کردبوو، توشی دۆخێکی ئیحراجی بووبوو، لەنێوان ئەوەی فاکتەرێکی ئەرێنی بێت بۆ ڕووخانی ڕژێمی ناحەزی لە عێراق، یان فاکتەرێکی نەرێنی بێت لە بەرامبەر بوونی هێزی سەربازیی گەورەیە بیانی لە عێراق. ئێران سیاسەتی لەدوای ساڵی٢٠٠٣وە، داگیرکردنی

سەربازیی ئەمریکی و ڕووخاندنی سیستەمی سیاسی و دوبارە دامەزراندنەوەی سیستەمە سیاسیەکەی لە عێراق قۆستەوە بۆ هاندانی نفوزی لە بەشداری پرۆسەی سیاسی تازە بنیاتنراو، بەتایبەت لەگەڵ حزب و ئەو کۆمەڵانەی کە بەرژەوەندی و مێژوویەکی هاوبەشیان هەبوو، توانی سیاسەتی دەستوەردان لەکاروباری عێراق چالاکتر بکات، دانانی لەمپەر لە بەردەم پرۆژەی ئەمریکا، کە دامەزراندنی سیستەمی سیاسی دیموکرات و فیدراڵی بوو؛ مەترسی بوو بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێران، عێراق لای ئێران بواری زیندووە (مجال حيوي) بۆ ئاسایشی بەرژەوەندییەکانی.

فراوانکردنی هەژموون و نفوزی ئێران لە عێراق پێویست بوو بۆ پاڵپشتی سیاسەتەکانی لە دامەزراوە حکومیەکان لە هەموو ئاست و بوارەکانی، هەروەها هەوڵ و توانای لەبارەی پێگەو ڕۆڵی ئەمنی لەسەر ئاستی هەرێمایەتی چڕترکردەوە[٤]. وای لە ئێران خواست سیاسەتی تایبەت بە قۆناغەکە پیادە بکات بۆ سنووردانان لەمەترسی بوونی هێزەکانی ئەمریکا و سیاسەتەکانی لەعێراق، پەیڕەوی سیاسەتی «بەرگری لە قووڵایی»(الدفاع فی العمق) بۆ دوورخستنەوەی مەترسی ئەمریکا لەسەر بەرژەوەندییەکانی وسەپاندنی واقعێک بوو تا پێویستی بە توانا سیاسییەکانی ئێران هەبێت لە چارەسەرکردنی هەندێ لەکێشەکان، بەتایبەت کێشە ئەمنییەکان، نەک هەر لە عێراق، بەڵکو لە لوبنان و یەمەن و سووریا و فەڵەستین، وەک یاریکەرێکی سیاسی لەو تەنگەژە هەرێمایەتیانە حسابی پێگەو ڕۆڵی لەبەرچاو بگیرێت[٥].

## باسی دووەم:

### کاریگەری گۆڕاوەکانی ئەمنی و سیاسی لەعێراق لەسەرسیاسەتی ئێران لەدوای٢٠٠٣دا

یەکەم: پرۆسەی داگیرکردنی سەربازی ئەمریکی لە عێراق لەساڵی٢٠٠٣، ڕووخانی دەوڵەت و دامەزراوە و پێکهاتە سەربازیی و ئەمنییەکان و حزبی دەسەڵاتی لێکەوتەوە، بووە فاکتەری دروستبوونی مەترسیی لەسەر سەقامگیری ئەمنی ناوچەکە؛ ئەو بڕوا و چەک وچۆڵ و ڕاهێنان و ئەزموونی شەڕکردنەی لای زۆربەی عیراقیەکان کەڵەکە بووبوو، هەروەها فەلسەفەی سیستەمە سیاسیەکەی پێشوو، دۆخی شڵەژان و ناسەقامگێری هێنایە کایەوە؛ بڵاوبوونەوەی چەک، لەئەنجامی تاڵانکردنی کۆگای کەل و پەلە سەربازییەکان و دامودەزگاکانی تری حکومەت[٦]. بەم جۆرە عێراق تووشی کێشەی سەختی

ناسەقامگیری ئەمنی بوو، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دۆخی سەقامگیری سیاسی بوو لەدوای ٢٠٠٣[٧]. بڕیاری هەڵوەشانەوەی سوپای عێراق و دوبارە دامەزراندنەوەی سوپا جارێکی تر، هەوڵی ئەمریکا بوو، بۆ سووککردنی بەرپرسیارێتی لەسەر هێزە سەربازییەکەی خۆی، تاکو لەجیاتی ئەمریکا ئەم سوپا تازەیە شانبداتە بەر شەڕکردن لەدژی گرووپ و دەرچووان لەیاسا، هەوڵیش بوو بۆ هەڵمژین و هێورکردنەوەی تورەیی پیاوانی هێزە سەربازییە لەکارخراوەکان کە نێررابوونەوە ماڵەوە[٨].

بڕیاری ژمارە(٩١)لەڕێکەوتی ٢٠٠٣/٦/٧، ڕێگەیدا بە پیاوانی نێو گرووپە چەکدارەکان لە حزبەکانی دەسەڵات، بۆ ئەوەی بناغەی بنیاتنانەوەی هێزە سەربازییە نوێیەکەی عێراق پێکبهێنن[٩]. ئەمەش وای کرد توانا و شارەزایی پیاوانی سوپای تازە، لەئاست توانای سەربازی پێویستدا نەبن لە بەرەنگار بونەوەی بەربەستە ناوخۆییەکان؛ شڵەژان و بڵاوبوونەوەی چەک و چالاکی گرووپە توندڕەوەکان، پێکەوە دروستبوونی گرووپەکانی بەرەی بەرهەڵستکارانی دژ بەداگیرکردنی عیراق و گرووپە تیرۆرستییەکان، هۆکاری زیاتری بڵاوبوونەوە و بەردەوامی دۆخی شڵەژان و نائارامی و کوشتن و وێرانکردن بوو لەعێراق[١٠]. لەخشتەی خوارەوەدا ژمارەیەک لە گرووپە توندڕەوەکان خراونەتە ڕوو.

خشتەی ژمارە(١) ناوی هەندێ لە گرووپە توندڕەوەکان

| زنجیرە | ناوی گرووپ | ناوی دامەزرێنەر | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵی تەوحیدو جیهاد | ئەبوو مسعەب زەرقاوی | ٢٠٠٣ |
| ٢ | ڕێکخراوی قاعدە لە بلادی ڕافیدەین | زەرقاوی ملکەچی بۆ بن لادن دەربڕی | ٢٠٠٦ |
| ٣ | ئەنجومەنی شورای موجاهدین | ئەبوو مسعەب زەرقاوی | ٢٠٠٦ |
| ٤ | دەوڵەتی عێراق ی ئیسلامی | ئەبو بەکری بەغدادی | ٢٠٠٦ |
| ٥ | سوپای ئەهلی سوننەو جەماعە | ئەبو بەکری بەغدادی | ٢٠٠٦ |
| ٦ | دەوڵەتی ئیسلامیی لە عێراق و شام | ئەبو بەکری بەغدادی | ٢٠١٣ |

**خشتەکە توێژەر ئامادەی کردووە بە سوود وەرگرتن لە سەرچاوەی:** [١١].

لاوازی دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکان لەجێبەجێکردنی ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگارییە ئەمینیەکان، کە خۆی لە چالاکی گرووپە توندڕەوە چەکدارەکاندا دەبینیەوە، لە بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکە بوو بەتایبەت ئێران. چونکە بڕوای وابوو جێگربوون و سەقامگیری ئەمنی و سیاسی لە عێراق لەوانەیە ببێتە ئەوەی ئەمریکا سەرکێشییەکی تازەتر بکات و ئێران بەئامانج بگرێ[١٢]. ئێران سەرکەوتوو بوو لە جێکردنەوەی شوێن پێی خۆی لە ناخۆی عێراق، لەڕێگەی چالاکی هەواڵگری و کاری سەربازیی و ئابووری، کاریگەری سیاسی لەسەر سەرکردەکانی حزبە سیاسییە شیعەیەکان، پاڵپشتی کردنیان لە پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمان[١٣]. بەرئەنجام توانی دۆخی زاڵبوونی حزبە سیاسییە شیعەکان بسەپێنێ لە بەڕێوەبردنی کاروباری حوکمڕانی، کە ئەوەش بووە یارمەتیدەر بۆئێران، توانی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لەهەڕەشەوە بۆ سەری بگۆڕێ بۆ هەلێک بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی.

__دووەم:__ دامەزراندنی سیستەمی سیاسی دیموکرات و فیدراڵ دوای ساڵی ٢٠٠٥، ئازادی لە دامەزراندنی حزبی سیاسی فرەئاڕاستەو ئینتمای بەپێی دەستووری پەسەندکراوی ساڵی٢٠٠٥، ڕێگەپێبدات[١٤]. پارتە سیاسیە بەشدارەکانی دەسەڵات ئەم هەلەیان وەبەرنەهێنا، تا بتوانن چوارچێوەیەک بۆ پڕەنسیپە نیشتمانییەکان و کاربکەن بۆ دەوڵەتی هاوڵاتی بوون، بەدیهێنانی عەدالەت و یەکسانی لە مامەڵەکردن لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان، بەپێچەوانەوە حزبە سیاسییەکان، فرەیی و جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی و مەزهەبییان قۆستەوە بۆ مەبەستی پشک و دەسکەوتی حزبی کەسی خۆیان، هاوڵاتییان وابەستەیی سیاسییان لەسەر بنەمای پێکهاتە تۆخکردەوە، نەک ئەزموون و تواناو لێهاتوویی خزمەتکردن، وابەستەبوونی نەتەوەیی و مەزهەبی بووە گرنگتر لە بیرکردنەوە بۆ بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات[١٥]. ئێران تەوزیفی ئەم دۆخەی کرد بۆ بەرژەوەندی خۆی، لەڕێگەی حزب و کۆمەڵە سیاسییەکانی نزیکی، سەبارەت بە چۆنیەتی هاوئاهەنگییان لەگەڵ ئەمریکا لەبارەی پێکهێنانی حکومەتەکانەوە، توانی نەهێڵێت دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەعێراق، ئەمریکا بەتەنها کاریگەری و دەستوەردانی هەبێت لە پێکهێنانی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکان[١٦]. هەرچەندە دامەزراندنی سیستەمی سیاسی دیموکرات و فیدراڵ لە عێراق فاکتەری هەڕەشە و کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و سیستەمە سیاسیەکەی دادەنێ، کە لەسەر فەلسەفە و ئایدۆلۆژیەتی ئاینییە. بەڵام یەکەم دەوڵەت بوو دانی نا بە

سیستەمی تازە لە عێراق لە دوای ساڵی٢٠٠٣، یەکەم وەزیری دەرەوە کە سەردانی عێراقی کرد دوای٢٠٠٣، وەزیری دەرەوەی ئێران بەڕێز «کەمال خەڕازی»بوو[١٧].

سیاسەتی ئێران بۆ پشتیوانی سیستەمی سیاسی تازە دامەزراو بوو، لە ڕێگەی پشتیوانیکردنی کەس و حزبە سیاسییەکان، کە دژ نەبوون لەگەڵ هەڵوێست و ئامانجەکانی؛ ڕۆڵی مەرجەعی باڵای شیعی لەعێراق بەڕێز»علی سیستانی» کاریگەری کارای هەبوو بۆ سەرکەوتنی یەکەم پرۆسەی هەڵبژاردن، هانی دەنگدەرانی شیعەیدا بۆ بەشداری و پشتیوان لە سیستەمی سیاسی تازەی عێراق[١٨]. لەخشتەی ژمارە(٢)دا ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی٢٠٠٥ خراونەتە ڕوو، ڕێژەی بەشداربوون لە هەڵبژادن٧٩.٦٪یە، ئامانجی حزبە سیاسییە شیعەکان بە تایبەتی لەم بەشداربوونە بۆ کۆنترۆڵی دامودەزگاکانی حکومەت بووە، لە ڕێگەی پۆستی سەرۆک وەزیران، ئەوەش لە بەرژەوەندی ئێران بوو، هەلێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە عێراق، تا ببنە گرەنتی و پاڵپشتیان مسۆگەر بکات لەکاتی توش بوون بە سیاسەتی دوژمنکارانەی ئەمریکا دژ بە ئێران[١٩].

**خشتەی ژمارە(٢) ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی٢٠٠٥/١٢/١٥، ژمارەی کورسییەکان(٢٧٥)ە**

| زنجیرە | حزب و قەوارە سیاسییەکان | ژمارەی کورسی |
|---|---|---|
| ١ | ئیئتلافی عێراقی یەکگرتوو | ١٢٨ |
| ٢ | هاوپەیمانی نیشتمانی کوردستان | ٥٣ |
| ٣ | بەرەی تەوافقی عێراقی | ٤٤ |
| ٤ | لیستی عیراقیەی نیستمانی | ٢٥ |
| ٥ | بەرەی عێراقی بۆ حیارەی نیستمانی | ١١ |
| ٦ | یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان | ٥ |
| ٧ | فراکسیۆنی ئاشتەوایی و ڕزگاری | ٣ |
| ٨ | ئەلرەس الیون | ٢ |
| ٩ | بەرەی تورکمانی عێراقی | ١ |
| ١٠ | لیستی رافیدەین | ١ |
| ١١ | لیستی میسال ئالوسی بۆ گەلی عێراق | ١ |
| ١٢ | بزوتنەوەی ئێزدی لەپێناو چاکسازی و پێشکەوتن | ١ |

**سەرچاوە: [٢٠].**

دامەزراوە حکومییەکان تواناو شارەزاییان لەو ئاستەدا نەبوو کە گرەنتی سەقامگیری سیستەمی سیاسی، خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و هەلی کار دابین بکەن، لاواز بوون لە بواری پەروەردوە، فێرکردن و تەندروستی...هتد[٢١]. سەرەڕای ئەو داهاتە زەبەلاحەی، کە دەهاتە بوجەی عێراق دوای ساڵی٢٠٠٣، نەتوانرا پرۆژەی ستراتیژی و دوبارە بنیاتنانەوەی ژێرخان بۆ خزمەتی هاولاتییان بهێننە دی، گەندەڵی کارگێڕی و دارایی، وایکرد دامەزراوە حکومییەکانی عێراق لەسەر ئاستی جیهانی لەڕیزی هەرەسەرەوەی خشتەی جیهانی گەندەڵکاران ڕیزکرابێت[٢٢]؛ ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی پێوەرێک بەکاردێنێت لە سفرەوە بۆ سەد، ژمارە سفر بەمانای «زۆر گەندەڵە»، ژمارە سەدیش» زۆر پاکە». وەک لەخشتەی ژمارە(٣)دا دەردەکەوێت.

**خشتەی ژمارە(٣) ئاستی گەندەڵی لە عێراق بەگوێرەی ڕێکخراوی شەفافیەی نێودەوڵەتی**

| ساڵ | ٢٠١٢ | ٢٠١٤ | ٢٠١٦ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی گەندەڵی | ١٦٩ | ١٧٠ | ١٦٦ | ١٦٨ | ١٦٢ | ١٦٠ |
| خاڵی نیشاندەر بەگەندەڵی | ١٨ | ١٦ | ١٧ | ١٨ | ١٦ | ١٦ |

**خشتەکە توێژەر ئامادەی کردووە بە سوود وەرگرتن لەسەرچاوە:[٢٣].**

**<u>سێیەم:</u>** ئێران دۆخی نالەبار و وێرانی دامودەزگا ئابوورییەکانی قۆستەوە کە لە ئەنجامی داگیرکاری ئەمریکا تووشی عێراق بووبوو، بۆ قازانجی زیادکردنی قەبارەی بازرگانی خۆی لەگەڵ عێراق دوای ساڵی٢٠٠٣، لە ڕێگەی دەستکەوتنی بەشێک لە پرۆژەی وەبەرهێنان و ناردنی بابەتە خۆراکییەکانی بۆ عێراق، قەبارەی (تەرازووی بازرگانی- میزان تجاري) زیاد بوو بۆ ئاستێکی پێشکەوتوو، ڕێژەی زیادبوونی ناردنە دەرەوەی بۆ عێراق لەنێوان ساڵانی(٢٠٠٥-٢٠٢٠)لە ملیارێک دۆلارەوە دەستی پێکرد گەشتە (١٣)ملیار دۆلار، بەردەوام کاری لەسەر پەرەپێدانی پەیوەندیە ئابوورییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراقی دەکرد، هانی کەرتی حکومی و کەرتی تایبەتی ئەدا لە پێناو فرۆشتنی ئەو شمەکانەی کە عێراق پێویستیەتی[٢٤]. بۆ پرکردنەوەی پێداویستییە

بنەڕەتییەکانی هاوڵاتییان عێراق، زیادکردنی پاڵاوتنی نەوتی عێراق و بەردەستخستنی بەرهەمە جیاجیاکانی نەوت؛ ڕێکەوتن کرا بوو لەسەر پاڵفتەکردنی(١٥٠)هەزار بەرمیلی ڕۆژانە لە نەوتی عێراق لە ڕێگەی پاڵاوگەی عەبادانەوە دواتر ناردنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان لە ئێرانەوە بۆ عێراق[٢٥]. وای لێهات عێراق ببوە هاوبەشێکی بازرگانی بەهێز بۆ ئێران، هەرچەندە ئێران لەژێر باری قورسی سزاکان بوو، کۆی قەبارەی بازرگانی نێوان عێراق و ئێران لەساڵی ٢٠١٨دا گەیشتە نزیکەی (١٣)ملیار دۆلار، بەڵام بەهاتنی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە کۆتاییەکانی ساڵی٢٠١٩و سەرەتای ساڵی٢٠٢٠پاشەکشەی کرد بۆ نزیکەی(٧)ملیار دۆلار[٢٦]. توانا ئابوورییەکانی ئێران بۆ وەبەرهێنانی زیاتر بوو لە بازاڕو گۆڕەپانی عێراق بەشێوەیەکی بەربڵاوو گشتگیر، بە ئامانجی تۆکمەکردنی نفوزو هەژموونی سیاسی و ئەمنی، قەرەبووکردنەوەی ئەو زەرەرو زیانەی، کە بەهۆی سزای ئەمریکی و نێودەوڵەتییەکانەوە تووشی هاتبوو[٢٧]. وای کردبوو ناردنە دەرەوەی نەوتی ئێران پاشەکشە بکات بۆ نزمترین ئاست کە بەرئەنجامی سیاسەتی» قورسترین فشار»ی ئەمریکی بوو بەرامبەری دەکرا، دوای کشانەوەی لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی نێوانیان لەساڵی ٢٠١٨ [٢٨]. لەخشتەی ژمارە(٤)دا کاریگەری سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئێران ئاماژەی پێدراوە.

**خشتەی ژمارە(٤) کاریگەری سزاکانی ئەمریکا لەسەر ئابووری ئێران لەنێوان ساڵانی(٢٠١٨-٢٠١٩)**

| ساڵ | وونکردنی قەبارەی ئابووری | بەرز بوونەوەی هەڵئاوسان | داکشانی بازرگانی دەرەکی | نزمبونەوەی فرۆشتنی نەوت | بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٨ | ٥،٤ | ٪٣٤،٢ | ٪٢٢ | ١،٢٠٠٠٠٠بەرمیل | ٪١٦،٣ |
| ٢٠١٩ | ٧،٦ | ٪٤١،١ | ٪٢٢ | ٢٠٠٠٠٠ بەرمیل | ٪١٢،٤ |

سەرچاوە[٢٩].

# بەشی دووەم

## گۆڕاوەکانی ئەمنی و سیاسی لە عێراق و کاریگەری لەسەرسیاسەتی ئێران دوای٢٠١١

### باسی یەکەم/ کاریگەری ڕوداوەکانی جیهانی عەرەبی لەسەرسەقامگیری سیاسی و ئەمنی عێراق دوای ساڵی ٢٠١١

خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی وڵاتانی: تونس، میسر، لیبیا، سووریا، بەحرەین، یەمەن، کە لەساڵی ٢٠١١دا ڕوویاندا، بەرئەنجامی نارەزایەتی زۆری هاوڵاتیان بوو، داوای چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ڕەتکردنەوەی جیاکاریی و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵییان دەکرد[٣٠]. ئەم هەڵوێستانە دەربڕینی ڕوون و ئاشکرای ڕەتکردنەوەی ئەو سیاسەتانە بوو کە حکومەتەکانیان لەبەرامبەر هاوڵاتیان دەیانکرد، پشتگوێخستن و وەڵام نەدانەوەی هاوڵاتییان، سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان بە زەبری هێز لەلایەن حکومەتەکانەوە، ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەستوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، هەلەکەیان قۆستەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، لە ڕێگەی پشتگیری لایەنەکانی کێشەکە، سەرئەنجام بووە مایەی گۆڕینی هەندێ لەو سیستەمە سیاسیانە کە لە تونس ومیسر ولیبیا هەبوون، کەناڵە ڕاگەیاندنەکانیش ئالەو سەردەمەدا ناوی «بەهاری عەرەبی»یان بەسەردا دابڕی بوو.

خۆپیشاندانە جەماوەریەکانی ناوچەکە کاریکردە سەر ڕای گشتی هاوڵاتیانی عێراق، ژمارەیەکی زۆر لەشارەکانی بەغدای پایتەخت و پارێزگاکانی تری عێراق ڕژانە سەر شەقامەکان، داوای چاکسازی سیاسی و سەروەری یاسا، داوای خزمەتگوزایریە سەرەتاییەکانیان دەکرد، ئەم خۆپیشاندانانە ناو نرا «بەهاری عێراقی»، هێرشی هاوڵاتیان بۆ سەر دامەزراوەکانی حکومەتی لێکەوتەوە، خۆپیشاندان پەرەی سەند، گۆڕا بۆ مانگرتن و هەڵدانی چادر لەو پارێزگایانەی کە زۆرینە سوننە مەزهەبن، کەسانی دیارو پیاوانی ئایینی، ڕیشسپی عەشرەتەکان و لاوان و گرووپەکانی تری کۆمەڵگە لەبەشدارانی گۆڕەپان و ژێر چادرەکان بوون، حکومەتی عێراق وەڵامی ئەرێنی بۆ داوای هاوڵاتیان نەبوو، فشاری خستە سەریان لەڕێگەی سوپاوە بە زەبری هێز گۆڕەپانەکەی پێچۆڵکردن، ژمارەیەک مردن و بریندداری لێکەوتەوە لەساڵی٢٠١٣[٣١]. پەرەسەندنی ئەم ڕووداوانەو ئەو ژینگە سیاسی

و ئەمنییەی، کە لەدۆخی هەرێمایەتیدا هەبوو، گرووپە توندڕەوەکانی هاندا بۆ دووبارە چالاکبوونەوە لەناوچە جیاجیاکانی عێراق، بەهۆی پەرەسەندنی دۆخی ناسەقامگیری ئەمنی، گەیشتە ئەوەی کە داعش لەمانگی حوزەیرانی ساڵی٢٠١٤دا بتوانی پارێزگای موسڵ داگیربکات(٣٢).

ئێران بۆ پاراستنی سیستەمی سیاسی تازە بنیاتنراو لەعێراق، پشتیوانی ڕاستەوخۆی لە حکومەتی عێراق کرد تا بتوانێ ڕووبەڕووی هەڕەشەکان ببێتەوە، کە تووشی سیستەمە سیاسیەکەی ببوو دوای ساڵی٢٠١١، زیاتر پەرەی بە پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی لەگەڵ حکومەتی عێراق دا، بەمەبەستی بەرگری لەسەر مانەوەی یەکپارچەیی خاکی عێراق، پێی وابوو هەر دۆخێکی نەخوازراوی ململانێ و ئاژاوەی مەزهەبی یان نەتەوەیی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دەبێت بۆ سەر دۆخی ناوخۆیی ئێران، سەرەڕای بوونی قەوارەی سیاسی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، لەسایەی سیستەمی دیموکرات و فیدراڵ لەعێراق، کەمەترسی ئەوەی هەبوو کاریگەری بکاتە سەر وروژاندنی هەست و سۆزی نەتەوەیی، لەلای کوردەکانی ئێران و هانیان بدات داوای مافە نەتەوەییەکانی خۆیان بکەن، ئینجا وروژاندنی نەتەوەکانی تری ناوخۆی ئێران وەک بەلوجەکان و عەرەب و ئازەری لێبکەوێتەوە(٣٣).

کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە٢٠١١/١٢/٣١، لەچوارچێوەی ڕێکەوتنی ئەمنی و ستراتیجی، وەک دەستبەرداربوونی ئەمریکا بوو لەعێراق بۆ بەرژەوەندی ئێران، ئێران ئەم هەلەی قۆستەوە بۆ شوێنگرتنەوەی ئەمریکا لەعێراق کە پاشەکشەی کردبوو(٣٤). هەموو ئامرازێکی خستە کار بۆ زیادکردنی هەوادارنی خۆی تا کۆنترۆڵی کاروبارەکانی عێراق بکات، بە هاوئاهەنگی لەگەڵ زۆرینەی هێزە سیاسییەکان بە تایبەت هێزە شیعەکان، بەمەبەستی بەکارهێنانی تواناکانی عێراق و سوودوەرگرتن لەسەرچاوە ئابوورییەکانی؛ ئێران توشی داکشانی ئابووری هاتبوو بەهۆی سزا سەپێنراوەکان لەلایەن ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە(٣٥). بەرزکردنەوەی ڕێژەی قەبارەی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی لەعێراق بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانە ئابوورییەکەی خۆی لە ڕێگەی ڕێکەوتن بۆ پێدانی بڕی(٧٥٠) مێگا وات کارەبا کە ئێران بیگەیەنێتە پارێزگاکانی خوارووی عێراق، کردنەوەی ژمارەیەکی تری دەروازەی سنووری، کە هاوکار بێت بۆ زیادبوونی قەبارەی بازرگانی و بازاڕکردنی سووتەمەنی و دەرهێنراوەکانی تری(٣٦).

## باسی دووەم: گەشەسەندنی دیاردەی تیرۆر لە عێراق و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئێران دوای ساڵی ٢٠١٤

دەستپێکی چالاکی گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان لەژێر دروشمی بەرگری( المقاومة) لەدژی سوپای داگیرکەری ئەمریکی بوو دوای ساڵی٢٠٠٣، کردەوەی توندوتیژی و تۆقاندنیان دژ بەخەڵکی سڤیل، باڵی کێشا بۆ شەڕی مەزهەبی لەناوخۆی عێراق، بەهۆی نەمانی ڕۆڵی دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراق، وای لێهات بەتەواوی کاربکاتە سەر دۆخی ناسەقامگیری ئەمنی، سەرەڕای بوونی قەبارەی زۆر لە توانای سەربازییەکانی ئەمریکا لەعێراق، بەڵام لاوازی ڕۆڵی سوپای ئەمریکا لە دابینکردنی جۆرێک لەسەقامگیری ئەمنی، شڵەژانە ئەمنییەکان پەرەیسەند بۆ دروستبوونی دووبەرەکی ناوخۆیی، بەجۆرێک کە هەڵوێستی بەرگریکردن و کارە توندڕەوییەکان و ململانێ مەزهەبیەکان تێکەڵاو بوون، ڕۆڵی بینی لەگەشەسەندنی دیاردەی تیرۆر لەعێراق[٣٧].

دۆخی ناسەقامگیری و پەرەسەندنی تیرۆر، بەناچاری هاوئاهەنگی لەنێوان بەرژەوەندییەکانی هەر یەک لە ئەمریکا و ئێران هێنایەکایەوە لەعێراق، ئەمریکا سیاسەتی چاوپۆشینی بەرامبەر ڕۆڵی ئێران لە پشتگیری و پۆشتەکردنی هەموو گرووپە چەکدارەکان و هاتنی ڕاوێژکارانی سەربازی ئێران لە عێراق کرد، بەرئەنجام هاوکاری ئەم گرووپانە ڕۆڵ و قەبارە و هەژموونی بەخشی بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێت لەسەر هەڵوێستەکانی سیستەمی سیاسی[٣٨]. بەتایبەت لاوازی بژاردە سیاسییە حوکمڕانیەکەی عێراق لە چارەسەرکردنی ئەو ئاڵۆزی و کێشمەکێشەی کە لەئارادا بوو، دەرفەتی دایە دەرکەوتنی زیاتری زۆرێک لە گرووپ و تاقم و کەس و کۆمەڵە چەکدارییە توندڕەو خاوەن بەرژەوەندییەکان، کە بۆ خزمەتی بەرژەوەندی حزبی و گرووپی و کەسی، لەسەر حسابی بەرژەوەندیی نیشتمان و پاراستنی سەقامگیری ئەمنی بەگەڕی بخەن، ئەوەش یارمەتیدەربوو بۆ بڵاوبونەوەی دیاردەی گەندەڵی ئیداری و دارایی پشک پشکێنە. کە دواتر ڕایەکی گشتی و کاریگەر هێنایەکایەوە، کە قەناعەت لای سەرۆکی ئەمریکا «ئۆباما» دروستبکات بۆ وتووێژ لەگەڵ ئێران و بەشداری پێکردنی لە چارەسەری کێشەکانی تیرۆر دوای ساڵی٢٠١٤، سەرۆکی پێشووتری ئێران«حسن ڕوحانی» جەختیکردەوە «بەهەموو وزەو توانایەوە پشتیوانە لە شەڕی دژی گرووپە تیرۆرستیەکان لەعێراق»، ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ نزیکبوونەوەی ئەمریکی ئێرانی

سەبارەت بەدانوسانەکانی تایبەت بەتەنگژەی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران، یەکلاکرایەوە بەرێکەوتنی نێوان ئێران وکۆمەڵەی(٥+١)لەساڵی ٢٠١٥دا[٣٩].

هەوڵی گرووپە تیرۆرستییەکان و دزەکردن بۆ گۆڕەپانی مانگرتووان بۆ وروژاندنی زیاتر و ڕاکێشانی سۆزی لاوان بوو، ئەم دۆخە قۆزرایەوە بۆ زیاتر دەرکەوتن و زەقبوونی ڕێکخراوی داعش لە ساڵی ٢٠١٤([٤٠]). شاری موسڵ لە ٢٠١٤/٦/٩دا کەوتە دەست داعش، زیاتر خواستی ئەم تاقمە بۆ فراوانخوازی و داگیرکردنی خاکی عێراقی بەدوای خۆی هێنا، داعش توانی لە نێوان مانگی حوزەیران و ئابی ساڵی٢٠١٤، زیاتر پەلبکێشێ، کۆنترۆڵی هەندێ ناوچەی پارێزگای سەلاحەدین، پارێزگای ئەنبار و باکووری دیالە، حەویجە و ڕۆژئاوای کەرکوک و نزیکی بەغدای پایتەختیش بووەوە[٤١]. حکومەتی عێراق ناچار بوو لە٢٠١٤/٦/١١ دا بڕیاری دامەزراندی «سوپایەکی هاوشان دەربکات، زانی هێزە سەربازی و ئەمنیەکەی بەتەنها توانای ئەوەی نییە ڕووبەڕووی مەترسی ئەم گرووپە تیرۆرستییە ببێتەوە؛ بانگەوازی مەرجەعی باڵای شیعەکان بەڕێز»عەلی سیستانی» بۆ «جیهاد» لەبەرواری٢٠١٤/٦/١٣: (بەرگری لە وڵات و شەڕکردن لەڕیزی هێزە ئەمنییەکان ئەرکێکی پیرۆزە)[٤٢]. هەروەها لەبەرواری٢٠١٤/٦/٢٢دا سەرۆکی حکومەتی ئەوکات «مالکی» واژۆی پرۆتۆکۆڵێ لەگەڵ ئەمریکا ئەنجامدا بۆ گەڕانەوە و بەشداری سەربازەکانی لەشەڕی دژ بەداعش، حکومەتی عێراق داوای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بۆ شەڕکردن دژی داعش و وەستان بەرەورووی تیرۆر، هەڵوێستی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکا «ئۆباما» لە٢٠١٤/٨/٧ دا، ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی بە پەرۆشەوە دەستوەردانی دەبێت بۆ وەستاندنی تاوانەکانی داعش لە ڕێگەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ بەگژاچوونەوەی تیرۆر[٤٣]. هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی پێکهێنرا بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، کە ژمارەیەک لە دەوڵەتان توانا سەربازیی و لۆجستییەکانیان بەکارهێنا لەئەیلولی ساڵی٢٠١٤دا لەدژی داعش.

# بەشی سێهەم

# کاریگەری پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەگژاچونەوەی تیرۆر لەعێراق لەسەر سیاسەتی ئێران لەدوای ساڵی ٢٠١٤

## باسی یەکەم: پێکهێنانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بۆ بەگژاچونەوەی تیرۆر لەساڵی ٢٠١٤

سەرۆک کۆماری پێشووتری ئەمریکا «ئۆباما» لەسەرەتای مانگی ئابی ساڵی ٢٠١٤دا بوو بڕیارێکی دەرکرد تایبەت بەپاراستنی شاری هەولێر پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق لە مەترسی هەڕەشەکانی داعش[٤٤]. لە مانگی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٤یش بانگهێشتی وڵاتانی جیهانی کرد بۆ دامەزراندنی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی، لەژێر سەرکردایەتی ئەمریکا بۆ ڕوبەڕووبونەوەی مەترسیەکانی داعش[٤٥]. داعش فاکتەرێکی هەڕەشەبوو بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی، ژمارەی وڵاتە بەشدارەکان لە هاوپەیمانێتیەکە گەشتە نزیکەی(٨٣) وڵات، توانا سەربازی ئەمنیەکانیان خستەکار بۆ شەڕکردنی داعش بەهاوکاری لەگەڵ پێکهاتەی ئەمنی و سەربازیی، هێزەکانی پێشمەرگە، حەشدی شەعبی لەعێراق، تا ئێستاش بەدواداچوون و چاودێری جموجوڵەکانی داعش و مەترسییەکانیان ناو بەناو درێژەی هەیە. ماوەی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان لە ساڵانی(٢٠١٤-٢٠١٧)بە پاڵپشتی هاوپەیمانان بۆ هێزەکانی عێراق و بۆردومانی داعش لەئاسمانەوە، پرچەککردن و ڕاهێنان و پێشکەشکردنی ڕاوێژ و زانیاری هەواڵگری و یارمەتی لە نەخشەدانان بۆ پرۆسەی هێرشی وشکانی و جێبەجێکردنی لە گۆڕەپانی سەرر، بەمەبەستی بەزاندنی ڕێکخراوی داعش، لە خشتەی ژمارە(٥) ئۆپەراسیۆنەکانی ئاسمانی و ماوەو تێچووی دارایی بۆ بەزاندنی داعش ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی ژمارە(٥) ژمارەی بۆردومانی ئاسمانی و ماوەو تێچووی دارایی

| ژمارەی بۆردومانی ئاسمانی لە عێراق و سووریا | ماوەی شەڕەکە لەگەڵ داعش | تێچووی دارایی بۆردومانە ئاسمانییەکان |
|---|---|---|
| ٢٣٠٠٠ بۆردومانی ئاسمانی | ١٠٥٠ ڕۆژە | ملیارێک دۆلار |

خشتەکە توێژەر ئامادەی کردووە بەسوود وەرگرتن لە[٤٦].

ڕۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان کاراو کاریگەر بوو لە بەربەستکردنی پێشڕەویەکانی داعش، بەتایبەت کاتێ ویستیان نزیکی سنووری هەرێم ببنەوە، هەموو پێکهاتە جیاجیاکانی هێزی پێشمەرگە هاتنە گۆڕەپان لە شەڕی پاراستنی ئەمنی عێراق، بەتایبەت لەناوچە جێناکۆکەکان(مادەی١٤٠)، توانیان هێرشی داعش بوەستێنن و نەهێڵن پێشڕەوی زیاتر بکات بەرەو ناو خاکی هەرێم، بە شاهیدی سەرۆکی پێشووتری لیژنەی ڕاوێژکاری لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا «ریچارد نیسن» دەڵێ: (تەنها هێز کە توانای لەسەر گۆڕەپانی شەڕ و دەتوانرێ متمانەی پێبکرێ، هێزەکانی پێشمەرگەی کوردە)[٤٧]. بەشداری کارای لە ڕزگارکردنی خاکی عێراق هەبوو لەژێر دەستی داعش، بە تایبەت لەشەڕە بەناوبانگەکەی ڕزگارکردنی شاری موسڵ لەدەستی داعش، کە لەڕۆژی ٢٠١٦/١٠/١٦دا دەستی پێکرد، نزیکەی (٦٠)هەزار لەهێزە عێراقیەکان بە پاڵپشتی فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بەشدارییان کرد، پاڵپشت بە ڕاگەیەنراوی حکومەتی عێراق توانییان داعش ببەزێنن لە ٢٠١٧/٧/١٠دا؛ لە هێزی پێشمەرگە بەپێی لێدوانی بەرپرسەکانی پێشمەرگە، قوربانی زۆری بەخشی تا ڕووخاندنی بەناو دەوڵەتی داعش کەزیاتر لە(٢٠٠٠) شەهید ونزیکەی(١٠٠٠٠)بریندار بوون[٤٨].

## باسی دووەم: ڕۆڵی ئێران لە ڕووبەڕووبونەوەی تیرۆرلەعێراق دوای ساڵی٢٠١٤

ئێران دەستپێشخەری کرد بۆ پێشکەشکردنی هەموو جۆرە پشتیوانی لە دامەزراوە سەربازی و ئەمنیەکانی عێراق بۆ وەستاندنی شەڕکەرەکانی داعش، بە ئامانجی پاراستنی سیستەمی سیاسی عێراق لەڕووخان بەتایبەت، کە ئەم گرووپە نزیکی بەغدای پایتەخت بووبوونەوە. چونکە ئاسایشی عێراق بە واتای ئاسایشی ئێران، هەر دەستبردنێک بۆ ئاسایشی عێراق وەک ئەوە وایە دەست برابێت بۆ ئاسایش و بەرژەوەندییەکانی ئێران[٤٩]. ئامادەبوونی بەرپرسی فەیلەقی قدس جەنەراڵ» قاسم سلیمانی» لە سەرکردایەتی کردنی شەڕ لە دژی داعش هاوشانی هێزە سەربازییە عێراقیەکان و هێزەکانی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی، ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە ڕزگارکردنی خاکی عێراق لەدەستی ئەم گرووپە توندڕەوە[٥٠]. هەرچەندە هاوپەیمانێتیەکە ڕێگەی بە ئێران نەدا ببێتە ئەندام، بەڵام ئەمریکا لاری نەبوو لە بەشداری ئێران چی بەڕاستەوخۆ بێت یان لەڕێگەی حەشدی شەعبیەوە بێت، مادام ئەوە لەژێر سەرپەرشتی حکومەتی عێراقدا دەکرێ، ئەمریکا ڕۆڵ و تواناکانی ئێرانی لاگرنگ بوو، بەتایبەت بۆ ئەو ناوچانەی کە داعش داگیری کردبوون[٥١]. ئەم نزیکبوونەوەی ئێران

و ئەمریکا بەهۆی شەڕ دژی داعش زەمینەی ڕەخساند بۆ گەیشتن بە واژۆی ڕێکەوتنی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران لەگەڵ کۆمەڵی(٥+١)، بەپێی بڕیاری ژمارە(٢٢٣١)ی بەرواری ٢٠١٥/٧/١٤، کە بەسەرکەوتن بۆ دبلۆماسیەتی ئێران ئەژمارکرا[٥٢].

لەساڵی٢٠١٨ و بەبیانوی ئەوەی ئێران پابەندی بەندەکانی ڕێکەوتنەکە نییە، ئیدارەی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی لەم ڕێکەوتنەدا، لەڕاستیدا فشار بوو لەبەرامبەر دەستوەردانی ئێران لەکاروباری ناوچەکە، کە بەهۆکاری دروستبوونی هەڕەشە لەسەر سەقامگیری ئاسایشی هەرێمایەتی دەبینرا، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا «ترامپ» پیادەی توندترین شێوازی فشاری سیاسی و ئابووری جۆراوجۆری لەسەر ئێران کرد، بە دوبارەکردنەوەی سەپاندنی سزای ئابووری لەسەر ئێران لە تشرینی دووەمی ساڵی٢٠١٨، ڕاستەوخۆ کاریگەری خستەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران، مەزنەی زەرەروزیانە ئابوورییەکانی ئێران لەو کاتەوە زیاترە لە(١٠٠)ملیار دۆلار، هەروەها پاشەکشە لە ناردنە دەرەوەی نەوت و هەڵپەساردنی پارەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات و دانانی کۆتی قورس لەچۆنیەتی سوودوەرگرتن لەو پارانە یان گواستنەوەی بۆ بانقە ئێرانیەکان زیاتر گوشاری دروستکرد[٥٣]. ئێران لەبەرامبەردا سیاسەتی «ئابووری بەرگری» پەیڕەوکرد، بۆ کەمکردنەوەی قەبارەی ئەو زەرەروزیانانەی لە ئەنجامی سیاسەتی «قورسترین فشار»ی ئەمریکی توشی هاتبوو، هەروەها توانا سەربازی و مەیدانییەکانی تۆکمەتر کرد لەناوچەکە، پاڵپشتی لەگرووپە چەکدارەکان لەعێراق، سووریا، یەمەن ولوبنان، حەماسی لە فەلەستین کرد، سەرەڕای ئەوەش ئێران هەندێ ڕێوشوێنی ئیستفزازی بەڕووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرتەبەر، ئاستی ڕێپێدراوی کۆگاکردنی یۆرانیۆمی پیتێنراوی بەزاند کە بۆی دیاریکراو بوو، ئەوەش زیاتر گومانی دروست دەکرد لای ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کە ئەم چالاکییە تەنها بواری مەدەنی نەبێت[٥٤].

عێراق بووە گۆڕەپانی شەڕی نێوان گرووپەکانی لایەنگری ئێران و ئەمریکا، بەتایبەت لەسەردەمی دەسەڵاتی سەرۆکی پێشووی ئەمریکا «ترامپ»، لایەنگرانی ئێران لەڕێکەوتی ٢٠١٩/٩/٣١لە بەغداد بەبەشداری «ئەبو مەهدی موهەندیس» خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، هەوڵی بەزۆر چونەناو سەفارەتی ئەمریکایان هەبوو، خۆپیشاندانەکانی هاوڵاتیانیش لە مانگی تشرین ساڵی٢٠١٩ دەربڕی ڕای زۆرینەی خەڵک بوو بەرامبەر بە ڕەفتارەکانی حکومەتی عێراق کە ئێران پشتیوانی بوو، بەڕای ئێرانیش پەرەسەندنی

خۆپیشاندانی هاوڵاتیان ئەمریکا جوڵێنەرێتی، بۆ فشارکردنی زیاتر لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئێران و ئەو کۆمەڵ و گرووپانەی کە پەیوەستییان لەگەڵی هەیە، ئێران تاوانبار دەکرا کە بەهۆی گرووپە چەکدار و هاوپەیمانە سیاسییەکانی دەیەوێت کۆتایی بە خۆپیشاندانی هاوڵاتیان بهێنێت لە عێراق، بەئاشکرا ڕابەری باڵای ئێران «خامنەئی» ئەمریکای تاوانبار کرد بە ئاژاوەگێڕی لەعێراق، «خامنەئی» وتی: (پێویستە کاری لەپێشینە بدرێتە گێڕانەوەی ئاسایش و سەقامگیری و دانان بەوەی پێویستە وەڵامی خواستە ڕەواکانی هاوڵاتییانیش لە ڕێچکە یاسایەکانی کە هەیە وەڵام بدرێنەوە)[٥٥]. بەردەوامی خۆپیشاندانی هاوڵاتییان لەزۆرێک لە پارێزگاکانی خواروی عێراق (بەسرە،میسان، ناسریە، نەجەف، کەربەلا، واست، دیوانییە، موسەننا)، لە بەغدای پایتەخت، کە داوای ئەنجامدانی گۆڕانکاریی ڕیشەییان لە حکومەت دەکرد بۆ ئەوەی چاکسازی سیاسی و ئابووری جێبەجێ بکات، داوای گۆڕینی حکومەت، تووڕەیی خەڵک گەیشتە ئاستێک هێرش بکەنە سەر بارەگای هەندێ لەو حزبانەی لە دەسەڵات بەشداربوون، لە بەرامبەردا حکومەت بەزەبری هێز هەوڵی بڵاوەپێکردنیدا، بەریەککەوتن لەنێوان هێزە ئەمنیەکان و خۆپیشاندەران دروستبوو بووە هۆی شەهیدبوونی(٦٠٠) هاوڵاتی و بریندار بوونی نزیکەی(٣٠٠٠)خۆپیشاندەر، ژمارەیەکی بەرچاویش قوربانی هێزە ئەمنیەکان هەبوو، دۆخەکە زیاتر ئاڵۆز بوو خۆپیشاندەران جەختیان لە داوای گۆڕانکاری گشتگیر و فراوان دەکردەوە، دروشمیان بریتی بوو لە» نیشتیمانم دەوێت»، بەئاشکرا ئێران تاوانبار دەکرا، حکومەت ژمارەیەک بڕیاری دەرکرد کە نزیکبوو لەخواستی هاوڵاتییان، بۆ هێورکردنەوەی دۆخە ئەمنیەکە کە وای لێهاتبوو کۆنترۆڵکردنی ئەستەم بێت[٥٦].

ئاڵوگۆڕی تاوانبارکردنی یەکتر لەلایەن ئەمریکا و ئێرانەوە بووە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوونی کێشەو تەنگەژەکان، کوشتنی سەرکردەی سوپای قودس جەنەراڵ «قاسم سلێمانی» و «ئەبو مەهدی موهەندیس»ی لێکەوتەوە لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٢دا، تووڕەیی زۆرێک لەفراکسیۆنە شیعەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەماندا، بووە دەرکردنی بڕیارێک لە بەرواری ٢٠٢٠/١/٥، کەداوا لەحکومەت دەکات هەموو هێزە سەربازییە بیانییەکان دەربکات؛ لەم بڕیارەدا هەردوو پێکهاتەی سوننەو کورد بەشداری دانیشتنی پەرلەمان نەبوون[٥٧]. ئەم بڕیارە پەرچەکرداری حزبە شیعەکانی عێراق بوو، کە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ خواستی ئێران؛ «داوای دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکای لەعێراق دەکرد»[٥٨]. حکومەت ئەم

دۆخەی وەک هەلێک قۆستەوە بۆ مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەران تا چالاکییان بەردەوام نەبێت، بەڵام خۆپیشاندان بەردەوام بوو، بووە هۆی دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆک وەزیران بەڕێز «عادل عبدالمهدی»، دامەزراندنی حکومەتی نوێ بەسەرۆکایەتی بەڕێز «مستەفا کازمی» وەک جۆرێک لەڕازیکردنی هاوڵاتییان و وەڵامدانەوەی خواستەکان بوو لە ساڵی ٢٠٢٠دا؛ متمانەی پارتە سیاسیە شیعەکان بە کابینەی بەڕێز «مستەفا کازمی» کە هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمریکی و خاوەنی هیچ کورسییەکی پەرلەمانی نەبوو[٥٩]. وەک هەوڵێک دەبینرا تا ئەمریکا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئێران نەرمبکات.

هاتنی دوو ئیدارەی نوێ (ڕەئیسی- بایدن) لە هەردوو وڵاتی (ئێران- ئەمریکا)، بەتایبەت «بایدن» سیاسەتی لەعێراق بریتی بوو لە چاوخشاندنەوە، بەمەبەستی ئەوەی چارەسەری دبلۆماسی زاڵ بکرێ بەسەر کردەی سەربازی، لەبری عێراق گۆڕەپانی شەڕی نێوانیان بێت، ببێتە ئامراز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان، ئیدارەی «بایدن» لە کانونی دووەمی ساڵی٢٠٢١، بەگونجاوی دەزانی بگەڕێتەوە بۆ سەر مێزی دانوسان مادەم ئێران پەیوەستە بە ئەرکە ئەتۆمیەکەی، کە بە پێی ڕێکەوتنی ساڵی٢٠١٥ دیاریکرابوو، «بایدن» بڕوای وابوو فشاری قوورسی ئەمریکا پاڵی بە ئێرانەوە ناوە ڕوو لە چین و ڕووسیا بکات، بەتایبەتی دوای شەڕی ڕووسی لەئۆکرانیا لەساڵی ٢٠٢٢؛ داواکردنی درۆنی ئێرانی لەلایەن ڕووسیاوە کاریگەری زۆری لەسەر شەڕ هەبوو لەئۆکرانیا[٦٠].

سەرەڕای بەڵێنەکانی سەرۆکی ئەمریکا «بایدن» بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق «مستەفا کازمی» لەکاتی سەردانەکەی بۆ ئەمریکا لە بەرواری ٢٠٢١/٧/٢٦دا، جەختی لەچاو خشاندنەوە کرد لەسەر ڕۆڵ و ئەرکی هێزە شەڕکەرەکانی ئەمریکا لە عێراق لە کۆتایی ساڵی٢٠٢١دا، لیژنە تایبەتمەکانی هەردوولا چەند دانیشتنێکتان کردووە بەمەبەستی دانانی خشتە بۆ کشانەوەی هێزەکان، بەڵام تا ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو لەم هێزانە لەعێراق ماون، دەمێنێن تا ئەوکاتەی ئەمریکا دڵنیا بێت، کە فاکتەرەکانی هەڕەشە مەترسی نەماوە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، چی لەلایەن گرووپە چەکدار و تیرۆرستییەکانەوە بێت بەگشتی یان لەلایەن ئێرانەوە بەتایبەتی، قۆستنەوەی دەستوەردانی ئێرانیش بەردەوامە لەعێراق بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمریکا لەناوچەکە، بە ئامانجی کۆتایی هێنانی تەنگژەی پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی ئێران و مووشەکە بالیستییەکانی و هەڵگرتنی سزاکان لەسەری، تا بتوانێت دۆخی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی و ئابووری

بگێڕێتەوە، کە لە ئێستادا زەرەرێکی زۆری پێگەشتووە[٦١].

ململانێی و دەستوەردانی ئەمریکا و ئێران لەناوچەکە بەگشتی و بە تایبەت لە عێراق، ڕەنگدانەوەی لەسەر بێئومێدی هاوڵاتییان لە سیستەمی سیاسی عێراق دروستکردووە؛ حکومەت بەرامبەر ئەرکەکانی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و سەقامگیری سیاسی و ئەمنی لە ئاست خواستی هاوڵاتییان نییە، سەرەڕای هەڵبژاردنی پێشوەختە، دەبینین ڕێژەی بەشداری خەڵک لە ٢٠٢١/١٠/١٠دا، نزیکەی لە ٤٠٪ بووە، واتە لەکۆی (٢٥) ملیۆن تەنها (٩) ملیۆن دەنگدەر بەشداری کردووە[٦٢]؛ لە کاتێکدا دەبوو متمانەی هاوڵاتییان و ڕێژەی بەشدار بوون زیاتر بوونایە، بەهۆی بوونی یاسا و کۆمیسیۆنێکی تازە بۆ هەڵبژاردنەکان، کە مەبەستی گەرەنتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێکی شەفاف و ڕاست، لەئاست ڕەزامەندی هاوڵاتییان پەسەند بێت لەلایەن نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق. ئەنجامە بەراییەکانی هەڵبژاردن بووە مایەی شڵەژان بۆ هەندێ لە قەوارەی سیاسی، حساباتی ئەو سوپرایزەیان نەکردبوو لەپاشەکشە، بەتایبەت حزبە ئیسلامییەکان و قەوارەکانی نزیک لە ئێران، هەروەها سەرکەوتنی ژمارەیەک هێزو کەسایەتی سەربەخۆ[٦٣]. گریمانەی کەمبوونەوەی هەژموونی ئێران و هاوکارەکانی لە حزبە سیاسە ئیسلامییەکانی لێدەخوێنرایەوە، بەتایبەت دروستبوونی هاوپەیمانێتی سێ قۆڵی (بارزانی، حەلبوسی، سەدر)، زیاتر ئەم گریمانەیەی پشتڕاست دەکردەوە. بەڵام لایەنەکانی ڕکابەری ئەم هاوپەیمانیە سێقۆڵییە؛ کە بە نزیک لە ئێران ئەژمار دەکران، بەربەست و تەگەرەی زۆریان دروستکرد بەناوی «سێیەکی پەکخەر»، بووە مایەی هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی سێقۆڵی و دەستلەکارکێشانەوەی تەواوی فراکسێۆنی «سەدریەکان» کە (٧٣) کورسییان هەبوو لە پەرلەمانی عێراق و پڕکردنەوەی شوێنەکانیان، دەرئەنجام هاوپەیمانێتیەکی نوێ بە ناوی ئیدارەی دەوڵەت پێکهێنرا کە لایەنە سەرەکییەکانی: زۆرینەی حزب و قەوارەی مەزهەبی شیعی و سوننەو بەشێک لەکورد بوون، توانییان لە بەرواری ٢٠٢٢/١٠/٢٧، حکومەتی نوێ بەسەرۆکایەتی «محمد شیاع سودانی» پێکهێنن، جارێکی تر هەژموونی حزب و قەوارە سیاسەکانی نزیک لە ئێران، باڵا دەستییان لە دەسەڵاتداری عێراق گرتەوە دەست، سەرەڕای بوونی کێشە و ململانێی ناوخۆیی نێوان لایەنەکان، دەستوەردانی هەرێمایەتیش

بەردەوامی پێدرایەوە، لەگەڵ ئەوەی هەنگاوەکانی حکومەتەکەی «سودانی» لە ڕووی سەقامگیری سیاسی و ئەمنییەوە هەوڵی داوە بۆ بەرەوپێشچوون و بەدیهێنانی خواستی هاوڵاتییان، بەڵام هێشتا لەئاستی پێویست و خواستەکانی هاوڵاتییان بۆ چاکسازی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی تێر ناکات، ڕەنگە بەشێکی زۆری پەیوەندی بە کێشە و ململانێ ناوخۆییەکانەوە هەبێت، کە وایکردووە بەرژەوەندی و دەستوەردانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ڕۆڵی هەبێت لە چارەسەرنەبوونی کێشە بنەڕەتییەکان لە عێراق؛ ئێران وەک «بواری زیندوو» لەعێراق دەڕوانێت، بەڕێرەوێکی گرنگ و کاریگەر دەیبینێ، کە بەهۆیەوە دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ سووریا و لوبنان بکات، بەئامانجی دوورخستنەوەی مەترسییەکان و بەدیهێنانی ئاسایشی بەرژەوەندییەکانی و بەهێزکردنی پێگەی هەرێمایەتی.

## دەرئەنجام و ڕاسپاردە:

لەژێر ڕۆشنایی وەسف و باسی بابەتەکان، توێژەر جەخت لە ناوەڕۆکی زانیارییەکانی ئەم توێژینەوەیە کە خراونەتەڕوو، گەیاندینە چەند دەرئەنجامێک، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:

١. پیادەکردنی سیاسەتی «بەرگری لەقووڵایی» باشترین ستراتیژ و شێوازی شەڕ و ململانێکردنی ئێرانە لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆی، بەمەبەستی پاراستن و بە دیهێنانی ئامانجە نیشتمانییەکانی.

٢. ئێران بۆ مانەوەی پێگەی وەک هێزێکی هەرێمایەتی و کاریگەر، بڕوای وایە کە پێویستە ڕۆڵ و هەژموونی خۆی بپارێزێت لە ناوچەکە، بەتایبەت لەعێراق.

٣. عێراق بۆ ئێران شادەمار و ڕێڕەوێکی گرنگە، بەستەرەوەی ئێرانە لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە، بەرژەوەندییەکانی وا دەخوازێت، کە چاوی لەسەر عێراق چڕتر بکاتەوە.

٤. ئێران وەک بواری زیندوو (ناوچەی پرپایەخ) لە عێراق دەڕوانێت، قۆستنەوەی بۆشایی ئەمنی و سیاسی لە عێراق، بۆ دانانی بەربەستە لەبەردەم پرۆژەکەی ئەمریکا و شکاندنی ئابڵوقەی ئابووری و لابردنی سزا سەپێنراوەکانی

سەر ئێران.

٥. پاراستنی سیستەمی سیاسی عێراق دوای ساڵی ٢٠١٤ لە ڕووخان لەشەڕی دژ بە داعش، ئامانجی ئێران بوو؛ لەلایەک پێکهاتەی مەزهەبی شیعی نزیک لە خۆی باڵادەستە، لەلایەکی تر بۆ ئەستۆ پاکی و دوورخستنەوەی تۆمەتی داڵدەدانی تیرۆرە و دوورخستنەوەی مەترسی هەڕەشەکانە، بەهۆی بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە.

٦. سیاسەتی پراگماتیانەی هەردوو لایەنی (ئەمریکی-ئێرانی)لە عێراق، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لەهەڵکشان و داکشانە، جارێک زمانی دبلۆماسی باڵادەستە، جارێک موشەک و بۆردمانی یەکتر.

## ڕاسپاردەکان:

١. وەک تێبینی لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئێران دەکرێت لەبەرامبەر عێراق، گومانی تێدا نییە بە ئاسانی دەستی لێبەر نادات، پێویستە بڕیاری دروستکارانی سیاسی لەعێراق، دبلۆماسیانە کار بکەن بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی عێراق لەگەڵ ئێران لەسەر بنەمای پاراستنی سەروەری و هاوئاستی لەمامەڵەکرندنەکان.

٢. عێراق بۆ گێڕانەوەی ڕۆڵی سروشتی خۆی، ئەرکی بڕیار دروستکارانی سیاسییە، بێلایەنی و زیاتر خۆ بەدوور بگرن لە ململانێی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی، کەڕاستەوخۆ زیان بەبەرژەوەندییە باڵاکانی عێراق دەگەیەنێت، هێزە چەکدارەکان با تەنها کۆنترۆڵی دەوڵەت بن، وڵات لە هەرجۆرە دەستوەردانێک دەپارێزێت.

٣. بنیاتنانی عێراقێکی خۆشگوزەران و گەشەسەندو وا دەخوازێت، کە بڕیار دروستکاران لە عێراق، ڕۆشنبیری زیاتر و گیانی هاریکاری و پێکەوەیی، چەمکی هاوڵاتیبوون برەو پێبدەن، ڕێز بۆ هەموو تایبەتمەندییە مەزهەبی و نەتەوەیی پێکهاتەییەکان وەک یەک دابنێن، بەتوندیش بەگژ گەندەڵکاران و هەموو جۆرە دەمارگیریەک بینەوە.

## سەرچاوەکان

1. عبدالوهاب قصاب،العراق في الإستراتيجية الأمنية الإيرانية، المركز العربي لأبحاث ودراسة السياسات، بيروت،2014، ص9.
٢. نزار عبدالقادر، السياسة الخارجية الأمنية الإيرانية، الدفاع الوطني اللبناني، العدد٥٨، ٢٠٠٦، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.lebarmmy.gov.ib.
٣. موقع ساسة بوست، ألاف وعشرات القواعد...هكذا تحاصر أمريكا إيران عسكريا. پێگەی لە ئەنتەرنێت https://www.sasapost.com/us- .
٤. نزارعبدالقادر، سەرچاوەی پێشووە.
٥. مهدي نورالدين، الحصار المتبادل العلاقات الإيرانية- الأمريكية بعد إحتلال العراق، مركز الحضارة لتنمية الفكر الإسلامي، بيروت، 2012 ، ص ٧٥.
٦. تاج الدين جعفر، إستراتيجية إيران تجاه دول الخليج العربي، دار مؤسة رسلان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠١٣، ص٢٥٥.
٧. اوميد رفيق فتاح، تأثير الإستخبارات في الحرب ضد الإرهاب في العراق، مجلة الدراسات السياسية والأمنية، السليمانية، المجلد الأول- العدد الأول، 2018، ص21.
٨. عبدالوهاب قصاب، سەرچاوەی پێشوو، ص٢٤١-٢٤٢.
٩. علي عبدالأمير العلاوي، إحتلال العراق ربح الحرب وخسارة السلام، ترجمة عطا عبدالوهاب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 2009، ص476.
١٠. كوردستان سالم سعيد، أثر التعددية الإثنية على الوحدة الوطنية في العراق، مركز كوردستان للدراسات الإستراتيجية، السليمانية، بلا، ص245.
١١. وفاء صندي، داعش شرعنة التوحش، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٢٠، ص٣٦.
١٢. إحسان محمد هادي، العلاقات الإيرانية-السعودية بعد العام٢٠٠٣، دار ومكتبة نصار للطباعة والنشر وتوزيع، بيروت، ٢٠١٣، ص٩٢.
١٣. محمد حسين شذر، العلاقات العراقية- الإيرانية بعد العام٢٠٠٣، دراسة في المتغيرين السياسي والإقتصادي، الجنان للنشر والتوزيع، الأردن، ٢٠١٦، ص١١٦-١١٧.
١٤. حميد الراوي، النفوذ إيراني في العرق وإنعكاساته الإقليمية، المركز الدولي للدراسات المستقبلية والإستراتيجية، القاهرة، ٢٠٠٧، ص٢٢.
١٥. عبدالكريم العلوجي، العراق أكذوبة الديمقراطية والحرية الأمريكية، دار الكتاب العربي للنشر، دمشق، ٢٠٠٩، ص٤١.
١٦. دهام محمد، الإحتلال الأمريكي للعراق وأبعاد الفيدرالية الكوردية، الدار العربية للعلوم ناشرون، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، ٢٠٠٩، ص١٥٧.
١٧. دائرة الدول المجاورة، العراق ودول الجوار، الموقع الرسمي لجمهورية العراق- وزارة الخارجية، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.mofa.gov.iq
١٨. كوردستان سالم سعيد، سەرچاوەی پێشوو،لا ٢٤٨.
١٩. تمارا كظم الأسدي، السياسة الخارجية العراقية بعد العام٢٠٠٣ ولغاية٢٠١٤، من كتاب مؤلف جماعي، السياسة الخارجية العراقية بعدالعام٢٠١٤، المركز الديمقراطي العربي للدراسات

الإستراتيجية والسياسية والإقتصادية، برلين، ٢٠١٨، ص١٤٢
٢٠. سرى هاشم محمد، الإنتخابات البرلمانية الإتحادية في العراق وأفاقها المستقبلية، تموز للطباعة ونشر وتوزيع، دمشق، ٢٠١٥، ص٨٠
٢١. شمال أحمد إبراهيم، التعددية الإجتماعية في مرحلة الإنتقال الديمقراطي دراسة تحليلية للتجربة العراقية، الطبع والنشر، مكتبة يادكار، السليمانية، ٢٠٢٠، ص١٠٥.
٢٢.علي زلمي، بالأرقام...الفساد ينخر الدولة العراقية ويلتهم مئات المليارات، موقع روداو بالعربي. پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.rudaw.net/arabic
٢٣.علي زلمي، هەمان سەرچاوە.
٢٤. محمد نوالدين عبدالمنعم، قضايا إيرانية المستجدات السياسية والعلاقات الخارجية، سلسلة قضايا إيرانية، مركز الدراسات الشرقية، جامعة القاهرة، القاهرة، العدد٩، ٢٠٠٦، ص١١٤.
٢٥. حميد الراوي، سەرچاوەی پێشووە،ل٣٧.
٢٦. عبدالله فهد النفيسي، المشروع الإيراني في المنطقة العربية والإسلامية، مركز أمية للبحوث وللدراسات الإستراتيجية، بيروت، ط٢، ٢٠١٤، ص٢٧.
٢٧. نزارعبدالقادر، سەرچاوەی پێشووە.
٢٨. سيد غنيم، خريطة جديدة للنفوذ في الشرق الأوسط خلال ٢٠١٩. پێگەی لە ئەنتەرنێت: https:// igsda.org.
٢٩.مركز الإمارات للسياسات، إيران المنهكة: أبعاد وسيناروهات الأزمة الإقتصادية الإيرانية. پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://epc.ae/ar/details/featured/altatawurat-alsiyasia-fi-al-iraq- i-
٣٠. يفجيني بريماكؤف، الكواليس السرية للشرق الأوسط( النصف الثاني من قرن العشرين وبداية للقرن الحادي والعشرين)، ترجمة نبيل رشوان، الهيئة العامة لشؤون المطابع الأميرية، القاهرة، ٢٠١٦، ص٤٣١.
٣١. يحيى الكبيسي، الإحتجاجات وأزمة النظام، المركز العربي للأبحاث ودراسة سياسات، قطر، ٢٠١٣، ص٢٠.
٣٢.جاسم الشمري، تاريخ المظاهرات في العراق بعد العام٢٠٠٣، نون بوست، پێگەی لە ئەنتەرنێت: http://www.noonpost.com
٣٣. موقع جزيرة نيت، لماذا غابت فصائل المقاومة العراقية. پێگەی لە ئەنتەرنێت: http://wwww. algazeera.net
٣٤.سعود كابلي، هل يصب أستقلال كوردستان العراق في مصلحة المملكة السعودية، ألإنصات المركزي، أتحاد الوطني الكوردستاني، العدد٦١٣٠، ٢٠١٥، ص١٠ پێگەی لە ئەنتەرنێت:https://www. pukmedia.com/.
٣٥.أنس الشيخ مظهر، التواجد الأمريكى في العراق ماله وما عليه، صوت العراق،٢٠٢٠، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.sotaliraq.com
٣٦. فؤاد عاطف العبادي، السياسة الحارجية الإيرانية وأثرها على أمن الخليج لبعربي(١٩٩١-٢٠١٢)، رسالة ماجستير في العلوم السياسية، كلية الأداب، جامعة الشرق الأوسط، أردن، ٢٠١٢، ص٥٢.
٣٧. أحمد محمود إبراهيم، السياسة الخارجية الإيرانية تجاه العراق في ظل الإحتلال الأمريكي٢٠٠٣-

٢٠١٠دراسة في المتغيرات الجيوسياسية، رسالة ماجستير في الشرق الأوسط ، جامعة الأزهرو كلية أداب والعلوم الإنسانية. غزة، ٢٠١٢، ص١٠٥.
٣٨. أفشان أستوار، المعضلات الطائفية في السياسة الخارجية الإيرانية: حين تتصادم سياسات الهوية مع الإستراتيجية، مؤسسة كارنجي للسلام الدولي، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://carnegeie-mec.org/:.
٣٩. شاهر إسماعيل، الموقف الإيراني من الحرب على سورية، مجلة جامعة الفرات للدراسات والبحوث العلمية، ديرالزور، العدد٤٤، ٢٠١٩، ص١٥.
٤٠. کارزان عمر علی، تیرۆرکردنی هیشام هاشمی-ئەرکی مستەفا کازمی قورستر دەکات، ژمارە٥٠، گۆڤاری جۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە، سلیمانی، ٢٠٢٠، لا٣٤.
٤١. وفاء صندي، سەرچاوەی پێشووە ، ص١٨.
٤٢. رائد حامد، التنافس الأمريكي الإيراني في العراق خلفياته ومستقبله، معهد المصري للدراسات، القاهرة. پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.watan.com/archive
٤٣. سكاي نيوز، التحالف الدولي ضد داعش، موقع جزيرة يوتيوب، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.youtube.com
٤٤. سەروەر حەمە احمد، کوردستان لە ستراتیجیەتی ڕۆژئاوادا، سلیمانی، دەزگای ڤام بۆ چاپ وبڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠،لا١٣٦.
٤٥. التحالف الدولي، ماهو التحالف، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://theglobalcoallition.org/ar.
٤٦.التحالف الدولي، هەمان سەرچاوە.
٤٧. سەروەر حەمە احمد، سەرچاوەی پێشووە.
٤٨. موقع عراق بيديا، معركة الموصل، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.irakipedia.org/.
٤٩. إيدير اليازد، معوقات بناء الدولة الوطنية في العراق لفترة مابعد الغزو الأنجلو الأمريكي٢٠٠٣-٢٠١٤، رسالة ماجستير، جامعة مولودمعمر-تيزي وزو، كلية الحقوق، قسم العلوم السياسية،٢٠١٥، ص١١٥.
٥٠. وحدة دراسات السياسية، مستقبل الحشد الشعبي في العراق: بين سيادة الدولة وصراع المحاور، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، الدوحة،٢٠١٩، ص٣.
٥١. عادل عبدالله بركة، أثر تهديدات غير التقليديةعلى أمن مجلس تعاون الخليجي(٢٠٠٣-٢٠١٦)، رسلة مجستير في العلوم السياسية، معهد بيت الحكمة في جامعة ألبيت، ٢٠١٧،ص١٤٧ پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://gulfpolicies.org/.
٥٢. بكر البدور، قراءة في الإتفاق النووي الإيراني، المركز العربي للأبحاث ودراساسة السياسات،٢٠١٩، ص١٤ز وأيضا: صورية عباسة دربال، الرئيس الأمريكى ترامب والإتفاق النوويى الإيراني: إستمرارية أم إنسحاب، جامعة إدرار- مجلة الحقيقة، الجزائر، المجلد١٧، العدد ١، ٢٠١٨،ص١٩٤ پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.univ-adr
٥٣. المعهد الدولي للدراسات الإيرانية، إيران بين روحاني ورئيسي.. هل من جديد؟. پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://rasanah-iiis.org/.
٥٤. رائد حامد، سەرچاوەی پێشووە.
٥٥. هاشم الركابي، تصاعد موجة التغير في العراق: تقييم الحراك الشعبي الضي يشهده العراق منذ عام٢٠١٨، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.arab-reform.net/ar

٥٦. موقع هيومن رايتس وج، الحكومة العراقية تتعهد بإجراءت بشأن انتهاكات قوات الأمن پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.hrw.org/ar/news
٥٧. هدير عادل، تحذير من إنسحاب الأمريكي بالعراق..يساعد داعش وإيران، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://al-ain.com/article
٥٨. أحمد محمد محمود، سەرچاوەی پێشووە ،ص١١٧.
٥٩. كارزان عومەر، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٥-٣٧.
٦٠. هدى روف، تحركات-القوات-الأميركية-في-العراق-استهداف-لايران-أم-تنسيق-معها؟، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.alarabiya.net/politics/٢٠٢٣/٠٨/٢٧/.
٦١. محمد سعيد عبدالمؤمن، رسالة النظام الإيراني إلى العالم، من كتاب: قضايا إيرانية المستجدات السياسية والعلاقات الخارجية، سلسلةقضايا إيرانية، العدد٩، مركز الدراسات الشرقية، جامعة القاهرة، القاهرة، ٢٠٠٦، ص١١٣.
٦٢. موقع المفوضية العليا المستقلة للإنتخابات، نتائج أولية الإنتخابات٢٠٢١، موقع على الإنترنيت:https://ihec.iq/.
٦٣. موقع ئيم اس ان، نتائج إنتخابات العراق...الصدر يحذر المشككين، پێگەی لە ئەنتەرنێت: https://www.msn.com/ar



# غازی سروشتی لە ستراتیجی ئێران

توێژەر: میران حسەین



**بەرایی**

غازی سروشتی یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی وزە لەسەر ئاستی جیهان، ئەم سەرچاوەیە جێگەی بایەخی هەموو وڵاتانی جیهانە بێ جیاوازی، غازی سروشتی هاوشێوەی نەوت لەسەدەی بیست و هاوشێوەی خەڵوزی بەردینی لە پاش شۆڕشی پیشەسازی، بە وزەی سەدەی بیست و یەك لەقەڵەمدەدرێت. وڵاتانی جیهان بەردەوام بێ جیاوازی لە هەوڵی بە دەستهێنانی سەرچاوەی غازی سروشتین، ئەمەش بۆتە هۆی دروستبوونی کێشمەکیش لەسەر غازی سروشتی لە نێوان وڵاتانی بەرهەمهێنەر و وڵاتانی بەکاربەر و بۆتە جێگەی ڕکابەرێتی سەرجەم وڵاتانی جیهان، پیشبینی ئەوە دەکرێت لە ساڵی ٢٠٥٠ بایەخی نەوتی خاو لەبازاڕەکانی جیهان ڕوو لە کەمبوونەوە بکات و غازی سروشتی ببێتە جێگرەوەی نەوتی خاو بەتایبەتی لە لایەن وڵاتە پێشکەوتووەکان لە جیهاندا، کە کار لە پێناو کەمکردنەوەی نەوت و سەرچاوەکانی وزەی دیکە و پەنابردن بۆ سەرچاوەی وزەی پاکتری وەکو غازی سروشتی و وزە نوێبووەکان دەکەن.

لە ئەنجامی زیادبوونی بایەخی غازی سروشتی چەندین پرۆژەی ستراتیژی لە بواری غازی سروشتی دروستبوون و چەندین وڵاتی جیهانییش لە هەوڵی ئەوەدان کە بەرهەمهێنان و بازرگانیکردن بە غازی سروشتی قۆرخ بکەن، بۆیە جەنگێکی ڕانەگەیەنراو هەیە لە نێوان چەندین وڵاتی وەکو ئەمریکا، ڕووسیا، ئێران، ئیسرائیل، تورکیا و قەتەر بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکانی غازی سروشتی لە جیهاندا، ئەم وڵاتانەش هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدان کە خۆیان کۆنترۆڵی بازاڕەکانی غازی سروشتی بکەن یان دژایەتیکردنی هەر پرۆژەیەکی غازی سروشتی کە دژی بەرژەوندییەکانیان بکات لە هەر شوێنێك بێت .

ئێران وەکو خاوەن دووهەم گەورەترین یەدەگی غازی سروشتی لە جیهاندا، یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی غازی سروشتی لە جیهاندا، لەهەمانکاتیشدا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خاوەن ستراتیژیەکی گەورەیە لە بواری غازی سروشتی، لەهەوڵی ئەوەدایە جگە لەوەی وەکو سەرچاوەیەکی ئابووری وەکو سەرچاوەیەکی فشاری سیاسی و ستراتیژی بەکاربهێنێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێران جگە لەوەی کە خاوەن یەدەگێکی گەورەیە و یەکێکە لە گەورەترین وڵاتانی جیهان لە بەرهەمهێنانی غازی سروشتی لەهەوڵی ئەوەدایە کە چەندین پرۆژەی ستراتیژی دروستبکات بەمەبەستی سوود وەرگرتن لە غازی وڵاتانی دیکەش لەناوچەکە، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕووبەڕووی کۆمەڵێك لەمپەر و کێشەی

سیاسی و ئابووری بۆتەوە لە بواری غازی سروشتی کە ڕێگرە لە بەردەمی بتوانێت ڕۆڵ و پێگەی بەهێزی هەبێت لە بواری غازی سروشتی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان

بەشی یەکەم : زیادبوونی بایەخی غازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان

پاش ئەوەی ئاستی پیسبوونی ژینگە گەیشتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی تێپەڕاند، ڕێکخراوە ژینگەیی و کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان تایبەت بە گۆڕانکاری کەشوهەوا دەستیان بە دروستکردنی فشار بۆ سەر حکومەتی وڵاتەکان کرد، بەمەبەستی ئەوەی یاسای زۆر توند دەربکەن تایبەت بە کەمکردنەوەی بە ئاسمانچوونی گازەکان کە دەبێتە مایەی پیسبوونی ژینگە و گۆڕانکاری کەشوهەوا، جگە لە گەڕان بەدوای سەرچاوەی وزەی کە کەمترە ژینگە پیس دەکات، بۆیە زۆربەی وڵاتانی جیهان و کۆمپانیاکان دەستیان کرد بە تەرخانکردنی بودجە تایبەت بە پاڵپشتی کردنی سەنتەرەکانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بەمەبەستی گەڕان بەدوای سەرچاوەی وزەی نوێ و پاك، لێکۆڵینەوەی سەنتەرەکان وتوێژینەوەکانی ئەوەیان دەرخست کە سوتەمەنی سەرچاوەکەی غازی سروشتییە و ژینگە دۆستترن لە سەرچاوەکانی دیکە وەکو بەنزین و گازوایل کە بەکاردەهێنرێن لە ئامرازەکانی گواستنەوە(١)، لە لایەکی ترەوە توێژینەوەکان لە جیهاندا شکستیان هێناوە لە دۆزینەوەی جێگرەوەیەك لە وزە نوێبووەکان کە هەمان هێز و توانای وزەی هایدرۆکاربۆنی هەبێت وەکو نەوت و غازی سروشتی و خەڵوزی بەردین، بۆیە غازی سروشتی بۆتە باشترین جێگرەوە بۆ هەموو جیهان کە ژینگە دۆستترە لە لایەك و بە تواناترە لە وزە نوێبووەکان .

زۆربەی توێژینەوەکان و تاقیکردنەوە زانستییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتەکان و ڕێکخراوەکانی بواری ژینگە لە هەفتاکان و هەشتاکان سەدەی بیست سەرجەمیان تیشکیان خستۆتە سەر لایەنی باشی بەکارهێنانی غازی سروشتی و سوودەکانی وەکو پاکترین سەرچاوەی وزە بە بەراورد لەگەڵ سوتەمەنی نەوت و خەڵووزی بەردین لە ڕێگای پێوانەکردنی ئاستی بڕی بە هەواداچوونی سووتاندنی هەر جۆرێك لە جۆرەکانی سووتەمەنی، خەڵووزی بەردین باشترین جۆری سووتەمەنییە چونکە تایبەتمەندی فیزیایی هەیە کە پیسبوونی ژینگە لە ئەنجامی بەکارهێنانی زۆر کەمە و مەترسییەکانی لەسەر ژینگە کەمترە بۆ نمونە بڕی بە هەواداچوونی کاربۆن دروستبوو لە ئەنجامی سووتاندنی بڕێك لە غاز ٤٠٪ سووتاندنی هەمان بڕە لە خەڵوز، و ٢٠٪ هەمان بڕە لە نەوتی خاو (٢).

جگە لەوەی سووتاندنی بەتەواوەتی دەبێتە هۆی دروستبوونی ئاو و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن لە جیاتی گازی یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن کە گازیکی ژەهراویە، بڕێکی زۆر کەم لە پاشماوەی تیایدا هەیە کە بە تێچوویکی زۆر کەم جیا دەکرێتەوە، کەمی بڕی ئۆکسیدەکانی گۆگردی تیایدا هەیە بە بەراورد لەگەڵ سەرچاوەکانی دیکە، کەمتر ژینگە پیس دەکات لە کاتی بەکارهێنانی غازی سروشتی بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا(٣) بەمەش غازی سروشتی بە پاکترین جۆری سەرچاوەکانی وزەی هایدرۆکاربۆنی لەقەڵەم دەدرێت و باشترین بژاردەیە بۆ یاسای ژینگەییە جیهانییەکان، بۆیە پێشبینی ئەوە دەکرێت کە بازاڕی گازی سروشتی و ئاستی داواکاری لەسەر غازی سروشتی لە مەودایەکی درێژ خایەن زۆر گەورەتر بێت بە بەراورد لەگەڵ نەوت و سەرچاوەکانی دیکەی وزە و ببێتە جێگرەوەی نەوت(٤).

## غازی سروشتی وەکو سەرچاوەیەکی وزەی بەهێز لە جیهان

لەسەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بایەخی غازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان زیادیکردووە بەشێوەیەکی بەرچاو و چەندین فاکتەر بوونەتە هۆی زیادبوونی بایەخدان بە غازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان، کە کاریگەریان هەبووە لەسەر ئەوەی غازی سروشتی ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ دابینکردنی وزە لە جیهاندا، نەك بەرهەمێکی لاوەکی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو.

چەندین فاکتەری سەرەکی بوونەتە هۆی زیادبوونی بایەخی غازی سروشتی وەکو تەنگژە سیاسییەکان کە کاریگەریی هەبووە لەسەر نرخی نەوت و کەمبوونەوەی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراو و هەوڵەکانی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت بۆ فرەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهاتیان و بایەخی جیهانی بە بابەتەکانی ژینگە و گەڕان بەدوای سەرچاوەی وزەی پاکتر کە کەمتر ژینگە پیس بکات. بەڵام بەدیاریکراوی لەنەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، داواکاری جیهانی لەسەر غازی سروشتی و بوارەکانی بەکارهێنانی بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کرد، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بەرهەمهینانی غازی سروشتی کە تیچووی بەرهەمهێنانی و گواستنەوەی کەمتر کردۆتەوە، زیادبوونی بڕی یەدەکی غازی سروشتی و دۆزینەوەی کێڵگەی زۆر گەورە و هاندانی وڵاتە گەورە و پێشکەوتووەکان بۆ کۆمپانیای نەوتییە گەورەکان کە وەبەرهێنان لە بواری پڕۆژەکانی غازی سروشتی ئەنجام بدەن، تەنانەت ئەگەر لە شوێنی دوورە دەستیش بێت بە مەبەستی کەمکردنەوەی پشتبەستنی ئەو وڵاتانە بە نەوتی خاو(٥).

**بەرهەمهێنانی و بەکاربردنی غازی سروشتی لە جیهاندا**

بەپێی دواین ئامارەکان بەرهەمهێنانی و بەکاربردنی غازی سروشتی لە جیهاندا گەورەترین بەکاربەرە و بەرهەمهینەری غازی سروشتی وڵاتە پێشکەوتووەکان بوو، ئامارەکانی بەرهەمی غازی سروشتی لە جیهاندا ٤،٠٩ ترلیۆن پێ سیجایە، کە لە ساڵی ٢٠٢٢ وە جێگیرە، بەڵام هەناردەکردنی غازی سروشتی شل ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرد لە چارەکی یەکەمی ٢٠٢٣ و گەیشتە ١٠٤،٥ ملیۆن تۆن پاش ئەوەی ٩٨،٥ ملیۆن تۆن بوون لە سێ مانگی یەکەمی ٢٠٢٢، واتە ڕێژەی گەشەی هەناردەکردنی غازی سروشتی گەیشتۆتە ٦،١٪ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی داواکاری لەسەر غازی سروشتی لە بازاڕەکانی ئەورووپا کە پەنای بردۆتە بەر هاوردەکردنی غازی سروشتی شل بە مەبەستی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە غازی سروشتی ڕووسی هاوردەکراوە بە بۆری لە پاش هەڵگیرسانی جەنگی ئۆکرانیا(٦). هەریەك لە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا و تورکیا و بەریتانیا لە سێ مانگی یەکەمی ٢٠٢٣ بڕی ٣٥ ملیۆن تۆن غازی سروشتیان هاوردە کردووە، هەمان ئەو وڵاتانە بری ٣٢،٢ ملیۆن تۆنیان هاوردە کردبوو لە هەمان ماوە لە سێ مانگی یەکەمی ٢٠٢٢، واتە بە ڕێژەی ٩٪ زیادی کردووە (٧)، پێشبینی ئەوە دەکرێت کە ڕێژەی گەشەی بەرهەمهێنانی غازی سروشتی لە جیهاندا بگاتە ٦٪ و بگاتە ٤،٣ ترلیۆن پێ سێجا لە ساڵی ٢٠٢٦ بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠٢٢ (٨).

لە ڕووی بەرهەمهێنانی غازی سروشتییەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە پلەی یەکەم دێت کە ١،٠٣ تریلیۆن پێ سێجا غازی سروشتی بەرهەمدەهێنێت، واتە ٢٥٪ بەرهەمی جیهانی لە غازی سروشتی، لە هەمانکاتیشدا گەورەترین بەکاربەری غازی سروشتییە لە جیهان و ساڵانە لەناوخۆدا (٨٨١) ملیار پێ سێجا لە غازی سروشتی بەکاردەهێنێت، دواتر ڕووسیایە کە ساڵانە ٦٩٩ ملیار پێ سێجا بەرهەمدەهێنێت و زۆربەی غازی سروشتی ڕووسی بەرەو ئەورووپا هەناردە دەکریت، بەڵام بەهۆی جەنگی ئۆکرانیا و بایکۆتی ئەورووپا بۆ غازی سروشتی ڕووسی داهاتی ڕووسیا لە غازی سروشتی بە ڕێژەی ٤١٪ کەمی کردووە، ڕووسیا بەنیازە بازاڕی دیکەی بدۆزێتەوە وەکو چین و هیند، بەپلەی سێهەم ئێران دێت و ٦٪ بەرهەمی جیهان لە غازی سروشتی بەرهەمدەهێنێت و خاوەن دووهەم گەورەترین یەدەگی غازی سروشتییە لە جیهان(٩).

### یەدەگی غازی سروشتی جیهانیی

بڕی یەدەگی جیهانیی لە غازی سروشتی بەشێوەیەکی بەردەوام گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەهۆی بەردەوامی گەڕان بەدوای غازی سروشتی، لەساڵی١٩٩٤ یەدەگی غازی سروشتی تەنها ١١٩ ترلیۆن پێ سێجا بووە، لە ٢٠١٤ گەیشتە ١٨٧ ترلیۆن پێ سێجا بەپێی ئامارەکانی کۆمپانیای بریتش پترلیۆمی بەریتانی (١٠)، لە ساڵی ٢٠٢١ گەیشتە ٢٠٥ ترلیۆن پی سێجا، وڵاتی ڕووسیا گەورەترین یەدەگی هەیە کە ٤٧,٢ ترلیۆن پێ سێجایە، دواتر ئێران کە خاوەن ٣٤ ترلیۆن پێ سێجایە، دواتر قەتەر دێت کە خاوەن ٢٣,٨ ترلیۆن پێ سێجایە، ئەمریکا چوارەمە و ١٢,٨ ترلیۆن پێ سێجا، چین پینجەمە و خاوەن ٦,٥ ترلیۆن پێ سێجا لە غازی سروشتییە(١١).

### کێشمەکێشمی نێودەوڵەتی لەسەرغازی سروشتی

لەگەڵ دەرکەوتنی غازی سروشتی وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ وزە چەندین کێشمەکێشم و کێشە سیاسی لە نێوان دەوڵەتەکانی و هێزە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان دروستبوو. لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا چەندین کێشە و تەنگژە لە نێوان دەوڵەتەکان بەهۆی غازی سروشتییەوە دروستبوون، هەندێکجار ئەم سەرچاوەیە بۆتە هۆی درووستبوونی کێشە و هەندێك جاریش بۆتە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانی ئابووری و نزیکبوونەوەی ئابووری و سیاسی لە نێوان دەوڵەتەکان، چونکە کێشمەکێشم لەسەر غازی سروشتی و هێڵەکانی غازی سروشتی و بازاڕەکانی بۆتە هۆی دروستبوونی نەخشەی نوێ لە پەیوەندییەکان لە نێوان دەوڵەتەکاندا .

### ١- کێشمەکێشم لەسەرغازی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست .

دۆزینەوەی کێڵگەی غازی زۆر گەورە لە ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست لە لایەن ئیسرائیل و قوبرس بۆتە هۆی دروستبوونی کیشەی زۆر گەورە و ئاڵۆز لە نێوان هەریەك لە تورکیا، یۆنان، ئیسرائیل، میسر و قوبرس بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، هەریەك لە ڕووسیا، یەکێتی ئەورووپا، چین و ئەمریکا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداریان لەم تەنگژەیە کردووە، پێدەچێت جێبەجێکردنی پرۆژەی گواستنەوەی غازی سروشتی ئەم ناوچەیە بەرەو ئەورووپا ببێتە هۆکاری دروستبوونی کێشەیەکی هەرێمایەتی لە نێوان لایەنەکان بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکانیان(١٢).

دۆزینەوەی کێڵگەی غازی سروشتی لە خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست کێشەی لە نێوان هەریەك لە ئیسرائیل و یۆنان و قوبرس و میسر لە لایەك و تورکیا لە لایەکی دیکەوە دروستکرد، سەبارەت بە خاوەندارێتی ئەم کێڵگانە و نەخشەکێشانەوەی سنووری دەریایی لەخۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بە پشتگیری دەوڵەتە زلهێزەکان کە پاڵپشتی هەردوو لایەن دەکەن، هەریەك لە میسر و قوبرس و یۆنان و ئیسرائیل پاش ئەم دۆزینەوانە دووبارە سنووورە دەریاییەکانیان لە نێوان خۆیاندا دیاریکردەوە و ڕێکەوتوون لەسەر هەماهەنگی و هاریکاری لە نێوانیان سەبارەت بە هەناردەکردن و دۆزینەوەی غازی سروشتی و دیاریکردنی سنووری دەریایی لە نێوانیان .

لە ساڵی ٢٠٢٠ دەستکرا بە جێبەجێکردنی پرۆژەی هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتی ڕۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاست (مید ئیست) بەمەبەستی بەستنەوەی کێڵگەی غازی سروشتی لە خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست بەرەو ئەورووپا، درێژی ئەم بۆریە ١٩٠٠ کم لەژێرئاودا دەبێت و غازی سروشتی ئیسرائیل و قوبرس دەگوازێتەوە بۆ دورگەی کریتی یۆنانی، دواتر بەرەو ئیتاڵیا دەیگوازێتەوە و توانای ئەوەی هەیە ساڵانە ١٠-١٢ ملیار پێ سیجا غازی سروشتی بگوازیتەوە(١٣)، لە بەرامبەردا هەریەك لە ڕووسیا و تورکیا دژی ئەم پرۆژەیە وەستانەوە، ئەمەش هاندەر بوو بۆ تورکیا کە ڕێکەوتنی نەخشانەوەی سنوورەکانی لەگەڵ لیبیا ئەنجامبدات لە ٢٠١٩ بە مەبەستی ڕێگریکردن لە جێبەجێکردن ئەم پرۆژەیە (١٤).

**٢- پرۆژەی نابۆکۆ**

پرۆژەی نابۆکۆ یەکێکە لە پرۆژە ئابوورییەکان کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی پاڵپشتیان دەکرد، و بڕیار وابوو غازی ئاسیای ناوەڕاست و دەریای قەزوین و کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو، ئێران و هەرێمی کوردستان بگوزاێتەوە بەرەو تورکیا، دواتر بیگوازێتەوە بەرەو ئەورووپا و لەساڵی٢٠١١ ڕیکەوتنی لەسەر ئەنجامدرا، سەرەڕای ئەوەی پرۆژەکەی هەنگاوی زۆر گەورەی بڕی بەمەبەستی جێبەجێکردنی، بەڵام شکستی پێهێنرا لە لایەن ڕووسیاوە، چونکە جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە هەڕەشە بوو بۆ بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا، چونکە مەبەست لە جێبەجێکردنی کەمکردنەوەی پشتبەستنی ئەورووپا بوو بە غازی سروشتی ڕووسی، هەروەها ڕووسیا ڕێگریکرد لە جێبەجێکردنی لە ڕێگەی ئەنجامدانی فشاری ئابووری لەسەر وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەمەبەستی جێبەجێ نەکردنی، و سەرکەوتوو بوو و شکستیهێنا بەم پرۆژەیە (١٥). سەرەڕای ئەوەی ئەم پرۆژەیە پرۆژەیەکی ئەمریکی بوو،

بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرد (١٦)، بەڵام بەهۆی فشارەکانی ڕووسیا بۆ سەر ئێران لە کۆتاییدا ئێران لە پرۆژەکە کشایەوە .

**٣- کێشمەکیشمی ڕووسیا و ئەمریکا سەبارەت بە هەناردەکردنی غازی سروشتی بۆ ئەورووپا**

کێشوەری ئەورووپا بەشێوەیەکی گشتی و وڵاتانی یەکیتی ئەورووپا بەتایبەتی یەکێکە لەو ناوچانەی کە زۆرترین بڕ لە غازی سروشتی بەکاردەهێنن بەهۆی ئەوەی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا زۆر بایەخ بە بابەتی پیسبوونی ژینگە و گۆڕانکاری کەشوهەوا و کاریگەری لەسەر وڵاتانی ئەورووپا دەدەن، بۆیە هەوڵێکی بەردەوام هەیە لە لایەن وڵاتانی ئەورووپاوە بۆ بەکارهێنانی سەرچاوەی وزەی پاك، ئەمەش یەکێك بوو لە فاکتەرەکانی پشت بەستن بە غازی سروشتی وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ وزە .

بەشێکی زۆری لەغازی سروشتی کە کیشوەری ئەورووپا بەکاریدەهێنێت سەرچاوەکەی ڕووسیایە، ڕێژەی ٤٥٪ کۆی غازی سروشتی کە ئەورووپا بەکاری دەهێنێت لە ڕووسیاوە هاوردە دەکرا تا سەرهەڵدانی جەنگی ئۆکرانیا و ڕووسیا.

لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا ڕووسیا ژمارەیەك هێڵی گواستنەوەی غازی سروشتی دروستکردبوو بەمەبەستی دابینکردنی غازی سروشتی بۆ هەموو بەشەکانی ئەورووپا، ژمارەیان ١٣ هێڵ بوو (هیلی نۆرد ستریم١ ، نۆرد ستریم ٢ ، ساوس ستریم، نۆرد یۆرۆباشی، ئۆبال، یامال ئەورووپا، سویوز، برزرهوود، بلووستریم،ڕووسیان کازویست پایپلاین، ئیسترینك پایپلاین، تورکیش ستریم، تاناب(١٧).

بەشێوەیەکی گشتی ستراتیژیەتی ڕووسیا هەمیشە بەو ئاڕاستەیە بوو کە هەمیشە ئەورووپا بەکاربەری غازی سروشتی ڕووسی بێت و زیادکردنی ئەو بڕە غازەی کە ئەورووپا هاوردەی دەکات لە ڕووسیا، مەبەست لێ زیادبوونی هەژموونی ڕووسیا بوو لە ڕووی سیاسی و ئابووری لەسەر ئەورووپا و کەمکردنەوەی هەڕەشەکان بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیا.  لەبەرامبەردا ئەمریکا و ئەورووپا چەندین هەوڵیان دا بەمەبەستی کەمکردنەوەی پشتبەستن بە غازی سروشتی ڕووسی وەکو پرۆژەی نابۆکۆ و پرۆژەی مید ئیستی ئیسرائیلی، ئەم هەوڵانە بەردەوامبوون تا سەرهەڵدانی جەنگی نێوان ئۆکرانیا و ڕووسیا کاتێك وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا بڕیاریاندا کە بایکۆتی غازی سروشتی ئەورووپی بکەن و قۆناغ بە قۆناغ کڕینی غازی سروشتی ڕووسی کەمبکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستەش

ئەورووپا سەرقاڵی دۆزینەوەی سەرچاوەی دیکەیە بۆ غازی سروشتی کە جێگرەوەی غازی سروشتی ڕووسی بێت، پاش ئەوەی تا ساڵی ٢٠٢١ ڕووسیا نزیکەی ٤٥٪ غازی سروشتی ئەورووپای دابین دەکرد لە ئێستادا تەنها ١٥٪ غازی سروشتی ئەورووپا دابین دەکات، بڕیار وایە لە ساڵی ٢٠٢٧ ئەورووپا بەتەواوەتی دەستبەرداری غازی ڕووسی بێت (١٨). بەڵام هاوپەیمانەکانی ڕووسیا وەکو ئێران ناتوانن سوود لەم دەرفەتە ببینن، چونکە ئێران یەکێکە لە هاوپەیمانەکانی ڕووسیا، هەناردەکردنی غازی سروشتی ئێران بۆ ئەورووپا زیان بە پەیوەندییەکانی دەگەیەنێت جگە لەوەش ئەورووپا خوازیار نییە غازی ئێرانی بکڕێت .

**بەشی سێهەم : کۆماری ئیسلامیی ئێران و پرۆژە ستر اتیژییەکانی غازی سروشتی**

لەسەر ئاستی جیهاندا ئێران یەکێکە لەو وڵاتانەی کە خاوەن سامانێکی غازی سروشتی زۆر گەورەیە، خاوەن دووهەم گەورەترین یەدەگە لەسەر ئاستی جیهان بەپێی وەزارەتی نەوتی ئێران، ئەو وڵاتە خاوەن ١,٠٤٦ تریلیۆن پێ سێجا یەدەگی غازی سروشتییە کە ڕێژەی ١٥,٨٪ هەموو یەدەگی جیهان پێکدەهینیت، ٣٣٪ لەو غازە لەگەڵ نەوت بەرهەم دەهێنرێت و ٦٧٪ کیلگەی غازیە (١٩)، بەڵام کارگێڕی زانیاریەکانی وزەی ئەمریکا ئاماژە بەوە دەکەن ئێران خاوەنی ١,١٨٧ ترلیۆن پێ سێجایە یەدەگی هەیە (٢٠).

لەڕووی بەرهەمهێنانەوە ئێران ٦٪ی هەموو غازی سروشتی جیهان بەرهەم دەهێنێت، بەڵام زۆربەی غازی سروشتی ئێرانی لەناوخۆ وڵات بەکاریدەهێنێت، ساڵانە ١٥ملیار پێ سێجای لەناوخۆی وڵات بەکارهێناوە، بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠١٥، بەمەش ئێران سێهەم گەورەترین بەکاربەری غازی سروشتییە (٢١).

سەرەڕای ئەوەی ئێران خاوەن دووهەم گەورەترین یەدەگە لە غازی سروشتی پاش ڕووسیا و سێهەمە لە بەرهەمهێنان، بەڵام بڕێکی کەم لە غازی سروشتی هەناردە دەکات، لە ساڵی ٢٠١٠ تەنها ٦,٨ ملیار پێ سێجا غازی سروشتی هەناردە کردووە، بەهۆی سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران کە بۆتە هۆی ڕێگریکردن لەبەردەم پەرە بەم کەرتە بدات، وڵاتە خۆرئاواییەکان تەکنەلۆژیای پەرەدان بەم کەرتەیان لێ قەدەغە کردووە، جگە لەوەش ئێران سەربەست نییە لە هەناردەکردنی غازی سروشتی بەشێوەیەکی ئازاد بەهۆی هۆکاری سیاسییەوە .

بەشێوەیەکی گشتی داهاتی هەناردەکردنی غاز لە ئێران تەنها ٤٪ کۆی داهاتی هەناردەکردنەکانی ئێران بوو لە ساڵی ٢٠١٠، لەبەرامبەردا نەوت ٧٨٪ لە کۆی هەناردەکردنی ئێران پێکدەهێنا.

بە مەبەستی پەرەدان بە کێلگە غازییەکانی، بۆندیکی لەگەڵ کۆریای باشوور لە ساڵی ٢٠١٦ بەمەبەستی وەبەرهێنان لەو بوارەدا بە بڕی ٢٠ ملیار دۆلار واژۆ کردووە، بۆ هەناردەکردنی بەشێك لە غازی ئێران بۆ کۆریای باشوور(٢٢).

سەرچاوە ئاگادارەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئێران پێویستی بە سێ ساڵ هەیە بەمەبەستی پەرەدان بە بەرهەمهێنانی غازی سروشتی بەتایبەتی لە کێڵگەی فارس لە کەنداو کە یەکێکە لە گەورەترین کێڵگەکانی غازی سروشتی لە جیهاندا.

**لە ئێستادا ئێران غازی سروشتی هەناردەی چوارولآت دەکات:**

**- تورکیا**

بەپێی ڕێکەوتنی نێوان هەردوو وڵات، کە لەساڵی ٢٠٠١ واژۆکراوە پێویست دەکات ساڵانە ١٠ ملیار پێ سێجا غازی سروشتی هەناردەی تورکیا بکات لە ڕێگەی بۆری غازەوە، بەڵام ئێران نەیتوانیوە ئەو بڕە بەتەواوەتی هەناردەی تورکیا بکات.

**-ئەرمینیا**

بەپێی ڕێکەوتنێك نێوان هەدروو وڵات کە لە ساڵی ٢٠٠٧ واژۆ کراوە دەبێت ئێران نێوان ١,١ – ٣,٢ ملیار پێ سێجا غازی سروشتی هەناردەی ئەرمینیا بکات.

**- ئازەربایجان**

بەپێی ڕێکەوتنی نێوان هەردوو وڵات، کە ساڵی ٢٠٠٥ واژۆ کراوە دەبێت ئێران ساڵانە نێوان ٣-٧ ملیار پێ سێجا غازی سروشتی هەناردەی ئازەربایجان بکات (٢٣).

**- عێراق**

سەرەرای ئەوەی عێراق یەکێکە لە وڵاتە دەوڵەمەندەکان بە غازی سروشتی و خاوەنی یەدەگیکی زۆر گەورەیە لە غازی سروشتی و خۆی غازی سروشتی بەرهەم دەهێنێت، بەڵام غازی سروشتی لە ئێران هاوردە دەکات.

بەپێی ڕێکەوتنێك لە نێوان هەردوولا کە لە ساڵی ٢٠١٣ واژۆ کراوە ئیران بڕی ٧ملیار پێ سیجا غاز سروشتی هەناردەی عێراق دەکات، دەبێت ئەو بڕە بگاتە ٢٥ ملیار پێ سێجا، بەڵام ٢٠١٧ دەستی کرد بە هەناردەکردنی غازی سروشتی، (٢٤) لە ساڵی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارەبای عێراق بۆندێکی دیکەیان لەگەڵ کۆمپانیای غازی ئێرانی واژۆ کرد بۆ هاوردەکردنی غازی سروشتی لە ئێرانەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ، ڕۆژانە ٥٠ ملیۆن مەتر سێجا غازی سروشتی هەناردەی عیراق بکات (٢٥)، بەپێی وتەی وتەبێژی وەزارەتی کارەبای عێراق نرخی

غازی سروشتی ئێرانی هاوردەکراوە لە ئێرانەوە دەگاتە شەش ملیار دۆلار ساڵانە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نیازە غازی سروشتی هەناردەی هەریەك لە پاکستان، عومان، هیند، کوێت، کازاخستان وکۆریای باشوور بکات، بەڵام هیچیان نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە(٢٦).

**کێشە و لەمپەرەکان لەبەردەم غازی سروشتی ئێرانی**

یەکەمیان: کۆنی و خراپی کەرتی وزەی ئێرانی: سەرەڕای ئەوەی ئێران وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەوت و غاز، بەڵام بڕی هەناردەکردنی نەوت و غازی سروشتی لە لایەن ئێرانەوە ناگونجێت لەگەڵ بڕی یەدەگی ئێران کە خاوەن یەدەگێکی زۆر گەورەیە لە نەوت و غاز.

دووهەم: سزا ئابوورییەکان: بەهۆی بەرنامەی ئێرانی ئەتۆمییەوە کۆمەڵێك سزای تەنکنەلۆژی خراوەتە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بەتایبەتی لە لایەن کۆمپانیا خۆرئاواییەکانەوە، جگە لەوەش وڵاتە خۆرئاواییەکان نەوت و غازی سروشتی ئێرانی هاوردەناکەن ئەمەش کاریگەری زۆر نێگەتیڤی بووە لەسەر بەرهەمهێنان و پەرەدان بە کەرتی غازی سروشتی لە ئێران بەتایبەتی و هەناردەکردنی نەوت و غازی ئێران بەگشتی.

بۆ نمونە ئێران زۆرینەی نەوتی هەناردەی کۆریای باکوور و هیند و چین دەکات، زۆرینەی غازی سروشتی ئێران تەنها هەناردەی وڵاتانی دراوسێ دەکات(٢٧).

**چوارەم: کێشەی سیاسی لەگەڵ ڕکابەرەکانی لە گەرتی غاز:**

بەهۆی ئەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاوپەیمانی ستراتیژی ڕووسیا و چین و کۆریای باکوورە، لە بواری وزەوە ئێران ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کێشە بۆتەوە ئەمەش بەهۆی ئەوەی ئێران ناتوانێت ڕکابەرێتی ڕووسیا بکات لە بازاڕەکانی کە ڕووسیا غازی سروشتی بۆ دابین دەکات وەکو ئەورووپا و چین.

**پێنجەم: ڕکابەرە هەرێمایەتییەکان بۆ ئێران**

جگە لەوەی ئێران خاوەن یەدەگ و بەرهەمێکی زۆر گەورەیە لە بواری غازی سروشتی، ئێران هەمیشە لە هەوڵدایە کە سوود لە پێگە جوگرافیەکەی ببینێت و ببێت بە دەروازەیەك بۆ دووبارە هەناردەکردنەوەی غازی سروشتی وڵاتانی دراوسێ وەکو ئاسیای ناوەڕاست کە دەرچەی ئاویان نییە، بۆ نمونە هەوڵەکانی ئێران بۆ ڕاکێشانی غازی تورکمانستان و ئاسیای ناوەڕاست بەمەبەستی هەناردەکردنەوەی.

بەڵام هەوڵەکانی ئێران ڕووبەڕووی دوو ڕکابەری بەهێزی بۆتەوە، یەکەمیان ڕووسیایە کە لەهەوڵی ئەوەدایە غازی هەموو ئاسیای ناوەڕاست کۆبکاتەوە و خۆی کۆنترۆڵی بازاڕی غازی سروشتی بکات و ڕێگە نادات هیچ وڵاتیکی دیکە ئەوە کارە بکات، ئێرانیش بەهۆی نزیکایەتی سیاسی خوازیار نییە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا بکاتە قوربانی لەپێناو ڕاکیشانی بۆری غاز لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بەرەو کەنداو ..

لە لایەکی دیکەوە تورکیا ڕکابەرێکی بەهێزی ئێرانە کە چەندین ساڵە بەنیازە غاز و نەوتی خاوی بەرهەمهێنراوی ئاسیای ناوەڕاست و دەریای قەزوین ڕابکێشێت بەرەو تورکیا و سوود وەرگرتن لەوەی تورکیا و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست هاوزمان و هاوڕەچەڵکن. بەڵام هەوڵەکانی هەردووکیان شکستی هێناوە بەهۆی هەژموونی ڕووسیا لە ناوچەکە(٢٨).

**شەشەم: کێشەکانی غازی سروشتی ئێران لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان**

سەرەڕای ئەوەی عێراق وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە غازی سروشتی، بەڵام چەندین ساڵە کۆماری ئیسلامی ئێران غازی ئێرانی هەناردەی عێراق دەکات، کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێکەوتنێکی درێژخایەنی هەیە لەگەڵ حکومەتی عێراقی بەمەبەستی هاوردەکردنی غازی ئێران کە بەکاردەهێنرێت بۆ بەگەرخستنی وێستگە کارەباییەکانی عێراق، ئەمەش بەردەوام عێراقی تووشی کۆمەڵێك گرفت کردۆتەوە.

بە وتەی وەزارتی نەوتی عێراق لەساڵی ٢٠٢٣ عێراق خاوەن ١٣٢ ملیار پێ سێجا یەدەگی هەیە بەمەش عێراق دەیەم یەدەگی هەیە لەسەر ئاستی جیهان، بەڵام چوارەم وڵاتە لەسەر ئاستی جیهان کە غازی سروشتی بەفیڕۆ دەدات، ساڵانە ١٤ ملیار پێ سێجا دەسوتێنێت بێ ئەوەی سوودی لێببینێت، بەڵام عێراق غازی سروشتی لەئێرانەوە هاوردە دەکات(٢٩)، عێراق چەندین کێڵگەی زۆر گەورەی غازی سروشتی هەیە وەکو عەکاز لە ئەنبار و سیبە لەبەسرە و مەنسوریە لە دیالە و لە کەرکوکیش چەند دانەیەک، جگە لە بوونی غازی سروشتی کە لەگەڵ بەرهەمهێنانی نەوت دێتە دەرەوە، جگە لەوەی کێڵگەی کۆرمۆر کە تاکە کێڵگەیە کە غازی سروشتی لە عێراق بەرهەم دەهێنێت .

یەکێك لە کێشەکانی سەردەم بەردەوامیدانە بە هاوردەکردنی غازی سروشتی ئێران لە لایەن عێراقەوە هەڕەشەکانی ئەمریکا لە عێراق کە دەبێت هاوردەکردنی غازی سروشتی ئێران سنووردار بکرێت، کە یەکێکە لە داواکارییە سەرەکییەکانی ئەمریکا، تەنانەت ئەمریکا تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی ڕێگەی داوە بە عێراق غازی سروشتی ئێران

هاوردە بکات (٣٠)، بەڵام هەمیشە حکومەتی عێراق پاساوی ئەوە دەهێنێتەوە کە عێراق خاوەن ئەڵتەرناتیڤیکی گونجاو نییە بۆ بەدەستهێنیانی غازی سروشتی و دەستکردن بە بەرهەمهێنانی غازی سروشتی خۆماڵی پێویستی بە چەندین ساڵ هەیە بۆ ئەوەی بتوانێت جێگرەوەی غازی سروشتی ئێران بێت.

ئەمریکا هانی حکومەتی عێراق دەدات کە وەبەرهێنان لە کێڵگە غازییەکانی بکات و سوود لەکێڵگەی کۆرمۆر وەربگرێت، کە تاکە کێڵگەی غازی سروشتییە لە عێراقدا کە غازی سروشتی بەرهەم بهێنێت کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی شاری کەرکوك و ناوچەیەکی کێشە لەسەرە و لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەپێی کۆمپانیای دانە غازی ئیماراتی یەدەگی هەردوو کێڵگەی چەمچماڵ و کۆرمۆر ٤,٤ ترلیۆن پێ سێجایە ئەمەش بەپێی ئامارەکانی مانگی ئایاری ٢٠١٩ (٣١).

قەبارەی ئەم کێڵگەیە ١٣٥ کیلۆمەترە و دەکەوێتە ناوچەی قادر کەرەم و لە لایەن هەردوو کۆمپانیای دانە غاز و هیلالی ئیماراتیەوە بەرهەمهێنان تیایدا ئەنجام دەدرێت و٤٥٠ ملیۆن پێ سیجا غاز لەگەڵ ٢٢ هەزار بەرمیل ڕۆژانە بەرهەم دەهێنێت، ئەو کێڵگەیە ٤٢٠٠ مێگاوات کارەبا و بڕیار وایە بگاتە یەك ملیار پێ سێجا بەرهەم. لە لایەن گرووپە چەکدارەکانەوە ئەو کێڵگەیە ٨ جار ڕووبەڕووی هێرشی ئاسمانی و موشەکی و درۆن بۆتەوە و هەمیشە گرووپە چەکدارەکانی نزیك لە ئێرانەوە تۆمەتبار دەکرێن لە بەئامانج گرتنی ئەو کێڵگەیە بەمەبەستی بەردەوامیدان بەهاوردەکردنی غازی سروشتی ئێران لە لایەن حکومەتی عێراقەوە (٣٢).

## ئەنجام

غازی سروشتی یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی وزە لەسەدەی بیست و یەك، بەهۆی زیادبوونی داوکاری لەسەر غازی سروشتی لە جیهاندا بەتایبەتی لە لایەن وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە و زیادبوونی داواکاری لەسەر غازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان بۆتە هۆی دروستبوونی ڕکابەرێتی لە نێوان دەوڵەتەکان بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی غازی سروشتی لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە. لە هەمانکاتیشدا ڕکابەرێتی هەیە لە نێوان دەوڵەتە بەرهەمهێنەرەکان لەسەر بازاڕەکانی غازی سروشتی سەرئەنجام کێشمەکێشمی جیهانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندی دروستبووە، ڕەهەندێکی ئابووری زیادی

کردووە بۆ ململانێ نێوان جەمسەری خۆرئاوا و ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیان لە لایەك و ڕووسیا و چین و هاوپەیمانەکانییان لە لایەکی دیکە، لە چوارچێوەی هەردوو لایەنەکەش بەرژەوەندی هەرێمایەتی و تاك لایەنانە هەیە بەمەش نەخشەیەك لە ململانێ هەیە لەسەر غازی سروشتی لەسەر ئاستی جیهان .

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی غازی سروشتیی لەسەر ئاستی جیهان کە خاوەن یەدەگێك و بەرهەمێکی گەورەی غازی سروشتییە، بەڵام بەهۆی سزاکانی سەر ئێران و بوونی ئێران لە چوارچیوەی هاوپەیمانییەکی سیاسی و ستراتیژی نەیتوانیوە پەرە بە سامانی غازی سروشتی بدات لەو وڵاتە، نەیتوانیوە ببێت بە بەرهەمهێنەرێکی سەرەکی لە بواری غازی سروشتی.

## سەرچاوەکان

(١) وسام قاسم الشالجي و أميره محمد جواد, تقنيه تحويل الغاز الى سوائل: مستقبلها, ومردودها الاقتصادي واپرها على صناعه النفگ, گۆڤاری النفگ والتعاون العربي, بەرگی سی وسێهەمین , ژمارە ,١٢١، الامانه العامه لمنظمه الاقطار العربيه المصدره للبترول اوابك, ,٢٠٠٧، لا ٨٦.
(٢) مايكل كليج, خصائص الغاز: جواز مرور لمستقبله, مستقبل الغاز الطبيعي في سوق الطاقه العالميه، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجيه, ,٢٠٠٤ لا ٨.
(٣) أحمد محمد فراج قاسم, مصادر الطاقه وتلوث البيئه, گۆڤاری ێراو الخليج, ژمارە ٥٧ , ,٢٠٠٩ لا ٢٠.
(٤) ڕاپۆرتی لوتکەی جیهانی حکومەتەکان،التحول في مجال الطاقه لا ٢١
(٥) على رجب, اساسيات تسعير الغاز في الاسواق العالميه, مجله النفط والتعاون العربي, بەرگی سی وسێهەمین ژمارە ١٢٠ الامانه العامه لمنظمه الاقطار العربيه المصدره للبترول اوابك, ,٢٠٠٧، لا ٢٧
(٦) وائل حامد عبدالمعطى، تقرير تطورات الغاز الطبيعي المسال والهيدروجين خلال الربع الاول من ٢٠٢٣ ،ڕێکخراوی اوابك، ٢٠٢٣، لا ٥
(٧) هەمان سەرچاوە،لا ١٤
(٨) سایتی ئەلتاقە، خريطه توقعات إنتاج الغاز الطبيعي حتى ٢٠٢٦.. كم يستحوض الشرق الأوسط؟ https://attaqa.net/١٣/١٠/٢٠٢٣ لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(٩) سایتی ئەلعەربیە https://www.alarabiya.net/aswaq/special-stories/٢٠٢٤/٠٤/١٤/٣- لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(١٠) د.احمد جاسم جبار، هەمان سەرچاوە، لا ٨٠-٨١
(١١) سایتی ئەلجەزیرە ، تعرف على سوق الغاز في العالم.. من الإنتاج إلى الاستهلاك، https://www.aljazeera.net/ebusiness/٢٠٢٢/٢/٢١/لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(١٢) ميران حسين، الدور الروسي في الصراع الدولي في شرق المتوسط، بحث منشور في ملتقى الصراع

على الطاقه والغاز في شرق المتوسط بين العسكره والدبلوماسيه، الجزائر،٢٠٢١، لا ٤-٥-٦
(١٣) بەهرۆز جەعفەر، گازی سروشتی کوردستان پاش ڕاگەیاندنی پرۆژەی خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاست سەنتەری میدتیرانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتیەکان لا ٣
(١٤) میران حسین، جيوبولتيك الطاقه والصراع الدولى في شرق المتوسط، تویژینەوەیەکی پێشکەش کراوە بۆ کۆنفرانسی جیۆتونس لە وڵاتی تونس،٢٠٢١، لا ١١
(١٥) میران حسین، جيوبولتيك خطوط نقل الطاقه و دور اقليم كوردستان، توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە لە کۆنفرانسی زانکۆی تیشک،٢٠١٩، لا ٦٣٣.
(١٦) ئاژانسی هەواڵی مهری ئێرانی بەزمانی عەرەبی ٦٩٨٩٦٩/https://ar.mehrnews.com/news لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(١٧) سایتی بەرلین ئەسینا، -http://berlin-athen.eu/a-network-of-power-gas-pipelines-of-the /european-continent-infographics
بە ناونیشانی (A Network of Power: Gas Pipelines of the European Continent (Infographics لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(١٨) سایتی ئەلعربیە -٣/١٤/٠٤/٢٠٢٤/https://www.alarabiya.net/aswaq/special-stories لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(١٩) ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزارەتی نەوتی ئێران، چاپی پێنجەم ٢٠١٩، لا ١٩٠-١٩٣
(٢٠) ڕاپۆرتی کارگێری زانیاری وزەی ئەمریکا لە مانگی ئەیلولی ٢٠١٣
(٢١) مركز الخليج للدراسات الايرانيه، مستوردو النفط والغاز الايرانى- الواقع والمستقبل، لا ٥
(٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥-٦-٧
(٢٣) المركز الاوروبي للطاقه وأمن الموارد، کانونی یەکەم ٢٠١٥
(٢٤) مركز الخليج للدراسات الايرانيه، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦
(٢٥) سایتی ئەلجەزیرە ٢٨/٣/٢٠٢٤/https://www.aljazeera.net/ebusiness لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(٢٦) مركز الخليج للدراسات الايرانيه، سەرچاوەی پێشوو، لا ٧
(٢٧) هەمان سەرچاوە،لا ٣و٥و٦
(٢٨) مجله الدراسات الايرانيه، ژماره ١٥،نیسان ٢٠٢٢، لا٧٦
(٢٩) سایتی ئین ئار تی عەرەبی ١٨٨٩٩/https://www.nrttv.com/ar/detail٣ لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(٣٠) سایتی ئەلعەربیە /٢٨/٠٣/٢٠٢٤/https://www.alarabiya.net/aswaq/economy لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(٣١) پیگەی دانا غاز https://www.danagas.com لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە
(٣٢) سایت ئەلساعە ٢٤٠٧٧/https://alssaa.com/post/show لەڕێکەوتی ٢٠-٧-٢٠٢٤ بینراوە



# سیاسەت و ستراتیجی ئێران
# لە وڵاتانی ئەفریقا

توێژەر: هەڤاڵ ئازاد



**پوختە**

لەگەڵ ئەوەی مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوییەکان، دواتریش لەسەردەمی پەهلەوییەکاندا تاڕادەیەک پەیوەندییەکان فراوان بوون، بەڵام شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ خاڵی وەرچەرخان بوو لە مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران – وڵاتانی ئەفریقا. لە دوای شۆڕش کاربەدەستانی باڵای ئێران لە سیاسەتی دەرەوەیاندا بەردەوام گرنگی زیاتریان داوە بە وڵاتانی ئەفریقا. لەم پێناوەدا سیاسەت و ستراتیجی ئێران، بەپێی ناوچە جیاوازەکانی کیشوەرەکە داڕێژراوە. ستراتیجی ئێران دوای شۆڕشی ئیسلامی لە کیشوەرەکەدا هەمەجۆر دەبێت، بە تایبەتی لە دوای پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران و سزا ئابووری و سیاسییەکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ئێران، کە خۆیان دەبیننەوە لە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای شیعی، بەهێزکردنی پەیوەندی ئابووری و ئامانجی سیاسی و دیبلۆماسی. ئێران هەوڵدەدات لەم ڕێگەیانەوە، لە لایەک هەژموونی خۆی لە کیشوەرەکەدا فراوان بکات و لە جواگرافیایەکی جیاوازتر ڕووبەڕووی وڵاتانی ڕۆژئاوا (ئەمریکا) و ئیسرائیل ببێتەوە، لە لایەکی ترەوە پەیوەندییەکانی هەمەجۆربکات و قەرەبووی سزا ئابووری، سیاسی و دیبلۆماسییەکانی ڕۆژئاوا بکاتەوە.

کلیلە وشە: ئێران، ئەفریقا، ڕۆژئاوا، هەناردەکردنی شۆڕش، سزائابوورییەکان

چوارچێوەیەکی گشتی سیاسەت و ستراتیجی ئێران لە کیشوەری ئەفریقا

مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران بە کیشوەرەکەوە

کیشوەری ئەفریقا یەکێکە لە گرنگترین کیشوەرەکان، کە دەوڵەتان هەوڵدەدەن هەژموونی خۆیانی تێدا فراوان بکەن. دەوڵەمەندی کیشوەرەکە لە ڕووی سامانی سروشتی ژێرزەوی و سەرزەوی، زۆری ژمارەی دانیشتوان و گرنگی شوێنی جوگرافیاکەی، بەردەوام جێگەی سەرنجی وڵاتانی زلهێزبووە. ئەمەش وای کردووە کە کیشوەرەکە لە ڕابردوودا ڕووبەڕووی شاڵاوی ئیستعماری وڵاتانی ڕۆژئاوا ببێتەوە. لە دوای وەرگرتنی سەربەخۆیی و تاڕادەیەک دروستکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی، جارێکی تر و بە شێوەیەکی تر وڵاتانی ئەفریقا دەبن بە جێگەی سەرنجی وڵاتانی زلهێز، لە لایەک ئەمریکا، لە لایەکیترەوە یەکێتی سۆڤیەت، کە بە درێژای جەنگی سارد هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانی و بڵاوەپێکردنی هەژموونی خۆیان لە کیشوەرەکەدا دەدەن. لە دوای جەنگی ساردیش کۆمەڵێک دەوڵەتی تر هەوڵیانداوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی کیشوەری ئەفریقادا گەشەپێبدەن،(١)

یەکێک لەوانە ئێران بووە. لەگەڵ ئەوەی مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران بە کیشوەرەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەفەوییەکان، بەڵام لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستەمدا، ئێران جگە لە چەند وڵاتێکی کەمی وەک میسر، ئەسیوپیا و ئەفریقای باشوور خاوەنی هیچ پەیوەندییەکی گرنگ نەبوو لەگەڵ وڵاتانی تری کیشوەرەکەدا.(٢) لە سەردەمی دەسەڵاتی محەمەد ڕەزاشا و بەتایبەتی لە قۆناغی جەنگی ساردا ئێران لە بازنەی سیاسەتی ڕۆژئاوا، لەڕێگەی پێدانی هاوکاری بە وڵاتانی تازە دروستبووی کیشوەرەکە، توانی ئەو ڕۆڵە بگێڕێت کە نەچنە ژێر نفوزی یەکێتی سۆڤیەتەوە. هەروەها لەم ڕێگەیەوە توانی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقادا گەشەپێبدات، بەتایبەتی وڵاتانی باکووری ئەفریقا. نێوەندگیری جەزایر بۆ کێشەی شەتول عەرەبی نێوان ئێران-عێراق یەکێکە لە نمونەکانی گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ جەزائیر.(٣) هەروەها ئێران لەم قۆناغەدا هاوسۆزی وڵاتانی کیشوەرەکە بوو بەرامبەر هەوڵەکانی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، ئەمەش دەرفەتێکبوو بۆ ئەوەی بتوانێت پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە گەشەپێبدات.

لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ١٩٧٩ سیاسەتی دەرەوەی ئێران گۆڕانکاری بەخۆییەوە دەبینێت، لە بازنەی سیاسەت و ستراتیجی ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکا دوور دەکەوێتەوە و هەوڵدەدات ئایدۆلۆژیای شیعی بکات بە یەکێک لە بنەما گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی خۆی. دوبارە لە دارشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەیدا ڕەچاوی سیاسەت و ستراتیجی خۆی بکات لە تەواوی کیشوەرەکەدا و بەپێی بارودۆخی ناوچەکانی کیشوەرەکە ستراتیج و سیاسەتی دەرەوەی خۆی دابڕێژێت.(٤) بۆیە لە دوای شۆڕشەوە لە ڕووی سیاسی و ئایدۆلۆژییەوە گرنگییەکی زیاتر دەدات بە وڵاتانی ئەفریقا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە بەشێک لە دانیشتوانەکەی لە پەیڕەوکارانی ئایینی ئیسلام بوون. وەک سوودان و نەیجیریا، کە ئێران هاوکاری سەربازی پێشکەش بەم وڵاتانە دەکرد،(٥) تەنانەت لەکاتی کوتەداکەی وڵاتی سوودان ئێران هاوکاری سەربازیی پێشکەش بە عومەر بەشیر کرد.(٦) لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیی، خومەینی ڕابەری باڵای شۆڕش، دژایەتی خۆی و وڵاتەکەی بۆ سیستەمی ئەپارتایت لە ئەفریقای باشوور ڕاگەیاند، ئەمەش دەرفەتێک بوو بۆ ئێران تا بتوانێت پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم وڵاتەدا گەشەپێبدات و ببێت بە هاوپەیمانییەکی گرنگی ئێران لە کیشوەرەکەدا.(٧) لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران گرووپە ئیسلامییەکانی کیشوەری ئەفریقا بە تایبەت گرووپەکانی ئەفریقای باشوور کەوتنە ژێر کاریگەری شۆڕشی

ئیسلامییەوە و تەنانەت هەندێک لە سەرکردە باڵاکانی ئەو گرووپانە، لە ژێر کاریگەری شۆڕش و خودی ڕابەری باڵا خومەینی بوون بە پەیڕەوکارانی شیعە مەزهەب.(٨)

بەم شێوەیە ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ٩٧٩١ یەکێک لەو ناوچانەی گرنگی پێدەدات، وڵاتانی کیشوەری ئەفریقایە. کرانەوەی ئێران بە ڕووی ئەفریقادا لەو قۆناغەدا دەستپێدەکات و بەردەوام دەبێت، کاربەدەستانی باڵای ئێران بەردەوام گرنگی زیاتر بە پێشخستنی پەیوندییەکانیان لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە دەدەن، بۆ ئەمەش هەوڵدەدەن زۆرترین سەردانی فەرمی بۆ کیشوەرەکە ئەنجام بدەن و ژمارەی کونسوڵخانە و دامەزراوە ئێرانییەکان لە وڵاتانی ناوچەکە زیاتر بکەن. ئێران لە لایەکی دیکەوە لەسەر فەرمانی ڕابەری باڵا ئایەتوڵڵا خومەینی لە ڕێگەی جێبەجێکردنی چەند پرۆژەیەکی هاوکاری بۆ وڵاتانی کیشوەرەکە، توانی هەژموونی خۆی لە کیشوەرەکەدا فراوانتر بکات. لەچوارچێوەی هەوڵەکانی ئێران بۆ گەشەپێدان و فراوانکردنی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە، یەکەمین سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی خامنەیی لە ساڵی ٦٨٩١ لە سەردانێکی فەرمیدا بۆ کیشوەرەکە سەردانی هەر یەک لە وڵاتانی تەنزانیا، ئەنگۆلا، زیمبابۆی، مۆزەمبیق کرد. لە سەردانەکەیدا چەندین ڕێککەوتننامەی ستراتیجی لە نێوانیادا واژووکرا.(٩) بەم شێوەیە بەردەوام کاربەدەستانی باڵای ئێران و خودی سەرۆک کۆمارانی ئەو وڵاتە گرنگی تایبەتیان بە وڵاتانی کیشوەرەکە لە سیاسەتی دەرەوەیاندا داوە و هەوڵیانداوە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو وڵاتانە فراوانتر بکەن. لەم پێناوەدا سەرۆکە یەک لەدوای یەکەکانی ئێران هەوڵیانداوە سەردانی فەرمی بۆ وڵاتانی کیشوەرەکە ئەنجام بدەن و ڕێککەوتننامەی ستراتیجی گرنگ لەگەڵ وڵاتان جێبەجێ بکەن.

عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکەدا فراوان بکات، بەتایبەتی پەیوەندییە ئابوورییەکانی تاران لەگەڵ وڵاتانی تر. لەم پێناوەدا ڕەفسەنجانی چەندین سەردانی فەرمی بۆ وڵاتانی کیشوەرەکە ئەنجامداوە و سەردانی هەریەک لە وڵاتانی سوودان، ئۆگەندا، زیمبابۆی، ئەفریقای باشوور، تەنزانیا و کینیا کردووە. ڕەفسەنجانی لە سەردانەکانیدا لە لایەک ژمارەی کونسوڵخانەکانی ئێرانی لە کیشوەرەکە زیاتر کردووە، لە لایەکی دیکەوە هەوڵیداوە پەیوەندی ئابووری لەگەڵ وڵاتان گەشە پێبدات و قەبارەی هەناردەی ئێران بۆ کیشوەرەکە زیاتر بکات.(٠١)

محەمەد خاتەمی لەگەڵ ئەوەی هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و دراوسێ تاڕادەیەک ئاسایی بکاتەوە، بەڵام وڵاتانی کیشوەری ئەفریقایشی فەرامۆش نەکردووە و هەوڵیشی داوە پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە گەشەپێبدات، لەم پێناوەدا لە ساڵی ٢٠٠٥ لە گەشتێکی فەرمی بۆ کیشوەرەکە سەردانی هەر یەک لە وڵاتانی سیەرلیۆن، ئۆگەندا، زیمبابۆی، نەیجیریا، سەنیگال، مالی و کۆماری بینینی کرد.(١١)

محەمەد ئەحمەدی نەژاد لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا، لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران، گرنگییەکی تایبەتی بە وڵاتانی ئەفریقا داوە. بەردەوام جەختی لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقا کردۆتەوە، ڕایگەیاندووە کە هیچ سنوور و ڕێگرییەک نییە لەبەردەم پێشخستنی پەیوەندییەکانیان. هەروەها خواستی ئێرانی بە وڵاتانی کیشوەرەکە گەیاندووە سەبارەت بە دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقا.(٢١) لەم پێناوەدا ئەحمەدی نەژاد پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ چەندین وڵاتی تری کیشوەرەکە گەشەپێداوەو چەندین سەردانی فەرمی بۆ وڵاتانی ئەفریقا ئەنجامداوە. ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی ٢٠٠٦ بە فەرمی بەشداری لوتکەی یەکێتی ئەفریقای لە وڵاتی گامبیا کرد. لەگەڵ بەشداریکردنی لە لوتکەکەدا سەرکەوتوو بوو لە دروستکردن و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی تاران لەگەڵ گامبیا.(٣١) هەروەها لە سەردانەکانیدا بۆ کیشوەرەکە سەردانی چەندین وڵاتی تری کردووە، پەیوەندییە سیاسی، دیبلۆماسی، سەربازیی و ئابوورییەکانی تارانی لەگەڵ چەندین وڵاتی تری کیشوەرەکە گەشەپێداوە. لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٧ بۆ ٢٠٠٩ سەردانی هەریەک لە وڵاتانی جیبوتی، کینیا، زیمبابوی، سەنیگال و کۆمۆرۆی کرد.(٤١) لە ساڵی ٢٠١٠ جارێکی دیکە سەردانی وڵاتی زیمبابۆی،(٥١) لە ساڵی ٢٠١٣ سەردانی وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەفریقا بەنین، نەیجیر و گانای کرد.(٦١) ئێران لە ساڵی ٢٠١٠ میوانداری فۆرمی ئێران-ئەفریقای کرد کە چل وڵاتی ئەفریقا تێیدا بەشداربوون. لە فۆڕمەکەدا لە لایەک خودی ئەحمەدی نەژاد و لە لایەکی ترەوە سەرکردە و کاربەدەستانی باڵای وڵاتانی ئەفریقا جەختیان لە پێشخستنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی کیشوەرەکە کردبوویەوە.(٧١) لە ساڵی ٢٠١١ سەردانی وڵاتی سوودانی کردووە.(٨١) بەم شێوەیە ئەحمەدی نەژاد یەکێک دەبێت لەو سەرکردانەی کە زۆرترین گرنگی بە وڵاتانی کیشوەرەکە دەدات لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا. بەڵام حەسەن ڕۆحانی

بەراورد بە سەرکردەکانی تری ئێران کەمتر گرنگیداوە بە وڵاتانی ئەفریقا، لەبری وڵاتانی ئەفریقا هەوڵیداوە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا نزیک ببێتەوە و گرژییەکانی نێوان تاران و وڵاتانی ڕۆژئاوا کەم بکاتەوە.(٩١) ئیبراهیم ڕەئیسی بە پێچەوانەی ڕۆحانی گرنگی زیاتری دەدا بە وڵاتانی دراوسێ، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی ئەفریقا. ڕەئیسی پێیوابوو کە جیهان نەبەستراوەتەوە بە ڕۆژئاواوە. بەو مانایەی کە جیهان تەنها بریتی نییە لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. سەبارەت بە وڵاتانی ئەفریقا ڕەئیسی جارێکی تر ستراتیجی ئەحمەدی نەژادی لە وڵاتانی ئەفریقا جێبەجێکردەوە. ڕەئیسی سەرکۆنەی سیاسەت و ستراتیجی وڵاتانی ڕۆژئاوای دەکرد لە ئەفریقا و ئاماژەی بە خواست و هەوڵی ئیستیعماری ڕۆژئاوا دەکرد لە کیشوەرەکەدا. هەروەها لە ڕێگەی ستراتیجی (باشوور – باشوور) هەوڵی دەدا پەیوەندییەکانی ئێران لە ڕووی سیاسی، دیبلۆماسی، بازرگانی و سەربازیی لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە گەشەپێبدات.(٠٢) ڕەئیسی لە تەمووزی ٣٢٠٢ لەسەردانێکی فەرمیدا دەچێتە چەند وڵاتێکی کیشوەرەکە و چەندین ڕێککەوتننامەی ستراتیجی لەگەڵیان واژۆ دەکات، هەروەها جەخت لە بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی کیشوەرەکە دەکاتەوە.(١٢) بەم شێوەیە ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە بەردەوام هەوڵیداوە پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە گەشەپێبدات، ئەویش لە چوارچێوەی کۆمەڵێک ئامانجی ستراتیجی گرنگ کە لە ئێستا و داهاتوودا خزمەت بە هێز و هەژموونی ئێران دەکەن لە ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵە

**ئامانجە ستر اتیجییەکانی ئێران لە ئەفریقا**

لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ساڵی ٩٧٩١ گۆڕانکاری ڕشەیی لە سیاسەت و ستراتیجی ئێران لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەدا ڕوودەدات. ئێرانی دوای شۆڕش بە ئەندازەیەکی گەورە دوور دەکەوێتەوە لە بازنەی ستراتیجی وڵاتانی ڕۆژئاوا، تەنانەت کاربەدەستانی وڵات بە مەبەستی پاراستنی ڕژێمی نوێی ئێران، دەکەونە دژایەتیکردنی فکری ڕۆژئاوایی و سیاسەتی ئەنتی ئیمپریالیزم جێبەجێ دەکەن. لە لایەکی ترەوە هەوڵدەدەن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ کۆمەڵێک ناوچەی نوێی وەک وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای ناوەڕاست و وڵاتانی ئەفریقا گەشەپێبدەن و هاوپەیمانی ستراتیجی نوێ فەراهەمبکەن. خامنەیی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی بەنین و سەرۆکی یەکێتی ئەفریقا لە ساڵی ٢١٠٢، ئاماژەی بە گرنگی وڵاتانی ئەفریقا بۆ ئێران کرد، ڕایگەیاند وڵاتانی ئەفریقا دەکەونە قوڵایی ستراتیجی

ئێرانەوە و بەشێکی گرنگن لە داڕشتنەوەی سیاسەتی دەرەوەی ئێران.(٢٢) لەم ڕێگەیەوە لە لایەک ئایدۆلۆژیای خۆی لە ناوچەکەدا بڵاو دەکاتەوە، لە لایەکی ترەوە بازاڕی نوێ بۆ کاڵای ئێران، ساخکردنەوەی نەوت، زیادکردنی پشتیوانی نێودەوڵەتی بە تایبەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، فراوانکردنی پشتێنەی بەرگری و سووککردنی سزا نێودەوڵەتییەکان لەسەر خۆی لادەبات.

### ستراتیجی ئێران لە وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا

### یەکەم: ئایدۆلۆجی

ئایدۆلۆجیای ئێران لە دوای شۆڕشی ٩٧٩١ گۆڕانکاریی ڕیشەیی بەخۆییەوە دەبینێت و دەبێت بە وڵاتێکی ئیسلامیی و خۆی وەک پارێزەری تەواوی مسوڵمانانی جیهان دەناسێنێت. هەربۆیە هەوڵدەدات سیاسەتی هەناردەکردنی ئایدۆلۆژیای نوێی ئێران و شۆڕشی ئێرانی هەناردەی دەرەوەی سنوورەکانی خۆی بکات.(٣٢) بەپێی ڕاپۆرتێکی (AIC) کە لە ساڵی ٤٨٩١ دا دەرچووە یەکێک لە ئامانجەکانی ئێران لە وڵاتانی ئەفریقا، بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای ئێرانە لە کیشوەرەکەدا.(٤٢) ئێران لەڕێگەی کۆمەڵێک کەناڵی وەک لوبنانییەکانی کیشوەرەکە، بازرگانان، کونسوڵخانەکان و ڕاوێژکارانەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعی دەدات لە وڵاتانی کیشوەرەکەدا. هەروەها ئێران چەندین گرووپ و دامەزراوەی لە وڵاتانی کیشۆرەکەدا دروستکردووە و توانیویەتی لەم ڕێگەیەوە هەم ئایدۆلۆجیای شیعە بڵاوبکاتەوە، هەمیش بەهەزاران هاوڵاتی وڵاتانی کیشوەرەکە ڕاکێشێتە نێو مەزهەبی شیعەوە.(٥٢) ئێران لە ڕێگەی کونسوڵخانە و دامەزراوە دیبلۆماسییەکان، لە لایەک چالاکی جۆراوجۆر ئامادە دەکات، لە لایەکی ترەوە چەندین مزگەوت و ناوەندی ئایینی پەروەردەی لە وڵاتانی کیشوەرەکەدا دەکاتەوە، هەوڵێکی زۆر دەدات بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی پیاوانی ئایینی نزیک لە ئایدۆلۆجیای خۆی.(٦٢) هەروەها لەڕێگەی دامەزراوە، ڕۆژنامە و زانکۆکانەوە هەوڵی بڵاوکردنەوەی زمانی فارسی و بیروباوەڕی شیعە دەدات. لە هەمانکاتدا کارئاسانی دەکات و دەرفەتی خوێندن دەڕەخسێنێت بۆ خوێندکارانی وڵاتانی کیشوەرەکە. ئەمەش فاکتەرێک دەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای خۆی لەلای ئەوخوێندکارانە و پاشانیش هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە.(٧٢) یەکێک لەو وڵاتانەی کیشوەرەکە کە زۆرترین سەرنجی ئێرانی لەسەرە وڵاتی نەیجیریایە. نەیجیریا بەهۆکاری پێکهاتەی کۆمەڵایەتی،

ئایینی و مەزهەبی ناوەندێکی گرنگە بۆ گەشەپێدان و بڵاوەپێکردنی ئایدۆلۆجیای ئێران هەم لە وڵاتەکە و هەمیش لە وڵاتانی تری کیشوەرەکە. بزووتنەوەی ئیسلامی نەیجیریا بە سەرۆکایەتی شێخ ئیبراهیم ئەلزەکزەکی، یەکێکە لەو بزووتنەوانەی کە پەیوەندییەکی تۆکمەی لەگەڵ ئێراندا هەیە و ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە لە وڵاتەکەدا. بەجۆرێک لە دوای شۆڕشی ئیسلامی ٩٧٩١ و لە ژێر کاریگەری ئێران ژمارەی شیعەکانی نەیجیریا بەردەوام ڕوویان لە زیادبوون کردووە.(٨٢)

ئێران لە کیشوەرەکەدا لە ڕووی ئایدۆلۆجیاوە لە ململانێیەکی بەردەوامدایە لەگەڵ سەلەفییەتی سعودییە و سیۆنیزمی ئیسرائیل. ئەم ململانێیەش لە دوای جەنگی ئێران – عێراق، ئێران توندتر دەبێت. ئێران بە مەبەستی سنووردارکردنی هێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت ئیسرائیل و سعودیە هەوڵیداوە لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعی لە وڵاتانی ئەفریقا، گرووپە جوداخوازەکان لەدەوری فیکر و مەزهەبی شیعی کۆبکاتەوە.(٩٢)

وەک ئاماژەی بۆ کرا ئێران بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعە لە وڵاتانی ئەفریقا هەوڵیداوە سوود لەو لوبنانییە شیعانەی کە لە کیشوەرەکەدا دەژین وەربگرێت، هەروەها لەڕێگەی ئەم گرووپانەوە لە گرووپە توندڕەوە سونییەکانی کیشوەرەکە نزیک ببێتەوە لە دژی ئیسرائیل و ڕۆژئاوا بەکاریان بێنێت.(٠٣) یەکێکی تر لەو ڕێگایانەی کە ئێران لە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیاکەیدا بەکاری دەهێنێت هێزی نەرم و دامەزراوە کولتوورییەکانە. یەکێک لەوانە دامەزراوە کولتوور و پەیوەندییە ئیسلامییەکانە (ORCI) کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی کولتوور و بیروباوەڕی شیعی ئێران لە دەرەوە، ئەم دامەزراوەیە چالاکییەکانی لە وڵاتانی کیشوەرەکەدا چڕکردۆتەوە، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای ئێران، ساڵانە بە دەیان مسوڵمانی شیعی کیشوەرەکە وەک گەشت دەنێرێت بۆ شاری قوم.(١٣) کۆنگرەی ئەهلوبەیتی نێودەوڵەتیش یەکێکی دیکەیە لەو دامەزراوانەی کە ئێران لە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای خۆی لە وڵاتانی کیشوەرەکە سوودی لێدەبینێت. ئەم دامەزراوەیە لە زۆرێک لە وڵاتانی کیشوەرەکەدا چالاکی ئەنجام دەدات. هەروەها دامەزراوەی کولتووری ئێران و زانکۆی ئەلموستەفای نێودەوڵەتیش لەو دامەزراوانەن کە لە وڵاتانی کیشوەرەکەدا چالاکی جۆربەجۆر ئەنجام دەدەن. هەموو ئەو دامەزراوانەی ئێران کە لە کیشوەرەکەدا بەشێوەیەکی ئەکتیڤ کاردەکەن، لە ڕێگەی چالاکییەکان و بە تایبەتی بەخشینی دەرفەتی خوێندن بە خوێندکارە لێهاتووەکانی وڵاتانی ئەفریقا سیاسەتی

بە شیعیکردن جێبەجێدەکات.(٢٣) هەروەها ئێران لە ڕێگەی تەلەفیزیۆن و میدیای تایبەت بەخۆییەوە لە کیشوەرەکەدا هەوڵی بڵاوکردنەوەی زمانی فارسی و بیروباوەڕی شیعی دەدات. ناسراوترین و چالاکترین کەناڵی ئێران لە کیشوەرەکەدا، کەناڵی هاوسایە کە لە وڵاتانی ڕۆژئاوای کیشوەرەکەدا بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی پەخشدەکات و بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی ئایدۆلۆجیای ئێران لە وڵاتانی کیشوەرەکەدا.(٣٣)

**دووەم: ئابووری**

ئێران لە دوای شۆڕشی ئیسلامییەوە یەکێک دەبێت لەو وڵاتانەی کە زۆرترین سزای ئابووری دەدرێت لە لایەن ڕۆژئاوا و بەتایبەت ئەمریکاوە. ئەمەش وایکردووە کە ئێران تا ڕادەیەک گۆشەگیر بکرێت، هەر بۆیە ئێران بەردەوام هەوڵیداوە قەرەبووی سزا ئابوورییەکانی ڕۆژئاوابکاتەوە، ئەویش لەڕێگەی گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە، بەتایبەتی وڵاتانی ئەفریقا.(٤٣)

کیشوەری ئەفریقا بە بازاڕە فراوانەکەی و سامانە سروشتییە هەموجۆرەکەی بەردەوام جێگەی سەرنجی ئێران بووە. ئێران پێیوایە کە پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوان تاران و وڵاتانی ئەفریقا پەیوەندییەکی تەواوکارییە هەردوو لایەن دەتوانن لە ڕووی ئابوورییەوە هاوکار و پشتیوانی یەکتربن. ڕێکخراوی جیهادی سازاندەگی کە لە ساڵی ٣٨٩١ دامەزراوە، کارئاسی کردووە بۆ ئێران لە دۆزینەوەی بازاڕی نوێ و بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی تاران لەگەڵ وڵاتانی تری کیشوەرەکە، بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەی مسوڵمانن.(٥٣) لەم پێناوەدا ڕەفسنجانی لەماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا سەردانێکی فەرمی بۆ چەندین وڵاتی کیشوەرەکە ئەنجامدەدات، لە سەردانەکەیدا هەوڵی بەرەوپێشبردنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی تاران لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە دەدات و چەندین ڕێککەوتننامەی ئابووری گرنگ لەگەڵ وڵاتان واژۆ دەکات.(٦٣)

لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاد، کاتێک سزاکانی ڕۆژئاوا لەسەر ئێران توندتر دەبێت، پەیوەندییە ئابوورییەکانی تاران لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە دەبێت بە دەرچەیەکی گرنگ بۆ ئێران تا بتوانێت کاریگەری سزاکانی ڕۆژئاوا لەسەرخۆی کەم بکاتەوە. هەربۆیە لەم قۆناغەدا قەبارەی هەناردەکردنی کاڵای ئێرانی بۆ کیشوەرەکە ڕوو لەزیادبوون دەکات.(٧٣) هەروەها ئێران چەندین ڕێککەوتننامەی ئابووری گرنگ لەگەڵ چەندین وڵاتی کیشوەرەکە واژۆ دەکات، لەم چوارچێوەیەدا ئێران دەست بە کردنەوەی کارگەیەکی دروستکردنی

ئۆتۆمبیلی ئێرانی لە وڵاتی سەنیگال دەکات.(٨٣)

دوای سزا ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەردەمی دۆناڵد ترەمپ، ئێران جارێکی دیکە بۆ دۆزینەوەی دەرچەیەک کە قەبارەی سزا ئابوورییەکان کەم بکاتەوە، ڕوودەکاتەوە وڵاتانی ئەفریقا و هەوڵدەدات پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا ببوژێنێتەوە. لەم چوارچێوەیەدا حوسەین ئەمیر عەبدوڵاهیان وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێران لە وڵاتی تەنزانیا لە کۆبوونەوەی ئابووری نێوان تەنزانیا – ئێران، ئاماژەی بەوەی کرد کە گەشەپێدانی پەیوەندییە ئابوورییەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقا لە پێشینەی سیاسەتی دەرەوەی تاراندایە.(٩٣) هەروەها لە لوتکەی دووەمی ئێران ئەفریقا لە ٢٦-٩٢ نیسانی ٤٢٠٢ کە وەزیری ئابووری ٠٣ وڵاتی ئەفریقا تێدا بەشداربوون، ئیبراهیم ڕەئیسی سەرکۆنەی سیاسەتی ڕۆژئاوای کرد لە کیشوەرەکەدا، ئاماژەی بەوە کرد کە بەردەوام ڕۆژئاوا هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی سەرچاوە سروشتییەکانی ئەفریقایان داوە و تەنها لە بەرژەوەندی خۆیان بەکاریان هێناوە. بەڵام ئێران ئەفریقای لەپێناو ئەفریقا دەوێت و هەوڵدەدات لە چوارچێوەی (قازانج – قازانج) پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە بگەیەنێتە لوتکە. لە لوتکەکەدا بۆ زیاتر پێشخستنی پەیوەندییە ئابوورییەکانی نێوانیان کۆمیتەی هابەشی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکانیان دامەزران.

ئێران لە چوارچێوەی پەیوەندییە ئابوورییەکانی لەگەڵ وڵاتانی کیشوەرەکە، نەوت بە نرخێکی هەرزانتر هەناردەی وڵاتانی دەکات، ئێران دەیەوێت لە لایەک هەژموونی خۆی لەو وڵاتانەدا فراوانتر بکات،(٠٤) لە لایەکی دیکەوە هەوڵدەدات یۆرانیۆمی پێویست دابین بکات. بۆ ئەم مەبەستەیش بەردەوام هەوڵیداوە ڕێککەوتننامەی تایبەت لەگەڵ ئەو وڵاتانە واژۆ بکات.(١٤) دەرئەنجام ئێران لەم ڕێگەیەوە دەتوانێت ببێت بە خاوەنی هەژموونێکی ئابووری فراوان لە چەندین وڵاتی کیشوەرەکە، قەبارەی هەناردەی ئێران ڕوو لەزیادبوون دەکات و تاڕادەیەک دەرچەیەک بۆ دەرچوون لە سزا نێودەوڵەتییەکان دەدۆزێتەوە.

**سێیەم: سیاسی و دیبلۆماسی**

وڵاتانی کیشوەری ئەفریقا لە ڕوانگەی سیاسی و دیبلۆماسییەوە گرنگییەکی تایبەت دەبەخشنە وڵاتان، بەتایبەتی ئێران. ئێران لەدوای شۆڕشی ئیسلامی ساڵی ٩٧٩١ ئێران پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ زۆرێک لە وڵاتانی ڕۆژئاوا دەپچڕێنێت و کەناڵەکانی

دیبلۆماسی کەم دەبێتەوە. بۆیە پێویستە دەکات بۆ شەرعییەتی ڕژێمە نوێیەکە سەرلەنوێ پەیوەندی دیبلۆماسی لەگەڵ چەندین وڵاتی نوێدا ببەستێت. بەپێی ڕاپۆرتێکی (AIC) لە ساڵی ١٩٨٤ زیادبوونی چالاکییەکانی ئێران لە ئەفریقا دەگەڕێنێتەوە بۆ دەستەبەرکردنی زیاتری پشتیوانی نێودەوڵەتی. لەبەر ڕۆشنای ڕاپۆرتەکەی سی ئای ئەی ڕووندەبێتەوە ئێران بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەوڵدەدات لە وڵاتانی ئەفریقا نزیک ببێتەوە و پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسی لەگەڵ ئەو وڵاتانە گەشەپێبدات، بۆ ئەوەی پێگەی نێودەوڵەتی خۆی پێبەهێز بکات.(٢٤) لەم ڕوانگەیەوە دەبینین ئێران بەردەوام هەوڵی زیادکردنی کونسوڵخانەکانی خۆیداوە لە کیشوەرەکەدا، لە ئێستا زیاتر لە ٢٠ وڵاتای کیشوەرەکە کونسوڵخانەی خۆی کردۆتەوە.(٣٤)

یەکێک لە ئامانجە ستراتیجییەکانی ئێران لە ئەفریقا دروستکردنی پەیوەندی دیبلۆماسییە لەگەڵ وڵاتانی ئەفریقا. ئێران دەیەوێت لەڕێگەی ئەم پەیوەندییانەوە پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ خۆی زیاد بکات، بەتایبەتی لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەنجومەنی ئاسایش و ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی جیهانی. ئێران هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەم پەیوەندییانەوە قەبارەی گەمارۆکانی سەرخۆی کەم بکاتەوە، لە لایەکی تریشەوە سوود لەم پەیوەندییانە وەربگرێت سەبارەت بە هەر کەیسێکی تایبەت بە ئێران لە نەتەوە یەککگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش.(٤٤) بەتایبەتی بڕیارەکانی تایبەت بە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران. لەم ڕوانگەیەوە ئێران توانیویەتی پشتیوانی چەندین وڵاتی ئەفریقا بەدەست بهێنێت و دەنگی ئەو وڵاتانە لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێت. بۆ نمونە وڵاتی گابۆن و کینیا لە دژی ئەو بڕیارانە بوون کە تایبەت بوون بە سزاکانی سەر پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران.(٥٤)

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا (لوتی ئەفریقا) بەهۆی گرنگی جیۆستراتیجییەکەی، نزیکییان لە گەرووی بابل مەندوب، کەنداوی عەدەن و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها گرنگی شوێنی جوگرافیاکە لە ڕووی هێڵی گواستنەوەی نەوت، بۆتە جێگەی سەرنجی ئێران، بۆیە هەوڵدەدات لەم وڵاتانە نزیک ببێتەوە و پەیوەندی ستراتیجییان لەگەڵدا گەشە پێبدات، پاشانیش وەک کارتێکی فشار لە دژی ئیسرائیل و وڵاتانی تری عەرەبی بەتایبەتی سعودیە بەکاربێنێت.(٦٤) لەم پێناوەدا ئێران بەردەوام هەوڵدەدات پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا بەتایبەتی

ئەریتریا پێشبخات و هەژموونی سیاسی خۆی لە دەریای سووردا زیاد بکات و بپارێزێت.(٧٤) هەروەها ئێران لە ڕێگەی پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێزە نافەرمییەکانی ئەو ناوچانە بەتایبەتی ئەل شەبابی سۆماڵ، دەتوانێت کەرەستەی سەربازیی بەشێوەیەکی نافەرمی بگوازێتەوە بۆ کیشوەرەکە و لەوێشەوە هاوکارییە سەربازییەکانی بگەیەنێت بە حوسییەکانی یەمەن. (٨٤) ئێران لە بەدیهێنانی ئامانجە ستراتیجییەکانی لە کیشوەرەکەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێک بەربەست دەبێتەوە کە گرنگترینیان، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا، سعودیە و ئیسرائیلە. بەو مانایەی سیاسەت و ستراتیجی ئێران لە وڵاتانی ئەفریقا پێچەوانەی سیاسەت و ستراتیجی ئەم وڵاتانەیە، بە تایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا. لەبەر ئەمەیە کە ئێران لە پەیوەندییە سیاسی و دیبلۆماسییەکانی لەم وڵاتانەدا ڕووبەڕووی ئاڵنگاری دەبێتەوە. (٩٤) تەنانەت لە ژێر فشار و مەترسییەکانی سزاکانی ئەم وڵاتانە چەندین وڵاتی ئەفریقا ناچاربوون لە چەندین ڕێکەوتننامەی گرنگ بکشێنەوە کە لەگەڵ ئێراندا ئەنجامیاندابوو. (٠٥)

## سەرچاوەکان

1- Tamçelik, Soyalıp, 2014, Küresel Politikada Yükselen Afrika, Ankara, Gazi kitabevi, s. xxxi-xxxiii.

2- Vatanka, Alex, 2016, Iran's Awkward Diplomacy in Africa, The National Interest, https://nationalinterest.org/feature/irans-awkward-diplomacy-africa-15571 , 5\7\2024.

3- Caner, Mustafa, 2021, İran'ın Afrika Siyaseti, Kriterdergi Sitesi, https://kriterdergi.com/dosya-afrikada-turkiye/iranin-afrika-siyaseti , 5\7\2024.

4- Toğa, Oral, 2023, İran'ın Afrika Boynuzu'nda Artan Varlığı ve Yemen, İran Araştırma Merkezi, https://iramcenter.org/iranin-afrika-boynuzunda-artan-varligi-ve-yemen-2442 , 15/7/2024.

5- Şanlı, Sare, 2024, İkinci İran Afrika Zirvesi ve İran Afrika Siyaseti, İndependent

Türkçe Sitesi, https://www.indyturk.com/node/722566/t%C3%BCrki%C-C%87yeden-sesler/i%CC%87kinci-i%CC%87ran-afrika-zirvesi-ve-i%C-C%87ran%C4%B1n-afrika-siyaseti , 6\7\2024.
6- Nwanegbo, Jaja & Akpan, Nse Etim, 2017, Iran and Africa: Strategic Cooperation orAwkward Diplomacy?, FUWUKARI Journal of politics and Development, Volume 1, Number 1, p, 15.
7- Şanlı, Sare, 2024, İkinci İran Afrika Zirvesi ve İran Afrika Siyaseti, İndependent Türkçe Sitesi, https://www.indyturk.com/node/722566/t%C3%BCrki%C-C%87yeden-sesler/i%CC%87kinci-i%CC%87ran-afrika-zirvesi-ve-i%C-C%87ran%C4%B1n-afrika-siyaseti , 6\7\2024.
8- Yaşa, Feyza, 2022, Güney Afrika'da İran'ın Şiî Politikasının Etkileri: el-Cihad ve Kıble Hareketleri, Turkish Journal of Shiite Studies, Cilt / Volume: 4 Sayı / Issue: 1, s. 119.
9- Caner, Mustafa, 2021, İran'ın Afrika Siyaseti, Kriterdergi Sitesi, https://kriterdergi.com/dosya-afrikada-turkiye/iranin-afrika-siyaseti , 5\7\2024.
10- Sarı, İsmail, 2023, İran'ın Sahraaltı Afrika'da Yumuşak Güç Stratejileri, Oratdoğu Analiz Dergisi, Cilt 14, Sayı 129, s. 17-18.
11- Şeker Talha, Cafer, 2017, İran'ın Afrika Politikası ve Kaşılaşan Zorluklar; Ahmedinejad Döneminde 2005 – 2013, İran Çalışmalar Dergisi, Cilt 1, Sayı 1, s. 89.
12- Alizada, Nazrin, 2018, Siyasi Manevra Stratejisi Bağlamında İran'ın Afrika Açılımı, ankara Kriz ve Siyaset Araştırma Merkezi, Yayın No 26, s. 8.
13- Şeker Talha, Cafer, 2017, İran'ın Afrika Politikası ve Kaşılaşan Zorluklar; Ahmedinejad Döneminde 2005 – 2013, İran Çalışmalar Dergisi, Cilt 1, Sayı 1, s. 90.
14- Keynoush, Banafsheh, 2021, Revolutionary Iran's Africa Policy, King Faisal Center For Research and Islamic Studies, Special Report, p, 21.
15- Voise America, 2010, Iran's Mahmud Ahmadinejad Visits Zimbabwe, https://www.voanews.com/a/iran-zimbabwe-presidents-to-sign-bilateral-trade-agreements-91804124/154212.html , 7\7\2024.
16- BBC Nwes, 2013, Iranian leader Ahmadinejad›s West Africa tour defended, https://www.bbc.com/news/av/world-africa-22193136 , 7\7\2024.
17- Aljazeera News, 2010, Iran-Africa trade meeting begins, https://www.aljazeera.com/news/2010/9/15/iran-africa-trade-meeting-begins , 7\7\2024.
18- Keynoush, Banafsheh, 2021, Revolutionary Iran's Africa Policy, King Faisal Cen-

ter For Research and Islamic Studies, Special Report, p, 21.
19 Topçu, Muhammed, 2022, İran'ın Afrika'daki Yol Ayrımı, https://www.akem.org.tr/post/analiz-i-ran-%C4%B1n-afrika-daki-yol-ayr%C4%B1m%C4%B1 , 8\7\2024.
20- Rauf, Hüda, 2022, Jeopolitik önceliklerini değiştiren İran dış politikasında yeniden Afrika'ya odaklıyor, Şarkul Avsat Sitesi, https://turkish.aawsat.com/home/article/3438141/jeopolitik-%C3%B6nceliklerini-de%C4%9Fi%C5%9Ftiren-i%CC%87ran-d%C4%B1%C5%9F-politikas%C4%B1nda-yeniden-afrika%E2%80%99ya , 8,7,2024.
21- Iran International Newsroom, 2023, Iran›s President Visits Africa To Claim Some Success, https://www.iranintl.com/en/202307122027 , 8\7\2024.
22- Karaoğlu, Orhan, 2022, Dini Diplomasi ve Şiileştirme Bağlamında İran'ın Afrika'daki Faaliyetleri: Fas, Tunus, Cezayir Örneği, Türkiye Ortadoğu Dergisi, Cilt 9, Sayı 2, s. 147.
23- Cleveland, L, William, 2008, Modern Ortadoğu Tarihi, Çev: Mehmet Harmancı, İstanbul, Agorakitaplığı, s. 297.
24- Directorate of Intelligence Report, Sub-Saharan Africa Growing Iranian Activity (US: CIA, December 1, 1984).
25- Karaoğlu, Orhan, 2022, Dini Diplomasi ve Şiileştirme Bağlamında İran'ın Afrika'daki Faaliyetleri: Fas, Tunus, Cezayir Örneği, Türkiye Ortadoğu Dergisi, Cilt 9, Sayı 2, s. 149-155.
26- Sarı, İsmail, 2023, İran'ın Sahraaltı Afrika'da Yumuşak Güç Stratejileri, Oratdoğu Analiz Dergisi, Cilt 14, Sayı 129, s. 18.
27- Rauf, Hüda, 2022, Jeopolitik önceliklerini değiştiren İran dış politikasında yeniden Afrika'ya odaklıyor, Şarkul Avsat Sitesi, https://turkish.aawsat.com/home/article/3438141/jeopolitik-%C3%B6nceliklerini-de%C4%9Fi%C5%9Ftiren-i%CC%87ran-d%C4%B1%C5%9F-politikas%C4%B1nda-yeniden-afrika%E2%80%99ya , 18/7/2024.
28- Toprak, Kenan, 2021, Nijerya'ya Şiiliğin Girişi ve Yayılmasında/Gelişiminde İran'ın Rolü, Africania-İnönü Üniversitesi Uluslararası Afrika Araştırmaları Dergisi, Cilt 1, Sayı 2, s. 39-40.
29- Karaoğlu, Orhan, 2022, Dini Diplomasi ve Şiileştirme Bağlamında İran'ın Afrika'daki Faaliyetleri: Fas, Tunus, Cezayir Örneği, Türkiye Ortadoğu Dergisi, Cilt 9,

Sayı 2, s. 146.

30- Çomak, Hasret & Sancaktar, Caner & Çınar, Huriye Yıldırım, 2017, Afrika Politikası 21. Yüzyılda Güvenlik, Refha ve Demokrasi Arayışı, İstanbul, İnkılap Kitabevi, s. 780-781.

31- eker Talha, Cafer, 2017, İran'ın Afrika Politikası ve Kaşılaşan Zorluklar; Ahmedinejad Döneminde 2005 – 2013, İran Çalışmalar Dergisi, Cilt 1, Sayı 1, s. 104. Mari, Najla, 2017, Iran in the Face of yhe International Scramble for Africa, JOURNAL FOR IRANIAN STUDIES, Year 1, issure 2, p, 64-66.

32- Yiğit, Recep, 24,5,2024, Mezhepsel sıkışmışlığın arasında Afrika, https://www.yirmidort.tv/dunya/mezhepsel-sikismisligin-arasinda-afrika-180160 , 20/7/2024.

33- Şanlı, Sare, 2024, İkinci İran Afrika Zirvesi ve İran Afrika Siyaseti, İndependent Türkçe Sitesi, https://www.indyturk.com/node/722566/t%C3%BCrki%CC%87yeden-sesler/i%CC%87kinci-i%CC%87ran-afrika-zirvesi-ve-i%CC%87ran%C4%B1n-afrika-siyaseti , 6\7\2024.

34- Yaşa, Feyza, 2022, Güney Afrika'da İran'ın Şiî Politikasının Etkileri: el-Cihad ve Kıble Hareketleri, Turkish Journal of Shiite Studies, Cilt / Volume: 4 Sayı / Issue: 1, s. 105.

35- Çomak, Hasret & Sancaktar, Caner & Çınar, Huriye Yıldırım, 2017, Afrika Politikası 21. Yüzyılda Güvenlik, Refha ve Demokrasi Arayışı, İstanbul, İnkılap Kitabevi, s. 781

36- arı, İsmail, 2023, İran'ın Sahraaltı Afrika'da Yumuşak Güç Stratejileri, Oratdoğu Analiz Dergisi, Cilt 14, Sayı 129, s. 17-18

37- Karaoğlu, Orhan, 2022, Dini Diplomasi ve Şiileştirme Bağlamında İran'ın Afrika'daki Faaliyetleri: Fas, Tunus, Cezayir Örneği, Türkiye Ortadoğu Dergisi, Cilt 9, Sayı 2, s. 147.

38- eker Talha, Cafer, 2017, İran'ın Afrika Politikası ve Kaşılaşan Zorluklar; Ahmedinejad Döneminde 2005 – 2013, İran Çalışmalar Dergisi, Cilt 1, Sayı 1, s. 104.

39- Aydın, Hasan, 2018, İran'ın Afrika'daki Sessiz Yürüyüşü ve Karşısındaki Engeller, Afrika Araştırmacılar Derneği, Iranin_Afrikadaki_Sessiz_Yuruyusu_ve_Kar.pdf , 7/7/2024.

40- Aydın, Hasan, 2018, İran'ın Afrika'daki Sessiz Yürüyüşü ve Karşısındaki Engeller, Afrika Araştırmacılar Derneği, Iranin_Afrikadaki_Sessiz_Yuruyusu_ve_Kar.pdf , 7/7/2024.

41- Çomak, Hasret & Sancaktar, Caner & Çınar, Huriye Yıldırım, 2017, Afrika Politikası 21. Yüzyılda Güvenlik, Refha ve Demokrasi Arayışı, İstanbul, İnkılap Kitabevi, s. 781-782.

42- Directorate of Intelligence Report, Sub-Saharan Africa Growing Iranian Activity (US: CIA, December 1, 1984).

43- Şahin, Mehmet; Seyedi Asl, Seyedmohammad, 2020, İran Dış Politikasında Kamu Diplomasisinin Kullanımı, Ortadoğu Etütleri, 12-1, s. 175.

44- Çomak, Hasret & Sancaktar, Caner & Çınar, Huriye Yıldırım, 2017, Afrika Politikası 21. Yüzyılda Güvenlik, Refha ve Demokrasi Arayışı, İstanbul, İnkılap Kitabevi, s. 780.

45- Alizada, Nazrin, 2018, Siyasi Manevra Stratejisi Bağlamında İran'ın Afrika Açılımı, ankara Kriz ve Siyaset Araştırma Merkezi, Yayın No 26, s. 11-12.

46- Aydın, Hasan, 2018, İran'ın Afrika'daki Sessiz Yürüyüşü ve Karşısındaki Engeller, Afrika Araştırmacılar Derneği, Iranin_Afrikadaki_Sessiz_Yuruyusu_ve_Kar.pdf , 7/7/2024.

47- Alizada, Nazrin, 2018, Siyasi Manevra Stratejisi Bağlamında İran'ın Afrika Açılımı, ankara Kriz ve Siyaset Araştırma Merkezi, Yayın No 26, s. 12.

48- Şanlı, Sare, 2024, İkinci İran Afrika Zirvesi ve İran Afrika Siyaseti, İndependent Türkçe Sitesi, https://www.indyturk.com/node/722566/t%C3%B-Crki%CC%87yeden-sesler/i%CC%87kinci-i%CC%87ran-afrika-zirvesi-ve-i%C-C%87ran%C4%B1n-afrika-siyaseti , 6\7\2024.

49- Mari, Najla, 2017, Iran in the Face of yhe International Scramble for Africa, JOURNAL FOR IRANIAN STUDIES, Year 1, issure 2, p, 60-62.

50- Topçu, Muhammed, 2022, İran'ın Afrika'daki Yol Ayrımı, https://www.akem.org.tr/post/analiz-i-ran-%C4%B1n-afrika-daki-yol-ayr%C4%B1m%C4%B1 , 8\7\2024.

## مێزگرد

# ئێرانناسی




ئێرانناسی وەک ئەزمونێکی نوێ لەم وەرزەی کارکردنی خۆیدا، هەڵبژاردنەکانی ئێرانی کردە بابەتی مێزگردێکی سیاسی. ئەم گفتوگۆ چڕە بارودۆخی هەنووکەیی ئێرانی خستووەتە بەردید و گۆشەنیگای پسپۆرانی بواری ئێرانناسی، بە ئامادەبوونی هەریەک لە بەڕێزان: د.هەردی مەهدی، د. یاسین طە، م. ئەژی ئازاد و م.بارام مەجیدخان و بەڕێوەبەری میزگرد؛ د.هەورامان فەریق.

# مێزگردێک سەبارەت بەهەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی لە ئێران




د.هەردی مەهدی
شارەزای کاروباری ئێران



د. یاسین طە
شارەزای کاروباری عێراق



م. ئەژی ئازاد
شارەزای کاروباری ئێران



م.بارام مەجید خان
شارەزای کاروباری ئێران



د.هەورامان فەریق
بەڕێوەبەری مێزگرد

وەرزنامەی ئێرانناسی

**- بەڕێزان تەوەرەکەمان سەبارەت بە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی ئێران و سەرۆک کۆماری ئەمجارەیە، چی و ایکرد ئیسلاحییەکان هەلێکیان پێ بدرێت و بێنە پێشەوە؟ دوو بۆچوونی سەرەکی هەیە، بۆچوونێک پێیو ابوو کە پزشکیان دەنگ ناهێنێت بەکاریان دەهێنین بۆ کۆکردنەوەی دەنگی خەڵک. بۆچوونی دووەم پێیانو ابوو پزشکیان دەنگ دەهێنیت، هەم بە هۆی دۆخی ناوخۆیی و دەرەکییەوە ڕێژەی دەنگدانی پێ زیاد دەکەین.**

- بارام مەجیدخان ڕیالیستەکان لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، تێزێکیان هەیە باسی پەیوەندی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە دەکات. سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆ لە ئێرانی ئێستا لە پەیوەندیدان هەمیشە ئەو حکومەتانەی لە ئێران هاتوونەتە سەرکار هەوڵیانداوە لەگەڵ هەلومەرجی نێودەوڵەتی بگونجێن، هەندێکجار گۆڕانکاری لە هەلومەرجی نێودەوڵەتی وایکردووە کە ئێران ڕووخساری خۆیی بگۆڕێت. ئەگەر سەیری پێکهاتەی حکومەتەکانی ئێران بکەیت بە تایبەتی لە دوای هاشمی ڕەفسەنجانییەوە لە حوکمداری لە ئێراندا تەقریبەن هاوسەنگیی تێکچووە، هەلومەرجی نێودەوڵەتی وایانخواست ئێران لەگەڵ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ مەسەلەی مەلەفی نەوەویی مامەڵە بکات.

ئاراستەی حکومەتەکانی ئێران لە سەردەمی هاشمی ڕەفسەنجانی تا ئێستا دوو دەرەنجامی قووڵی بەجێهێشتووە: یەکەم سوپای پاسداران وەک کاراکتەری سیاسی لە ئێران دەرکەوت و زیاتر لە ڕۆڵی سەربازی توانی ڕۆڵی سیاسیش ببینێت. دووەم لەگەڵ ئەوەی حاکمیەتی سیاسی لە ئێران هەوڵیداوە کە دەسەڵاتی خۆی بە قازانجی باڵی نەریتخواز جێگیر بکات، بەڵام بۆیان نەچووە سەر.

هەلومەرجی نێودەوڵەتی ئێستا کەوتووەتە قۆناغێکی ترەوە. هێزی ئەمریکییەکان و ڕووسەکان و شەڕی ئۆکرانیا و شەڕی غەززە، هەموو ئەمانە وایکرد کە چیدی باڵی نەریتخواز وەڵامدەرەوەی خواستی هاووڵاتییان نەبێت. ئەو بارودۆخەش فشارێکی ئابووریی زۆر لەسەر خەڵک دانابوو، هاتنی پزشکیان زۆر بە وردی و بە بەرنامەبوو بۆ دەربازبوون لەو قەیرانانەی کە ئێرانی تێکەوتووە.

کاری حکومەتی ئوسوڵگەرانی ئێران بە دەرەجەیەک کەم ڕەنگ بووە، کە لە هەڵبژاردنی نێوخولی (میان دورەیی) هەڵبژاردنی پەڕلەمانی ئێران ڕێژەکەی گەشتبووە ٧٪. واتە ئەمە

ئیتر دەبێت ڕژێمەکە بڕوخێت بەو ڕێژە دەنگدانە، ئەوان زیرەکانە هاتن کارێك بکەن، کە هەم پزشکیان بتوانێت بەشێک لە هەیکەلی ڕەوتی ئیسڵاحیی لەگەڵ خۆی بهێنێت، هەم ڕێژەی بەشداری خەڵک بەرەو هەڵکشان ببات.

ئەمە وایکرد ڕێژەی دەنگدانەکە بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران لە قۆناغی یەکەمدا بگاتە ٤٠٪ لە قۆناغی دووەمدا بگاتە نزیکەی لە (٥٠٪)، بۆیە ڕێبەر لەمەدا چەند ئاماجێکی پێکا.

پێگەی سەرۆکایەتی کۆمار لە ئێراندا بۆ کاندیدی ڕابەری داهاتوو لەبەرئەوەی کەسی دووەم، واتە سەرۆك کۆمار شوێنگەیەکی گرنگ و حەساسە، ئەگەر سەرۆك کۆمارەکەی مەلا بێت ئۆتۆماتیکی پێگەکەیان کاریگەری لەسەر دانانی ڕاهبەری(ڕێبەری) یان سەرۆک کۆمار وەک کەسی دووەم، یەکێکە لە کاندیدەکان بۆ ڕابەرایەتی داهاتوو. پاسەوانی دەستوور بەربژێرە زیرەکەکانی دیاریکرد. سەرۆك کۆمار، چیدی وەک هەڕەشە نابێت بۆ دیاریکردنی ڕابەر لە داهاتوودا.

ئامانجێکی تر لە دیاریکردنی ئەم بەربژێرانە سوودی ئەوەیان لێبینی، کە جاریکیتر هەناسەیەك بە حکومەتەکەیان و ڕیفۆرمێکی نوێ لە ئێران بدەنەوە. نیوڕیفۆرمیستەکان، باوەڕیان بە ململانێ و بەریەککەوتن لەگەڵ ڕژێم و دەزگای کۆماری ئیسلامیی و ڕابەریی نییە، بەڵکو دەیانەوێت لەژێر چەتری ڕابەریدا ئەو پێگانەی دەسەڵات کە لەدەستیانداوە جارێکیتر هێواش هێواش هێور ببێتەوە بەبێ ململانێکردن لەگەڵ ڕابەری کۆماردا، تا بزانن دەتوانێت بەم پرۆسەیەدا بڕوات یان نا!!

**- ئایا بۆ ئەم ڕژێمە کەسێکی وەک لاریجانی باشتر نەبوو؟ چونکە خۆی وەک ڕیفۆرمخواز نیشاندەدا، هەرچەندە ڕیفۆرمخوازەکان بە بەشێک لە خۆیانی نازانن.**

د. هەردی مەهدی: ئەم هەڵبژاردنە هەڵبژاردنێکی پیشوەختبوو، واتە لە ئەنجامدانیدا پەلەی تێداکرا، بۆیە هەندێک لە هاوکێشە و حساباتی نیزامی گۆڕی لەوەی کێ ببێتە پێشەوە کێ نەیەتە پێشەوە.

دوو پرس لێرەدا گرنگە، یەکەم: کاتی خۆی کە ئیبراهیم ڕەئیسی دانرا ئامانج یەکدەستکردنی نیزام و حکومەت بوو، ئەمە دیدی ئەو گرووپە ئامانجەگەرایە توندئاژۆیە بوو کە باوەڕیان وابوو ڕژێم گرنگترە لە کۆمەڵگە و خەڵک، بۆ ئەوەی ڕژێم بمێنێت دەبێت قۆناغی گۆڕینی ڕابەری ئایندەی ئێران زامن بکەن.

دووەم: قۆناغی ئێستای ڕژێمی ئێران قۆناغی چلی دووەمیەتی، دەیانەوێت ئەم چل ساڵی دووەمە بە پێی ئامانجەکانی شۆڕشی ئیسلامیی بەڕێوەبەرن. پێویستیان بەوەبوو کە لەناو ڕژێمدا کێشە نەبێت، هەرچەندە ئێران وەک وڵاتێک لە جیهاندا ئەم پرسە بە ناچاریی پێیەکی لە نێو سیاسەتی جیهانییدایە هەیە لە نێو پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندایە و ناچار دەبێت لەگەڵ دەرەوەشدا خۆی بگونجێنێت. ئامانجگەراکانی نێو کۆماری ئیسلامیی پێیانوابوو سەرکەوتن لەم قۆناغە ڕاگوزەرەدا هەمیشە لەیەک دەستکردنی ڕژێمدا دەبێت، بەڵام دەرکەوت ئەم دیدە زۆری نەبرد و بەسەر خۆیاندا شکایەوە.

مەرج نییە هەموو یەکدەستکردنێت نیشانەی سەرکەوتن بێت، بۆ نمونە، لە ساڵی ٢٠١٠ و ٢٠١١ کۆنگرەی حزبی حاکمی میسر دەستی بەسەر کۆی جومگەکانی میسردا گرت و لە کۆنگرەکەشیدا بە ڕەهایی موبارەک دەسەڵاتی بێ ڕکابەر بوو، هەموو خەڵک وایدەزانی هەموو میسر لەگەڵ حوسنی موبارەکدایە و بۆ هەمیشە دەمێنێت و کێشەی ئۆپۆزسیۆنی نەهێشتووە، بەڵام ساڵێکی نەبرد ئەو شۆڕشە ڕەنگییەی شوباتمان بینی کۆی ڕژێمەکەی هەڵگێڕایەوە. یەکدەستکردنی حکومەت هەمیشە نیشانەی سەرکەوتن نییە. بەڵام هەڵبژاردنی پێشوەخت و مردنی ڕەئیسی ئەم بەرنامەیەی لە ئامانجگەراکان تێکدا. بۆیە دەگەڕێمەوە سەر ئەو خاڵەی پەلەپەلی تێداکراوە. بۆیە کێشەکە گۆڕدرا و لە بری ئەوەی بیر لە ڕێبەری ئایندە بکەنەوە ناچار بیریان لە سەرۆک کۆماری نوێ کردەوە.

یەکەم؛ لە ماوەی دەوڵەتی یەکەمی ڕۆحانییەوە تا ئێستا کۆمەڵێک شت ڕوویدابوو کاریگەری لەسەر بۆچوونی خەڵک دروستکرد بە جۆرێک خەڵکی خستە دۆڵێکەوە و ڕژێم بەسەرجەم پیکهاتەکانییەوە خستە دۆڵێکی ترەوە. تەنانەت کۆمەڵگەی ئێرانی ڕەوتی ڕیفۆرمخوازیشی تێپەڕاند، دروشمەکانی هەر دوو خۆپیشاندانی پێشتر و دوا خۆپیشاندانی «ژن ژیان ئازادی» و ژینا ئەمینی، دروشمێکی زۆر سادەیان هەبوو، کە دەیانوت ئیتر شتێک نەما بە ناوی ڕیفۆرم و توندئاژۆوە هەموو یەکن، شتێک نەماوە بەناوی ئوسوڵگەرا و ئیسڵاحییەوە، بۆچی ئەمە ڕوویدا؟ لەو ساڵانەی کۆتاییدا لە پرسی گەندەڵیدا بەڕاستی زۆرترین گەندەڵی لای ڕیفۆرمخوازەکان بوو بەتایبەت لە حکومەتی ڕۆحانیدا، چەند کەسێکی زۆر نزیکبوون، کۆمەڵێک دۆسیە بڵاوبوویەوە کە دەرکەوت ئیسڵاحییەکان ئەمانە ئیسلاحییەکانی ڕاستەقینە نین. تەنها شوێنگۆڕینی کۆمەڵێکی ئوسوڵگەرایە بە گرووپێکی بەرژەوەندیگەرای نێو خودی نیزام نەک ئۆپۆزسیۆن.

ئەمانە ئێستا بە ناچاری وەک ڕیفۆرمخواز خۆیان دەردەخەن چونکە کەس لە مەیدانەکەدا نەماوە، ئەگینا لەسەردەمی خاتەمیدا ڕەفسنجانی بەرامبەر خاتەمی بوو، ئەو هەشت ساڵەی خاتەمی ئەو لە باڵی بەرامبەر بوو، لەم ساڵانەی دوایدا بە هۆی هەڵوێستیانەوە باوەڕی خەڵک بە ئیسڵاحییەکان بەو شێوە نەماوە کە ئاراستەیەکی چاکسازیخواز بن و ڕزگارکەر بن، بەڵکو گرووپێکی سیاسیی زیاتر نین.

لە پرسی ئەوەشدا ئایا لاریجانی بۆ نەبووەتە بەدیل و نایەتە پێشەوە، براکەی کە سادق لاریجانییە خۆی دانابوو بۆ ڕێبەڕایەتی ئایندە، بەڵام دۆسێکانی ئەم دواییەی پلانەکەیان خست. خێزانی لاریجانی خێزانێکی (خۆشەویست) نین لە بەیتی ڕێبەریی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لەباوکیانەوە کاتی خۆی ململانێ و وردە ناکۆکی هەبووە، جگە لەخۆی لە ململانێی ئەم سێ برایە لاریجانی تا ئێستا ناتوانین لەسەر ئیسلاحییەکان حیسابی بکەین و ناتوانی لەسەر کەسێکی ڕادیکاڵی حیساب بکرێت هەروەک چۆن توندئاژۆکانیش خۆشیان ناوێت.

خودی عەلی لاریجانی کاتێک کە سەرۆکی سەدا و سیما بووە، هەموو ئەو ئیملائاتەی لە ڕێبەر و لە ڕژێمەوە هاتووە هەمووی جێبەجێکردوە، دژی هەموو ئەو هاوڕێیانەی بووە کە ئێستا لەبەرەکەیاندایە لە موسەوییەوە تا خاتەمی. دۆسیەیەکی زۆرجوانی نییە، لەبەرئەوە لاریجانی نەیتوانی لەو حاڵەتدا، چونکە جەماوەری نییە لاریجانی بەناوبانگە بەوەی کە بتوانێت جەمسەرەکان کۆبکاتەوە، بەڵام جەماوەریی نییە، بەڵام ناتوانێت دەنگی خەڵک بە دەست بهێنێت و لیستی لاریجانیمان نییە لە پەرلەماندا هەمیشە بە لۆبی بازی ناو پەرلەمان بووەتە سەرۆکی پەرلەمان کەواتە بە لیست نەبووەتە سەرۆکی پەرلەمان بەڵکو بە لۆبیسازی و تۆڕگەرایی بووە.

خاڵێکی تر خەڵکی ئێران کێی دەوێت ئەوە گرنگە. ڕێبەر لەناو وتاری هەینیدا دەڵێت: کۆمەڵگەیەک لە سەدا ٤٠٪ بۆ ٥٠٪ کەمتر دەنگ بهێنێت ئەو حکومەتە شەرعییەتی نییە، ڕێک لەم سێ هەڵبژاردنەی ڕابردوو، وردەوردە بەرەو ئەوە دەڕوات خەڵک تاقەتی نامێنیت، چونکە لە ئێراندا هەڵبژاردن بۆ خزمەتگوزاری نییە، هەڵبژاردن بۆ بەیعەتدانە بە ڕژێم، واتە خزمەتگوزاری زۆر ناگۆڕێت، مافی پێکهاتە ئاینییەکان ناگۆڕێت، مافی بەشداری سیاسی ناگۆڕێت، لانی کەم سەیری کە لەو هەشت ساڵەی ڕۆحانیدا، نەیانتوانی کەمترین ئازادی بۆ موسەویی هاوڕێیان دابین بکەن و دۆخی بگۆڕن.

ئەم هەڵبژاردنانە بۆ ئەوەیە شەرعییەت تازە بکەنەوە. خامنەیی یەک ئامانجی هەیە لەم هەڵبژاردنانە، ئەویش ئەوەیە جەمسەرەکانی ڕژێم ئاشتبکاتەوە و خەڵک بچنە سەر سندوق و تەنووری هەڵبژاردن گەرم بێت. لەم بابەتەدا ڕای خامەنەیی جیابوو لەگەڵ جەبهەی پایەداری و توندئاژۆ ڕادیکاڵەکان. خامەنەیی خۆی بۆی دەرکەوت ئەگەر ئاوا ڕژێم بەجێ بهێڵێت ڕیبەری دوای ئەو ناتوانێت درێژە بە حکوم بدات و خەڵک لەمە زیاتر تووڕە دەبێت، لەم پێنج ساڵەی دوایدا سێ جار خۆپیشاندانی بەهێز هەبووە، بۆیە تەنها یەک ئامانجی هەبوو لە خولی یەکەم و دووەمی ئەم هەڵبژاردنە کە بریتیبوو لە گەرمکردنی تەنووری هەڵبژاردن، بۆ ئەوەی خەڵک بێتە سەر سندوقەکانی دەنگدان.

شتێکی تریش هەیە پەیوەندی بە ڕەچەڵەکی نەتەوەیی پزیشکیانەوە هەیە، کە هاوکاری بوو بۆ دەرچوون، لەم ساڵانەی دواییدا پرسی پێکهاتەی تورکی ئازەری زۆر گەشەیکردوە و دوور نییە سەربکێشێت بۆ جیاخوازی، تەنانەت شورای نیگەهبان بە جۆرێک ئیتیخاباتی ورمێی دیزاین کرد کوردەکان دوای سی بۆ چل ساڵ هاتنە پێشەوە و بوونەوە پەرلەمانتاری ورمێ، ئەم پاسدانە بە کورد لە پەرلەماندا کوردی تۆزێک لەوێدا ئاشتکردەوە، بەڵام پاسدانی ڕژێم بە ئازەرییەکان ئەوە بوو ببنە سەرک کۆمار، ئەمە دەتوانێت ئازەرییەکان لەو تووڕەییە فراوانەی هەیانە لە ئازەربایجان و ئەردەبیل و ئەو شوێنانە کەمێک هێور بکاتەوە.

ئەڵبەت ئەوەش ڕەچاو بکەین کە لە سەداسەد هەموو شتێک خامینەیی نییە، بۆ نمونە گروپی جەنراڵە پڕۆڕووسییەکانی نێو سوپامان هەیە ئەمانە هەژموونیان لە حوکمڕانی و سوپادا هەیە، هەندێ شتیش پەیوەندی بە خامینەیەوە نییە، پەیوەندی فیقهی سیاسی شیعە و شەرع و شەریعەت و ئەو جۆرە شتانەوە هەیە کە دەسکاریکردنیان ئاسان نییە، وەک لەچک و مافی سوننە و مافی ژن.

**- یەکێك لەو پرسیارانەی دوای ئاشکرابوونی ناوی کاندیدە شیاوەکانی سەرۆك کۆماریی، لێکدانەوەی زۆری بۆ کرا، هۆکاری ڕەتکردنەوەی شیاوێتی «عەلی لاریجانی» بوو؛ کەسێکی نزیك لە ڕابەری ئێران و ئوسوڵگەرایەکی میانڕەو، ئایا بۆ نیزام جەلیلی کاندێدێکی گونجاوتر نەبوو؟**

م. ئەژی: وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت، هۆکاری هاتنەپێشەوەی پزشکیان ڕوون بکاتەوە. پێش ئەوەی وەڵامی سەرەکی بدەمەوە، هەندێك ئاماژە و کۆد هەبوون کە لە وەڵامی سەرەکی

نزیکی دەکردەوە. بۆ نمونە عەلی موتەهەری (خەزووری لاریجانی) لە تویتێکدا ئاماژەی بەوە کردووە کە نەیانویستووە «دەوڵەتی سێیەمی ڕۆحانی» دروست ببێتەوە. هەروەها بەپێی هەندێ زانیاری، لە کاتی گفتگۆکانی ئەندامانی ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور سەبارەت بە شیاوێتی لاریجانی، دەنگە ئەرێنی و نەرێنییەکان ١٢ ئەندامەکە، شەش بە شەش بووە، واتا لاریجانی زۆر نزیکبووە لەوەی ڕێگەی پێ بدرێت، بەڵام دواتر لایەنی نارازی، قسەی خۆیان سەپاندووە. جگە لەمە، لاریجانی خۆیشی لە شوێنێکدا دەڵێت لە هەندێ شوێن و ناوەندەوە، چرای سەوزیان بۆ هەڵکردبووم، بەتایبەتی کە لاریجانی بە بەراورد بە کاندیدەکانی دیکە بە بەرنامەتر هاتە نێو پرۆسەکەوە، هیچ کاندیدێکی دیکە وەک ئەو نەبوون، تەنانەت پێش ئەوەی ئەنجامی کۆتایی کاندیدە شیاوەکان ڕابگەیەنرێت، لاریجانی خەریکی بانگەشە بوو، ژمارەیەکی تەلەفۆنی (هاوشێوەی ئۆباما) بۆ گوێگرتن لە ڕەخنە و تێبینییەکانی خەڵك ڕاگەیاندبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، بۆچوونم ئەوەیە کە چ لاریجانی و تەنانەت جەلیلی، بۆ ئەم قۆناغە، کاندیدی پەسەند کراوی نیزام نین. هەم لاریجانی و هەم جەلیلی بە هۆی ئەزموونی دوور و درێژیان لە ناوەند و دەزگا هەستیارەکان، لەگەڵ خۆیاندا دامەزراوەیەك (تشکیلات) دەهێننە نێو حکومەتەوە، کە دواتر کۆنترۆڵکردنیان بۆ نیزام ئاسان نابێت، بەتایبەتی کە تەشکیلاتی لاریجانی لە ڕۆحانییەوە نزیکە، چەند ساڵێك لە ناو سوپا و پەرلەمان و میدیای فەرمی وڵات بووە، دام و دەزگای بۆ خۆی دروستکردووە، کەسەکانی دەوروبەری دیارن، کۆنترۆڵکردنی ئەم کەسانە ئاسان نییە، بۆ جەلیلیش وایە. بۆیە من هەر لە سەرەتاوە پێموانەبووە، جەلیلی کاندیدی گونجاوی ڕژێم بێت، چونکە ئەمانە بۆ ئەم قۆناغە مەترسیدارن، تەنانەت بۆ نیزامیش، چونکە ئەمانە چاویان لە حاکمییەتیش هەیە، بۆ نمونە یەکێك لە ئەندامە دیارەکانیان وتبووی، ئێمە تەنها بە کابینە و پەرلەمانەوە ناوەستین، بەڵکو دەمانەوێت ئەم دەوڵەتی سێبەرە بگەیەنینە حاکمیەتیش، واتە تەنیا بەوە قایل نین کە چاودێری دەوڵەت بکات. هەروەها دوای شکستیان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، دەڵێن ئێمە چواردە ملیۆن دەنگمان هەیە، دەستی لێ بەرنادەین و وا نەزانن ئێمە کۆتاییمان پێهاتووە، چاودێری ئەم حکومەتە دەکەین. بۆیە ئێستایش زمانەکەیان زمانێکی هەڕەشە ئامێزە. ئەم گرووپە جیا لە سیاسەتی دەرەوە کە دژی تێڕوانینێکی تەواو دژە ڕۆژئاواییان هەبوو، سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆ و ئازادییە کولتووری و ڕۆژنامەوانییەکانیش، تێڕوانینی دۆگمایان هەیە،

لە بابەت حیجابدا ئامادەیی هیچ جۆرە نەرمی نواندنێك نین و بەشێكی زۆریان ئامادەن بە هەر نرخێك بێت دژی بووەستنەوە.

جیا لەمە هەڵبژاردنەكانی چەند مانگی ڕابردووی پەرلەمانیش، نیزامی لەم گرووپە بێهوا كرد، بە تایبەتی لە كاتی بانگەشەكاندا، دەركەوت ئەمانە هەر شێوازێك بۆ لەخشتەبردنی یەكتر بەكاردەهێنن، بەتەواوی سۆشیال میدیایان دژ بە یەكتر بەكارهێناوە ، ئەو تۆمەتانەی كە لایەنە ئوسوڵگەراكان و بەتایبەتی جەلیلی و پایدارییەكان دژ بە یەكتر بەكاریان دەهێنا لە مێژووی كۆماری ئیسلامیدا، كەم وێنە بووە. تەنانەت كار گەیشتە ئەوەی باسی «نفوزی»بوونی یەكتریان دەكرد، نفوز واتە كەسێك وڵاتانی تر و بەتایبەتی ئیسرائیل و ئەمریكا ئاڕاستەیان دەكات. تۆمەتی سیخوڕییان بۆیەكتری دروست دەكرد. پێ دەچێت نیزام لەم دۆخە سڵی كردبێتەوە، كە ئەگەر درێژە بكێشێت چۆن بتوانێت كۆنترۆڵی ئەم كێشەیە بكات. بەتایبەتی كە دەرهاویشتەیەكی ئەم دۆخە ئەوە بوو لە هەڵبژاردنەكانی خولی دووەمی پەرلەمان لە تاران، تەنیا لە ٨٪ی خەڵك بەشداریان كردبوو، واتە خودی ئوسوڵگەراكانیش ئامادە نەبوون بەشداری لە هەڵبژاردن بكەن، ئەمە لە كاتێكدا بووە كە چارەنووسی ١٥ پانزە كورسی یەكلایی نەكرابوویەوە. سەرەڕای ئەمانەش، بە هۆی بایكۆت و ڕێژەی كەمی دەنگدەران، بەشێك لە پەرلەمانتارەكان بە دەنگێكی زۆر كەم و بۆ نمونە بە دووسەد هەزار دەنگ چوونەتە پەرلەمان لە كاتێكدا لە خولەكانی پێشوو، پەرلەمانتاران بە دەنگی پێنج سەد هەزار كەس، ملیونێك، ملیونێك دووسەد یان ملیونێك حەوت سەد هەزار، دەگەیشتنە پەرلەمان.

**- لە میدیا عەرەبییەكان باس لەوە دەكرا كە لە ئوسوڵگەراكان دەیانەوێت گۆڕانكاری بكەن، ئایا ئەمانە تەنها بانگەشەن یان تا چەند ڕاستن؟**

د.یاسین طه: گرنگی هەڵبژاردنەكانی ئێران دوو شت كۆنترۆڵی كردووە، یەكەم بڕوایەكی زاڵ و بەربڵاویان هەیە كە گۆڕانكارییەكی بنەڕەتی ناهێنێتە كایەوە، ئەوە بەشێكە لە گەمەی ڕژێم خۆی وە زۆر لە میدیا عەرەبییەكان بەتایبەت میدیای كەنداو جەخت لەسەر ئەوە كراوەتەوە لەبەرئەوەی ئەنجوومەنی پاسەوانی هەڵبژاردنەكان پەسەند دەكات، ئەمە یارییەكە لە كۆنترۆڵی ویلایەتی فەقیهـ دەرناچێت. چونكە بەڕاستی وڵاتانی عەرەبی بە پلەی یەكەم پەیوەندی لەگەڵ ئەو باڵە عەرەبییانە هەیە كە پەیوەندییان لەگەڵ ویلایەتی

فەقیهـ هەیە، کێشـەیان ئەوە نییە لـە نـاو ئێران حیجـاب چۆنـە، کرانـەوە چۆنـە، دەسـتیان لـەوە شـۆردووە لـە ناوخـۆی ئێراندا گۆڕانکاری گـەورە بێتـە کایـەوە، زۆر چاویـان لەسـەر ئەوەیە ئایا لێکەوتەی ئەو گۆڕانکارییە لە ئێران لەسـەر حوسییەکان و حزب الله چی دەبێت. لەسـەر باڵە وەلائییەکانی حەشـدی شـەعبی چی دەبێت، بۆیە قەناعەتێکی تەواویان هەبوو کە ئەمە یارییەکە پەیوەنـدی بـە ناوخـۆی ئێرانـەوە هەیـە، لێکەوتـەی زۆر لەسـەر دەرەوە نابێـت.

دووەم گۆڕانکارییەکی تازە هەیە لەو ساڵانەی دوایدا بە نێوەندگیری چین، هەڵبـەت کـە سـعودیە و ئێران چوونەتـە ئاشـتەواییەکەوە، بەڵام تـا ئێسـتا سـەرکەوتووبووە لەماوەی ئەو سـاڵ و ئەوەنـەی کـە هەردووکیـان سـوودیان لێبینیـوە، بەڵێ لـە ناخـەوە بڕوایـان پێ نەبـووە زۆرجار نزیکبوونەتەوە لەوەی کە ئەوە تێکبشکێت، بەتایبەتی کە شـەڕی غـەززەی بەسـەردا هـات، ئەویـش تاقیکردنەوەیەکی زۆر قـورس و گـەورەبوو بـۆ ئـەو لێکتێگەیشـتنە ئێرانییـە عەرەبییـە، لـە دوای سـعودیە بەحرێن و ئیمـارات و وڵاتانیتر دەرگایـان کراوەتـەوە بـۆ ئـەوەی هەموویـان خیتابێکی ئاشـتەوایان لەگـەڵ ئێرانـدا هەبێـت.

ئێران زۆر گـرژی لەگـەڵ بەحرێن هەبـوو، بەڵام کاریگـەری ئـەو نزیکبوونـەوەی سـعودیە و ئێران چەنـدین دیـدار هەبـووە لـە نێـوان ئێران و بەحرێن لـە پەراوێـزی کۆبوونـەوەی تـردا.

ئێمە بگەڕێینـەوە بۆ دوو سێ سـاڵ بـەر لـە ئێسـتا بۆ نمونە کۆمپانیـای ئارامکۆ کە کرایە ئامانـج، صاڵح حوسی هـات بـۆ جـەدە مەترسی لەسـەر بەحرێن هەبـوو. باڵـە عێراقییەکانی حەشـدی شـەعبی هەڕەشـەیان لـە کوەیـت دەکـرد، دادگای بـاڵای عێراق، ڕێکەوتنی عێراق کوەیتی هەڵوەشـاندەوە، مەترسی لەسـەر ئاسایشی ئوردن دروسـتبوو، جەماوەری حەشـدی شـەعبی ڕۆشـتن لەسـەر تڕێبیل ڕێگەیان لە تەنکەرە نەوتەکانی ئێران گرت بۆ ئەوەی بچێت بۆ ئوردن، وە ئەم دۆسیانە بە نزیکبوونەوە لە ئێران هەمووی تەقریبە بەرەو خامۆشی بووە. وڵاتە عەرەبییەکان نەیانویست کە ئەو شتە لە خۆیان تێک بدەن یەعنی ئەو پەیوەندییە لەگەڵ ئێران تێکبـدەن.

ئێسـتا لـە عێراقیشـەوە گرنگییەکی زۆر گـەورە نـەدرا بـە هەڵبژاردنی ئێران هەتا لەناو ئەحزابی شیعیشـەوە بەتایبـەت هەندێك باڵی زۆر کاریگـەر وەک حزبوڵڵا کە سـەکۆیەکی زۆر ناوبانگیـان هەیـە بەنـاوی صابرین، هیـچ ڕوماڵێکی هەڵبژاردنەکانی ئێرانی نەکـرد.

یەکـەم بـەو پێیـەی ئەمـە شـتێک ناگۆڕێـت، دووەم نەیانویسـت ئـەو بەریەککەوتنـەی لـە

نێوان کاندیدەکان هەیە، ئەوکەموکووڕیانەی لە ناوئێراندا دەخرێتە ڕوو ئەمان ڕوومالّی بکەنەوە، چونکە ئەمان هەمیشە ئیش لەسەر وێنەیەکی پاکیزەی جوانی ئێران دەکەن وێنەیەکی خەیالّی دەکەن، ئەگەر ڕوومالّی هەلّبژاردنەکەیان بکردایە ناچار دەبوون هەندێک لەو شتانە باس بکەن. هەتا لە ڕاگەیاندنی حزبوڵلاش وابوو هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخواستن نەچوونە ناو وردەکارییەکانەوە .

**- لە لێدو انەکانی سەرەتای پزشکیان بە دیاریکراوی باسی سعودیە و تورکیای دەکرد لە لایەکیشەوە باسی پشتیو انی دەکات لە نیابەتی خۆی، چۆن دەتو انێت لەم نێو انەدا ئەوە بکات؟ (لەوە دەچێت مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگی بێت).**

د.یاسین طە: لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەیەکی قورسە بگەڕێنەوە سەر ئەوە شتەی ئێرانی شۆڕش و ئێرانی دەوڵەت، ئێرانی دەوڵەت هیچ کێشەیەکی نییە، وڵاتانی عەرەبیش هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئێرانی دەوڵەت لە ڕووی دبلۆماسی نییە.

پزیشکیان گوزارشت لە ئێرانی دەوڵەت دەکات واتە ئەوەی کە حکومەت و دبلۆماسیەت و بەرژەوەندی حکومەت وا دەخوازێت کە پەیوەندی لەگەڵ ئەو وڵاتانە باش بێت، چونکە سوودی لێبینیوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە دوای ئێرانی شۆڕش چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەوەدا دەکات، ئایا چەند ڕێز لە قسەکانی پزیشکیان دەگرێت چەند ڕێز لە کارنامەکە دەگرێت، شتیک هەیە لەم کۆتاییەدا جۆرێک لە هاوهەڵوێستی هەیە لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندی باڵای ئێرانی دروستبووە لەوەی کە بەینی باش بێت لەگەڵ وەڵاتە عەرەبیەکاندا و جۆرێک لە هاوهەڵوێستی لە نێوان پزیشکیان و سوپای پاسدارانیش هەیە، بۆیە لەم کاتەدا ڕەنگە بە شێوەیەکی کاتی بتوانن هەردووکیان ئەم گوتارە درێژە پێ بدەن، بەڵام جومگەی تر دێتە پێشەوە، کە ئەگەری بەهێزی گەڕانەوەی ترەمپە ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی قورسە ڕەنگە ئەوە سەرنەگرێت بەتایبەت هێشتا لەناو وڵاتە عەرەبیەکان گەشبینی و خۆشبینی زۆر هەیە کە ترامپ بێتەوە هەموویان گرەویان لەسەر ئەوەیە کە ترەمپ دێتەوە.

بەشێک لە خۆشحاڵییەکەیان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ترەمپ لەسەر بانگەشەی سعودی، ئێرانیان بۆ لە سنوور دەدات، نەک ئەوە ئەو کەسانەی لە ناوەندی بڕیاری سعودیەوە نزیکن لە وتار و ستوونی ڕۆژانە هەمووی وەکو مژدە مژدەی ئەوە دەدەن کە ترەمپ دێتەوە لە ئاخیر تەسریح لەم لێدوانانەیدا ترەمپ زۆر ستایشی بن سەلمانی کردووە

و ستایشی سعودیەی کردووە و، گفتی داوە بیپارێزێت، ئێران لە کاتێکدا ئۆکرانیا و تایلەندی بێ هیوا کردووە ئەمە تاقیکردنەوەیەکی قورس دەبێت لە قۆناغی داهاتوو کە ترەمپ هاتەوە، وڵاتە عەرەبییەکان ئیتر ئەوکاتە ناتوانن ئەم باڵانسە بەم جۆرە بۆ ئێران ڕابگرن.

- ئێران چەند خۆپیشاندانێکی گەورەی تێپەڕاندووە، ئەم خولە نارەزایەتییانە ڕادیکاڵی بووە بەشێک لە ئوسوڵگەراکان دەڵێن ئێمە دوای ئەو ڕووداوانەش توانیومانە سەدا چلی ٤٠٪ خەڵک ڕاکێشین بۆ دەنگدان، ئایا ئەم ڕێژەیە لە دەنگدانە و بایکۆتکردنە پەیامەکەی چیە؟

م. بارام: شەرعییەت بە نیسبەتێک، ئەڵبەت چەمکی شەرعییەت چەمکێکی گشتگیر و ئاڵۆزە بە تەنها بە هەڵبژاردن ناگەڕێتەوە، ئەدای حکومەت و کارنامەی سیاسی دەوڵەت و ئابووری و کولتوور، کاریگەری هەیە. وەک سیستەمی جیهانی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کاریگەریان هەیە.

ئەم هەڵبژاردنانە دوو پەیامی هەبوو: یەکەم پەیامی ئێران و میللەتی ئێران، ئەوەبوو کە پزیشکیان نوێنەرایەتی بێت و لە هەموو وتووێژ و حیوارەکانیدا باسی ئێران و خەڵکی ئێران بوو، بەڵام دیسکۆرسی لایەنی بەرامبەر، کە جەلیلی بوو باسی کۆماری ئیسلامیی بوو، ئەم دوو شتە بەریەک کەوتن، ئێستا پزیشکیان لە لۆکەیشنێکدا وەستاوە نوێنەرایەتی ئێران و خەڵکی ئێران دەکات، بەڵام گرفتی لەبەردەمدایە گرفتەکە کۆماری ئیسلامیی خۆیەتی کە دەتوانێت ڕایبگرێت، دەبێت چاوەڕێ بکەین بزانین پزیشکیان دەتوانێت وەکو پاڵەوانێک دەرکەوێت، یان وەکو میراتگری ڕیفۆرمخوازەکان لە ئێران دەرکەوێت؟ چونکە ئەو ڕۆحی پاڵەوانییە لە پزیشکیاندا زۆرە.

دووەم ئەوەی کە ئایا بایکۆتکردن کاریگەری لەسەر هەڵبژاردن هەبوو؟ تاڕادەیەک، نەک بە شێوەیەکی ڕەها بەتایبەت لە کوردستاندا هەبوو، لەبەرئەوەی ڕێژەی کورد لە هەڵبژاردنەکاندا بە بەراود بە هەڵبژاردنەکانی پێشوتر کەمتر بووە لەبەرئەوەی خواستەکانی کورد تا ئێستا جوابدانەوەیەکی زۆری نەبوو، بە لایەنی کەم کرانەوەی کولتووری و کۆمەڵایەتی، خەڵک بە چاوی خۆیان نەیانبینیوە، بەڵام پزیشکیان زیرەک بوو لەوەی توانی دوو شت لە بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنێت. یەکەم: میراتی ڕیفۆرمخوازەکانی پێشوو، دووەم دروشمەکانی ژن ژیان ئازادی بە شێوازێک لە شێوازەکان هەڵبژێرێ و خۆی خاوەنداری بکات، لەو شوێنانەی پزیشکیان قسە دەکات باس لە موسەوی دەکرێ و

دروشمی بۆ دەدرێت، بەڵام خاڵی لاوازی پزیشکیانیش دکتۆر زەریف خۆیەتی.

زەریف هەندێک لە دەنگەکانی پزیشکیانی هەڵوەراند پێچەوانەی ئەوەی خەڵک پێیوایە زەریف قوەتی (هێزی) ئەوبوو، لایەنی بەرامبەریش خاڵی لاوازیان هەبوو. جەوادی زەریف کە تا ئێستا نە بەشێک لە ڕیفۆرمیستەکان خۆیان بە باشی قبووڵیانە نە ڕەوتی ئیعتیدال، نە ڕەوتی ئەحمەدی نەژاد، نە بەیتی ڕاهبەری و جەماعەتی ئوسوڵگەرا قبووڵیانە. ئەمە خاڵی لاوازی پزشکیانە دەبێت چاوەڕێ بکەین بزانین دەتوانێت ڕۆڵی بداتێ یان نا. بەڵام خامنەیی کاریگەری دەبێت لە سەر فۆڕمی کابینەی داهاتوو.

**ئێر انناسی: باس لەوە دەکرێت ئوسوڵگەراکانی ڕەئیسی هەژدە ملیۆن دەنگی هێناوە ، نزیکەی پێنج ملیۆن دەنگی کەمی کردووە ئەمە چی پەیامێکە بۆ ئوسوڵگەراکان؟**

د.هەردی: لەبەرئەوەی لە ناوەڕۆکدا ئەم گۆڕانکارییەی کە ڕوویداوە، گۆڕانکارییەکی عەینییە کە پزیشکیان لەسەر کورسییە، یاخود ڕووکەشانەیە و ڕیشەیی نییە. لە ئێراندا لە پێشتردا ئەو دەزگایانەی خەڵکی ئێرانی تووڕە کردووە دەزگاکانی سەرۆکایەتی کۆمار و پەڕلەمان نەبوون، ئەوەی دەستی هەبوو لە تێکدانی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا سوپا و لەشکری قودس(سوپای قودس) بووە، خۆ وەزیری دەرەوە نەبووە، ئەوەی دەستی هەبوو لەوەی ڕێکەوتن لەگەڵ ڕۆژئاوا و کەنداودا نەچێتە پێشەوە سوپا و توندەهێزی ئێران بووە لە سوپا و نیزام نەک حکومەت و وەزارەتەکان. بەڵام بێمەوە سەر مەسەلەی ئامارەکان بۆچی دەڵێم ڕوکەشانەبوو؟

رەئیسی تەنها خۆی نزیکەی ١٨ ملیۆن دەنگی هێنا ئەوکاتە خەڵکی ئێران و ڕیفۆرمیستەکان پێیان کەمبوو، ئێستا پزشکیان لەو دەنگە کەمتری هێناوە، بایکۆت لە هەر سەردەمێک بەهێزتر بووە. ئێستا بە هەردووکیانەوە جەلیلی و ئوسوڵگەرا و ئیسلاح تەڵەبەوە پێکەوە ٢٤ ملیۆن دەنگدەرە ئەم ئامارە قابیلی تەئەمولە و دەبێت لێی تێبگەیت. خولی دووەم کەس بەقەد پزیشکیان ڕاستگۆ نەبوو لەوەی کە دوای هەڵبژاردن وتی ئێوە دەنگتان بە من داوە لە ڕقی مەعاویە بووە نەک لە حوبی عەلی. یانی ئەویش دەزانێت کە خەڵک زۆر باوەڕی بە چاکسازی نییە. کەواتا ئەوەی ڕۆیشتوە بۆ دەنگدان مەرج نییە پزیشکیانی خۆش بوێت.

شتێکیتر لەو ئامارە کە پێویستە هەڵێنجانی تێدا بکەین، ئەویش ئەوەیە بە ئاماری بەشداریکردنی هەڵبژاردنەکان لە خولی یەکەم و تەنانەت لە خولی دووەمیشدا گوتاری

ڕزگارکەری و جالیسازیيان بە خەڵک نەدەدا، بەڵکو تەنها ڕەخنەیان لە یەکتر دەگرت، بەڵام وەک و حزب و بەرەی سیاسی بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە، ئەگەر ئیسلاحییەکان وەکو گوتار بەشداریان بکردایە دەبوایە بەتەنها خۆیان، ئەگەر بیانتوانیایە گوزارشت بکەن لەو نارەزایەتییانەی کە بەرامبەر بە ڕژێم هەیە، بەتەنها خۆیان بیانتوانایە سەدا ٥٠٪ بەرەوسەرەوە بهێنن و ئەو سەدا پەنجایە بەشداری هەڵبژاردنی پێبکەن، بەڵام ئێستا نەیانتوانیوە خەڵک بەشداری پێ بکەن کەواتە ئەمانیش وەک لایەنێکی سیاسین نەک بەرەیەکی جیاوازی هزری-سیاسی ماونەتەوە.

**- لەم دۆخەدا ئایا پزیشکیان دەتو انێت چی بکات؟**

یەکەم پزیشکیان وتی من لە هیچ جەمسەرێکدا نیم، دووەم لە یەکەم ڕۆژی حەملەکەیدا وتی من پابەندی تەواوی فەرمانی ڕێبەریم. سێیەم من بەرنامەم نییە، بەرنامەی من ڕێنمایی ڕێبەر جێبەجێدەکەم. سەرۆک کۆمار لەمەدا ڕاستگۆیە و بەشێکی ئەوەیە خەڵک زۆر ئومیدەوار ناکات، لە دوای هەڵبژاردنەکەی لە مەراسیمی عاشورا بوو، وتارێکی زۆر دەقیقی دا ئەوەی کە کاغەزەکەی نەخوێندەوە وتی من تاقەتی ئەوەم نییە نایخوێنمەوە. وتی من بەڵێنێکم نەداوە کە نەتوانم جێبەجێی بکەم.

چونکە لە بنچینەدا سیاسەتی دەرەوە دۆخی نێوخۆی ئێرانی تێکداوە، لەسەردەمی ڕۆحانیدا هەشت ساڵ پرسی حوسییەکان هەڵکشا لە پرسی سووریادا ئێران سومعەیەکی زۆر ناشرینی پەیداکرد، لەمەسەلەی حەلەب و کوشتنی منداڵ، لە عێراقدا دیسانەوە تورەبوونی خەڵکی عێراق لە سەردەمی ڕۆحانیدا تەشەنەی کرد و گەیشتە لوتکە، لە لوبنان بە هەمانشێوە کە ئەمانە هەمووی هێز و باڵی ئێرانن لەدەرەوە و پرۆ ئێرانن هەموویان بوونە هۆی تورەبوونی خەڵک لەئێراندا لەسەردەمی ڕۆحانیدا ئەمە ڕوویداوە لە کاتێکدا ڕۆحانی پێگەی بەهێزترە لە پزیشکیان، کەواتە لەدەستی ئەودا نییە و لەو زیاتریشی پێناکرێت.

پزیشکیان بەبڕوای من فەرقەکەی ئەوەیە، ئامانجی خامنەیی جێبەجێ دەکات کە ویستی دوو قوتبی ناو ڕژێم ئاشت بکاتەوە، چونکە هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە ناتوانێت بەرامبەر بە خەڵکی دەرەوەی نیزام بکات.

کەواتە بۆچی ڕیفۆرمخوازەکان گەڕانەوە بۆ ململانێ و بەشداریی کارا، ئەمەیان کرد لەگەڵ ئەوەشدا دەیانزانی دۆخیان خراپە، لەبەرئەوەی ڕێگە لەبەردەمی ئیسلاحییەکان

نەمابوو، ئەوانەی باوەڕیان بە ڕژێم نەماوە تازە ڕیفۆرمخوازیان قبووڵ نییە، هیچ چارەی نییە، یەک ئۆپشن لەبەردەم ڕیفۆرمخوازدا هەبوو ئەویش بگەڕێتەوە ناو ڕژێم بە هەر باجێک بێت. خامنەیی چەند پێویستی بەوەبوو خەڵک دەنگبدات خاتەمیش ئەوەندە پێویستی بەوەبوو بچێتەوە ناو ڕژێم.

**- پەیام و ئاماژەکانی بەشداربووان و بەرەی بایکۆتی هەڵبژاردنەکان چیبوو؟**

م.ئەژی: سەبارەت بە ڕێژەی بەشداربووان، گرنگ ئەوەیە ئیمە لە هۆکاری بەشداربوونی ٤٠٪ی دەنگدەران بکۆڵینەوە، ئەگینا ٦٠٪ی بەرەی بایکۆت تا ڕادەیەکی زۆر ڕوونە کە بۆچی دەنگیان نەداوە، پاساو و بیانووەکانیان چی بووە. بۆ نمونە یەکێك لە هۆکاەکانی بەشداریکردنی خەڵك، بۆ بێهیواییان لە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە دەگەڕێتەوە، ئێمە بینیمان لە خۆپیشاندانەکانی ژینا، لیژنەی شەش کەسی بۆ ئازادیی ئێران دروستبوو، بەڵام زۆری نەخایاند کە هەریەك لە ئەندامەکانی بە هۆی بیانوویەك، لە لیژنەکە جیا بوونەوە و دواجار هەڵوەشایەوە. لەسەر بەرنامە و ئامانجێکی دیاریکراو ڕێك نەکەوتن، نەخشە ڕێگەیەکی هاوبەشیان پێ دیاری نەکرا، پاشان دوای جیابوونەوەیان، کەوتنە تۆمەتبارکردنی یەکتر. جیا لەمانە، لایەنەکانی تری وەك موجاهیدی خەڵق و سەڵتەنتخوازەکان، بە توندترین شێوە و خراپترین ئەدەبیات یەکتریان دایە بەر ڕەخنە، ئەو دەیوت تۆ پیاوی ئێرانی و ئەو دەیوت تۆ دروستکراوی ئێرانیت. هەلێکی گەورەیان بە ئاسانی لەدەستدا، جگە لە چەند خۆپێشاندانێك، هیچ هەنگاوێکی کاریگەریان نەنا و زیاتر خەڵکیان لە ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە بێهیوا کرد.

خاڵێکی تر، بەشێك لە چینی ناوەندی ئێران هێشتا لە ژێر کاریگەری دەرهاویشتەکانی بەهاری عەرەبی و شۆڕشی وڵاتانە بەتایبەتی ئەزموونی سووریا. کە ئەم ئەزموونەیان لە نزیك سنوورەکانی وڵاتەکەیان بینی کە چۆن وڵاتێك لە ماوەی چەند ساڵدا وێران و خاپور بوو، بووە کێڵگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی هێزە چەکدار و توندڕەوەکان، ترسی دووبارەبوونەوەی ئەم ئەزموونە لە ئێران یان ئەوەی پێی دەڵێن «بەسووریابوونی ئێران»، وایکردووە نەتوانن پشتیوانی لە گۆڕانکاری ڕادیکاڵانەی لە شێوەی شۆڕشی چەکداری و شەڕی ناوخۆیی بن. بۆیە ئەوان پێیانوایە ئەگەر نەشتوانین لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە دۆخەکە باشتر بکەین، هیچ نەبێت نەهێڵین لەوەی هەنوکە خراپتر بێت، چونکە پییانوایە لە ئەگەری بەشدارینەکردن

لە هەڵبژادن، یەکێکی وەك جەلیلی ١٥٪ یاخود ١٠٪ دەنگدەرانیش دەتوانێت حکومەت پێك بهێنێت، بەردەوام دەبێت، تەنانەت ئەگەر خۆپیشاندانیش، ئامادەیە بە هەر نرخێک بێت سەرکوتی بکات.

لە لایەکی ترەوە وەك ئەوەی بەشێك لە ئوسوڵگەراکانیش، بە هەستیارییەوە باسیان لێوە کرد، ئەوەی کە هەڵبژاردنی یەکلایی کردەوە، دەنگەکانی پارێزگا ئازەری زمانەکانی (تورکنشین) ئازربایجانی ڕۆژئاوا، ئازربایجانی ڕۆژهەڵات و ئەردەبیل بوون، کە هۆکاری دەنگدانەکانیان زیاتر لە هەر شتێك بۆ تورکبوونی پزشکیان دەگەڕایەوە و ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ ئەوەی دەنگەکانی پزشکیان لەم پارێزگایانە، دەنگی پێکهاتەیەکی دیاریکراوە. جیا لەمە، پزشکیان لە بەدەستهێنانی دەنگی ناوچە سوننە مەزهەبەکانیش بە تایبەتی لە کوردستان و سیستان و بەلوچستان سەرکەوتوو بوو، لە پارێزگای کوردستان سەرەڕای کەمترین ڕێژەی دەنگدانی پارێزگاکانی ئێران، بەڵام ٧٥٪ی دەنگەکان بۆ پزشکیان بووە. بۆیە ئوسوڵگەراکان دەڵێن ئەم دەنگانە، دەنگی مەزهەبی و ئێتنیکەکان بووە و پەیوەندی بە تایبەتمەندییەکانی خودی پزیشکیانەوە هەبووە، نەک ئەوەی کە بەڕاستی دەنگدەران بڕوایان بەوە هەبووە کە ئەو دەتوانێت گۆڕانکاری بکات.

هۆکارێکی تریش بۆ ڕێکخراوتربوون و بە بەرنامەتربوون هەڵمەتی بانگەشەی هەڵبژاردنی ڕیفۆرمخواز و میانڕەوەکان (اعتدال) دەگەڕێتەوە کە هەم لە ڕووی میدیایی و هەم لە سۆشیال میدیاوە، لە بە دێوەزمەکردنی ڕکابەرەکانیان و بە تایبەتی جەلیلی تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون. ڕیفۆڕمخوازەکان جارێکی تر ئەزموونی هەڵەی هەڵبژاردنی ٢٠٠٥ دووبارە ناکەنەوە، بۆیە سەرکەوتووانە هەم لەم هەڵبژاردنە و هەمیش لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ و ٢٠١٧، دۆخی هەڵبژاردنەکانیان بە هێنانەباسی بەردەوامی دۆسیی ناوەکی و بابەتەکانی وەك ئازادییە کۆمەڵایەتی و ئەنتەرنێت، دۆخەکەیان بەرەو دوو جەمسەری برد. لە بەرامبەردا، کێشە و ململانێی نێوان ئوسوڵگەراکان دەنگەکانیانی دابەش و پەرت کرد، تەنانەت بەشێك لە دەنگەکانی قالیباف لە خولی دووەم بۆ پزشکیان ڕۆیی. بوونی چەند کاندیدێکی سێبەر (پوششی) هەڵەیەکی تری ئوسوڵگەراکان بوو، بەتایبەتی کە ئەدەبیاتی یەکێك وەك زاکانی، تەنانەت لە نێو ئوسوڵگەراکانیش ڕەخنەی زۆری لێ گیرا.

- لە ڕووی ناوخۆ و دەرەوە پزیشکیان دەتوانێت چی بکات؟ بە لەبەر چاوگرتنی ئەو

دژایەتییەی کە قەرارە سوپاییەکان بیکەن، چۆن دەتوانێت بەسەر هەموو ئەو کێشانەدا زاڵ بێت لە پەرلەمان لە دروستکردنی کابینەکەدا دە مانگ بخایەنێت ئەوان هەر ڕێگە نەدەن ئەو وەزیرانەی خۆی بێنێتە پێشەوە، قەرارە چی بکات، د. یاسین پزیشکیانە چۆن دەڕوانێتە کورد و سوننەکانی کوردستان، ئەگەر پەیوەستی بکەین بە عێراق و هەرێمی کوردستانیشەوە، چونکە لە سەردەمی ڕەئیسی چەندەها جار کوردستانی تۆپباران کردووە، ئایا ئەم شتانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت؟

د. یاسین: بۆچوونی عەرەبی ئەوەیە کە پزیشکیان کەسێکی ئیسلاحییە بە بوونی بەرنامەیەک و زەمینەیەکی ئیسلاحی دابەزیوە، دووەم بۆچوونێک هەیە کە خامنەیی ئەمەی هێناوە بۆ ئەوەی درێژە بە جەوی ئاگربەست و جەوی هێور بدات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا چاویان لەسەر ئەوەیە کە ترەمپ ببێت بە تایبەت کە ئێستا جێگرێکی بۆ خۆی دەستنیشان کردووە کە زۆر توندە بەرامبەر ئێران ئایا پزیشکیان ئەوکاتە چی پێدەکریت چۆنی پێدەکرێت لەبەرئەوە تاقیکردنەوەی قورس و خێرایە.

دەربارەی مەسەلەی ئێران بڕیاربوو لەسەردەمی ڕەئیسیدا ئێران و عێراق کۆمەڵێک ڕێکەوتننامەی ئابووریی و بازرگانی ئیمزا بکەن بە تایبەت دوای سەردانەکەی ئەردۆغان، ئەو شتە کەڵەکەبوو لە ئێراندا، ئێمەیش کۆمەڵێک ڕێکەوتننامە ئیمزا بکەین ئامادەکاریشی بۆ کرابوو، بەڵام ئەوەبوو مردنەکەی بەسەردا هات. بڕیاربوو بێتە عێراق و کوردستانیش سەری نەگرت، ئێستا ئێش لەسەر ئەوە دەکرێت کە دیسان ئەو ڕێکەوتننامانە ئیمزا بکرێتەوە بەتایبەت زۆر قسە لەسەر هاتنە ناوەی تورکیا، عێراق و تورکیا (لەوانەیە مەبەستی هاتنە ناووەی تورکیا بێت بۆ کوردستان)، ئێستا جەختی هەموو میدیا و مانشێتی میدیای شیعی عێراقی لەسەر ئەوەیە کە تورکیا هاتۆتە باکوورەوە، ئەمە بەشێکی بۆ بەرگرییە لەسەروەری عێراق، بەڵام بەشێکی بۆ دروستکردنی پاساو زەمینەیە بۆ ئەوەی ئەگەر ئێمەیش لەگەڵ ئێران بچینە پێشەوە ئەوە بکەین پاساومان هەیە کەواتە سنوور نییە دەوڵەت نییە سەروەری نییە دەبێت بۆ هەردوو دەوڵەت وەک یەک وابێت.

لە ئێستاوە ئەرکی ئێران بۆ عێراق قوورستر دەبێت چونکە لەبەردەم هەڵبژاردندایە، بەوەی کە چۆن لیستەکان دابەش بکات، چۆن زەمانی ئەوە بکات بەتایبەت هەمووشیان پۆستی حەساسیان هەیە، هەموو شیعەکان چەکدارن چۆن ئەو بەریەککەوتنانە نەبێتە

هۆی لێکترازانی ماڵی شیعی، چۆن ئەوەی لە دوای هەڵبژاردن ئەو حکومەتە دروست بێتەوە بە هەمانشێوە لە فەزاو تەرەفی ئێراندا بسووڕێتەوە، بە تایبەت کە فاکتەری ئەمریکیشی هاتۆتە سەر، بۆیە ئەرکی ئێران و پزیشکیان بە شێوەیەکی گشتی لەماوەی داهاتووی عێراقدا قورسە، بیرمان نەچێت باڵوێزەکانی ئێران لەوەتەی لە عێراق دانراون هەموویان پاڵپشتی سوپایان هەیە، هیچ یەکێک لەو باڵوێزانەی لە عێراق لە ٢٠٢٣وە دانراون دبلۆماتکاری پێشکەوتوو نین.

ئەوەی دەیبینین کە واقعی کۆمەڵگەی ئێرانیی پێمان دەڵێت پزیشکیان عەسایەکی سیحری نییە، هەرچەندە هەندێ بە دکتۆر محەمەد موسەدقی دەچوێنن و، وەک ڕزگارکەر سەیری دەکەن، لە سیاسەتی ئابووری بەڕاستی لەبەرئەوەی ئابووری ئێران پێویستی بە کات و بەرنامەڕێژی و پلانی زیاتر هەیە چارەسەرێکی خێرای پێناکرێت.

سیاسەتی ناوخۆ لەڕووی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە لەوەشدا زەختی پۆلیس لەسەر ژنان لەسەر کرانەوەیە لە ڕووی کولتوورییەوە، چاوپۆشی لە قانون، لە ڕووی قانوونییەوە ئەو دەسەڵاتەی نابێت. لە سیاسەتی دەرەوەدا پزیشکیان قسەیەکی جدی و تۆکمەی پێنەبوو، لەبەرئەوەی ڕاوێژکارەکەی زەریف بوو، ئێران بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی خۆی پێویستە بارودۆخی نێودەوڵەتی خۆی چاک بکاتەوە، کێشە ئابوورییەکانی بەستەوە بە دەرەوەی ئێران و وەزعی نێودەوڵەتی، ئەوکات ئێمە دەتوانین ئابووری ئێران چاک بکەین، ئەگەر مەبەستمان بێت، سەرۆک کۆماری ئێران تەنها زۆنێک دەتوانێت مانۆڕی تێدا بکات، وڵاتانی کەنداوە نەک عێراق، لە سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا من پێم سەیرە دەڵێن گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی، ئەوانەی شارەزای ئەو بوارەن و بەتایبەت شارەزای مەلەفی نەوەوی ئێرانن، زەریف تێدا پسپۆڕە، بەڵام زەریف تەوزیفی ئەم بارودۆخەی کردووە بۆ بە قوتکردنی پێگەی خۆی لە ناوەوە، زەریف ڕاستگۆ نەبووە لەگەڵ پزیشکیاندا، میکانیزمی گەڕانەوە میکانیزمێکی ئاڵۆزە، ڕێککەوتنی بەرجام ١٥٠ لاپەڕەیە.

سیاسەتمەدارەکانی ئێران کەم کەسیان خوێندویانەتەوە، هەموو شتێکیش گرێ نەدراوە بە هاتنەوە یاخود نەهاتنەوە ترەمپ، لەبەرئەوەی بارودۆخی ئێران پەیوەستە بە ڕووسیا و چین و یەکێتی ئەورووپی و ئەمریکا و شوێنەکانی تر، ئەمانە هەمووی وادەکات

ئێمە زۆر ئومێدەوار نەبین کە گۆڕانکاری بنەڕەتی نە لە سیاسەتی دەرەوە نە لە سیاسەتی ناوخۆ بکرێت.

ئەگەر پزیشکیان بتوانێت گۆڕانکاری لە سیاسەتی دەرەوەدا دروست بکات، نابێت بگەڕێتەوە بۆ بەرجام و ڕێکەوتنی پێشتر قۆناغێکی تازەی بەرجام زیندوو نابێتەوە زیندووبوونەوەی مەحاڵە.

د. هەردی: پزیشکیان چی لەبەردەمدایە لە ئاستەنگ و فرسەتەکان، فرسەتی زۆری لەبەردەمدا نییە، چونکە خۆی بیرکردنەوەی لەناو بیرکرنەوەی بەیتی ڕەهبەریدایە، ئەگەر بتەوێت ئێران ڕزگار بکەیت، دەبێت لەدەرەوەی ئەم سیستەمە ماندووە بیربکەیتەوە بۆ ئەوەی ئێرانێکی تر دروستبکەیت، بۆیە لەسەردەمی پزیشکیان ئێرانێکی تر چێنابێت جگە لەو ئێرانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خەڵکی ئێرانی دروستکردووە، لە ئێستادا خۆپیشاندان زۆر دەبێت لەبەرئەوەی کە دوو هەڵبژاردنی پێشوو و دوو خۆپیشاندانی پێشووتر پێش ژینا ئەمینی قسەیەکی زۆر هەیە کە مەشهەدییەکان هەڵیانگیرساندووە، لە مەسەلەی پرسی بەنزین و ئەوانەدا لایەنگرانی ئەحمەدی نەژاد و لایەنگیرانی جەلیلیش ناڕازین و ئێستا لەسەر کورسی نین و پێویستیان بەم جۆرە کارانە هەیە، کە بڵێن ئێمە ماوین و بەهێزیشین. بۆیە ناڕەزایەتی هەم لەدەرەوەی نیزامەوە بەهێز دەبێت و هەم لە نێو ئوسوڵگەراکانیش بەردەوام بەرد و دڕک دەخەنە بەرپێی پزیشکیان، لەبەرئەوە چوارساڵێکی خۆش نابێت بۆ پزیشکیان و خەڵک.

پرسێکی تر هەیە کە پەیوەندی بە پزیشکیانەوە هەیە کە پرسێکی ئابووری ئەمنی سیاسییە، مەسەلەی ڕووسیایە و ڕێکەوتن لەگەڵ ڕووسیایە کە لەدەست پزیشکیاندا نییە، واتە قالیباف هەفتەی پێشوو چووە بۆ ڕووسیا کاتی خۆیشی ڕێکەوتنی ڕووسی ئێرانی هەر قالیباف ڕۆیشتبوو، بۆچی دیسانەوە وەزیری خارجی نەڕۆیشت واتا جاڵە گەرمەکان و مەلەفە گەرمەکانی دەرەوەی ئێران بەدەستی وەزیری خارجی ئێران نییە و لەدەستی گرووپێکی سوپا و ڕێبەردایە. زەریف خۆی بە ئاشکرا، ڕێکەوتنی چین ئەو ڕێکینەخستووە، بۆ کەنداوی عەرەبیش شەمخانی ڕێکیخستبووە.

ئاشتکردنەوەی پێکهاتەکان بەچی دەبێت؟ بە دەستوورێکی نوێ دەبێت لەدەرەوەی فیقهی سیاسی شیعە و ئێرانچێتی-فارسگەراوە، ئەمە لەم سەردەمەدا مەحاڵە. ئایا لەوە

کەمتر دەکرێت یان دەتوانن وەزیرێکی کورد دابنێن، ناتوانن دایبنێن لەبەر چەند شتێک، یەکەم لەبەرئەوەی لە ڕووی فقهی سیاسی و دەستوورییەوە، وەزیری کوردی سوننە دانانرێت مەگەر کوردی شیعە بێت.

لە ناو پێکهێنانی حکومەتیشدا مافی سیاسییان پێنەدراوە، دەمێنێتەوە سەر مافی کولتووری و شوناس ئەوانە هیچ پەیوەندی بە حکومەتەوە نییە، ئەم مافانە وەک چۆن پرسی حیجاب پرسێکی دینییە ئایەتوڵلاکان بڕیاری لەسەر دەدەن دەبێت ئەوان لەوێوە چاکی بکەن، ئینجا دەتوانن حکومەت چاکی بکات، پرسی پێکهاتەکانیش مەسەلەی زمان و بە نەتەوەناساندنی کوردە، کورد بە دەستوور دەبێت بە نەتەوە بناسرێت، پرسی عەرەب و بەلوجیش بەهەمان شێوە.

پزیشکیان لە ڕووی مولتەزمی بە ڕژێمیشەوە تەنها مەلایەکی بی عەمامەیە ئەگینا لەمەسەلەی بەلاغە و قورئان و پابەندی بە ڕژێمەوە هیچی کەمتر نییە لە ڕەئیسی تەنها ئەوەیە ئەم لە بلۆکی ئەمبەر حیسابکراوە لەبەرئەوە زۆر وەفادارتر دەبێت.

**- ئێستا کە پزیشکیان هاتۆتە سەردەسەڵات بە چی دەتوانێت کۆت و بەندی بکەن؟**

م. ئەژی: یەکەم؛ زۆرینەی ئوسوڵگەرایە، بەڵام دەبێت ئاگامان لەو خاڵە بێت کە ئایا پزیشکیان دەتوانێت لەگەڵ بەرەی قالیباف ڕێکەوتنێکی ژێر بەژێری هەبێت، هەرچەندە کێشەکە ئەوەیە قالیباف بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان لەگەڵ بەشێکی «پایدارییەکان» هاوپەیمانی پێکهێنا. لەگەڵ ئەمەشدا، قالیباف بە دەنگی بەشێک لە سەربەخۆخوازەکانی پەرلەمان و ڕیفۆرمخوازەکانی وەك پزشکیان بوو بە سەرۆکی پەرلەمان.

دووەم لە دیاریکردنی وەزیرەکاندا، بە پێی دەستوور و عورفی سیاسی، بۆ دیاریکردنی وەزیری ئیتلاعات، دەرەوە و بەرگری دەبێت لەگەڵ ڕابەری ئێران ڕاوێژ بکرێت و بۆ وەزارەتەکانی تری وەك ڕۆشنبیری، پەروەردە و خوێندنی باڵاش ڕابەری ئێران تێبینی و هەستیاری تایبەت بە خۆی هەیە، کە پێویستە ڕەچاو بکرێت. بۆ نموونە، دەوترێت ڕۆحانی بۆ هەڵبژاردنی وەزیری خوێندنی باڵا نزیکەی ٢٠ بۆ ٣٥ کاندیدی بە ئایەتوڵڵا خامنەیی پێشنیار کرد، تا دواجار لەسەر یەکێکیان ڕەزامەندی نیشان دا.

مەسەلەی حیجاب، تەنیا بابەتێك نییە کە پەیوەندی بە لایەنی شەرعی و بەستنی پارچە قوماشێکەوە هەبێت، ئەم بابەتە لە ئێستادا بۆ نیزام، وەك سیما و شوناسێکی ئیسلامی

لێ هاتووە، بۆ بەشێك لە كۆمەڵگە وەك سیمبولێك لە ئازدی و لە هەمانكاتدا نارەزایەتی لێ هاتووە، چارەسەری ئەم بابەتە لە نێوان بابەتێكی دەستووری و شەرعی و كولتووری و سیاسی، زۆر ئەستەمە. حیجاب بابەتێكە نیزام ناتوانێت لێی ببورێت، ئەگەر وا نەبێت ئەوان كە میوانێكی دەرەكیش بێت، دەبێت حیجاب بكاتە سەری، چۆن بۆ ناوخۆی خۆیان لەمە خۆش دەبن. لە بەرامبەردا پزشكیان بە ئاشكرا چەندین جار رایگەیاند لەگەڵ ئەم شێوازی مامڵەكردن لەگەڵ بێ حیجابی نیم، ئەی چۆن دەتوانێت رێگری لە لایەن و گرووپانە بگرێت كە بیانەوێت، دژی بێ حیجابی بووەستنەوە!

سەبارەت بە رێككەوتننامەی وزەی ناوەكی پێویستە ئەم بابەتە بە لایەكدا بكەوێت و دواجار چارەسەرێكی بۆ بدۆزرێتەوە، سێ ساڵی حكومەتی رەئیسی دەریخست، ئابووریی ئێران بەبێ گەرانەوە بۆ بەرجام ناتوانێت بەرگە بگرێت، تەنانەت باس لەوە دەكرێت لەم یەک ساڵی كۆتایەدا عەبدوڵلاهییان (وەزیری دەرەوەی ئەو كاتی ئێران) هەوڵەكانیان بۆ چارەسەری كێشەی رێككەوتننامەكە و زیندووكردنەوەی خشبووە گڕ، بەڵام رێگرییەكان كە پێ دەچێت بەشێكی دەوڵەتی سێبەری جەلیلی بووبێت، نەیهێشت ئێران بۆ رێككەوتننامەكە بگەرێتەوە. لە بابەتی ئێف ئەی تی ئێف (FATF) كێشەكە چیە، ئێران نەوت دەفرۆشێت بە چین، بەڵام كێشەكە ئەوەیە لە كاتێكدا ئێران لە تۆری بانكە جیهانییەكاندا بوونی نییە و لەم دامەزراوەیەش لە ریزی وڵاتانی لیستی رەشە، ئەو پارەیە چۆن بگەرێتەوە، ئەمە بەشێكی زۆری پەیوەنی بە بی ئێف ئەی تی ئێفەوە هەیە. ئێران دەڵێت ئێمە بەو چاوە تەماشای ئەو گرووپانەی كە ئەورووپا بە گرووپی تیرۆرستی لە قەڵەمیان دەدات، ناكەین. لەگەڵ ئەمەشدا، دیسانەوە بە هۆی تێروانینە تایبەتەكانی رابەری ئێران، لەمپەری پەرلەمانی زۆرینە ئوسوڵگەرا، ئەنجوومەنی پاسەوانی دەستوور، هەروەها ئەو لایەنانەی ناوخۆی ئێران كە قازانجیان لە گەمارۆكانی سەر ئێرانە، چارەسەركردنی ئەم بابەتانە تەنیا ئەو كاتە دەبێت كە ناوەندەكانی دەسەڵات لە ئێران بگەنە ئەو بروایەی كە پشتگیری حكومەتی پزشكیان بۆ دانوستان بكەن.

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئێرانناسی

# داهێنانی ئێران:

# لە «ئێرانییەت»ەوە بۆ «فارسییەت»

توێژەر: د. ئەحمەد محەمەدپوور

و. گەلاوێژ سۆفی

▪ ناونیشانی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی:

Ahmad Mohammadpour (27 May 2024): The Invention of Iran: From ‘Iranianness’ to ‘Persianness’, Asian Studies Review, DOI: 10.1080/10357823.2024.2355110
To link to this article: https://doi.org/10.1080/10357823.2024.2355110

**پوختە:**

‹داهێنانی فیکریی ئێران› وێنەیەکی بەهێزە کە، قەرزاربارى پراکتیزە ڕۆژهەڵاتگەراییەکانی شوێنەوارناسی و مێژوونووسی ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمە: پرۆژەیەکی فیکرییە کە لە ئەفسانەی تیۆری نەژادی ئاریایی، گریمانەی کۆچی ئارییاییەکان بۆ نیمچە کیشوەری هیندستان و جێگیرکردنی پێگەی دواتری نەژادی فارس وەک تاکە بنیاتنەری ‹ڕابردووی شکۆمەندی نەتەوەیی› ئێران سەرچاوەی گرتووە. ئەم گێڕانەوە یورۆسەنتەرییە، ‹فارسییەتی› کردووەتە فۆرمێکی باڵای ئیتنیکی-نەژادی هاوشێوەی ڕۆڵی سپی پێستەکان لە ئەورووپا و ئەمریکا. من لەم نووسینەدا، نەک هەر لە بنەما زانستییەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی دەکۆڵمەوە، بەڵکو لەوەش گرنگتر ڕوونیدەکەمەوە کە چۆن میراتی چەسپاوی لێکدانەوەی ڕۆژهەڵاتناسانەی ڕابردووی ئێران، بووەتە سەرچاوەی کاری توێژەران و دەستەبژێرانی هاوچەرخی فارس. من دەڵێم، کە بنیاتنانی مێژوویی فارسییەت وەک شوناسێکی بە ئیمتیاز، بینین و بیرکردنەوە و زانین و ئاخاوتنی وەک فارسی کردووەتە بنەما و دۆخی سروشتی کاروبار. ئەم داهێنانە ڕەگەزیی-زمانەوانییە پشتگیری لە خوویەک دەکات کە تەنیا لە چاویلکەی فارسبوونەوە-کە بە پێناسە کەمترە لە فارسی، سەیری مێژوو و یادەوەرییەکانی گەلانی نا فارس دەکات و لێی تێدەگات.

**وشە سەرەکییەکان:**

ڕۆژهەڵاتناسی، ناسیۆنالیزم، ئێرانییەت، فارسییەت، خوو، جیهانی فارسی، ئەوی دیکەی ناوخۆیی

نەژاد دەرهاویشتەی مێژووی کەڵەکەبووی کۆڵۆنیالیزم... نەژاد، کۆڵۆنیالیزمێکی ئاخێوەرە (Patrick Wolf, Traces of History (2016, 21

## بەرایی

من بۆ نووسینی ئەم وتارە ئیلهامم لە ڕاپەڕینە بەردەوامەکانی ئێران وەرگرت، پاش کوشتنی ژینا/مەهسا ئەمینی، ژنێکی کورد لە تاران لە ١٦ی ڕەزبەری ٢٠٢٢ لەسەر دەستی حکومەت.

مەرگی ژینا خۆپیشاندانی گەورەی لە ئێراندا لێکەوتەوە، بە کوردستان و بەلوچستانیشەوە، دوو هەرێم کە بەرگەی ئاستێکی بەرچاو لە توندوتیژی لەژێر دەستی دەوڵەتدا گرتووە، لە ڕیزی پێشەوەدابوون (بڕوانە Mohammadpour, 2024). زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین لە پاش کوشتنی ژینا ئەمینییەوە، وشەی ئێران-ئێرانیی هاوەڵناوی-لە هەموو کاتێک زیاتر لەلایەن ئاخێوەرانی فارسەوە١ بەکارهێنراوە: هیچ ڕۆژێک تێنەپەڕیووە بەبێ ئەوەی دەستەبژێری فارسەکان یان میدیای باڵادەست باسی ڕابردووی شکۆمەندو دێرینی ئێران و ناوازەییەکەی وەک نەتەوەیەک کە مێژوویەکی سێ هەزار ساڵەی هەیە کە پاشا کوروشی مەزن، توانی یەکەمین جارنامەی مافی مرۆڤ لە مێژوودا کۆبکاتەوە. هاوکات لەگەڵ وشەی ئێران، جێناوەکانی ‹ئێمە› و ‹هی ئێمە› لە پەیوەندی لەگەڵ کولتوور و زمان و نەتەوە و شانازی فارسی و... هتد، چەندین جار بانگەشەی بۆکراوە. ڕەنگە هیچ کاتێک نەبووبێت کە ئاڵای ئێران (ئاڵای دەوڵەتی پەهلەوی) ئەوەندەی ئێستا گەواهی نارەزایەتی و گردبوونەوەکان بووبێت، لە تارانەوە تا تۆرۆنتۆ و لۆس ئەنجلۆس، بە ڕێورەسمی نیشتمانپەروەری زارەکی و شوناسی نەتەوەیی دووپاتکراوەوە، هەمووی لەژێر ناوی ئێمەی ئێرانییەوە. لەبەرامبەردا، نا فارسی کولتوورەکانی ئێران وەک کورد و عەرەب و بەلووچ کە دەیان ساڵە لە ژێر ستەمی پێکهاتەی نەتەوەیی، ئیتنۆ ئایینی و زمانەوانی دەناڵێنن، لە گێڕانەوەی شوناسی چوونیەکی ئێرانی لەلایەن دەوڵەت و نوخبەی دەسەڵاتدارەوە بەبێ جیاوازی، پشتگوێخراون و نادیدەگیراون. ئەم ساتە وەختە، کە بەڕواڵەت ئاماژەیە بۆ خەباتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو، دابەشبوونی لەمێژینەی لە پێناسەی نەتەوە بۆ غەیرە فارسەکان دەرخست.

گوتاری ئێمەی ئێرانی بەشێوەیەکی فراوان پشت بە چەمکی ئێران وەک خاکی ئارییەکان دەبەستێت، ئەو نەژادە دێرینە خەیاڵییەی کە بەسەرچاوەی مێژووی ئەو زمان و کولتوورە فارسییەی کە بە بنەمای شوناسی ئێرانی دادەنرێت )بڕوانە Litvak, 2017; Zia Ebrahemi, 2016). چەمکی «نەژادی ئاریایی» وەک پۆلێنێکی کۆمەڵایەتی، سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی

بەتەواوی وازی لێنەهێنراوە: ئەو بۆچوونەی کە زۆربەی یان هەموو ئێرانییەکان سەر بەم نەژادە بەناو ئارییانەن- و هەربۆیەش لە ڕووی «نەژادیی»ەوە لە گەلانی سامی و تورک جیاوازن- هێشتا لەلایەن هەندێک لە زانایانەوە پەسەندکراوە، وەک ڕاسمۆس کریستیان ئێلینگ (٢٠١٣، ٢٢) ئاماژەی پێدەکات. وەک مێژوونووسانی پێداچوونەوەگەرا ئاماژەیان پێکردووە، بیری ناسیۆنالیستی ئێرانی لەسەر سێ بنەمای سەرەکی دامەزراوە (بڕوانە (Asgharzadeh, 2007; Matin Asghari, 2018; Vaziri, 1993; Zia-Ebrahimi, 2016. یەکەمیان ئەوەیە کە ئێران خاکی ئارییەکانە، کە ئەمەش هێڵێکی ڕەگەزی زمانەوانی لەنێوان گەلانی ئاریی و سامیدا لەخەیاڵی ناسیۆنالیستدا دەکێشێت. دووەم: سەرسامییەکی شێتانە بە ئێرانی پێش ئیسلام هەیە وەک سەردەمی زێڕین کە جەوهەری ئێرانیبوون بەرجەستە دەکات، وێنادەکرێت؛ کە زیا ئیبراهیمی (٢٠١٦، ٢) ئەمەی بە ناسیۆنالیزمی «ناسەقامگیرکەر» ناوبردووە. ئەفسانەی سەردەمی زێڕینی ئێرانی پێش ئیسلام کرۆکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی مۆدێرن پێکدەهێنێت، کە پێیوایە سەردەمانێک حوکمڕانی خاکێکی بەرفراوانی لە خورەزمەوە تا ئانادۆڵ و عێراق کردووە و تەختی جەمشید و کورشی مەزن هێمای مەزنی و شکۆمەندییەکەی بوون. سێیەم و دواجار، ناسیۆنالیزمی فارسی پشت بە دوژمنایەتیەکی قووڵ بەرامبەر عەرەب و ئیسلام دەبەستێت. لە نووسینی نەتەوەپەرستە سەرەتاییەکانی وەک میرزا فەتحعەلی ئاخونزادە (١٨١٢-١٨٧٨) و میرزا ئاقاخان (١٨٥٣-١٨٩٦)دا، ئیسلام وەک ئایینێکی عەرەبی سەیردەکرا کە بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ بەها و شوناسی ئێرانیەکاندا ناکۆکە. بەهەمان شێوە، زمانی عەرەبی بە زمانێکی کەمتر دادەنرا کە پاش لەشکرکێشی مسوڵمانان زمانی فارسی تێکدا بوو.

ئاریانیزم بنچینەترینی ئەم سێ بنەمایەیە، «ڕەگەز»ی بایۆلۆجی لەگەڵ زمان و خاکدا ئاوێتە دەکات. بەو مانایەی کە زاراوەی ئاریایی نەک تەنیا گرووپێکی زمانەوانیی نییە بەڵکو ڕەگەزێکی جیاوازیشە کە لە خاکێکی جیاوازدا نیشتەجێیە (Sharifi, 2013, 82). ئاریانیزم بەشێوەیەکی بەرفراوان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەناوبانگ بوو، بەتایبەتی لەچوارچێوەی ئیتنۆلۆژیای داگیرکاریدا، تەنانەت لە سەرژمێری ساڵی ١٩٠١ی هیندستاندا کاری پێکرا. یەکێک لە بەکارهێنانە هەرە دیارەکانی ئەم زاراوەیە لەکاتی تاجەگوڵینەی ڕەزاشا لەساڵی ١٩٢٦ بوو، کاتێک فوروغی سەرۆک وەزیران ستایشی پاکی خوێنی پادشای نوێی دەکرد وتی: نەتەوەی ئێران دەزانێت کە ئەمڕۆ پادشایەکی ڕەگەز پاکی (پاکزاد)ی هەیە، و لە نەژادی

ڕەسەنی ئێرانییە (ایرانی نژاد) (وەرگیراوە لە Matin-Asghari, 2020, 200). محمد ڕەزا شا پەهلەوی نازناوی ئاریامهر (ڕووناکی ئارییەکان)ی لەخۆی نابوو، کە هیچ پێشینەیەکی مێژوویی لە ئێراندا نەبوو، لە ساڵی ١٩٧٣دا ڕایگەیاند:

بەڵێ، ئێمە ڕۆژهەڵاتین، بەڵام ئارییایین. ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە چییە؟ چیتر ناتوانین لەوێ بین. بەڵام ئاسیا، بەڵێ. ئێمە هێزێکی ئاریایی ئاسیایین کە عەقڵییەت و فەلسەفەمان لە حکومەتەکانی ئەورووپاوە نزیکە، بەتایبەت فەرەنسا ( لە Zia-Ebrahimi, 2011, 446 وەرگیراوە). پەهلەوی، هەروەها بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە شوێنی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا «ڕووداوێکی جوگرافی» بووە (لە Zia-Ebrahimi, 2011, 446 وەرگیراوە). ئەم سروشتە «ناسەقامگیرە»ی ناسیۆنالیزمی ئێرانی، ئێران لە واقیعە ئەزموونیەکەی خۆی دادەبڕێت و دەیگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوویەکی ئەفسانەیی و نەژادێکی جیاواز. لەناو دڵی ئەم بنیاتە ئەفسانەییەی مێژووی ئێراندا پێگەی ئیلاهییەتی زمانی فارسی وەک زمانێکی سەروو مێژوویی و سەروو هەرێمی هاوبەشی چەندین نەتەوەیە، کە کاریگەری نائارامی و ڕووخانی دەسەڵاتدارانی لەسەری نەبووە (بڕوانە Amanat, 2017; Dabashi, 2007; Marashi, 2008). شوناسی ئێرانی دەبوو ‹بە شێوەیەکی سەرەکی دەربڕینەکەی لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە بدۆزێتەوە، نەک تەنها وەک ئامرازێکی تێگەیشتن، بەڵکو وەک هەڵگری سەرەکی جیهانبینی و کولتووری فارسیش› (Yarshater, 1993, 141).

دانەپاڵی ڕۆڵی سەروومێژوویی بە زمانی فارسی لە دارشتنی مێژووی ئێراندا، لە نێو ڕۆشنبیران و دەوڵەتمەداراندا ڕەگ و ڕیشەی پتەوی داناوە. بۆ نمونە، لە حوزەیرانی ٢٠١٧دا، شەفیعی کادکانی، شاعیری بەناوبانگ و مامۆستای ئەدەبیاتی فارسی، لێدوانێکی پڕ لە سووکایەتی سەبارەت بە زمانە نافارسەکان داو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو زمانانە بەشێوەیەکی سروشتی توانای بەرهەمهێنانی بەرهەمی ئەدەبی و زانستییان نییە. کادکانی بۆ بەرگریکردن لە زمانی فارسی، پەنای بردە بەر بەکارهێنانی دەربڕینی بازاڕی:» ئەم گۆڕانییانە [بە بەکارهێنانی زمانە دایکییە نا فارسییەکان] کولتووری نەتەوەییمان تێکدەدەن، پاشان نەوەکەت؛ نەوەی نەوەکەت دێت و دەڵێت کە من میز بە کولتووری نەتەوەیی خۆمدا دەکەم کە کەلەپورەکەی (تەنها) چەند گۆرانییەکی ناوخۆیی و ...هتد بێت» (بڕوانە Parsi-Anjoman Website, 2018).

ئەم باڵادەستییە نەژادییە پێشینەی سەدەیەکی هەیە و لە فەرمانەکەی ڕەزا شادا سەبارەت بە گۆڕینی ناوی وڵات لە وڵاتی فارسەوە بۆ ئێران دیاربوو:

لە ڕوانگەی نەژادییەوە، وەک چۆن ئێران (وڵاتی فارس) شوێنی لەدایکبوون و لانکەی نەژادی ئاریایی بووە، سروشتییە کە ئێمەش سوود لەم ناوە وەربگرین، بەتایبەتی ئەمڕۆ کە هەندێک لە وڵاتانی گەورەی جیهان بانگەشەی نەژادی ئاریایی دەکەن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ مەزنی نەژاد و شارستانییەتی فارسی کۆن و کاتێک هەندێک نەتەوەی دیار شانازی بە ڕەگەزی ئاریی بوونیان دەکەن (لە Ansari, 2012, 102 وەرگیراوە)

لە بیروڕام سەبارەت بە ئێرانیبوون وەک فارسبوون، من پشت بە چەمکی باریش یونلو (٢، ٢٠١٦)سەبارەت بە چەمکی ‹گرێبەستی تورکبوون› دەبەستم، کە ئەو وەک ‹ پەیوەندییەکی نموونەیی بەڵام زۆر جار دانپێدانەنراو لە نێوان پێگەی ئیتنی تاکەکانی تورک و ئەو ڕێگایانەی کە دەیانبینن و دەبیستن و هەستیان پێدەکەن و دەزانن- هەروەها نابینن و نەبیستن و هەستناکەن و نازانن›. بە پەڕەوکردنی شوێنپێی ئونلو (٢٠١٦؛ ٢٠٢٣) فارسییەت وەک شێوازێکی ڕەگەزی زمانەوانی لەجیهاندا پێناسە دەکەم کە لە فۆرم و چوارچێوەی جۆراوجۆردا خۆی دەنوێنێت، لە کارلێک و پراکتیکەکانی ڕۆژانەوە تا دەگاتە ئەدای دامەزراوەیی و پێکهاتەیی شوناس. لەماوەی سەدەیەکدا، هەوڵێکی هاوبەش لەلایەن دەوڵەت و دەستەبژێرانەوە بۆ سەپاندنی فارسبوون وەک ‹شوناسی لەپێشینە» بەسەر نا فارسەکاندا بەشێوەیەکی سروشتی لە ئێراندا هەبووە. ئەمەش فۆرمێکی بۆردۆیی لە ‹خوو› ”هەبیتۆس“ هێناوەتەبوون – کە بریتییە لە ڕەنگڕشتن یان پێکهاتەی تێگەیشتن، چەمک و کردار» ی مەعریفی (Bourdieu, 2002, 27). بەم مانایە شوناسی ئێرانی لە هەستی سەربەخۆیی تێپەڕیوە و بووە بە شێوازێکی ئیمتیازدار لە وجود، هاوشێوەی سپی پێستبوون لە کولتووری ڕۆژئاوادا.

سەرەتا بەتێڕوانینێکی گشتی لە بنیاتی مێژوویی فارسییەت لەڕێگەی هاوێنەی یورۆسەنتەریزم و ڕۆژهەلاتناسی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا دەست پێدەکەم. دواتر شیکاری ئەوە دەکەم کە چۆن ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان بە سڕینەوەی جیاوازییە ئیتنۆئایینی و زمانەوانییەکانی ئێران، ڕۆژهەڵاتێکی ناوخۆییان خولقاند. بەشی سێیەم باس لەوە دەکات کە چۆن مێژوونووسان و دەستەبژێرە ناسیۆنالیستەکانی ئێران، بە کەڵک

وەرگرتن لە چەمکی ‹جیهانی فارسی›، هەوڵدەدەن سنووره جیۆ کولتوورییەکانی فارسبوون لە دەرەوەی ئێران درێژ بکەنەوە و وێنای پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی فارس-سەنتەری لە کیشوەری گەورەی ئاسیادا بکەن. لە کۆتاییدا ئەوە نیشاندەدەم کە بەشێکی زۆری زانستی هاوچەرخ لەسەر ئێران لە ناوەڕۆکدا بە ئاریایی دەمێنێتەوە و بەو هۆیەوە چالاکانە بەشداری سیاسەتی دەوڵەت لە سڕینەوە و نکوڵی لە مێژوو و یادەوەری گەلانی غەیرە فارسدا دەکات (Mohammadpour & Soleimani, 2022).

### شوێنەوارناسی ڕەگەزی زمانەوانی فارسییەت

شوێنەوارناسی ڕەگەزی زمانەوانی فارسییەت لە نووسینەکانی مێژوونووسە ناسیۆنالیستەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە لەسەردەمی کۆتاییەکانی قاجار و پەهلەویدا لە ڕووی فیکرییەوە کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئایدۆلۆژیای ئاریایی. لەکاتێکدا نەوەی یەکەمی ناسیۆنالیستە ئێرانییەکان ڕاستەوخۆ ئیلهامیان لە ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکانەوە وەردەگرت، نەوەی دووەم کە لەسەردەمی پەهلەویدا سەریانهەڵدا، بەشێوەیەکی سەرەکی ئیلهامیان لە بڵاوکراوەکانی پێشینانیان وەردەگرت. یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکان ئەبولحسێن زەڕینکوبە، کە لە دوو قرن سوکوت (دوو سەدە بێدەنگی)دا، گێڕانەوەیەکی ڕەگەزی-شارستانی سەبارەت بە باڵادەستی ئێرانی بەسەر عەرەبە نەزان و دواکەوتووەکاندا خستەڕوو (بڕوانە Alizadeh, 2021, 26). زەڕینکوب (١٩٥٧، ٩٣) عەرەبی بە «شەیتانە برسی و ڕووتەکان وەسفکرد کە لە بیابانە ڕووتەنە مەزنەکانەوە هاتوون، کە زمانەکەیان لە لمی سووتاوی بیابان و وشکتر و بێبەرهەم ترە». ئەم گوتارە زمانەوانییە ڕەگەزپەرستیە لەلایەن دەوڵەتی پەهلەوییەوە وەرگیرا و پەسەندکرا، و دواتر لەڕێگەی کاری ڕۆشنبیران و مێژوونووسانی لایەنگری دەوڵەتەوە وەک حەسەن پیرنیا (١٨٧١-١٩٣٥)، عەباس ئیقبال ئاشتینای (١٨٩٦-١٩٥٦) و ئەحمەد کەسراوی (١٨٩٠) بڵاوبووە کە ڕاسپێردرابوون وەشانێکی ستانداردی مێژوویی ئێران بەرهەمبهێنن. پەرتووکی خوێندنی ڕاسپێردراوی پیرنیا بەناوی مێژووی ئێرانی کۆن بەشێکی لەخۆگرتبوو بە ناوی «ڕەگەز-ڕەگەزی سپی پێست-گەلی هیندۆ-ئەورووپی»، کە بە ڕێنمایی «زانستی ڕەگەز»- واتە زانستی جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان، فۆرم و سیفەتەکانی ئەو کەسانەی سەر بەوانن». کارەکانی لاسایی کراونەتەوە و بوونەتە مۆدێلێک بۆ پەرتووکەکانی خوێندن لەسەرەتای سەردەمی پەهلەوی و ڕێڕەوی گشتی مێژوونووسی (Zia-Ebrahimi, 1016, 157). لەسەدەی نۆزدەدا، جوگرافیای سیاسی

گۆڕاو/خاکی نەتەوە بەگشتی بە ‹ممالک ماهروسیه ایران› یان خاکە پارێزراوەکان ناودەبرا (Matin Asgari, 2018; 2020). هەروەک وەزیری (١٩٩٣، ٦٨) جەختی لەسەر دەکاتەوە، لە سەدەی حەوتەمەوە تا پانزەهەم، تەختی ئێران لەژێر سایەی دەسەڵاتێکی یەکگرتوو یان یەک بنەماڵەدا نەبووە. ئەم نەبوونی یەکگرتوویە سیاسییە لە تۆماری گەشتیارانی ڕۆژئاوایی وەک مارکۆ پۆلۆی ڤینیسی تێبینی دەکرێت، کەبەو شوێنەدا تێپەڕی کە بەوڵاتی فارس ناوی بردووە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٣دا (بەبێ ئەوەی ناوی ئێران بێنێت). پۆلۆ لە تێبینیەکانیدا ئاماژە بە بوونی هەشت شانشینی جیاواز دەکات لە وڵاتی فارسدا، کە هەر یەکەیان لەژێر ناوێکی جیاوازدا حوکمرانی دەکرێن. ئەم ناڕوونییە لە کایەی شیعر و ئەدەبدا زیاتر دەردەکەوێت، کە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانەوە بۆ دروستکردنی شوناسێکی یەکگرتووی «ئێرانی» تەرخانکراوە. ئێران لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بە کودەتاکەی ڕەزا خان لە ساڵی ١٩٢١ وەک دەوڵەتێکی مۆدێرن و شوناسێکی فەرمی سەریهەڵدا، کە بووە هۆی دامەزراندنی شانشینی پەهلەوی لە ساڵی ١٩٢٥. لەگەڵ ئەوەشدا، بنچینەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی زیاتر لە دواوەیە و بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی قاجاری دەگەڕێتەوە. قاجار وەک دەڵەتێکی بنەماڵەیی هیچ دامەزراوەیەکی ناوەند یان ڕەگەزنامەیەکی یەکگرتوویان نەبوو (بڕوانە Khazeni, 2009; Matin-Asgari, 2020). جگە لەوەش، ئێران وەک سەدەی ١٨ یەک مێژووی نەتەوەیی نەبووە. لەبری ئەوە مێژووی جۆراوجۆر لەسەر تەختی ئێران پێکەوە بوون، وەک پاشاکانی عەجەم کە مێژوویان تێکەڵ بە ئەفسانە کردووە و مێژووی ئیسلامی کە مێژووی تەختەکە و مێژووی جیهانی داپۆشیوە (Zia-Ebrahimi, 2016). لەلاپەرەکانی سەرەتای تاریخ و فرهەنگ (مێژوو و کولتوور)دا، لەژێر سەردێڕی ‹گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ کۆکردنەوەی ماددە بۆ نووسینی مێژووی ئێران»، مێژوونووسی بەناوبانگی ناسیۆنالیست موجتەبا مینۆڤی (١٩٤٦، ١٤-١٥) دەنووسێت:

ئێمە لەگەڵ چەندین پرسدا دەست و پەنجە نەرم دەکەین، کە پێویستە پێش پلانی نووسینی مێژوو چارەسەربکرێن. یەکەم: مەبەستمان لە زاراوەی ئێران چییە؟ سنووری جوگرافیای ئەو قەڵمڕەوییەی ئێمە پێی دەڵێین ئێران کامەیە؟ ئێمە خاک و هەرێمەکانی حوکمڕانی هەخامەنشینی و ئەشکانی و ساسانی و غەزنەوی و سەلجوق و مەغۆل و سەفەوی و قاجار هەموو بە ئێران ناودەبەین، بەڵام وەک یەک نین. دووەم- داستانی کام بنەماڵەی فەرمانڕەوا و پاشا بگێڕدرێتەوە؟ ... سێیەم- دەبێت چۆن ڕیزبەندی مێژوویی

و مێژووی ڕووداوەکان بخەینە ناو مەودا و پانتایی ئەو خاکەی کە تێیدا ڕوویانداوە؟ سەردەمی وا هەبووە کە ٢٠ شا و یاخیبوو لە یەک کاتدا لە ناوچە جیاوازەکانی ئەو خاکەدا شەڕیان دەکرد کە ئێستا بە ئێران ناسراون... ئەو هەژمارە مێژوویەی [ئێرانی نوێ] کە ئەمڕۆ ئەرکی دارشتنیمان پێ سپێردراوە، بەگوێرەی فەرمانی جەنابی خاوەنشکۆ، دەبێت وەک پێکهاتەیەکی جەوهەری لە مێژووی جیهان دابڕێژرێت و هاوتەریب بێت لەگەڵ چوارچێوە و ئەجێندای نوێی ئیمپراتۆری.

چەمکی ڕەگەزی ئاریایی بەشێوەیەکی بەرچاو لە دەقە بەهەمهێنراوەکانی سەدەی نۆزدەدا نەبوو، بەڵکو بۆ یەکەمجار لە نووسینەکانی میرزا ئاقاخان کرمانی (١٨٥٣-١٨٩٦) دا دەرکەوت، کە لە دەقەکانی ڕۆژهەڵاتناسانەوە وەریگرتبوو (Zia-Ebrahimi, 2014, 1048). بەهەمان شێوە، ئاخاوتن لەسەر هاتنی ئیسلام وەک لەشکرکێشی عەرەبەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لە ئەدەبیاتی ئێراندا لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە، بەتایبەتی لە نووسینەکانی ئاخونزادە و کرمانیدا بەدیدەکرێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە لەم قۆناغە گرنگەی گۆڕانکاریدا چی ڕوویداوە، مێژوونووسانی پێداچوونەوەخواز ئاماژەیان بە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زەبربەخشی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا کردووە (بڕوانە Asgharzadeh, 2007; Matin-Asghari, 2018; Sohrabi, 2011; Zia-Ebrahimi, 2016). ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە بە دەستێوەردانی سەربازی و سیاسی ئەورووپی تایبەتمەند بوو، لە کاتێکدا بەشێوەیەکی سەرەکی ئەوە دەستێوەردانی سەربازی/سیاسی ڕووسیا بوو کە پێشهاتەکانی دواتری لە قاڵب دا (Ansari, 2016; Matthee & Andreeva, 2018; Richard, 2019). پەیوەندی ئێران لەگەڵ ڕۆژئاوا بۆ سەردەمی سەفەوی لە سەدەی ١٧دا دەگەڕێتەوە، کاتێک بازرگان و سەرکێش و موژدەدەرەکان دەڕۆشتن بۆ ئەسفەهانی پایتەختی ئیمپراتۆریەت. ئەم پەیوەندییە تا دوو شەڕی یەکەمی ڕووسیا-ئێران لە سەدەی نۆزدەهەمدا وەستا، کە لە ئەنجامدا ئێران دەستی لە بەشێکی فراوانی خاکەکەی هەڵگرت بۆ ڕووسیا، بەتایبەت بەپێی پەیماننامەکانی گولستان (١٨١٣) و تورکمانچای (١٨٢٨). دەستەبژێرانی قاجار کە نەیانتوانی لەگەڵ ئەم شکستانەدا خۆیان بگونجێنن، بە پرۆسەیەکی ئازار بەخشی پرسیارکردن لە خوددا تێپەڕین، کە بە بزووتنەوەی مۆدێرنیتەی ئێرانی ناودەبرێت. لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، تەوژمێکی فیکری پەراوێزخراو سەریهەڵدا، کە لەلایەن ئاخوندزادە و کرمانییەوە سەرپەرشتی دەکرا،

بە پێچەوانەی مۆدێرنیستە ئێرانییەکانی وەک مولکەم خان (١٨٣٤-١٩٠٨) کە ڕۆژنامەی قانوونیان لە ساڵی ١٨٩٠ بڵاودەکردەوە (بڕوانە Algar, 1973) وە مستەشار الدولە (١٨٧١) کە یەک وشە ( بەفارسی، ‹یک کلمە› کە مەبەستی ‹یاسا› بوو نووسیبو. لایەنگرانی مۆدێرنیتە ویستیان لەسەر ئەوە بوو کە پردێکی سەربازی و سیاسی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕووسیا و ئەورووپا دروستبکەن لەڕێی یاساوە، بەڵام تەیاری پەراوێز دەستیکرد بە دارشتنی ئایدۆلۆژیایەکی ڕەگەزی زمانەوانی کە پێشنیاری پێچەوانەکردنەوەی کاریگەری ڕووداوە مێژووییەکان و لەناوبردنی ئەو توخمانەی دەکرد کە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی بە میراتی عەرەب و مەغۆل و گەلانی دیکەوە پەیوەست بوون.

**ئێران و ئەزموونی ڕۆژهەڵاتناسی**

ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپی بە بەستنەوەی ئەدەبیاتی فارسی بە نەریتە نەتەوەییەکانەوە، بۆ دارشتنی گێرانەوەیەکی مێژوویی گونجاو، «پەیوەندی دەسەڵاتی پشتاوپشت»یان بۆ ناسیۆنالیستە سەرەتاییەکانی ئێران دابینکرد (Vaziri, 1993, 131) . ئەم ناسیۆنالیستانەی ئێران لەژێر کاریگەری ڕۆژهەڵاتناسانی وەک ئێدوارد براون، ئارسەر دو گۆبینۆ، ئێرنست ڕێنان، ئێداورد گیبۆن، مۆنستکیۆ و جۆزێف مارکوارت دا، لەناکاو لەنێوان ساڵانی ١٨٥٠ بۆ ١٩٠٦ بۆیان دەرکەوت کە ڕابردوویەکی شکۆداریان هەبووە، نەمانی ئەو شکۆمەندییەی ڕابردووش دەکرێ بەهۆی هاتنی ئیسلامەوە بووبێت. تایبەتمەندیی زانستی ڕۆژهەڵاتناسی لەو سەردەمەدا دوژمنایەتی بەربڵاوی عەرەبەکان بوو. ئیسلامۆفۆبیای ڕەگداکوتاوی ڕۆژهەڵاتناسان وایلێکردن پێیان وابێت کە سەردەمی پێش ئیسلام دەبێ سەردەمی شکۆمەندی بووبێت. ئەمە لە ستایشی مۆنتیسکیۆدا سەبارەت بە ئایینی زەردەشتی سەرەڕای کەمی شارەزاییەکەی لەو بارەوە دەردەکەوێت. مۆنتیسکیۆ ‹ئاڤێستا› کە کتێبی پیرۆزی ئایینی زەردەشتییە، نەخوێندبووەوە، کە وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی ئەنکیتێل دوپەرۆن تا کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بەردەست نەبوو. زۆرێک لە ڕۆژهەڵاتناسانی ئەورووپی کە پێشتر بە ئایینی زەردەشتی سەرسام بوون، کاردانەوەی نەرێنییان بەرامبەر بە وەرگێڕانەکە هەبوو، چونکە تەحەددای گریمانەکانیانی دەکرد لەسەر ئەم ئایینە دێرینە (بڕوانە Zia-Ebrahimi, 2016). نیگاری ئێران لە نامە فارسییەکاندا (١٧٢١) لەلایەن مۆنتیسکۆوە لە سەرچاوەی ڕاست و درووستەوە نەبوو، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەو کلێشە و لایەنگیرییە کوێرانەیەی بوو کە ڕەنگدانەوەی پێشبینییە کولتوورییەکانی خۆی بوو. نامە

فارسییەکان کارێکی ئەدەبی تەنزئامێز و زیرەکانەیە کە باس لە ئەزموونی پێکەنیناوی و ڕۆشنگەری دوو ئاغای خەیاڵی فارسی، ئوزبەک و ڕیکا دەکات، کە چەندین ساڵیان لە ژێر دەسەڵاتی لویسی چواردەهەم و ڕاسپێردراوی تەختی پاشایەتی فەرەنسادا بەسەربردووە.

ئێداورد گیبۆن (١٧٧٦-١٧٨٩) لە کتێبی (لاوازبوون و داڕمانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم)دا، شوێنەوارە دێرینەکانی پێش مەسیحییەتی لە ئەورووپا وەک سەردەمی شارستانییەتەکانی ڕۆم و یۆنانی بە سەردەمی دەستکەوتە زانستی و هونەرییە سەرنجڕاکێشەکان دیاریکرد. کرمانی بەهەمان شێوە ئەم لێکدانەوە ڕۆمانتیکییەی مێژووی ئەورووپای بۆ مێژووی ئێران بەکارهێنا و پێیوابوو کە شێوازێکی هاوشێوە لە ئێراندا بوونی هەیە: ئەو پێیوابوو کە دەبێت سەردەمێکی شکۆدار پێش هاتنی ئیسلام هەبووبێت (Siavoshi, 2014, 256). گۆبینۆ بە ئیلهام وەرگرتن لە گیبۆن، هۆکاری شکستی فارسی بۆ مەقدۆنییەکان گەڕاندەوە بەهۆی تێکەڵبوونی ڕەگەزی فارسەکان لەگەڵ خەڵکی سامی کە بە ڕواڵەت کەمتەرخەم بوون. گۆبینۆ (١٨٥٥-[١٩٦٧]) لە وتارە کاریگەرەکەیدا لەسەر نایەکسانی ڕەگەزەکانی مرۆڤ، مرۆڤایەتی بەسەر سێ ڕەگەزدا دابەشکردووە: سپی و ڕەش و زەرد. گۆبینۆ بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕەگەزی سپی پێست شارستانیترین و داهێنەرترینە و لقە ئارياييەکەی سەرچاوەی هەموو کولتوور و شارستانییەتەکان بووە. لەم نێوەندەدا ڕەگەزی ڕەشپێست لە ڕووی جەستەییەوە بەهێز بوو بەڵام لەڕووی فیکرییەوە ئایەخە، ڕەگەزی زەردیش مامناوەند و چەقبەستووە. گۆبینۆ بە بەکارهێنانی بیردۆزەکەی بۆ پاساودان بە کۆڵۆنیالیزم و کۆیلایەتی و ئەرستۆکراسی، کاریگەری لەسەر بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکان لە ئەورووپا و ئەمریکا کرد، لەوانە نازیزم و باڵادەستی سپی پێستەکان. گۆبینۆ سەرسام بوو بە ئێران، کە وەک دیپلۆماتکارێک لە ساڵانی ١٨٥٥-١٨٥٨ و ١٨٦٢-١٨٦٣ سەردانی کردبوو. گۆبینۆ ئاماژە بە ئێرانییەکان دەکات وەک نمونەیەکی ڕوون لە نەنگی و لەناوچوونی ڕەگەزیی بەهۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر. پۆلێنکردنە ڕەگەزییەکەی لەناو ناسیۆنالیستە ئێرانییەکاندا دەنگی دایەوە. بۆنمونە، حسێن کازمزادە ئێرانشار داکۆکی لە سەروەری و پاکی خوێنی ئێرانی دەکرد، لە کاتێکدا مەحمود ئەفشار (١٩٢٥، ٥) داکۆکی لە زیندووکردنەوە و پاراستنی زمان و کولتووری فارسی دەکرد وەک «کۆڵەکەی یەکێتی نەتەوەیی» و عەلی شەریعەتی (١٩٨٢-٤٢) جیاوازییەکی توندی لەنێوان ڕەگەزی ئاریی و سامیدا دەکرد.

دەتوانرێت دەربڕینی ئاگرینی دژە ڕەگەزپەرستی عەرەبی لە نووسینەکانی ئێرنست

ڕێنان (١٨٨٢[٢٠١٨])دا ببینرێت، کە ئایینی بە ڕەگەزەوە دەبەستەوە و لەوەش گرنگتر پۆلێنکردنی ڕەگەزی ئایینی ناساند. بەبڕوای ڕێنان ئیسلام و جو ئایینی سامین، پۆلێنێک کە لە توێژینەوە لە زمانە سامییەکان وەریگرتبوو. بەڵام، ئایینی بابی لە جیهانی ئیسلامی جیاکردەوە و بە ئاریایی لە قەڵەمیدا. ڕۆڵی سەرەکی ڕێنان لە ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا دەتوانرێت لە یەک دەستەواژەدا کورت بکرێتەوە: دژە جولەکەگەرایی (بەوهۆیەشەوە دژە ئیسلامگەرایی). بە وەسفکردنی لەشکرکێشی عەرەب بۆسەر ئێران وەک حاڵەتێکی تێکەڵی ڕەگەزی بە ڕەگەزی ئاریی بوون، ئاخوندزادە و کرمانی چارەسەریان بۆ لاوازی ئێران بریتی بوو لە بە شەیتانیکردن و سڕینەوەی میراتی ئیسلام و نەتەوەکانی دیکەی وەک مەغۆل و تورکەکان. زمان بوو بە کاری لە پێشینەیان، چونکە زۆربەی وشە فارسییەکان سەرچاوەی عەرەبییان هەیە. بۆیە پاککردنەوەی زمان وەک ستراتیژێکی یوجینی کولتووری دەبینرا، بە گریمانەی ئەوەی کە ئێران بە دڵنیاییەوە شکۆی ڕابردووی پێش ئیسلامی بۆ دەگەڕێتەوە پاش ئەوەی ئەم ستراتیژە بەدیهات.

لەو ماوەیەدا، بەناو پەیوەندییەک لەنێوان زمانە ئەورووپی و ڕۆژهەڵاتییەکاندا، بەتایبەتی سانسکریت، لەلایەن سیر ولیام جۆنز (١٧٨٦[٢٠١٣]) لەسەر بنەما و پەرەسەندنی زمانە هیندۆ-ئەورووپییەکان دامەزرا. تیۆری جۆنز سەبارەت بە نزیکی زمانە ئەورووپییەکان و سانسکریت ئیلهامبەخش بوو بۆ مێژوونووسانی ئەڵمانی بۆ دامەزراندنی پەیوەندی جەوهەری نێوان زمان و ڕەگەز. زمانی فارسی وەک لقێک لە خێزانی زمانی هیندۆ-ئەورووپی پۆلێنکرا. جۆزێف مارکوارت (١٩٢٢) زمانناسێکی ئەڵمانی بوو، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە تیشک خستنە سەر پەرەسەندنی بیردۆزی ڕەگەزیی زمان. مارکوارت لە وتارێکدا بە ناوی «ئێرانشار»، بۆ وەسفکردنی خۆی وشەی اندرزبود بەکاردەهێنێت کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد هاوتای ‹پرۆفیسۆر› بووە لەسەردەمی شانشینی ساسانیدا. مارکوارت سنووری جوگرافیای ئێرانشارێکی خەیاڵی لە خوارزمەوە بۆ دیاربەکر کێشا، خاکێک کە زمانی فارسی تێیدا یان زمانی فەرمی یان زمانی بازرگانی بوو. ئەو زمانە ڕەسەنەکانی ئەم ناوچانەی بە شێوەزاری زمانە ئێرانیەکان دەزانی.

لە کۆتاییدا، گێڕانەوەی ئێدوارد براون (١٩١٠) دەربارەی بزووتنەوەی دەستووری وەک دوبارە لە دایکبوونەوەی «نەتەوەی» ئێرانی کۆن بووەتە «گێڕانەوەی سەرەکی» لە گوتاری ناسیۆنالیستی زاڵی ئێراندا (بڕوانە Matin Asghari, 2019). قسەکانی ئەو

دەربارەی سازگاری ئیسلام لەگەڵ ناسیۆنالیزم، بەتایبەت ڕابەرایەتی ئایینی شیعە، لەم بزووتنەوەیەدا زیادەڕۆییە. براون (١٩٥٩) لە مێژووی ئەدەبیاتی وڵاتی ئێراندا هاوسۆزی ئیسلام و عەرەب بوو، بەڵام ئەو (١٨٩٣) پێشتر تۆمەتبار کرابوو بە چەشنە چەقبەستوو و ڕەگەزپەرستییەکان،وەسفکردنی عەرەبەکان بە «مارمێلکەخۆر» و وێناکردنی تورکە ئازەربایجانییەکان بە «بێزارکەر و میزاجی و گەمژە» (وەرگیراوە لە Alizadeh, 2021, 33). ئەو مێژووی ئەدەبیاتی فارسی بۆ ئیمپراتۆرییەتەکانی ماد و هەخامەنشینی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت کە «کولتوور و شارستانیەت»ی وڵاتی فارس لە ئارییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. بەبڕوای براون ئیمپراتۆریەتە عەرەبیە مسوڵمانەکان پێکهاتەی سیاسی و بیرۆکراتی دەستەبژێرانی فارسیان قبووڵکردووە یان بۆیان ماوەتەوە بەتایبەت ئیمپراتۆرییەتی ساسانی. سەرەڕای ئەوەش، سیستمی بەڕێوەبردنی ئیمپراتۆریەتی عەباسی لەسەر بنەمای دانایی فارسەکان بوو. براون هەوڵیدا پەیوەندییەکی ئەخلاقی و فیکری و بنەماڵەیی لەنێوان شیعەگەری و فارسەکاندا دروستبکات بەو پێیەی کە ‹فارسەکان› پشتگیری لە عەلی و لقی شیعەی ئیسلام دەکەن چونکە حسێن کوڕی عەلی، ئیمامی سێیەمی شیعە، هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی دوا پاشای ساسانی کردووە(Alizadeh, 2021, 34)بانگەشەیەک هاوشێوەی بانگەشەکەی کازمزادە ئێرانشار.

## لەدایکبوونی ئەویتری ناوخۆیی

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، تیۆرە کولتوورییە ڕەگەزپەرستییەکان وردە وردە لەڕێگەی نووسینەکانی میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە و میرزا ئاقاخان کرمانییەوە هاتنە ناو ئێرانی قاجارەوە. ئەم نووسەرانە بۆچوونی ڕەگەزپەرستی و سوکایەتی پێکەریان دەربارەی عەرەب و جولەکە و تورک و مەغۆل و تەنانەت ئەمریکییە ئەفریقییەکان و ئەمریکییە ڕەسەنەکان هەبوو.

میرزا فەتحعەلی ئاخوندزادە تورک زمانی قەیسەری بوو کە زۆربەی ژیانی لە قەوقاز بەسەربرد، کە بەو دواییانە لەلایەن ڕووسیاوە داگیرکرا. وەک وەرگێڕێکی فەرمی بۆ ڕووسەکان کاریدەکرد و تەنیا دوو جار سەردانی ئێرانی کردووە. بەرچاوترین بەرهەمی ئاخوندزادە، مکتوب کمال الدوله (نامە لە کەمال لدولە بۆ جلال الدولە؛ ١٨٦٥[٢٠١٦])، چیرۆکێکی خەیاڵی گفتوگۆ ئامێزە لەنێوان کەمال، هیندییەک کە نوێنەرایەتی ئاخوندزادە دەکات و جەلال، ئێرانییەک کە قسە بۆ ئامادەبووانی ئاخوندزادە دەکات. کەمال شیوەنی

لەدەستدانی بەهەشتەکەی ئێرانی پێش داگیرکاری عەرەبە موسڵمانەکان دەکات و هۆکاری لەناوچوونەکەشی بۆ «عەرەبە بەربەریی و ڕووت و مارمێلکەخۆر و پێ پەتییەکان» دەگەڕێنێتەوە (Akhundzadeh, 1865[2016], 21). ئاخوندزادە لەم کتێبەدا حوکمی زۆروزەوەندی شانشینی فارس نیشاندەدات، کە فەرمانڕەوایی خاکە فراوانەکانی دەکرد کە لە خوارزمەوە تا ئەنادۆڵ و عێراق درێژدەبێتەوە، هاوڕێ لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی شارستانی و کەش و هەوای خۆش و نەژادی پاکی ئێران و پاشای دادپەروەر و گەلی بەختەوەر و کشتوکاڵی گەشەسەندوو، ژنانیش کە ڕێزلێنراو بوون و نەکرابوونە کۆیلە لەلایەن عەرەبەکانەوە. تەوەرە سەرەکییەکانی ئاخوندزادە کاریگەرییەکی زۆری نووسینەکانی ڕێنانی لەسەر بوو (Marashi, 2008, 69)، لە بەشەیتانیکردنی عەرەب و وەلانانی کولتوورە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی پێش و پاش ئیسلامدا خۆی دەبینییەوە، ئەو شوناسی ئێرانی لە یەک کاتدا وەک زمان و ڕەگەز و ڕۆحێکی ناوازە وەسفدەکات. ئاخوندزادە کە بە بەرنامەی مۆدێرنیتەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی (تەنزیمات) سەرسام بوو، پێشنیاری چاکسازی لە ئەلف و بێی فارسیدا کرد، کە بەتایبەتی لەلایەن میرزا مەلکوم خان (١٨٣٤-١٩٠٨) ڕووبەڕووی دژایەتی بووەوە. ئاخوندزادە بە نۆستالیژیکییەوە دەنووسێت: ‹چی بەسەر ئەو شکۆمەندی و خۆشگوزەرانییەی ئێوە [ئێران]دا هات لە سەردەمی جەمشید و گشتاسب و نوشیروان و خوسرەودا چێژتان لێوەردەگرت؟ ئەو ئێرانی پێش ئیسلامی بە سەردەمی زێڕین وەسفدەکرد کە تێیدا خەڵک ئازاد و شکۆداربوون، حوکمڕانی پاشا میهرەبانەکان ڕێگری لە هەژاری دەکرد و هەمووان دەستیان بە چاودێری تەندروستی خۆڕایی دەگەشت. میرزا ئاقاخان کرمانی ڕۆمانسیزمی ئاخوندزادەی بۆ ئاریانیزم گۆڕی. ئەو یەکەم کەس بوو لە نووسینەکانیدا زاراوەی ‹نەژادی ئاریایی› بەکارهێنا. کرمانی لەبەکارهێنانی سەرەتایی زاراوەکەدا، بە فارسی «ئاریانا»ی نووسیوە، کە وەرگێڕانی ‹ئاریانی› فەرەنسییە. ئەو تەنانەت زاراوە فەرەنسییەکەی کردووەتە نێو کەوانە، کە بەڕوونی ئاماژەیە بۆ سەرچاوەی بیرۆکەکە. کرمانی (٢٠٠٥، ١٢٢) لە کتێبی (سێ پیت)دا، بەدوای ئاواز و پەخشانی ئاخوندزادە دەکەوێت، باسی حوکمڕانی پاشاکانی فارس (فرس،[واتا فارسەکان]) دەکات و وێنەیەکی شاهانە و ئەرستۆکراتیانەی پیاوان و ژنانی ئێرانی دەکێشێت: کرمانی دەڵێت ژنان چارەسەریان وەردەگرت، لە نەخۆشخانە تایبەتەکاندا چاودێری تایبەتیان لە ستافی مێینەوە وەردەگرت، لەکاتێکدا پیاوان بەجیا چاودێری دەکران. کرمانی بە داخە بۆ ئەوەی

کە ژنە نەجیبزادەکانی فارس کەوتوونەتە بەر هێرشی عەرەبە ‹دڕندەکان›ەوە. هەرئەم وێناکردنەی ژن لە ئێرانی کۆندا وەک قوربانی دەستی عەرەب بوو کە دواتر سیاسەتی پەهلەوی بۆ نەپۆشینی حیجاب پێناسەکرد. کرمانی (٢٠٠٥، ١٢٣) شەهربانوو کچی پاشا وەک نمونە دەهێنێتەوە کە هێنراوە بۆ مزگەوت و مەزاتکراوە. ئەو داوا لە ئێرانییەکان دەکات کە دژی ئەم سووکایەتییە بووەستنەوە کە لەلایەن عەرەبەکانەوە بەسەریاندا سەپێنراوە (Kermani, 2005, 124-125).

کرمانی (١٩٢٧[٢٠٠٦]، ٢) لە سەد خەتابەدا (سەد وتار، کۆکراوەی تەنیا ٤٢ وتار)، دەڵێت کە چەندین پێشکەوتنی هاوچەرخی ئەورووپی هەن کە هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە ئێران بوونیان هەبووە. بۆ نمونە ئاماژە بەوە دەکات کە ‹پۆشاک و پانتۆل، کە هێمای شارستانییەتن لە ئەورووپا، لەماوەی چوار هەزار ساڵی یەکەمدا لە ئێراندا هەبوون›. جگە لەوەش، «ئەو تۆپانەی کە لە قوتابخانە پیشەسازییەکانی پاریسەوە بەرهەمدەهێنران، لە دەرباری کیانیدەکان [شانشینی ئەفسانەیی]دا لە باشترین دۆخدا بوونیان هەبووە. کرمانی دەڵێت: «زمانی فارسی بەڵگەی سارستانییەتی کۆنە، کە وەک شایەتییەکی ڕاستەقینەیە بۆ شارستانییەتی ئەم نەتەوەیە. بەڵام بەشێکی بەرچاوی سەد خەتابە تەرخانکراوە بۆ ناوزڕاندنی عەرەبەکان. لە وانەی ژمارە ٢٨ (ڕەفتاری ئێرانی و عەرەبەکان)، کرمانی وتەیەکی «فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان» بەکاردەهێنێت بۆ سەلماندنی ڕەگەزە کولتوورییە جۆراوجۆرەکانی نێوان ئێرانی و تازییەکان، زاراوەیەکی بێڕێزیکردنە هەندێک لە ناسیۆنالیستە فارسەکان بۆ وەسفکردنی ‹عەرەبەکان› بەکاریانهێناوە. کرمانی عەرەبەکان بەم شێوەیە وەسفدەکات کە ‹نەتەوەیەکن چەندین ناوی سوکایەتیپێکەر و نازناو و ناتۆرەیان بۆ ئەندامی زاوزێی پیاو هەیە لەکاتێکدا ڕۆحی مرۆڤ وەک بەشێک لەو ئەندامە دەزانن›. ئەو، عەرەب وەک مرۆڤی نزمتر وەسفدەکات کە «مارمێلکەی مردوو و مشک دەخۆن، پێستی نیوەکاڵی وشتر دەجوون و گۆشتی گامێشی بە خۆر وشککراوە و تەنانەت خراپ بووش، بە خواردنێکی خۆش دەزانن.(Kermani, 2006, 176).

ئاخوندزادە و کرمانی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەسەرهەڵدانی ‹بازنەی بەرلین› لە ئەڵمانیا، جارێکی دیکە بەناوبانگ بوون (بڕوانە Marashi, 2008, 89). پارتی سۆسیال دیموکرات بانگهێشتی حەسەن تەقیزادەی کرد بۆ بەرلین بەمەبەستی پاڵپشتی کردنی حکومەتی ئەڵمانیا لە شەڕی دژ بە ئیمپریالیزمی ڕووسیا/بەریتانیا، ئەمەش جووڵەیەکی

نوێ بوو لە پێکهێنانی ناسیۆنالیزمی ئێراندا. تەقیزادە و دەستەبژێرانی هاوڕێی لەنێوان ساڵانی ١٩١٦ بۆ ١٩٢٢ گۆڤارێکیان بەناوی کاوە بڵاوکردەوە. هەڵبژاردنی ناوی کاوە، پاڵەوانی ئەفسانەی ئێران، و نیشاندانی تابلۆی یاخیبوونەکەی لەسەر بەرگی گۆڤارەکە، تێڕوانینی تەقیزادە و هاوڕێکانی سەبارەت بە شوناسی نەتەتەوەیی ئێران دەردەخات. قۆناغی یەکەمی کاوە (١٩١٦-١٩١٩) بە پلەی یەکەم بۆ برەودان بە ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی و بڵاوکردنەوەی وتار لەسەر کولتووری دێرینی ئێران تەرخانکرابوو. تەقیزادە بابەتگەلێکی وەک ‹نەورۆز جەمشیدی›، ‹ئاڵای کاوە و کاڤیانی›، ‹نەورۆز و ساڵنامەی ئێران› و هەروەها وتاری سەبارەت بە شانامە (پەرتووکی پاشاکان) شیعری کۆن لە ئێراندا نووسیوە. ئەم وتارانە بەمەبەستی بەخشینی ئیلهام بوو بە نەژادی ئێران و نوێکردنەوەی هەستی نەتەوەیی. تەقیزادە لە ‹نەورۆز جەمشیدی› کە ئاهەنگێکە لەبەهاری ئێراندا، ڕایگەیاند کە ئێران یەکێکە لە بەهادارترین سامانەکانی نەژادی ‹ئاریایی›. لە قۆناغی دووەمی کاوەدا (١٩١٩-١٩١٢٢)، سەرنجی گۆڤارەکە بەرەو تیۆریزەکردن و خستنەڕووی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بوو، بە سوودوەرگرتن لە ئەدەب و شیعری فارسی و شانامەی فیردەوسی. ئامانج لێی چاندنی ڕۆحی نەتەوەیی و برەودان بوو بە نەتەوەی ئێران وەک کولتوور و زمانەوانی جیاواز کە ڕەگوڕیشەی لە زمانی فارسی و ئەخلاقی نەتەوەیی ئێراندا هەیە. تەقیزادە، هاوشێوەی ئاخوندزادە و کرمانی ، مێژووی ئێرانی بە مێژووی فارس هاوتا کرد. هەرچەندە ئەو بەئاشکرا دژی دەستێوەردانی دەرەکی بوو، بەڵام بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی وەک بەرخۆدانی جەنگەڵ (١٩١٥-١٩٢١) کە میرزا کوچیک خان لە دژی ڕووسیا لە باکوور ڕابەرایەتی دەکرد، و ڕەئیسی عەلی دلێفاری (١٩١٥) دژی هێزەکانی بەریتانیا کە باشووری ئێرانیان داگیرکردبوو، پشتگوێخست. ئەمە زیاتر سیمای فارس-سەنتەری نەتەوەی ئێران لە کاوەدا ڕۆشندەکاتەوە، کە هیچ دانپێدانانێکی بە نەتەوە و کولتوورە نا فارسەکاندا لەخۆنەگرتبوو.

ئەگەر ئاخوندزادە و کرمانی شوناسی ئێرانییان لەسەر بۆچوونە دژە سامییەکان بنیاتنابێت، ئەوا کاوە پاڵپشتی شێوازی کۆن و ڕۆحی ئێرانیەتی دەکرد لەکاتێکدا وەرگرتنی بێمەرجی «مۆدێلی کولتووری ڕۆژئاوایی» وەک تاکە ئامرازی زیندووکردنەوەی ڕابردووی شکۆمەندی ئێران لەخۆگرت (Matin-Asghari, 2018; 2020). پاش ئەوەی ڕەزا خان لە ساڵی ١٩٢١دا دەسەڵاتی گرتەدەست، هەندێک لە ئەندامانی بازنەکە، لەنێویاندا

حەسەن تەقیزادە، گەڕانەوە بۆ ئێران و پۆستی حکومییان وەرگرت. هەندێکی دیکە لە دەستەکە گۆڤارێکی نوێیان بەناوی ئێرانشار بەسەرنووسەری حسێن کازمزادە بڵاوکردەوە. ئەڤینی قوڵی کازمزادە بۆ «ئێرانشار»ی خەیاڵی، کە زاراوەیەکی پەیوەستبوو بە ئیمپراتۆریەتی ساسانییەوە(٢٢٤-٦٥١ زاینی)، ئەوەندە قووڵبوو کە تەنانەت ناوی کۆتایی خۆیشی گۆڕی بۆ ئێرانشار. گۆڤارەکە بانگەشە بۆ گەڕانەوەیەک دەکات بۆ خودی ئێرانی کە ئیلهامبەخش بێت و کاریگەری لەسەر ئەو ڕۆشنبیرانە هەبێت کە پێیان دەوترێت ڕۆشنبیری بنەچە گەر وەک جەلال ئەحمەد، سەید فەخرەدین شادمان، عەلی شەریعەتی و ئیحسان نەراقی (Gheissari, 1998, 83-108). ئێرانشار زمانی فارسی وەک پایەیەکی حاشاهەڵنەگری شوناسی ئێرانی و هەڵگری خودی ئێرانی دیاریکرد. بەپێچەوانەی ئاخوندزادە و کرمانی کە ئایینیان ڕەتکردبووەوە، ئێرانشار ئایینی بەتایبەت شیعەگەرایی هێنایە ناو ناسیۆنالیزمی ئێرانییەوە. ڕۆحی ئاریایی «ئێرانییەکانی» بە ‹ڕۆحی سامی› ئیسلامەوە گرێدا و بەوپێیەی ئەو دووانە تەواوکەر و هاوئاهەنگن. لەوەش گرنگتر، ئێرانشار پێگەیەکی تایبەتی بە ژنان بەخشی کە وەک دایکی میللەت بەرپرسیاری پەروەردەکردنی ڕەگەزی ئێرانیان لە ئەستۆ بوو. کازمزادە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە هاوسەرگیری نێوان شەهربانوو کچی یەزدگەردی سێیەم دوا پاشای ساسانی و ئیمام حسێن نەوەی پێغەمبەر محەمەد و سێیەم ئیمامی شیعە، دەستپێکی ئەم ئەرکە خوداییە بوو. دەوترێت ئەم هاوسەرگیرییە پەیوەندییەکی ڕۆحی لەنێوان شیعە و ئاریانیزمدا دامەزراندووە و شوناسێکی ئێرانی بێهاوتای دروستکردووە کە هەردوو توخمەکەی تێکەڵکردووە. ئێرانشار چەندین بابەتی لەسەر ژنانی ئێران و پابەندبوونە نیشتمانییەکانیان بڵاوکردەوە. بۆنمونە، کازمزادە ‹لە پرسی هاوسەرگیری ئێرانییەک لەگەڵ فەرەنگییەک [ئەورووپیەک]، هۆشداری دەدات لە پیسبوونی خوێنی ئارییەکان لەڕێگەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئەورووپییەکان و داوای لە ژنانی ئێرانی کرد کە هێڵی خوێنی نەتەوەکەیان بپارێزن. کازمزادە (١٩٢٤ب، ٧٤-٧٥) لە تجلیات ڕوح ایرانی دا بەم شێوەیە پێناسەی ئێرانییەت دەکات:

ڕەگەزنامەی ئێمە ئێرانییەتە و ئێرانییەت هەموو شتێکمانە، شانازیمانە، نەجیبزادەییمانە، مەزنیمانە، پیرۆزیمانە، شەرەف و ژیانمانە...پێویستە ئێرانی بین، بەئێرانی بانگ بکرێین و بە ئێرانی بمێنینەوە... هەرکەسێک خوێنی ئاریایی لە خوێنبەرەکانیدا هەبێت و خاکی ئێران بە زێدی خۆی بزانێت، جا کورد بێت یان بەلوچ ، زەردەشتی بێت یان ئەرمەنی،

دەبێت بە ئێرانی دابنرێت و بە ئێرانی ناوببرێت.

کازمزادە (a١٩٤٢، ١٣٣) لە کتێبی معارف در عثمانی (پەروەردە لە شانشینی عوسمانیدا) بە ئاشکرا ستایشی سیاسەتەکانی عوسمانی دەکات، بەتایبەتی کۆمیتەی یەکێتی و پێشکەوتن (CUP)لە ساڵی ١٨٨٩، کە بووە هۆی پاکتاوی ڕەگەزی کەمایەتییە نا تورکەکانی وەک کورد و یۆنانییەکان لە ساڵی ١٩١٧. بۆ پاککردنەوەی زمانی فارسی لە کاریگەرییەکانی زمانی عەرەبی، پێشنیاری دامەزراندنی کۆمەڵەی زاراوە یان دەستکاریکردنی زمان و وشەسازی فارسی کرد، کە دواتر دامەزراندنی فرهنگستان زبان فارسی (ئەکادیمیای زمانی فارسی) لەسەردەمی ڕەزا شادا لە ساڵی ١٩٣٥ لێکەوتەوە. ئێرانشار هەروەها پێشبڕکێی نووسین و تاریشی ڕێکخست کە بەدەوری کەسایەتی و ڕووداوە مێژوویی و دێرینەکانی ئێراندا دەخولایەوە، وەک وێرانەکانی مەدائین کە دەربارەی ڕۆحی پڕ لە کێشەی کوروشی مەزن بوو کە شایەتحاڵی ئاژاوەگێڕی و تاڵانکردنی ئێران بوو.

نامەی فەرەنگستان، گۆڤارێکی دیکە بوو لە بەرلین کە لەلایەن موشفیق کازمییەوە سەرپەرشتی دەکرا، یەکەم ژمارەی لە ئایاری ١٩٢٤ دەرچوو، بۆ ماوەی ساڵێک بەردەوام بوو، ڕاستەوخۆ پەیڕەوی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستی کازمزادەی دەکرد. کازمی لەژێر کاریگەری کەش و هەوای فیکری ڕەگەزپەرستی ئەڵمانیا، ڕایگەیاند کە یەکێتی نەتەوەیی ئێران تەنیا بە هاتنە سەر دەسەڵاتی «دیکتاتۆرێکی ڕۆشنبیر»ی وەک مۆسۆلینی بەدەست دەهێنرێت، کە «خۆی وا نیشاندەدات باوەڕی بەپەرلەمان هەیە، بەڵام لەکاتی پێویستدا هەڕەشە بۆ دەسکەوتنی زۆرینەی پەرلەمانی بەکاربهێنێت» ئێرانیش پێویستی بە دیکتاتۆرێکی وەها هەیە (وەرگیراوە لە Matin-Asghari, 2018, 76).

بازنەی بەرلین کاریگەرییەکی درێژخایەنی لەسەر مێژوونووسان و دەستەبژێرانی ئێرانی ئەو سەردەمە و نەوەکانی دواتریان بەجێهێشت. بۆ نمونە، مەحمود ئەفشار، سەرنووسەری گۆڤاری ئاینده، زیندووکردنەوەی ڕۆحی نەتەوەیی ئێرانی وەک توخمێکی گرنگ بۆ گەیشتن بە یەکێتی نەتەوەیی ناساند، کە وایلێکرد سیاسەتی ‹پان-ئێرانیزم› دابڕێژێت. لە چاپی یەکەمی ئاینددا، ئەفشار لە وتارەکەیدا بەناوی «نمونەی ئێمە: یەکێتی نەتەوەییمان» ڕوونیکردەوە کە مەبەستی لە یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێران چییە. چەمکی یەکێتی نەتەوەیی لە دوو توخم پێکهاتووە: «سەربەخۆیی سیاسی» و «یەکپارچەیی خاک». ئاماژەی بەوەشکردووە، کە

وەرگرتن و فراوانکردنی بەربڵاوی زمانی فارسی دەتوانێت یەکێتی نەتەوەیی بەهێز بکات:

هەرکەسێک گرنگی بە مێژووی ئێران و زمان و ئەدەبیاتی فارسی و ئایینی شیعە دەدات، دەبێت ئەوە لەبیر نەکات کە ئەگەر پەیکەری یەکگرتوویی لەم وڵاتەدا ڕووخا، ئەوا هەموو شتێک لەناودەچێت. بۆیە پێویستە هەموومان بە یەک دڵ و یەک دەنگ هەوڵبدەین کە زمانی فارسی لەسەرانسەری ئێراندا بڵاوبێتەوە و هەنگاو بە هەنگاو شوێنی زمانە بیانییەکان بگرێتەوە. ئەمەش تەنها لەڕێگەی دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی لە هەموو شوێنێک و دەرکردنی یاسا بۆ خوێندنی زۆرەملێ و گشتی و بێبەرامبەر و دابینکردنی سەرچاوەی پێویست بۆی بەدەست دێت (Afshar, 1925, 5-6).

ئەفشار ئامۆژگاری دەوڵەتمەدارانی پەهلەوی کرد کە کۆچی زۆرەملێ وەک ڕێگایەک بۆ بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی ڕەچاوبکەن. ئەمەش بە واتای گواستنەوەی کۆمەڵگەی فارسی زمان بۆ ناوچە نا فارسی زمانەکان و بەپێچەوانەوە و هاندانی هاوسەرگیری و کارلێکی نێوان گرووپە جیاوازەکان. ئەفشار جەختی لەسەر گرنگی فێرکردنی زمانی فارسی لە ئازەربایجان و کوردستان و خوزستان و بەلوچستان دەکردەوە، چونکە فرەزمانی هەڕەشەیەکی حەتمییە بۆسەر یەکێتی نەتەوەیی ئێران. بۆ بەدەستهێنانی ئێرانییەتی تەواو، جگە لە پەروەردە و پەیوەندیکردن، ئەفشار پێشنیاری چەند ڕێوشوێنێکی کرد وەک گۆڕینی ناوی شوێنە نافارسیەکان بۆ ناوی فارسی.

### فارسیگەرایی و بانگەشەی کۆزمۆپۆلیتانیزم

لەگەڵ گەیشتنی ڕەزا شا بە دەسەڵات، «ئەفسانەی ڕزگارکەر» بەدیهات (Ansari, 2012, 65). ناسیۆنالیزمی ئێرانی بوو بە بزوێنەری دەوڵەت (Gheissari, 1998; Sharifi, 2013)، بە درووشمی پیرۆزی ‹ یەک نەتەوە، یەک زمان، یەک وڵات›. هەروەک محەمەد تەوکولی تارقی (٢٠١١، ٩٦) جەختدەکاتەوە کە «پێکهێنانی شوناسێکی نەتەوەیی ئێرانی مۆدێرن» لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە «لە نزیکەوە بە زمانی فارسییەوە گرێدراوە». هەرچەندە ڕەزا شا لە وتارەکانیدا بە ئاشکرا باسی کێشەی نەتەوە نافارسەکانی نەدەکرد، بەڵام هەڵوێستی ئەو بەرامبەر شوناسی ئێرانی بە ئاشکرا لە هەڵمەتە جینۆسایدیە سیستماتیکییەکانی دژ بە لوڕ و عەرەب و کورد و قەشقای و بەختیاری و ئەوانی تر ڕەنگدانەوەی هەبوو (بڕوانە Cronin, 2003). لەژێر دەسەڵاتی پەهلەویدا، ڕۆشنبیران

بەرەبەرە دوژمنایەتی خۆیان بەرامبەر عەرەب فراوانتر کرد، تا ڕق و کینە بەرامبەر شوناسە نافارسەکانی تر لەخۆ بگرێت. بەم شێوەیە بنەما بنەڕەتییەکانی بیری ناسیۆنالیستی ئێرانی – واتە فارسیگەرایی و شیعەگەرایی- بوون بە خووی دەروون-ناسیۆنالیزمی فارسی (Adib-Moghaddam, 2017).

ساتەوەختێکی سەرەکی لە پارادایمی ناسیۆنالیزنی ئێرانیدا لە ساڵانی ١٩٣٠دا لەگەڵ هاتنی ‹نەیتیڤیزم› یان بنەچەگەریدا: شیعەگەرایی و فارسیگەرایی سەریهەڵدا. ئەم ڕەوتە جەلال ئەحمەد ڕێبەری بوو لەداڕشتنی تیۆری غرب زادگی (ژەهراوی بوون بە ڕۆژئاوا) سەریهەڵدا، دەستەواژەیەک کە بۆ یەکەمجار لەلایەن ئەحمەد فەردیدەوە دارێژرا (بڕوانە Boroujerdi, 1996)، ئەم ڕەوتە حیکمەتە وەرگیراوەکانی شوناسی ئێرانیشی پاراست، کە لەسەر بە فارسکردنی گەلانی ئێران و هەروەها جەختکردنەوە لە شیعەگەرایی وەستابوو. تەقی ئارانی (١٩٠٣-١٩٤٠) ناسیۆنالیستێکی مارکسی، دوو بابەتی لەسەر زمانی فارسی بڵاوکردەوە: یەکەمیان لە شوباتی ١٩٢٤ لە ئیرانشار چاپکراوە و دووەمیان لە ئابی هەمان ساڵدا لە نامە فەرەنگستان دا. هەردوو وتارەکە پێناسەیەکی نەژادییان لە زمان و شوناس پێشکەشکرد: ئارانی زمانی فارسی بە پایەی بنەڕەتی و یەکگرتوویی دەوڵەتی نەتەوەیی ئێران دەبینی و بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە زمانی فارسی بەرجەستەی کولتووری ئێرانی و پاکی ڕاستەقینەی میراتی نەتەوەیی و «ئامرازی بیرکردنەوەی زانستی و عەقڵانییە» (بڕوانە Mirsepassi, 2021, 107). بۆ نمونە، ئارانی (١٩٢٤، ٢٥١) لە وتارەکەیدا لە نامە فەرەنگستان جەخت لەوەدەکاتەوە:

کەسانی بێئاگا (پان-تورک) پێناچێت ئەوە بزانن کە ئازەربایجانییەک تورک بوون بە شەرمەزاری دەزانێت. پێدەچێت ئەوان لەوە تێنەگەن کە وشەی ‹ئازەری› بۆ ئازەربایجانییەکان ئەو ئاگرەیە کە باوباپیرانیان لە ڕۆحیاندا دایانگیرساندووە و بۆ سووتاندنی ئارەزووی دوژمنەکانیان هێشتوویانەتەوە. پرسی ئازەربایجان بابەتی ژیان و مردنە لە ئێراندا و بۆ هەموو ئێرانییەک ڕوونە کە ئەم پارێزگایە وەک سەرێک وایە بۆ میللەت[ئێران].

ئارانی لە توێژینەوە سەرەکیەکانی ئێراندا، بە خەبات بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چینی کرێکار ناسراوە (بڕوانە Matin-Asgari, 2018). عەلی میرسەپاسی (٢٠٢١) سەرسامە بە ئارانی بەهۆی جیهانگیرییە ڕادیکاڵەکەی و هەوڵەکانی بۆ تیۆریزەکردنی نەتەوەیەکی

کۆسمۆپۆلیتی ئێرانی، کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و یەکسانیخواز کە بەربەستە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی خۆی تێپەڕاندووە بۆ پاراستنی هاوسەنگی لەگەڵ گەلانی مۆدێرندا. بەڵام پلانی ‹پراکتیکی و پێشکەوتنخوازانەی ئارانی چەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە فارسی زمانێکە کە دەتوانێت خۆی لەگەڵ بارودۆخی هاوچەرخدا بگونجێنێت، گرنگترینیان پەرەپێدانی زانستییە› (Mirsepassi, 2021, 136). میرسەپاسی (٢٠٢١، ١٣٥) بە ستایشکردنی پرۆژەکەی ئارانی، دەڵێت کە پرۆژەکە ‹پلاتفۆرمێکی گونجاو بۆ هەڵسەنگاندنی دووانەی نێوان ڕەسەن و بیانی کە ناوەندی بیریی نەریتگەرایی و ڕۆژهەڵاتناسی بووە › دابیندەکات. جیهانگەرایی ئاران، سەرەڕای ئەوەی کە گوایە پشتی بە ئەخلاق و عیرفان (سۆفیگەری) بەستبوو، ڕێگرنەبوو لە چاوپۆشیکردنی لە چەوساندنەوەی ئیتنۆزمانەوانی لە ئێراندا. زمانی فارسی لای میرسەپاسی هەروا وەک چەقی ئێرانییەت (ئێرانگەرایی) دەمێنێتەوە (بڕوانە Litvak, 2017, 10) و چارەنوسی ئەوەیە کە ‹ئاسۆیەکی خەیاڵی بنیات بنێت کە توانای وەرگرتنی باشترین تایبەتمەندییەکانی زانستی مۆدێرن و ئێرانێکی ئاوەدان دابمەزرێنێت› (Mirsepassi, 2021, 161). هەربۆیە ئامادە نییە دان بەوەدا بنێت کە دیدگای ئارانی بۆ ‹ئێرانی کۆزمۆپۆلیت› لەڕێگەی وەرگرتنی ‹بەها شارستانییەکان و شێوازە مۆدێرنەکانی بیرکردنەوە›وە (Mirsepassi, 2021, 10) بە فارسی/شیعە-سەنتەری دەمێنێتەوە و شوناسی نا تەباکان ڕەتدەکاتەوە.

ئارانی لە هەڵمەتی فارسگەرایی و دژە تورکی/ئازەریدا تەنیا نەبوو. ئەحمەد کەسرەوی، ڕۆشنبیرێکی تورکی (ئازەری) زمان، ئاهەنگ دەگێڕێت بۆ بەشدارییە فیکرییەکانی ئارانی و دەڵێت لەگەڵ ئەو «هەمان ئامانجیان هەیە» (Matin-Asgari, 2018, 107). دوژمنایەتی کەسرەوی بەرامبەر کولتوورە نافارسییەکان و جەختکردنەوەی لەسەر پاکتاوی زمانەوانی و کولتووری لە ئێران بە نزیکەیی هیچ گرنگییەکی لە بازنە ڕۆشنبیرییەکانی ئێراندا نەبوو. زانایانی وەک ئەفشین مەتین-ئەسغەری (٢٠١٨). تەوەکولی-تارقی (٢٠١٥)، و میهرزاد بوروجێردی (١٩٩٨) کەسرەوییان وەک تیۆرستێکی پێشەنگی دژە مۆدێرنیتە دیاریکردووە و وەک پردێکی گرنگ لەنێوان گوتاری لایەنگرانی ڕۆژئاوا و دژە مۆدێرنیتە کاردەکات. دیدگای کەسرەوی سەبارەت بە زمان و مێژووی نافارسەکان لەبەرهەمەکانیدا خراوەتەڕوو: مێژووی پێنج سەد ساڵەی خوزستان (١٩٣٣) و مێژووی هەژدە ساڵەی ئازەربایجان (١٩٣٨). بیرۆکەکانی کەسرەوی، بەتایبەتی سەبارەت بە پاککردنەوەی ئایینی و زمانەوانی،

ئیلهامیان لە بازنەی بەرلین وەرگرتووە.

کەسرەوەی گەلی تورکی ئازەربایجانی بە «ئازەری» ناوبردووە و جەختی کردەوە کە ئەوان سەربە ڕەگەزی ئارییین. بە بۆچوونی ئەو، دانیشتووانی ئازەری زمان لە ئازەربایجان کە لەژێر هەژموونی تورکیادا بوون، ناچاربوون زمانی تورکی وەرگرن، کە ئەو بە زمانێکی بیانی دەزانێت. کەسرەوی بەئاماژەدان بەو شوێنە ناوەندییەی کە ئازەربایجان لە ناسیۆنالیزمی ئێرانیدا داگیری دەکات، ڕایگەیاند کە نابێت ئازەربیجانییەکان بەزمانێکی تری وەک زمانی تورکی قسە بکەن جگە لەزمانی دایکیان. تەنانەت گوتاری ناسیۆنالیستی ئەو تا ئەو ئاستە ڕۆشت کە پێشنیاری «سڕینەوەی» زمانە نافارسییەکانی ئێران بکات: ‹هەموو ئەوەی بەرگریم لێکردووە و ویستوومە، نەهێشتنی ئەو زمانانەیە کە لە ئێراندا قسەیان پێدەکرێت: تورکی، عەرەبی، ئەرمەنی، ئاشوری و نیمچە زمانەکانی [وەک کوردی و شوشتاری]، بۆ ئەوەی هەموو ئێرانییەکان تەنها بەیەک زمان قسە بکەن، کە ئەویش فارسییە› (Khas-ravi, 1944, 1).

کەسرەوی (١٩٢٧[٢٠٠٦]) لە شهریاران گمنام (پاشایانی نەناسراو)دا هەوڵیدا یادی پاڵەوان و فەرمانڕەوا نەناسراوەکانی سەدەکانی ١٣ و ١٤ بکاتەوە کە گوایە لەبەشە جیاوازەکانی ئێرانەوە هاتوون بۆ ڕزگارکردنی ئیرانییەکان لەدەسەڵاتی تازییەکان (عەرەبەکان). بە وەبیرهێنانەوەی ئاخوندزادە و کرمانی، ئەو عەرەبی بە ‹مارمێلکەخۆر› ناوزەد دەکرد و وەک گاڵتەپێکردنێک بە نیمچەدورگەی عەرەبی بە تازیکستان (خاکی تازییەکان) ناودەبات کە وێران و بێ بەرەکەتە و گەلەکەی لەگەڵ مارمێلکە و کوللە یان مار و خشۆکەکاندا دەژین (Khasravi, 1927[2006], 141).

کەسرەوی لە هاوچەرخەکانی خۆی بە دەستکاریکردنی مێژوو بەمەبەست بۆ پاساودان بە دەستێوەردانە سەربازی و سیاسییەکانی دەوڵەت جیادەکرێتەوە لەناوچەکانی ئازەربایجان و کوردستان و خوزستان، کە ئەو بە داڵدەی هەستی دژە ناسیۆنالیستی دەیبینین. کارەکانی نمونەیەکی سەرەکی مێژووی شێواوی ئێرانە، کە ئامانج لێی لەکەدارکردنی مێژووی نەتەوەیی کورد و عەرەبە لە بەرژەوەندی گێڕانەوەی ناسیۆنالیستی ئێران. کەسرەوی لە کتێبی مێژووی هەژدەساڵەی ئازەربایجاندا (١٩٣٨) ڕەخنەی توند لە سمایل ئاغا سمکۆ، ناسیۆنالیستێکی کورد کە بەرەنگاری دەسەڵاتی ڕەزاشا بووەوە و خەباتی بۆ ئۆتۆنۆمی کوردستان دەکرد تا ساڵی ١٩٣٠ کەوتە بۆسەی حکومەتی ئێرانەوە

و کوژرا دەگرت. کتێبەکە سمکۆ وەک خیانەتکار و جەردە و یاخیبوویەک نیشاندەدات کە یەکێتی نیشتمانی و ئاسایشی ئێرانی خستۆتە مەترسییەوە. کەسرەوی لە مێژووی پێنج سەد ساڵەی خوزستاندا (١٩٣٣)، هەوڵی لەکەدارکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەدات، وێناکردنی شێخ خەزال وەک یاخیبوویەکی بێبەزەیی و شەڕەنگێز و خیانەتکار کە سەرپێچی لەدەسەڵاتی ڕەزاشا کردووە و پیلانی دژی میللەت گێڕاوە.

ناسیۆنالیزمی ئاریایی وەک فۆرمێکی ئایدۆلۆژی زاڵ، گوتاری ئایینی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی گرتۆتەوە. لە نووسینەکانی عەلی شەریعەتی (١٩٣٣-١٩٧٧) کە بە ئایدلۆژیای سەرەکی گوتاری ئیسلامی دادەنرێت، بیری نەژادی هاوشێوەی ئاخوندزادە و کرمانی دەبینینەوە. بەبڕوای شەریعەتی ئیسلامی شیعە بەرهەمی عەقڵی ئارییایە. لەبازنە ڕۆشنبیرییەکانی ئێراندا، شەریعەتی بە ‹بنیاتنەرەوی شۆڕشگێڕانەی شیعەگەرایی لەڕێی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ مارکسیزم› (Matin-Asgari, 2018, 209)، و ‹کۆسمۆپۆلیتیزمی دوای کۆلۆنیالیزم› (Saffari, 2017, 165)، و ڕوونکردنەوەی ‹ئیسلامی شیعە وەک ئایدۆلۆژیایەکی شۆڕشگێڕی مۆدێرن › (Mirsepassi, 2011, 124) ناسراوە. شەریعەتی وەک ئاخوندزادە و کرمانی دەڵێت کە ڕۆحی ئێرانی لەو ئاژاوە زیانبەخشانە ڕزگاری بووە کە لە ماوەی سێ هەزار ساڵی ڕابردوودا لەلایەن یۆنانی و عەرەب و تورکەکانەوە دوچاری بووە. ئەم ڕۆحە کە تایبەتمەندی و بەهرەی ئاریایی پێبەخشراوە، نزیکییەکی ڕۆحی و کولتووری لەگەڵ شیعەگەرایی هەیە. شەریعەتی دوو شەپۆلی هێرشی کولتووری بۆسەر سوناسی ئێرانی ئاشکرا دەکات. یەکەمیان یۆنان زادگی (Heleni-struck-ness)، کە دەگوترێت بەخێرایی لەلایەن کولتووری نەتەوەیی بەهێزی ئێرانەوە تێپەڕێنرا (Shariati, 1982, 220). دووەمیان عرب زادگی (Arab-struck-ness) بوو، کە فەتحی عەرەب ناسراوە (Shariati, 1982, 225). نووسینەکانی شەریعەتی لەسەر ئیسلامی شیعە ڕەنگدانەوەی کاریگەری گەورەی بیرمەندانی دیاری ڕۆژهەڵاتناسی وەک هونەری کۆربین، جۆرج جۆرداک و لویس ماسینۆنە. بۆ نمونە، کاریگەری ماسینۆن بەڕوونی لە کتێبەکانی شەریعەتی حەللاج و سەلماندا دیارە.

شەریعەتی (١٩٨٢، ٣٩٢) بەجیاکردنەوەی ئیسلام لە چوارچێوە جیۆ-فەرهەنگییەکەی، دەڵێت کە عەرەب شکستخواردوو و بێتوانا بووە لە دەستگرتن بە پەیامی قووڵی قورئان وەک ئەوەی پێغەمبەر محەمەد گوتویەتی، سەرەڕای ئەو ڕاستییەی کە بەزمانی عەرەبی بووە. شەریعەتی، عەرەب بە خراپترین و سوکترین شێوە باسدەکات:

...و نەتەوەی عەرەبە سەرەتایی و نەزانەکان، کە گەورەترین و ئازیزترین سەرمایەی ژیان و جیهانەکەیان وشترە، [نەتەوەیەک] کە تەماحەکەی لە ملی وشترەکانیان بەرزتر نابێتەوە، [لەڕووی فیکرییەوە] دەستکەوتەکەیان ناتوانێت لە کۆڵی وشترەکەیان بەرزتر بێت، وەک ئەوەی خۆیان و وشترەکانیان لە یەک خزم و یەک جۆرن، بۆیە ناوی مرۆڤ بۆ ناونانیان بەکاردەهێنن؛ لەچاوی عەرەبدا وشتر عەرەبە، نەک ئاژەڵ .

ئەم وتانە هی ڕۆشنبیرێکە کە لە لایەن زۆربەی مێژوونووسان و دەستەبژێرانی فارسەوە وەک بیرمەندێکی شۆڕشگێڕ و کۆمەڵناسێکی ئایینی ڕێزی لێدەگیرێت. پێناسەی شەریعەتی بۆ تایبەتمەندییە نەژادی و دەروونییەکانی عەرەبەکان لەم وتەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

[کەسێکی] ئاریایی یان هندی زۆرجار هەست بە نادڵنیایی دەکات لەکاتی ئامادەبوونی کەسێکی بەڕەچەڵەک سامی. ترسیان لەوە هەیە کە ئەو سامییە لەناکاو سەر و دەموچاویان بگرێت، هاوشێوەی پشیلەیەکی کێوی، یان وەک باڵندەیەکی جوان و تورە هێرشیان بکاتەسەر (فیلمەکانی ئەلفرێد هیچکۆک دەهێنێتەوە یاد). ئەوان نیگەرانن لەوەی کە سامییەکە وەک هەڵۆیەکی تووڕە و دەنووک تیژ، بتوانێت هێرش بکاتەسەریان، بەمەبەستی دەرهێنانی چاوەکانیان و بریندارکردنیان (Shariati, 1982, 378).

شەریعەتی جیاوازی نێوان عەرەب و ئارییەکان لەبوارەکانی توانای دەروونی و بابەتی خەیاڵدا گشتگیر دەکات و عەرەب وەک کەم عەقڵ و بیرتەسک نیشاندەدات. شەریعەتی (١٩٨٢-٣٧٦) بەئاماژەدان بە ڕۆژهەڵاتناس گیب نیکلسن، جەخت لەوە دەکاتەوە کە ‹تایبەتمەندییەکی دیکەی ڕەگەزی سامی کە لە ئارییەکان جیایاندەکاتەوە دیدگایانە ... سامییەکان درەختەکە دەبینن، بەڵام ئارییەکان هەم درەختەکە و هەم دارستانەکە دەبینن›.

### توێژینەوە فارسییەکان وەک ئیمپریالیزمی زمانەوانی

لەم چەند دەیەیەی دوایدا، هەندێک لە زانایانی لێکۆڵینەوەی ئێرانی دەستیان کردووە بە نوێکردنەوەی ئەوەی پێی دەڵێن «ئێرانی کۆسمۆپۆلیتی» لەژێر ڕۆشنایی ئەو خزمایەتییە زمانەوانی و کولتوورییەی کە دەگوترێ لە گێڕانەوە ئەدەبی و مێژووییەکانی سەردەمی ئیسلامدا دۆزیویانەتەوە (بڕوانە Amanat & Ashraf, 2019). لەسەر بنەمای بیری مارشاڵ هۆدجسۆن (١٩٧٤) سەبارەت بە «جیهانی فارس»، ئەم زانایانە بانگەشەی ئەوە دەکەن

کە زمانی فارسی لە مێژووودا وەک زمانی هاوبەشی ناوچەیەکی فراوانی ئاسیا و ئەوروپا ڕۆڵی گێڕاوە کە لە بەنگال و هیندستانەوە درێژدەبێتەوە بۆ تەختی ئێران و ئۆراسیا.

‹جیهانی فارسی› زاراوەیەکی نوێیە کە زمانی فارسی وەک ناوەندێکی سەروو کولتووری وێنادەکات کە نەریتە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە پێکەوە دەبەستێتەوە. هۆدجسۆن ئەم وێناکردنە زمانەوانییەی لەڕووی بەکارهێنانی زمانی فارسییەوە پێناسەکردووە، بەپلەی یەکەم لەشێوەی نووسراودا، کە پاش فەتحی ئیسلامی سەریهەڵدا و زیاتر لە ١٤ سەدەی خایاند. بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە پێشکەوتنی زمان و کولتووری فارسی هەوڵێکی هاوبەشی نێوان بنەماڵە فەرمانڕەواکانی ئێران و چینە خوێندەوارەکانە لەماوەی خەلافەتی ئیسلامیدا تا ئەو ئاستەی کە تەنانەت بنەماڵە فەرمانڕەواکانی تورک وەک غەزنەوی و سەلجوقی و مەغۆلەکان زمانی فارسییان پەرەپێدا و بڵاوکردەوە. محەمەد تەوەکولی بەئاماژەدان بە ڕەگ و ڕیشە ڕۆژهەڵاتناسییەکانی چەمکی جیهانی فارس دەڵێت کە زمانی فارسی ‹زمانی هاوبەشی کۆمەڵگە و دیالۆگی نێوان تائیفە و مەزهەبەکان› بووە لە ‹جیهانی کۆسمۆپۆلیتی پێش مۆدێرن› وەک ئەوەی بەهاوسۆزییەوە باسیدەکات:

باشە، چەمکی شارستانییەتی فارسی هاتەئاراوە ... وەک هەوڵدانێک بۆ گرتن و تێپەراندنی دابەشبوونی توێژینەوە هەرێمییەکان کە باشووری ئاسیا هیندین و بە هیندی قسەدەکەن و زمانەکەیان [ناڕوون] سانسکریتە و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ئێرانی یان عەرەبییە. ئەو هات تا بڵێت کە فارسی زمانی هاوبەشی چەندین نەتەوەی جیهانی پێش مۆدێرن بووە، کە ئێرانییەکان، ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، ئیمپراتۆریەتی تورکی، هندستان لە باشووری ئاسیا، ئیمپرتۆریتی مەغۆل و تەنانەت ئاسیای ناوەڕاست، هەموویان بە فارسی قسەیان کردووە. تەنانەت ئەمڕۆش کە گوێ لە هەواڵەکانی ئۆکرانیا دەگرم، گوێم لە وشەی فارسی دەبێت و دەڵێم «ئەوە لەکوێوە هاتووە؟» (وەرگیراوە لە Marashi, 2014).

لەکاتێکدا شێوازی ڕەسەنی هۆدجسۆن بۆ جیهانی فارس بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای کارە ئەدەبییەکان بوو، گۆڕینی ئەم چەمکە لەلایەن زانایانی فارسەوە لەبنەڕەتدا پرۆژەیەکی سیاسی بووە کە ئیمپراتۆریەتێکی خەیاڵی زمانەوانی دروستدەکات، ئاڵوگۆڕە کولتوورییەکانی نێوان کولتووره ئاسیاییەکان وەردەگێڕێت کە تا ڕاددەیەکی زۆر پرۆسەیەکی فارسی باڵادەستە. بۆنمونە، بۆ نەهێشتنی نەژادی فارسی، مانا کیا (٢٠١٤، ٩٠) دەڵێت

کە ئەو زاراوەی ‹فارسەکان›ی بۆ ئاماژەدان بە کۆمەڵێک کەس کە هاوبەشی فێربوونی زمانێکن›. ئەو دەڵێت کە تەنانەت لەسەردەمی پێش مۆدێرندا، زمانی فارسی ڕێگەی بە خەڵکی ناوچە و کولتوورە جیاوازەکان داوە کە بیر لە کۆمەڵگە و بنەڕەتی خۆیان بکەنەوە. بە بۆچوونی کیا (٢٠١٤، ٩٠)، فارسەکان [واتە ئەوانەی زمانەکەیان دەزانی] لە ئێران و توران و هیندستان تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ مانای جوگرافیا هەیە و چۆن ئەم مانایانە بناغەکانی بنەچە و کۆمەڵگە پێکدەهێنن. لەشوێنێکی دیکەدا، لەکاتێکدا دان بە سنوورە زانستییەکانی نووسینەوەی مێژوو و یادەوەرییەکانی ئەو نەتەوانەدا دەنێن کە دەگوترێت لە جیهانی فارسدا جێگیربوون یان بوونیان سەرچاوەی گرتووە، کیان و ماراشی (٢٠١٦) ڕوونیدەکەنەوە کە ئەم جیهانە بۆ ئەوان مانای چییە:

چۆن مێژووی ئەو کۆمەڵگەیانە بنووسین کە لە جیهانی فارسییەوە سەرچاوەیان گرتووە؟ ... لەوانەیە وەڵامی ئەم پرسیارە بەم شێوەیە بێت: جیهانێکی کولتووری بەشێوەیەکی بەرفراوان بەیەکەوە بەستراونەتەوە و میراتێک لە سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست و سەرەتای مۆدیرندا ڕەگی داکوتاوە، بەدرێژایی هەزاران ساڵ ئەزموونی گۆڕانکاری پەرەسەندنی کردووە. ئەمڕۆ زیاتر لە دە دەوڵەت و کۆمەڵگەی نەتەوەیی جیاواز سەریانهەڵداوە کەلەم بۆشاییە ژینگەییە ئاسیاییەدا نیشتەجێن (ئێران، هندستان، پاکستان، ئەفغانستان، تورکمانستان، ئازەربایجان، تورکیا، کوردستان، ئەرمینیا، جۆرجیا، کازاخستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان، مالیزیا، ئیندۆنیزیا و شین جیانگ).

ئەم بەرجەستەکردنەی بواری کولتووری هەمەچەشن وەک جیهانی فارسی، هیچ بەهایەکی شیکاری نییە، بەڵام ڕەنگدانەوەی بیری سەرەتایی نوخبەی ناسیۆنالیستەکانە کە چەمکی شوناسیان بە زمان و خوێندنەوەی هەڵبژێردراوی مێژووەوە بەستەوە. ئەم ئارەزووە نۆستالژیە لەم وتەیەی خوارەوەی حەمید دەباشی (٢٠١٦، ١٤٦)دا، یەکێک لە زانایانی لێکۆڵینەوەی پۆست کۆلۆنیالیزمەوە دەردەکەوێت:

بیرۆکەی ئێرانێک لەدەرەوەی سنوورەکانی ئێستای کە لێرەدا پێشنیاری دەکەم، ڕەچەڵەکی ئیمپریالیزمی ئەم نەتەوەیە لەخۆدەگرێت و لەچوارچێوەی کایەیەکی گشتی نێونەتەوەییدا دایدەڕێژێتەوە کە هەموو ئەو گەلانە لەناو چەمکێکی ئینتەرپۆلاسیۆنی نەتەوەدا لەدەرەوەی هەژموونی کۆلۆنیالیزمدا توانای دەداتێ و لەخۆیدەگرێت.

دەباشی (٢٠١٢، viii) لە جیهانی مرۆڤگەرایی ئەدەبی فارسیدا، زمانی فارسی بە ناوەندێکی سەرووەمێژوویی ‹مرۆڤگەرای ئەدەبی› وەسفدەکات کە لەناو جوگرافیای ئێراندا وەک ‹ناوەندی بومەلەرزە› سەرچاوەی گرتووە و گەشەیکردووە.

بەمجۆرە، دەباشی جیهانی فارسی بۆ جیهانی ئێران وەرگێڕا. هەوڵە فیکرییەکەی دەباشی، سەرەڕای هەڵوێستی پۆست کۆلۆنیالیزمی، لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی شەرعیەتدان و پاساودانی فارسیگەرایی بە کەمکردنەوەی ئێرانی فرەنەتەوەیی بۆ کولتووری فارسی و بە ئارەزووە ناسیۆنالیستیەکەی بۆ هێشتنەوەی فارسی بە هاوتای ئەدەبی جیهانی بەبەکارهێنانی پارچەیەکی ئەدەبی وەک شانامە. دەباشی بەم کارە، خۆی لەگەڵ هەوڵە فیکرییە ناسیۆنالیستەکانی ئاخوندزادە و کرمانی و کازمزادە هاوتەریب دەکات، بە بەردەوامیدان بە چوارچێوەیەکی یورۆسەنتەری بنەڕەتی، هەڵبەتە بە ڕووکەش فارسی. ڕێبازی فارس-سەنتەری دەباشی تەنانەت ڕووبەڕووی دژایەتی دەبێتەوە لەلایەن لایەنگرانی جیهانی فارسیشەوە، وەک نیل گرین (٢٠١٩، ٦):

ڕوپێوییەکەی دەباشی کەلە جوگرافیای ئێرانی مۆدێرن دەست پێدەکات و کۆتایی دێت، مێژووی جیهانی فارسی وەک تێلیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی هێڵکاری دەکات. لەوەتەی هۆدجسۆن زاراوەی ‹فارسییەت›ی داهێناوە، مێژوونووسانی جیهان لەگەڵ میراتی چوارچێوە نەتەوەییەکانی پێشوودا لەململانێدا بوون بەوجۆرەی کە دەباشی بەشێوەیەکی بەرچاو زیندووی دەکاتەوە. جێگەی ئاماژەپێکردنە، گرین ڕازی نییە بە چیرۆکە شێواوەکەی دەباشی، بەڵام دەکەوێتە بەردەم هەمان تەڵەی ڕۆژهەڵاتی و بنچینەیی فارسەکان و شکۆداریان دەکات وەک تایبەتمەندییەکی بێ کات کە پێناسەی قەوارە جیۆ-سیاسی و کولتوورییە جیاوازەکان دەکات لە بەشێکی گەورەی کیشوەری ئاسیادا:

... پێویستە ئێمە بەشێوەیەکی شیکاری پەیوەندییە شارستانییەکانی فارس لەگەڵ ئیسلامدا بە سروشتی و نەتەوەیی نەزانین. ئاخر لەڕووی ئایینییەوە، ڕەفتاری جامی بوو لەگەڵ کەسایەتی ئینجیلی جۆزیف (یوسف)دا کە زۆرترین سەرنجی خوێنەرانی جولەکە و مەسیحی بۆ زمانی فارسی ڕاکێشا، لەکاتێکدا، بۆ خوێنەرانی سیخ و هیندۆس، فارسی وەک کۆگای چیرۆکی گورو و خوداوەندەکان و چێژە دونیاییەکان بوو، بەهەمان شێوە کۆگای ئەخلاقی ئیسلامیش بوو. لەڕووی جوگرافییەوە، بۆ عوسمانییەکان، ئەوە تەیمورید هێرات

بوو کە وەک مۆدێلی سەرەتایی کولتووری فارسی کاری دەکرد، لەکاتێکدا بۆ مەغۆڵەکانی هیندیش تەیموریدی سەمەرقەند بوو. ئیمپراتۆریەتی چینگ پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە سنووریەکانی وەک بەدەخشان و لاداخ هەبوو کە بووە هۆی دەستپێکردنی دیپلۆماسیەتی فارسی، لەکاتێکدا ئیمپراتۆریەتی بەریتانی پەیوەندی لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی مەغۆلی هیند و جێگرەوەکانی هەبوو. بۆ چەندین سەدە خەڵکی هیندستان و ئاسیای ناوەڕاست و تەنانەت سیبریاش لەجیاتی هەر شوێنێکی ئێران، چاویان لە بلخ بامی (بەڵخی کۆن)، بخارا شریف (بوخارا شەریف) یان حزرت دلہی (دەلهی پیرۆز) بوو ، وەک ناوەندی فێربوونی زمانی فارسی(Green, 2019, 7).

دامەزراندنی چەمکی جیهانی فارسی- بەبێ گوێدانە کەموکوڕییە فیکری و تیۆرییەکانی- تەنها لەسەر بنەمای زمانی فارسی، هەڵەی میتۆدۆلۆژی و تیۆری زانیاری جددی هەیە. شەهاب ئەحمەد، مێژوونووسێکی ئیسلامی، دەڵێت کە دەستەواژەکانی وەک «فارس-تورکی» یان «جیهانی فارس» زاراوەی ڕێنمایی و نۆرمە و مەیلی ئەوەیان هەیە کە هەندێک توخمی زمانەوانی و نەژادی لەبەرچاو بگرن، بەم شێوەیە سروشتی فرەزمانی و فرە کولتووری ئەم گەردوونە پشتگوێ دەخەن (Ahmed, 2015, 84). زۆربەی مێژوونوسان و زانایانی ئێرانی بەبێ ئەوەی بزانن ملکەچی سەرنجڕاکێشی گوتارێکی کۆکراوەی بیرهێنانەوەی ناسیۆنالیستە سەرەتاییەکان بوون. ئەم دیاردەیە لە هەوڵە بەردەوامەکانیان بە ئیدیعا و چەسپاندنی چەمکی ‹جیهانی فارسی› بۆ مەبەستی ناسیۆنالیستی دەردەکەوێت. بەم دواییانە، ئەم زاراوەیە بەشێوەیەکی نەفامانە بۆ دروستکردنی چەمکە گوماناوییەکانی وەک ‹خودی فارسیەت› (Kia, 2020)، ‹مۆدێرنیتەی فارسیەت› (Jabbari, 2023) و ‹سوفیگەرایی فارسیەت› (Amir Arjomand, 2020) بەکارهاتووە. ئەم بەکارهێنانە گرنگە لێکدانەوەیەکی لایەنگرانەی کیشوەری ئاسیا بەرەوپێش دەبات و ئاڵۆزییەکانی ئەم فەزا مێژوویی و کولتووری و زمانەوانییە دەسڕێتەوە. بۆنمونە کیا (٢٠٢٠، ١٥) بانگەشەی ئەوە دەکات کە زمانی فارسی ‹زمانی گشتگیری ئیسلامی› بۆ هەردوو مسوڵمان و نا مسوڵمان، کە لەگەڵیان ژیاون، خزمەتێکی زۆری کردووە، بەڵام ئەو بەڵگە مێژووییانە پشتگوێ دەخات سەبارەت بەوەی کە فارسی هەرگیز ئەو زمانە سەروو ناوچەییە نەبووە کە بە جیهانی فارسی یان زمانی هەموو خانەدانەکانی ‹ئێرانی› ناوزەدکراوە (Green, 2019, 13). بۆ دڵنیایی، زاراوەی ‹ئێران› بە مانا ناسیۆنالیستییەکەی لە ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاستدا

دەرناکەوێت و تەنها لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بووە بە قەوارەیەکی سیاسی.

دەستەواژەی ‹جیهانی فارسی› زۆرێک لەو بنەماڵە فەرمانڕەوایانە دەگرێتەوە کە لە ماوەی پانزە سەدەدا حوکمرانی تەختی ئێرانیان کردووە. ئەم بنەماڵە فەرمانڕەوایەنە نە بەشێوەی زنجیرەیی شوێنی یەکتریان دەگرتەوە؛ نە لەسەر میراتە سیاسی و کولتوورییەکانی یەکتریان بنیاتدەنا کە لەناویدا زمانی فارسی وەک زمانی هاوبەشی چەندین نەتەوە گەشەبکات. هەندێک لە خانەدانەکان (وەک سامانیەکان) زۆر زیاتر لەوانی تر گرنگییان دەدا (بۆنموونە، تاهیری و سەفەری پێشینانیان) بەبەرەوپێش بردنی زمانی فارسی، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کە زمانی فارسی زمانی هەموو ئێرانییەکان بووە و بەو هۆیەوە جیهانێکی فارسی دروستکردبێت. عاسیف ئەشرەف (٢٠١٩، ١)، توێژەر لەبواری جیهانی فارس، دان بەوەدا دەنێت کە زاراوەی ‹فارسیەت› ناولێنانی خودی ئەو کەسانە نییە کەلەو ناوچەیەدا ژیاون.

بەڵام بۆ ناوچەیەک کە وا پێشبینی دەکرا زمانی فارسی تایبەتمەندییەکەی بێت، شتێکی فزوڵییە کە هاو واتایەک لەزمانی فارسیدا بۆ ‹فارسییەت› نەبێت. لەوانەیە ئەو کەسانەی لە ناوچەی بەناو فارسی دەژین، زۆر بەکەمی ئاگاداری فەزای کولتووری هاوبەش بووبن.

گرین (٢٠١٩، ٣٨) پشتگیری لە هەڵوێستی دووفاقی ئەشرەف دەکات، هەڵبەتە بەشێوازێکی مشتومڕئامێز:

نموونەی کورد و ئەفغانییەکان ئەوە نیشاندەدات کە چۆن دوو گەلی خاوەن زمانی تایبەت بە خۆیان – کرمانج و پەشتو – زمان و ژانری مێژووی فارسییان (تاریخ) هەڵبژاردووە کە لە لایەن دەرباری ئیمپراتۆرییەوە پەسەندکراون بۆ نووسینی مێژووی سەرەتایی خۆیان. ئەمە لە حاڵەتی شەرفنامەدا ڕوویدا لەلایەن شەرەفەدین بەتلیسی (d. 1599)، کوردێک کە پێشتر لەژێر پاراستنی عوسمانی و سەفەوییەکاندا بوو.

زانایانی جیهانی فارسی سەرقاڵی سەلماندنی باڵادەستی زمانی فارسی بوون لە ئەورووپا و ئاسیای ناوەڕاست – وەک ئەوەی زمانی هاوبەشی ناوچەکە بێت – بە مەبەست زمانە نا فارسییەکانی ئێران بە نیمچە زمان/زراوەی ‹زمانی دایک› یان ‹خۆجێیی› ناوزەد دەکەن. ڕەتکردنەوەی بوون / یان پەیوەندی زمانە ڕکابەرەکان پشتگیری بانگەشەکانی یەکسانی لەگەڵ زمان و کولتوورە هیندی و /یان چینییەکان دەکات. ئەم جۆرە بانگەشە درۆینانە

سەبارەت بە باڵادەستی زمانەوانی و کولتووری وای لەزانایانی فارسی کرد ‹بازنە›ی ئەو وڵاتانە سنووردار بکەن کە پێیانوایە لە ئاستی ئێراندان بۆ هەڵبژاردنی ‹برا گەورە› ی کاریگەر، وەک هیندستان (بڕوانە Eaton, 2019) و چین، وەک ئەوەی زمانەکانی وەک ئەفغانی و ئوردوو، کە تەنها جارجار ئاماژەیان پێدەکردن، گرنگ و بەربڵاو نەبوون.

لەڕووی ئیتنۆگرافییەوە، ئەو ناوچەیەی کە لەڕووی جیۆ-فەرهەنگییەوە لە جیهانی فارسیدا یەکخراوە، میوانداری ژمارەیەکی بێشوماری کۆمەڵگەی ئیتنۆزمانی کردووە لەهەردوو قۆناغی سەردەمی پێش ئیسلام و ئیسلامدا. هەبوونی چەندین نەتەوەی ئیتنۆزمانەوانی وەک کورد، تورک، عەرەب، لوڕ و بەلوچ، شایەتی پێکهاتەی فرە کولتووری و فرە زمانی ئێرانن. فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی زەمینەی تاقیکردنەوەیەکی گەورەی بۆ داکۆکیکارانی جیهانی فارسی دابینکردووە. هەندێک لە کۆنترین دەقە نووسراوە کوردییەکان مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی شازدە و حەڤدە، کاتێک شاعیرە کلاسیکییەکانی وەک عەلی تەرماخی (١٥٩١-١٦٥٣)، مەلای جزیری (١٥٧٠-١٦٤٠) و فەقێ تەیران (١٥٩٠-١٦٦٠) دەرکەوتن. یەکێک لەبەرهەمە دیارەکانی ئەم قۆناغە، مەم و زین بوو لەنووسینی ئەحمەدی خانی (١٦٥٠-١٧٠٧)، کە درامایەکی کلاسیکی کوردییە و لە ساڵی ١٦٩٢دا نووسراوە و چیرۆکی تراژیدی دوو خۆشەویستی کورد و دژایەتییان لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی دەگێڕێتەوە. ئەدەبی زارەکی کوردی مێژووەکەی زۆر کۆنترە. ئایینی ئێزدی کۆمەڵێک سروتی پیرۆزی هەیە کە بە قەول ناسراون، لەکاتێکدا ئایینی یارسان جۆرێکی هاوشێوەی هەیە کە بە کەلام ناسراوە. هەردوو ژانرەکە بەشێوەی شیعری گۆرانی نووسراون کە شوێن ڕێسا تایبەتەکانی زانستی هۆنینی کوردی دەکەون (Kreyenbroek, 2015). لەگەڵ ئەوەشدا، دوو ئینسایکلۆپیدیای کوردی، کوردیکا لەنووسینی ئاکۆ جەلیلیان و فەرهەنگی زارەکی موکریانی لە نووسینی سەلاح پایانیانی (ئینسایکلۆپیدیای مێژووی زارەکی کورد)، مێژوو و دەوڵەمەندی ئەدەبی کوردی و (زمان) ەکان نیشاندەدات. تا ئێستا هەشت بەرگ لە کوردیکا و بیست و یەک بەرگی فەرهەنگی زارەکی موکریانی چاپ کراوە. لە ٢١ بەرگەکەی فەرهەنگی زارەکی موکریانی، پانزە بەرگی تەرخان کراوە بۆ ئەلفوبێی کوردی، و شەش بەرگی بۆ جل و بەرگی ژنانی کورد و مێژووی زارەکی ژنانی کورد و خواردن و ئەدەبیاتی منداڵان و مۆسیقا و شیعر. ئەم بەرهەمانە و بەرهەمی دیکەی کوردی و غەیرە فارس نەناسروان هەربۆیە لەلایەن توێژەرانی بەناو جیهانی فارسەوە بەنادیاری ماونەتەوە.

## تێبینی کۆتایی

ئەم وتارە ئەوەی دەرخستووە کە ڕۆحی ئاریایگەرایی ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەردەوام بووە لە زیندووکردنەوەی زانستی هاوچەرخ و سیاسەتی نەتەوەیی لە ئێراندا. لەسەردەمی پاش ساڵی ١٩٧٩دا، ئەم بنیاتە ئیتنۆ ڕەگەزییە بەهێز و بەردەوام کرا لەلایەن ڕۆشنبیرانی ئێرانی هاوچەرخەوە، کە نەک هەر شکستیان هێنا لە داننان بە سڕینەوەی زانستی ‹ئەوانی دیکەی نەخوازراو› بەڵکو ستایشی میراتی باوکی دامەزرێنەرانی فارسیگەرایی دەکرد (بڕوانە Ansari, 2019, 80; Dabashi, 2015, 163). لەم ڕوانگەیەوە، ڕۆشنبیرانی فارس وەک باڵێکی پابەندی دامودەزگای دەوڵەت کاردەکەن، یان لە ڕێگەی بێدەنگییەکەیەوە یان لەڕێگەی پەسەندکردنی ئاشکرای پێکهاتەی سیاسی فارسی شیعە سەنتەریەوە. بۆ نمونە، میهرزاد بوروجێردی (٢٠٢٠) وێنایەکی لەبار لە دەوڵەتمەدارانی سەردەمی پەهلەوی وەک فروغی تەقیزادە دەخاتەڕوو، کە چالاکانە سیاسەتە شەڕانگێزی و جینۆسایدەکانی شایان دارِشت و پشتگیریان کرد، داوای دووبارە هەڵسەنگاندنەوە و ناسینەوەی ڕۆڵی خۆیان دەکرد لە پرۆسەی ‹مۆدێرنیتەکردنی› ئێراندا. بەپشتگوێخستنی تێوەگلانی ئەم دەستەبژێرانە لە دەیان ساڵ لە سڕینەوەی زمانەوانی و کولتووریدا، بوروجێردی (٢٠٢٠، ١١٣) بە بوێرییەوە جەختدەکاتەوە ‹ئەم بەڕێوەبەر فیکریانەی سەرشانۆ لێهاتوویی کارگێری و ڕیالیزمی پراگماتیکی بەکاردەهێنن بۆ سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی گۆڕانکاری هێواش و ڕێکوپێک و بەم کارە شەرعیەت بە کەسایەتییە دەسەڵاتدارەکانی سەرووی خۆیان دەبەخشن›.

نمونەیەکی دیکەی درەوشاوە عەلی میرسەپاسی، کۆمەڵناسێکی فارسییە، کە ڕۆڵی ڕۆشنبیرانی سەرەتایی لە دارِشتنی مێژووی سیاسی ئێراندا کەمدەکاتەوە. میرسەپاسی (٢٠٠٠؛ ٢٠١١؛ ٢٠٢١) لەڕێگەی هەڵبژاردنی کەسایەتیە ڕۆشنبیریەکان و نووسینەکانیان بۆ پشتگیری شیکاریە خۆپەرستییەکانی خۆی بۆ مۆدێرنیتەی ‹ئێرانی›، بەشێوەیەکی سیستماتیکی خۆی بەدوور دەگرێت لەوەی کە چۆن زمانی فارسی و شیعە بوون بە بەردی بناغەی درووستبوونی شوناسی ئێرانی فرەنەتەوەیی لەسەر حسابی نکوڵیکردن لە ‹مێژووی

غەیرە فارسەکان›. لەشیکردنەوەی خۆپیشاندانەکانی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢-٢٠٢٣، ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی بە باکگراوندی کوردییەوە بە دروشمی ‹ژن، ژیان، ئازادی› سەریهەڵدا، میرسەپاسی هەوڵی شێواندن و بە ناسیاسی کردنی سەرچاوەی بزووتنەوەکەی دا لەڕێگەی شاردنەوەی لەمەرکەزیەت و فرە نەتەوەیی و سروشتی نەهێشتنی کۆڵۆنیالیزم. هەروەها میرسەپاسی بەگێڕانەوەی سادە و ناتەواو هەوڵدەدات ڕەچەڵەکی ‹ناسیۆنالیستی› ساختە بۆ بزووتنەوەی ژینا دروستبکات و بەزۆر بە بزووتنەوەی دەستووری ١٩٠٦ ببەستێتەوە.

بەم شێوەیە، ئەم نووسینە هەستی بەردەوامی گەورەتر لە گۆڕانکاری هزری ناسیۆنالیستی ئێراندا دەستنیشان دەکات. ئەگەر گۆڕانکارییەکی بەرچاو هەبێت، ئەوا لەزیادبوونی ئەوانەدا نییە کە بە ئێرانی دادەنرێن، بەڵکو لە فراوانبوونی چەمکی «ئەویدیبوونی» عەرەبەوە بۆ هەموو غەیرە فارسەکانی وەک کورد و تورک و ئازەری و بەلوچە. فراوانبوونی چەمکی «ئەوی دیکەی ناوخۆیی» لەساڵی ١٩٣٠وە بووەتە هۆی دوبارە پێناسەکردنەوە و دابەشکردنی «demos» یان ‹گەلایەتی› بەسەر هاوڵاتی نمونەیی بەرامبەر بە ڕەعیەت یان ‹هاوڵاتی ناسەروەر›، کە کاریگەری خراپی لەسەر نافارسەکان، بەتایبەتی عەرەب و کورد و بەلوچ هەبووە. ئەم سێ نەتەوەیە، زیاد لە کۆمەڵگە نافارسەکانی دیکە، بەهۆی زمان و ئایینەکەیانەوە دووچاری هەڵمەتی جینۆساید و سیاسەتی تواندنەوە و توندوتیژی سیستماتیکی لەلایەن حکومەتەوە بوونەتەوە لەژێر ناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاک و «نەتەوە». ئەم سڕینەوە زانستی و سیاسییە درێژخایەنە کە لەلایەن ڕۆشنبیرانی فارسەوە پشتگیری لێکراوە، خەڵکی ئەم کۆمەڵگەیەی کردووە بە میوانی هەمیشەیی بە ڕەگەزنامەی مەرجدار.

## سەرچاوەکان

1. Adib-Moghaddam, A. (2017). Psycho-nationalism: Global thought, Iranian imaginations.
2. Cambridge University Press.
3. Afshar, M. (1925). Our ideal: Iran's national unity. Ayandeh, 1, 5–8.
4. Ahmed, S. (2015). What is Islam? Princeton University Press.
5. Akhundzadeh, F. A. (1865[2016]). Maktoubat-e Kamal al-Dowla and its attachments. Ed.
A. A. Haghdar (1st edn.). Bashgah-e Adabiat.
6. Algar, H. (1973). Mīrzā Malkum Khān: A study in the history of Iranian modernism. University of
7. California Press.
8. Alizadeh, N. (2021). Imagined Iran after the arrival of Islam in Aryanist Orientalist, nationalist,
9. and Islamist historiography. Journal of History School, 50, 25–53.
10. Amanat, A. (2017). Iran: A modern history. Yale University Press.
11. Amanat, A., & Ashraf, A. (2019). The Persianate world: Rethinking a shared sphere. Brill.
12. Amir Arjomand, S. (2020). The emergence and development of Persianate Sufism: Khorasan,
13. ninth to twelfth centuries. Journal of Persianate Studies, 13(1), 1–35.
14. Ansari, A. (2012). The politics of nationalism in modern Iran. Cambridge University Press.
15. Ansari, A. (2016). Iran's constitutional revolution of 1906 and narratives of the enlightenment.
16. Gingko Library.
17. Ansari, A. (2019). Modern Iran since 1797: Reform and revolution. Routledge.
18. Arani, T. (1924). Azerbaijan Yek Mas'aley-e Hayati va Mamati baray-e Iran [Azerbaijan: An
19. existential question for Iran]. Farangestan, 5, 247–254.
20. Asgharzadeh, A. (2007). Iran and the challenge of diversity: Islamic fundamentalism, Aryanist
21. racism, and democratic struggles. Palgrave Macmillan.
22. Ashraf, A. (2019). Introduction: Pathways to the Persianate. In A. Amanat & , and A. Ashraf (Eds.),
23. Introduction: Pathways to the Persianate. Brill.
24. Boroujerdi, M. (1996). Iranian intellectuals and the West: The tormented triumph of nativism.
25. Syracuse University Press.
26. Boroujerdi, M. (1998). Contesting nationalist constructions of Iranian identity. Critique: Critical
27. Middle Eastern Studies, 7(12), 43–

55.
28. Boroujerdi, M. (2020). Rethinking the legacy of intellectual-statesmen in Iran. In R. Jahanbegloo
29. (Ed.), Mapping the role of intellectuals in Iranian modern and contemporary history. Rowman &
30. Littlefield.
31. Bourdieu, P. (2002). Habitus. In J. Hillier & E. Rooksby (Eds.), Habitus: A sense of place. Ashgate.
32. Browne, E. G. (1893). A year amongst the Persians. Adam & Charles Black.
33. Browne, E. G. (1910). The Persian Revolution of 1905–1909. Cambridge University Press.
34. ASIAN STUDIES REVIEW 19Browne, E. G. (1959). A literary history of Persia. Ebnesina.
35. Cronin, S. (2003). The making of modern Iran: State and society under Riza Shah, 1921–1941.
36. Routledge.
37. Dabashi, H. (2007). Iran: A people interrupted. New Press.
38. Dabashi, H. (2012). The world of Persian literary humanism. Harvard University Press.
39. Dabashi, H. (2015). Persophilia: Persian culture on the global scene. Harvard University Press.
40. Dabashi, H. (2016). Iran without borders: Towards a critique of the postcolonial nation. Verso.
41. Eaton, R. M. (2019). India in the Persianate age: 1000–1765. University of California Press.
42. Elling, R. C. (2013). Minorities in Iran: Nationalism and ethnicity after Khomeini. Palgrave.
43. Gheissari, A. (1998). Iranian intellectuals in the 20th century. University of Texas Press.
44. Gibbon, E. (1776–1789). The decline and fall of the Roman empire. Strahan & Cadell.
45. Gobineau, A. (1855[1967]). The inequality of human races. Trans. A. Collins. H. Fertig Press.
46. Green, N. (2019). The Persianate world: The frontiers of a Eurasian lingua franca. University of
47. California Press.
48. Hodgson, M. (1974). The venture of Islam: Conscience and history in a world civilization.
49. University of Chicago Press.
50. Jabbari, A. (2023). The making of Persianate modernity: Language and literary history between Iran
51. and India. Cambridge University Press.
52. Jones, W. (1786[2013]). The third anniversary discourse, on the Hindus, delivered 2nd of February,
53. 1786. In Lord Teignmouth (Ed.), The works of Sir William Jones: With the life of the author.
54. Cambridge University Press.

55. Kasravi, A. (1927[2006]). Shahryaran-e Gomnam [Unknown kings]. Negah Publishing Inc.
56. Kasravi, A. (1933). Tāriḵ-e pāns
57. ad sāla-ye Ḵuzestān [Five-hundred-year history of Khuzestan].
58. Tehran.
59. Kasravi, A. (1938). Tāriḵ-e hejdah sāla-ye Āzarbāyjān [Eighteen-year history of Azerbaijan] (10th
60. edn.). Tehran.
61. Kasravi, A. (1944). Ma va Hamsayegan [Our neighbours and us]. Parchameh Haftagi, 6(5), 1–6.
62. Kazemzadeh, H. (1924a). Maʿaref dar Osmani [Education in the Ottoman realm]. Iranshahr, 3,
63. 127–143.
64. Kazemzadeh, H. (1924b). Tajalliyat-e ruh-e Irani [The manifestations of Iranian soul] (2nd edn.).
65. Negah-e Parvin.
66. Kermani, M. A. K. (2005). Seh Maktoub [Three letters]. Ed. B. Chubineh. Nima Verlag.
67. Kermani, M. A. K. (2006). Sad Khatabeh [One hundred lectures]. Ed. M. J. Mahjoub. Sherkat-e
68. Ketab.
69. Khazeni, A. (2009). Tribes and empire on the margins of nineteenth-century Iran. University of
70. Washington Press.
71. Kia, M. (2014). Imagining Iran before nationalism: Geocultural meanings of land in Azar's
72. Atashkadeh. In K. Scot-Aghaei Kamran & A. Marashi (Eds.), Rethinking Iranian nationalism
73. and modernity. University of Texas Press.
74. Kia, M. (2020). Persianate selves: Memories of place and origin before nationalism. Stanford
75. University Press.
76. Kia, M., & Marashi, A. (2016). Introduction: After the Persianate. Comparative Studies of South
77. Asia, Africa and the Middle East, 36(3), 379–383.
78. Kreyenbroek, P. G. (2015). The Yezidi and Yarsan traditions. In M. Stausberg, Y. Sohrab-Dinshaw
79. Vevaina, & A. Tessmann (Eds.), The Wiley–Blackwell companion to Zoroastrianism. John Wiley
80. & Sons.
81. Litvak, M. (2017). Constructing nationalism in Iran: From the Qajars to the Islamic Republic.
82. Routledge.
83. Marashi, A. (2008). Nationalizing Iran: Culture, power, and the state. University of Washington
84. Press.
85. Marashi, A. (2014). Iran and India: Two countries separated by a common language. KGOU.
86. https://www.kgou.org/

world/2014-06-19/iran-and-india-two-countries-separated-by-a-com
87. mon-language .
88. Markwart, J. (1922). Iranshahr. Iranshahr, 1(4), 71–77.
89. 20 A. MOHAMMADPOURMatin-Asgari, A. (2018). Both Eastern and Western: An intellectual history of Iranian modernity.
90. Cambridge University Press.
91. Matin-Asgari, A. (2020). The making of Iran's illiberal nation-state (1921–1926). In
92. R. Jahanbegloo (Ed.), Mapping the role of intellectuals in Iranian modern and contemporary
93. history. Rowman & Littlefield.
94. Matthee, R., & Andreeva, E. (2018). Russians in Iran: Diplomacy and power in the Qajar era and
95. beyond. I.B. Tauris.
96. Minovi, M. (1946). Tarikh va Farhang [History and culture]. Kharazmi Publisher.
97. Mirsepassi, A. (2000). Intellectual discourse and the politics of modernization: Negotiating modernity in Iran. Cambridge University Press.
98. Mirsepassi, A. (2011). Political Islam, Iran, and the Enlightenment: Philosophies of hope and
99. despair. Cambridge University Press.
100. Mirsepassi, A. (2021). The discovery of Iran: Taghi Arani, a radical cosmopolitan. Stanford
101. University Press.
102. Mohammadpour, A. (2024). Decolonizing voices from Rojhelat: Gender-othering, ethnic erasure,
103. and the politics of intersectionality in Iran. Critical Sociology, 50(1), 85–106.
104. Mohammadpour, A., & Soleimani, K. (2022). Silencing the past: Persian archaeology, race,
105. ethnicity, and language. Current Anthropology, 63(2), 185–210.
106. Montesquieu, C. S. (1721). The Persian letters of Montesquieu. G.G. Harrap.
107. Parsi-Anjoman Website. (2018). The warning of Dr Shafiei Kadkani about the linguistic plans of
108. the enemies. Parsi-Anjoman Website. https://parsianjoman.org/?p=6237.
109. Pirnia, H. (1928). Tārikh-e Irān-e qadim: Az āqāz tā enqerāz-e Sāsāniyān [History of ancient Iran:
110. From the beginning to the fall of the Sasanians]. Khayyām.
111. Renan, E. (1882[2018]). What is a nation? And other political writings. Columbia University Press.
112. Richard, Y. (2019). Iran: A social and political history since the Qajars. Cambridge University Press.

113. Saffari, S. (2017). Beyond Shariati: Modernity, cosmopolitanism, and Islam in Iranian political
114. thought. Cambridge University Press.
115. Shariati, A. (1982). BazShenasi Hoviate Irani [Recognising Iranian identity], Vol. 27. Sepideh
116. Bavaran Press.
117. Sharifi, M. (2013). Imagining Iran: The tragedy of subaltern nationalism. Lexington Books.
118. Siavoshi, S. (2014). Construction of Iran's national identity: Three discourses. In K. Scot-Aghaei
119. Kamran & A. Marashi (Eds.), Rethinking Iranian nationalism and modernity. University of
120. Texas Press.
121. Sohrabi, N. (2011). Revolution and Constitutionalism in the Ottoman Empire and Iran. Cambridge
122. University Press.
123. Tavakoli-Targhi, M. (2011). Refashioning Iran: Orientalism, Occidentalism, and historiography.
124. Palgrave Macmillan.
125. Tavakoli-Targhi, M. (2015). Ahmad Kasravi's critiques of Europism and Orientalism. In
126. K. Talattof (Ed.), Persian language, literature, and culture. Routledge.
127. Ünlü, B. (2016). The Kurdish struggle and the crisis of the Turkishness contract. Philosophy &
128. Social Criticism, 42(4–5), 397–405.
129. Ünlü, B. (2023). The Turkishness contract and the formation of Turkishness. In A. Alemdaroğlu &
130. F. M. Göçek (Eds.), Kurds in dark times: New perspectives on violence and resistance in Turkey.
131. Syracuse University Press.
132. Vaziri, M. (1993). Iran as imagined nation: The construction of national identity. Paragon House.
133. Wolfe, P. (2016). Traces of history: Elementary structures of race. Verso Books.
134. Yarshater, E. (1993). Persian identity in historical perspective. Iranian Studies, 26(1–2), 141–142.
135. Zarrinkoub, A. (1957). Do Qarn Sokout [Two centuries of silence]. Entesharate Amirkabir.
136. Zia-Ebrahimi, R. (2011). Self-orientalization and dislocation: The uses and abuses of the 'Aryan'
137. discourse in Iran. Iranian Studies, 44(4), 445–472.
138. Zia-Ebrahimi, R. (2014). 'Arab invasion' and decline, or the import of European racial thought by
139. Iranian nationalists. Ethnic and Racial Studies, 37(6), 1043–1061.
140. Zia-Ebrahimi, R. (2016). The emergence of Iranian nationalism: Race and the politics of dislocation.
141. Columbia University Press.

# هاوپەیمانیـــی مێژوویی بازاڕ و پیاوانــی ئایینــی لـە ئێران وەرچەرخانــەکان و ئەنجامــەکانی

احمد شمس الدين لەيلە
توێژەری ئابووری لە پەیمانگای نێودەوڵەتی بۆ لێکۆڵینەوەی ئێران (ڕەسانە)

و: بارام سوبحی

■ ناونیشانی بابەتەکە بە زمانی عەرەبی :

المعهد الدولی للدراسات الايرانيه ) RASANAH ( لە ) ٢٩ /نيسان/ ٢٠٢٤ (

## بەرایی

لە ئەنجامی هاوپەیمانی بازرگانانی بازاڕ لەگەڵ پیاوانی ئایینی لە ڕابردووی دوور و نزیکدا، وەرچەرخانی گەورە هاتنە ئاراوە، کە کاریگەرییەکی قووڵیان لەسەر ڕەوتی حوکمڕانی، ئابووری و تەنانەت بیروباوەڕیش لە ئێراندا هەبوو، وەک بەشداریکردن لە گۆڕینی ئێران لە مەزهەبی سوننە بۆ مەزهەبی شیعە و چەسپاندنی لە وڵاتدا، سەرخستنی شۆڕشی تووتن و شۆڕشی دەستووری و پاڵپشتیکردنی ئابووری ئێران دوای ئەوەی سەرۆک وەزیرانی ئەوکات محەمەد موسەدق لە ساڵی (١٩٥١)دا نەوتی بە نیشتمانی کرد. دیارترین بەرهەمی ئەم هاوپەیمانییەش سەرکەوتنی بازاڕییەکان بوو لە یارمەتیدانی پیاوانی ئایینی بۆ گەیشتن بە دەسەڵات لە ساڵی (١٩٧٩)، ئەوەش دوای جێبەجێکردنی پلانێکی ورد و پشتیوانییەکی دارایی بەرفراوان بوو لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی پیاوانی ئایینی.

بە درێژایی مێژوو ئەو هاوپەیمانییە دێرینەی نێوان ئەو دوو هێزە کاریگەرە، لەڕووی دارایی و کۆمەڵایەتییەوە ڕێچکەیەکی نیمچە ڕێکخراوی گرتەبەر، بەڵام لەدوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی و بەکارخستنی تیۆری حوکمڕانی ڕەهای ویلایەتی فەقیە، گۆڕانکاری لە هەموو ئاستەکاندا سەریهەڵدا، دیارترین گۆڕانکاری لەبواری ئابوورییدا بوو، چونکە بەپێی ئەو تیۆرییە ئایینییەی کە خومەینی لەدوای شۆڕش دایهێنا و جێبەجێی کرد، وەلی فەقیە بووە خاوەنی هەموو سەرچاوەکانی دەوڵەت، هەروەها دەبوو لە هەموو دامەزراوەکانی دەوڵەتدا نوێنەری وەلی فەقیە هەبێت.

وشەی فارسی «بازاڕ» بە واتای ئەو شوێنە سەر داپۆشراوە دێت کە کڕین و فرۆشتنی تێدا ئەنجام دەدرێت. ئەم زاراوە فارسییە بۆ دەرەوەی ئێران گواستراوەتەوە و ئێستا لە چەند وڵاتێکدا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت. بە سەرکارەکانیشی دەوترێت بازرگان.

دامەزراندنی بازاڕ لەئێراندا دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ لەمەوبەر. لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان بەوە کردوە لە (٣٠٠٠) ساڵی پێش زایینەوە بازاڕ هەبووە، بەتایبەتی لەو شارانەی کە لەکۆندا دەکەوتنە سەر ڕێگە سەرەکییە بازرگانییەکان ([١]). ئەمڕۆ ئێران کۆمەڵێک بازاڕی بەناوبانگی هەیە کە لە لیستی میراتی جیهانی یونسکۆدا

جێگیرکراون، بەناوبانگترینیان بازاڕی تەبرێزە لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران کە وەک گەورەترین بازاڕی سەر داپۆشراوی مێژوویی لە جیهاندا ئەژماردەکرێت، هەروەها بازاڕی ئەسفەهان و کاشان (ناوەندی ئێران)، بازاڕی گەورەی تاران لە پایتەخت و چەندین بازاڕی بەناوبانگی دیکە، ئەوانەش تەنها بازاڕی بازرگانی نەبوون، بەڵکو شارێکی تەواو بوون، هەربۆیە بازرگانەکانیان بەدرێژایی مێژوو لەئێراندا خاوەنی پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بوون، چونکە لە دەوروبەری بازاڕەکان و بۆ ئاسوودەکردنی کڕیاران، جگەلە شورا، خزمەتگوزارییەکانی وەکو چێشتخانە و مزگەوت و هۆتێل بۆ گەشتیاران و تەنانەت قوتابخانەش هەبوون، سەرباری ئەوەی لەڕووی ئەندازیاری تەلارسازییەوە بازاڕەکان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش دیزاین کرابوون ([٢]). ئەوەش بە ئامانجی هاندانی خەڵکی بوو تاوەکو سەردانی بازاڕەکان بکەن و ئەوەندەی دەتوانن بمێننەوە، بۆیە بازاڕ کاریگەرییەکی ڕوونی لەسەر ژیانی گشتی هەبوو.

بازاڕ وەکو دامەزراوەیەکی سەربەخۆ مامەڵەی کردووە، بەجۆرێک هیچ دەسەڵاتێک لە کۆنتڕۆڵکردنیدا سەرکەوتوو نەبووە، هەروەها لەڕووی مێژووییەوە سەرچاوەی سەرەکی پارەدارکردنی دامەزراوەی ئایینی بووە، چونکە بازرگانان زەکات و پێنج یەک (خومس)یان دەدا بە فەقیهەکان، وەقف و دیارییان پێشکەش بە پیاوانی ئایینی دەکرد، تاوەکو لەپێناوی ئامانجە شەرعیەکانیاندا خەرجی بکەن. بازرگانەکان هەوڵیان دەدا ڕەزامەندی دامەزراوە ئایینییەکان بەدەستبخەن. هەروەها دامەزراوەی ئایینیش زۆر حەزیان دەکرد بازرگانان بە لای خۆیاندا ڕابکێشن.

لەڕووی مێژووییەوە ئەوە سەلمێنراوە کاتێک فەقیهەکان تووڕە دەبوون، دەرگای بازاڕەکان دادەخران. کاتێک بازرگانەکانیش لە دژی دەسەڵات ناڕەزایەتیان دەردەبڕی، لە مزگەوتەکاندا مانیان دەگرت، وەک چۆن لە ساڵی (١٩٠٦) لە کاتی شۆڕشی دەستووریدا ڕوویدا، کە لە مزگەوتی شا عەبدولعەزیم لە تاران مانیان گرت، یان پشتیوانییان لە بزووتنەوەی بە نیشتمانیکردنی نەوت کرد کە لەلایەن موسەدقەوە ئەنجامدرا، دواتر بەرەنگاری ئەو کودەتایە بوونەوە کە لە ساڵی (١٩٥٣) لە دژی ئەنجامدرا ([ ٣]).

ماوەی چەند سەدەیەکە بازاڕییەکان بازرگانی ناوخۆییان لە ئێراندا کۆنترۆڵکردووە،

پێگە و هەژموونیان لەناو دەوڵەت و کۆمەڵگەدا هەبووە، پەیوەندییەکی پتەویان لەگەڵ پیاوانی ئاییندا هەبووە، کە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندییەکان بوو، پیاوانی ئایینی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەریان هەبوو، بەڕادەیەک بازرگانەکان دەیانتوانی کارەکانیان بەجێبهێڵن و دەست بە مانگرتن بکەن، تەنها لەسەر فەتوایەکی پیاوانی ئایینی لەدژی دەسەڵاتداران کە پێویستی بە پشتیوانی و پاڵپشتی جەماوەر هەبووایە. ئەمەش لە ماوەی (١٥٠) ساڵی ڕابردوودا لە زۆر نمونەی چارەنووسسازدا لە مێژووی ئێراندا دەرکەوتووە، کە دیارترینیان لە سەردەمی شۆڕشی دەستووری ساڵی (١٩٠٦) و شۆڕشی (١٩٧٩) بوو، کە توانیان پیاوانی ئایینی بگەیەننە دەسەڵات. بەڵام دوای ئەوەی پیاوانی ئایینی گەیشتنە دەسەڵات و بیرۆکە ئابورییەکانی تیۆری ویلایەتی فەقیهیان جێبەجێ کرد، پەیوەندییەکانی نێوانیان گۆڕا و ڕێچکەیەکی جیاوازتر لەوانەی پێشوی بەخۆوە بینی.

### ئامانج و میتۆدی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانجی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەیە لە ڕێبازی دوور و درێژی پەیوەندیی نێوان بازرگانانی بازاڕ و پیاوانی ئایین لە سەردەمی سەفەویی، پاشان بنەماڵەی پەهلەوی و پشتیوانیکردن لە خومەینی و پیاوانی ئایینی، ئینجا گۆڕانکارییەکانی ئەو پەیوەندییە لە سەردەمی دوای کۆماری ئیسلامیدا، دواتر بەدواداچوون بۆ دەرئەنجامی ئەم هاوپەیمانییە و ڕۆڵی لە داڕشتنی ڕابردووی حوکمڕانی لە ئێران و داڕشتنی ئێستا و گریمانەی ڕۆڵگێڕانی لە داڕشتنی داهاتوودا دەکات. توێژینەوەکە ڕێبازی شیکاریی مێژوویی و ئیستقرائی تێکەڵ کردووە، تاوەکو هەوڵی گەیشتن بەم ئامانجە بدات.

توێژینەوەکە بەسەر سێ تەوەری سەرەکیدا دابەشکراوە، یەکەمیان باس لە شێوازەکانی هاوپەیمانی کۆنی نێوان بازاڕ و دامەزراوەی ئایینی لە سەدەکانی ڕابردوودا دەکات. دووەمیان: چەسپاندنی هاوپەیمانی نێوان بازاڕەکان و پیاوانی ئایینی لە قۆناغی یەکەمی پەهلەوییدا، سێیەمیش باس لە: گۆڕانکارییەکانی پەیوەندی نێوان بازاڕەکان و پیاوانی ئایینی لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئێرانەوە دەکات. پاشان بە کۆمەڵێک دەرەنجام و تێڕوانین کۆتایی بە توێژینەوەکە دێت.

## تەوەری یەکەم

## شێوازەکانی هاوپەیمانی نێوان بازاڕو دامەزراوەی ئایینی لە سەدەکانی ڕابردوودا

چەند سەدەیەک لەمەوبەر پەیوەندی نێوان بازاڕەکان و پیاوانی ئایینی لە ڕێگەی کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بەرژەوەندی هاوبەش لەنێوانیاندا دامەزرا: زانایانی ئایینی لەگەڵ بازرگانەکاندا لەبەرامبەر ئەو نادادپەروەری و پێشێلکارییانە وەستاون کە لەلایەن دەسەڵاتی حاکمەوە بەسەریاندا سەپێنراوە، ئەوان نێوەندگیرییان کردووە لە چارەسەرکردنی ناکۆکی داراییەکان و فەتوا و ئامۆژگارییان پێشکەش بە بازرگانان کردووە، لەکاتێکدا زانایانی ئایینی پێویستییان بە پارەی بازرگانەکانە لە خێر و زەکات و پێنج یەک و بەخشین و نەزر و ئەوقافەکان، لەو ڕێگەیەوە بۆ گەشەپێدانی ناوخۆیی و پاڵپشتیکردنی زانایان و دابینکردنی دارایی مزگەوت و بازنە و چالاکییە ئایینییەکان و بەهێزکردنی پێگەی زانایانی ئایینی لە کۆمەڵگە و سەربەخۆییان لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ڕۆڵێکی بنەڕەتییان گێڕاوە ([٤]).

پیاوانی ئایینی خزمەتی گرنگیان پێشکەش بە بازاڕەکان کردووە. لە سەردەمی کۆندا دەبوو بەڵگەنامە بازرگانییەکان لەلایەن زانایانی ئایینیەوە متمانەیان پێبدرێت. هەروەها ماڵەکانیان شوێنێکی سەلامەت بوو بۆ خستنەڕووی ناڕەزایەتی بازرگانەکان. بازرگانەکان کاتێک ئیفلاسیان دەهێنا، لە ماڵەکانی ئەوان خۆیان حەشاردەدا، تاوەکو خۆیان لە شەڕی خاوەن قەرزەکان بپارێزن.

لەبنەڕەتدا بوونی مزگەوت لە بازاڕەکاندا بۆ بەهێزکردنی ڕۆشنبیری ئایینی بازرگانەکان بوو. هەردوو لایەن لە نوێژی جەماعەت و بازنەی قورئان و زیکر و مەراسیمی ماتەمینی لە مانگی موحەڕەمدا بەیەک دەگەیشتن. زانایان سەرپەرشتی پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵی بازرگانەکان و پێکهێنانی هۆشیاری کولتووری و ئایینییان دەکردن.

لەبەرامبەردا بازرگانانی بازاڕ ڕۆڵی گرنگیان بۆ کۆمەڵگە و پشتیوانی لە پیاوانی ئایینی لە ئێراندا هەبووە، وەکو دابینکردنی پارە بۆ ئەو پێداویستییانەی سوودی بۆ هەمووان هەیە، وەک دروستکردنی پرد و کەناڵ، نۆژەنکردنەوەی ڕێگەوبانەکان، بەتایبەتی ڕێگەکانی گواستنەوەی بازرگانی، هەروەها پارەدارکردنی چالاکییە ئایینی و

خێرخوازییەکانی وەک ئاوەدانکردنەوەی مزگەوتەکان و پارەدارکردنی بازنەی ئایینی و گەشتەکانی حەج و عومرە و ڕێوڕەسمی ماتەمینی و پرسەگێڕان، جگە لە ژمارەیەکی زۆر لە وێستگەی بازاڕ، کە بریتین لە دوکان و زەوی و حەمامە گشتیەکان و هتد، هەروەها پێشکەشکردنی بەخشین و دیاری بە پیاوانی ئایینی ([٥])، ئەم پەیوەندییە پراگماتیکەی نێوانیان چەند سەدەیەک لەمەوبەر پێکهات.

لە سەردەمی دەسەڵاتی سەفەوییەکان لەئێراندا، لە سەرەتای سەدەی شانزەدا، بازاڕ لە ژیانی ئابووری و سیاسیدا هێزێکی چالاک بوو. سەفەوییەکان کاریان کرد بۆ دەستەمۆکردنی ئەم دەسەڵاتە، بەشداریان کرد - ڕەنگە بە ئەنقەست نەبووبێ - لە چەسپاندنی هاوپەیمانی بازاڕ و پیاوانی ئایینیدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەفەوییەکان شیعەیان کردە ئایینی فەرمی دەوڵەت و پیاوانی ئایینی شیعەیان لە لوبنان و عێراقەوە هێنا، هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی و بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسیدا، قوتابخانەی ئایینییان بۆ دامەزراند. ئەوان پێویستیان بە هێزێک هەبوو کە بچێتە ناو جەماوەرەوە بۆ خێراترکردنی بڵاوکردنەوەی مەزهەبی نوێی دەوڵەت.

دوای ئەوەی شا عەباس (١٥٨٧-١٦٢٩) پایتەختی دەوڵەتەکەی لە قەزوینەوە گواستەوە بۆ ئەسفەهان، کە بەناوبانگترین و کۆنترین بازارەکانی وڵاتی لەخۆدەگرت، ئەو هاوپەیمانێتییە بەهێزتر بوو، هەروەها پەیوەندیی خۆی لەگەڵ بازاڕ و خەڵکەکەی بەهێزتر کرد. شا عەباس سێ پایەی لە گۆڕەپانی نەقش جەهان لە ئیسفەهان دامەزراند، کە دەسەڵاتی دەوڵەتی نوێیان بەهێزتر کرد، ئەوانیش کۆشکی عەلی قاپو کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی دەکرد، پاشان بە تەنیشتیەوە مزگەوتی شا و بازاڕێکی دروستکرد ([ ٦]) تاوەکو لەم ڕێگەیەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی ئێرانی دابنێن، چونکە کاریگەری ماددی و ئایینی و کۆمەڵایەتییان لەسەر کۆمەڵگە هەبوو، هەروەها دەبووە هۆی تێکەڵبوونی بازرگانان لەگەڵ خەڵکیدا.

بازرگانەکان بەشدارییان کرد لە بوژاندنەوە و پارەدارکردنی پیاوانی ئایینیدا، هەندێکیان دوای ئەوەی بوونە پەناگەیەکی پارێزراو بۆ بازرگانەکان و نەیانهێشت پارەکانیان لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەستی بەسەردا بگیرێت، دەوڵەمەند بوون، چونکە بازرگانەکان موڵک و زەوییەکانیان کردە وەقفی پیاوانی ئایینی، تاوەکو بەگوێرەی دەستووری کارپێکراوی ئەو

ڕۆژگارە دەستی بەسەردا نەگرتنی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە مسۆگەر بکەن، - هەرچەندە پشکێکی بۆ دامەزراوە نیمچە ئایینییەکان دەچوو، کە لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە بەڕێوەدەبرا - سەرباری پێدانی بەخشین و پێنج یەک، بەم شێوەیە چینێک لە پیاوانی ئایینی دەوڵەمەند سەریانهەڵدا، بەتایبەتی «موجتەهیدەکان» ([٧]). بۆیە لە بەرژەوەندی دامەزراوەی ئایینیدا بوو پارێزگاری لە بەردەوامبوونی کاری بازرگانەکان بکات.

هەروەها پشتیوانی پیاوانی ئایینی بۆ بازرگانان لەبەردەم دەسەڵاتدارانی قاجاردا (١٧٧٩-١٩٢٥) لە چەندین وێستگەدا بەدەرکەوت، وەک پێکهێنانی ئەنجوومەنی بازرگانان و ڕاپەڕینی تووتن و شۆڕشی دەستووری، وەک پاڵپشتیکردنی داواکاری بازرگانەکان بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی بازرگانی لە ساڵی (١٨٨٢)دا تا لەبەردەم فەرمانڕەواکاندا بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکات، ئەمەش دوای ئەوە هات کە ناسرەدین شا، پێکهێنانی ئەنجوومەنەکەی ڕەتکردەوە، هەروەها داواکارییەکانیانی بۆ کەمکردنەوەی باڵادەستی و ڕکابەری دەسەڵاتداران لە دەستڕۆیشتنی بیانییەکان بەسەر بازاڕەکاندا ڕەتکردەوە، هەروەها ڕەتیکردەوە ڕێز لە مافی خاوەندارێتی تاکەکەسی بازرگانەکان بگرێت. بازرگانەکان تەسلیم نەبوون و پەنایان بۆ دامەزراوەی ئایینی برد، هاوپەیمانێتییەکەیان بووە هۆی ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینێک کە چەند ساڵێکی دواتر، واتە لە ساڵی (١٨٩٠) بە "شۆڕشی تووتن" یان "تەنبەک" (نەهزەتی تەنباکۆ بە فارسی) ناسرا، ئەوەش یەکەم ڕاپەڕین بوو کە نوێنەرایەتی دەسەڵات و کاریگەری هاوپەیمانی بازرگانانی بازاڕ و پیاوانی ئایینی دەکرد، کە لە کاردانەوەی بەخشینی ئیمتیازی بازرگانی توتن بوو بۆ ماوەی پەنجا ساڵ بە خاوەنی کۆمپانیایەکی بەریتانی کە بە (تاڵبووت) ناودەبرا، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە ئێرانییەکان لە چاندن و بازرگانی تووتندا کاریان دەکرد و سەرچاوەی سەرەکی داهاتیان بوو.

بازرگانەکان بۆ پاڵپشتی ڕوویان لە پیاوانی ئایینی کرد، تاوەکو توانیان فەتوایەک لە ئایەتوڵڵا میرزا حەسەن شیرازی وەربگرن کە بەکارهێنانی تووتنی یاساغ دەکرد. بازرگانەکان لە مزگەوتی جەوهەرشا مانگرتنیان ڕاگەیاند، لە ئیسفەهان دوکان و بازاڕەکانیان داخست، پاشان مانگرتنەکە گواسترایەوە بۆ تاران، هەندێکیان تووتنەکانیان سووتاند، ئەو بابەتەش پەرەی سەند تاوەکو پێکدادانەکان گەیشتە نزیکی کۆشکی شا، گرژییەکان بەردەوام بوون تا شا ناچار بوو ئیمتیازەکە هەڵبوەشێنێتەوە و کارەکانی کۆمپانیا بەریتانیەکە ڕابگرێت ([٨]).

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی تووتن، بازرگانان و پیاوانی ئایینی بەهێزی هاوپەیمانییە تازەکەیان و توانای گەورەیان بۆ کاریگەری و کۆکردنەوەی خەڵکی، تەنها بە هاندانی خەڵک لە بازاڕ و مزگەوتەکاندا بۆ دەرکەوت، ناڕەزایەتییەکان بە خێرایی لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە دەگوازرایەوە و سەرتاسەری وڵاتی دەگرتەوە.

لەبەرامبەردا بەشێک لە بازرگانەکان کۆمەکی دارایی ئەو کەسانەیان کرد کە بەهۆی مانگرتنەکانەوە زیانیان بەرکەوتبوو، هەندێکجاریش خەرجییەکانی ناڕەزایەتییەکانیان لە ئەستۆ دەگرت. بەم شێوەیە پشتیوانی و تەیارکردن بەردەوام بوو تا لەکۆتاییدا گەیشتن بە بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. ئەمەش هەمان ستراتیژ بوو کە دواتر لە سەردەمی شۆڕشی دەستووری ساڵی (١٩٠٦) و پاشان شۆڕشی ئیسلامیی لە ساڵی (١٩٧٩) بەکاریانهێنا.

هاوپەیمانی بازاڕ و دامەزراوەی ئایینی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دوبارە بووەوە و ئەمجارەیان بووە هۆی ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی ئێراندا، کە شۆڕشی دەستووری بوو لە ماوەی ساڵانی (١٩٠٥ - ١٩١٠)، کە بە دانانی یەکەمین دەستوور و پێکهێنانی یەکەم ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان) لە مێژووی وڵاتی ئێراندا کۆتایی هات.

شۆڕشەکە لە دەرەنجامی ناڕەزایی بازرگانانی بازاڕ لە بەرامبەر باڵادەستی ڕاوێژکارە بیانییەکان بەسەر ئابووریدا سەریهەڵدا، بەتایبەتی بەلجیکییەکان کە موزەفەرەدین شای کوڕی ناسرەدین شای قاجار پشتی پێدەبەستن. بازرگانان داوایان دەکرد گومرگە زیادکراوەکانی سەر کاڵاکانیان لابرێت، بەڵام شا وەڵامی داواکارییەکانیانی نەدایەوە، بازرگانانی بازاڕ مانیان گرت، حکومەت لە ترسی تەشەنەسەندنی بۆ شارەکانی دیکە، هەوڵیدا کۆتایی پێبهێنێت، بۆیە والی تاران کۆمەڵێک بڕیاری تۆڵەسێنانەی لە دژی بەشێک لە بازرگانەکان دەرکرد. ئەوەش زیاتر تووڕەی کردن و بەو هۆیەوە بازاڕەکانیان داخست و مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند، پەنایان بۆ پیاوانی ئایینی و مزگەوتەکان برد، لە بەرامبەر ئەو کارە سەرکوتکارانەدا داوای لابردنی سەرۆکی حکومەتیان کرد. گرنگترین داواکاریyan پێکهێنانی ئەنجوومەنێک بوو کە سەر بە شا نەبێت و لە هەموو شارەکانی ئێراندا لقی هەبێت، نەک تەنها لە پایتەختدا، وەک ئەوەی شا دەیویست.

گرژییەکان پەرەیان سەند و توندوتیژییەکان زیاتر بوون، ئایەتوڵڵا عەبدوڵڵا بەهبەهانی

پێشنیاری بۆ بازرگانەکان کرد ئەگەر هاتوو حکومەت بەردەوام بوو لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی، ئەوا پەنا بۆ باڵیۆزخانەی بەریتانیا ببەن - بە هاندانی کونسوڵی ئینگلیز -. بۆیە بازارییەکان لە باڵیۆزخانەی بەریتانیا مانیان گرت، بازرگانەکان خوێندکارانی قوتابخانە ئایینیەکان و گرووپەکانی دیکەی خەڵکیان ڕازی کرد کە بچنە پاڵیان و لە باڵیۆزخانەی بەریتانیادا مان بگرن، هەندێک لە بازرگانەکانیش بە تەواوی ئامادەییان دەربڕی کە تێچووی دارایی بۆ ئەو کارە لە ئەستۆ بگرن، خێوەتەکان هەڵدران، خۆراک و کەرەستەی بژێوی پێویست بۆ چەند ڕۆژێک دابینکرا، ژمارەی خۆپیشاندەران بۆ بیست هەزار کەس بەرزبووەوە، خۆپیشاندانەکان بۆ ماوەی بیست ڕۆژ بەردەوام بوون. لەکۆتاییدا شا داواکاری بازرگانەکانی پەسەندکرد و ئەنجوومەنەکەی دامەزراند بەو شێوەیەی کە زانا و بازرگانەکان دەیانویست.

لە سایەی هاوپەیمانی بازرگانان و پیاوانی ئایینیدا، یەکەم پەرلەمان لە مێژووی وڵاتدا پێکهێنرا، لەکۆی (١٦١) کورسی ئەنجوومەنەکە، بازرگانانی بازاڕ بوونە خاوەنی (٥٧) کورسی واتە (٣٥٪) ئەنجوومەنەکەیان پێکدەهێنا. یەکەم کاری نوێنەران لە ئەنجوومەنەکەدا کە پێشینەیەکی بازرگانیان هەبوو، ڕەتکردنەوەی قەرزە دەرەکییەکان بوو، لەبری ئەوە پێشنیاری دامەزراندنی بانکی نیشتمانیان کرد ([٩]) و یەکەم دەستووریان بۆ وڵاتەکەیان پەسەندکرد.

## تەوەری دووەم

## چەسپاندنی هاوپەیمانی نێوان بازاڕو پیاو انی ئایینی لە سەردەمی پەهلەویدا

لە سەردەمی ڕەزا شای پەهلەوی باوکدا، بە تێپەڕبوونی کات یەکگرتنی بازاڕ لەگەڵ دامەزراوەی ئایینی لەدژی دەسەڵاتی فەرمانڕەوای ئێران گەشەی کرد، پاشان لە دژی کوڕەکەی محەمەد ڕەزاشای پەهلەوی زیاتر پتەوتر بوو. تاوەکو لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا گرنگترین بەرهەمی ئەم یەکێتییە مێژووییەی لێکەوتەوە، ئەویش سەرکەوتن بوو لە لابردنی شا و دامەزراندنی سەردەمێکی نوێ بوو بە ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمەش دوای زنجیرەیەک لە هاوپەیمانێتی کاریگەر و درێژخایەن هات بۆ سەرهەڵدانی شۆڕش. ئەمەش لە دوو بەشدا ڕووندەکەینەوە:

**أ- گۆڕانکارییەکانی سەردەمی ڕەزا شا پەهلەوی و کوڕەکەی محەمەد ڕەزا.**

ب- هاوپەیمانی لەگەڵ خومەینی و پیاوانی ئایینی و نیشانەکانی پێش شۆڕشی (١٩٧٩).

١. ئاڕاستەکانی هاوپەیمانی لە سەردەمی ڕەزاخان پەهلەوی و کوڕەکەی محەمەد ڕەزا:

دوای ئەوەی لە ساڵی (١٩٢١) ڕەزا شای پەهلەوی بە کردەیی دەستی بەسەر دەسەڵاتی دەوڵەتی قاجاردا گرت، لەژێر کاریگەری ئەزموونی کەمال ئەتاتورکدا هەوڵیدا ئێران لە دەسەڵاتی پاشایەتییەوە بۆ کۆماری بگۆڕێت، بەڵام ئەم وەرچەرخانە بۆ مۆدێلی ڕۆژئاوایی بەدڵی دامەزراوەی ئایینی و بازرگانانی بازاڕ نەبوو. بۆیە سەرلەنوێ بازرگانانی بازاڕ هاوشان لەگەڵ پیاوانی ئایینی وەستان، هاوپەیمانیەکەیان لەدژی ئەم وەرچەرخانە چالاک کردەوە.

بۆ پووچەڵکردنەوەی هەوڵەکانی ڕەزاخان، پیاوانی بازاڕ لەژێر سەرکردایەتی ئایەتوڵڵا حەسەن مودەریسدا خۆپیشاندانیان دەستپێکردەوە، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پیاوەکانی شا لە بازاڕدا ڕوویدا، هەزاران بازرگانی بازاڕ یاداشتێکیان واژۆکرد کە تیایدا کۆماریان ڕەتدەکردەوە و هوتافیان لەدژی ئەو کۆمار دەوتەوە. توندوتیژی لەنێوان ئەوان و هێزە ئەمنییەکاندا بەردەوام بوو، تاوەکو ڕەزا پەهلەوییان ناچارکرد لە فەرمانی کۆمار بکشێتەوە. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو شا هەوڵیدا متمانەی بازرگانەکان بەدەستبهێنێت و بیانخاتە نێو مەراسیمە فەرمییەکانەوە، ناکۆکییەکانی نێوانیان بەڕادەیەک هێور بوویەوە، توانی لە دەیەی یەکەمی دەسەڵاتیدا پشتیوانی ئەوان بەدەستبهێنێت، بەتایبەتی دوای بەرقەرارکردنی ئاسایش لە وڵاتدا، چونکە لە قۆناغی کۆتایی دەسەڵاتی قاجارەکانەوە، پێش ئەوەی ڕەزا پەهلەوی دەسەڵات وەربگرێت، خەڵکی و بازرگانەکان بەدەست نەبوونی ئاسایش و پاشاگەردانیەوە دەیانناڵاند.

ئاشتەوایی لەنێوان دەسەڵاتداران و دامەزراوەکانی بازرگانی و ئایینیدا زۆری نەخایاند، دوای ئەوەی ڕەزا شا پەهلەوی بڕیاریدا بە توندی هەنگاو بنێت بەرەو کرانەوە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا، بیرۆکە ڕۆژئاواییەکان لە ناوخۆدا جێبەجێ بکات، هەوڵی گۆڕینی بەشێک لە داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگە بدات، وەک سەپاندنی قەدەغەکردنی حیجابی ژنان و گۆڕانکاری لە یاساکانی هاوسەرگیری و جیابوونەوەدا، هەروەها فراوانکردنی دەرفەتی خوێندن بۆ ژنان. ئەم هەنگاوانەش گڕی لە ناڕەزاییەکانی پیاوانی ئایینی و لەگەڵیاندا کۆمەڵگەی ئێرانی بەردا کە بازرگانەکان پشتیوانیان دەکردن، بەتایبەتی دوای ئەوەی شا لە ساڵی (١٩٣٦)دا پێداگری لەسەر جێبەجێکردنی بڕیاری قەدەغەکردنی حیجاب و

سەپاندنی بە زۆرەملێ کرد. لەکاتێکدا توێژێکی گەورەی کۆمەڵگەی ئێران کە سروشتێکی لادێی بەسەریاندا زاڵبوو، ڕەتیانکردەوە ئەو بڕیارە جێبەجێ بکەن، ڕووبەڕووبوونەوەیەکی توندوتیژانە لەنێوان کۆمەڵگە و کارمەندانی ئاسایشدا سەریهەڵدا.

بە ئامانجی زامنکردنی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی و سەپاندنی کۆنترۆڵی ڕەهای خۆی بەسەر کۆمەڵگەی ئێرانیدا، شا کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تاکڕەوانەی لە دژی پیاوانی ئایینی و بازرگانان گرتەبەر، بەو ڕێوشوێنانە ویستی نارەزایەتی کۆمەڵایەتی کە مەرجەعەکانی شیعە و بازرگانەکان سەرکردایەتیان دەکرد نەهێڵێت، لەوانە هەڵوەشاندنەوەی بەکارهێنانی نازناوی ئایینی، گۆڕینی یاسا مەدەنی و تاوانکارییەکان بە یاسای شەرعی، دوورخستنەوەی "ئەشرافەکان" لە پۆستە حکومییەکان، داواکردنی مۆڵەتی تایبەت پێش لەبەرکردنی جلوبەرگی ئایینی و سەپاندنی لابردنی حیجاب. هەروەها لابردنی کۆنترۆڵی پیاوانی ئایینی شیعە بەسەر سامانە بێشومارەکانی وەقفدا، ڕێگریکردن لە بازرگانی ناوخۆیی و دەرکردنی یاسای تایبەت بە قۆرخکاری حکومەت لەسەر بازرگانی دەرەکی و پیشەسازییە جیاوازەکان ([١٠]).

ئەو کارانە تورەیی بازرگانانی بازاڕ و پیاوانی ئایینی بەرامبەر شا ڕەزا وروژاند، بەڵام نەیانتوانی بە شێوەیەکی ئاشتییانە زۆرێک لە ڕێکارەکانی شا بگۆڕن، بۆیە لە کۆتایی دەسەڵاتی شادا ڕوویانکردە توندوتیژی، ئەم ڕەوتە لەدوای دوورخستنەوەی (شا)ش هەر بەردەوام بوو، ئەویش لە ڕێگەی دامەزراندنی چەندین بزووتنەوەی بەرخۆدانی چەکدارییەوە بوو، لە نمونەی "فیدایانی ئیسلام"، کە ڕێبازی کردەی چەکداری و تیرۆری سیاسیان لەپێناوی گۆڕانکاریدا گرتەبەر و توانییان بەشێک لە سەرۆک وەزیرەکان تیرۆربکەن، زۆرینەی ئەندامانی ئەو بزووتنەوەیەش خەڵکی بازاڕ بوون ([١١]). نائارامی لە ئێراندا بەردەوام بوو، تەنانەت هەتا دوای ئەوەی ڕەزاشا دەستبەرداری تەختی پاشایەتی بوو بۆ کوڕەکەی، لەکاتی جەنگی جیهانی دووەم و لەژێر گوشاری بەریتانیاشدا ئێرانی جێهێشت.

دوای دەستبەردابوونی باوکی لە دەسەڵات، محەمەد ڕەزا دەسەڵاتی گرتەدەست، لەو دەمەدا لەدوای دەرباری شا، بەهۆی پێگەی کۆمەڵایەتی و پەلهاویشتنی لە شار و گوندەکانی ئێراندا دامەزراوەی ئایینی دەسەڵاتی دووەم بوو لە وڵاتدا، بەدوای ئەوانیشدا

بازاڕ دەهات کە لە سەرەتای دەسەڵاتی محەمەد ڕەزا شای پەهلەویدا، کۆنترۆڵی دوو لەسەر سێی (٦٦٪)ی بازرگانی جوملەی ناوخۆ و نزیکەی (٣٠٪)ی کۆی هاوردەی ئێران و (١٥٪)ی ئەو قەرزە یان داراییەی کردبوو کە پێشکەش بە کەرتی تایبەت دەکرا ([١٢]). بۆیە دوژمنایەتی شای نوێ لەگەڵ بازاڕدا توندتر بوو، بەتایبەتی دوای ئەوەی بە هاوکاری لەگەڵ پیاوانی ئایینی، بەئاشکرا چەندین ڕۆڵیان لەدژی دەسەڵاتەکەی گێڕا.

هێزی ئەو بازارە کاتێک سەریهەڵدا کە بەرگریان لە بزووتنەوەی نیشتیمانی بە سەرۆکایەتی محەمەد موسەدق کرد، ئەوان پشتیوانیان لە موسەدق کرد تا لە ساڵی (١٩٥١)دا گەیشتە پۆستی سەرۆک وەزیران، تەنانەت لە کاتی گەمارۆی ئینگلیز بەسەر ئێران و سەپاندنی سزای ئابووریی بەسەر ئێراندا، لە کاردانەوەی بڕیاری موسەدق بۆ بە نیشتمانیکردنی کۆمپانیای نەوت لە ساڵی (١٩٥١)، پشتیوانییان لە ئابووری ئێران کرد. هەروەها بازرگانانی بازاڕ کۆمەکی حکومەتەکەی موسەدقیان کرد و پارەیان بۆ حکومەتە گەمارۆدراوەکەی دابینکرد، ئەوەش لەڕێگەی کڕینی بۆندەکانی حکومەت و فرۆشتنی بەروبوومی غەیرە نەوتی لەڕێگەی سەرچاوە و شێوازی تایبەتی خۆیانەوە بوو ([١٣]). هەروەها بازرگانانی بازاڕ بەرەنگاری کودەتاکەی شا بەسەر حکومەتەکەی موسەدقدا بوونەوە، ئەمەش وایکرد شا ئەوان -لەگەڵ دامەزراوەی ئایینی- بە هۆکارێک بزانێت کە مەترسی لەسەر مانەوەی لە ئێراندا دروستدەکەن، هەر بۆیە کاتێک لە ڕووخاندنی حکومەتی موسەدق سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لە ساڵی (١٩٥٣)دا زیندانی کرد، بەتوندترین شێوە دوژمنایەتی کردن.

### ٢. هاوپەیمانی بازاڕ لەگەڵ خومەینی و پیاو انی ئایینی پێش شۆڕشی ١٩٧٩:

شای نوێ دوای سەرکەوتن و ڕزگاربوونی لە موسەدق، هەوڵەکانی خۆی بۆ تێکدانی هەردوو دەسەڵاتە تەقلیدییەکەی ئێران و دابڕاندنیان لە یەکتر دەستپێکرد. سەرەتا بە بازاڕ و ئەو ئامرازانەی کە هێزی پێدەبەخشین دەستی پێکرد، کە بریتی بوون لە پاڵپشتی دارایی بۆ پیاوانی ئایینی و نەیارانی شا. بۆیە کەوتە گۆشەگیر کردن و زیندانی کردنیان، هەروەها کۆنترۆڵیانی بەسەر بازارەکاندا کەمکردەوە.

بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی بازرگانەکان لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا، شا ڕێبازێکی سیستماتیکی پەیڕەوکرد. لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا، دوای ئەو لێشاوە پارەیەی

بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوتەوە دەستیکەوت، لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا سەرکەوتوو بوو. بۆیە بە سەپاندنی کۆنترۆڵێکی توند بەسەر پێدانی مۆڵەتی بازرگانی و بەرهەمهێناندا، ئازادی بازرگانی سنوردار کردن، ئاستەنگی بازرگانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بۆ دروستکردن، وەک زیادکردنی گومرگ لەسەر هاوردە و توندکردنی کۆنترۆڵی بەسەر هەندێک شمەک و کاڵادا، هەروەها هانی دامەزراوە داراییە دەرەکییەکان و بانکە بیانییەکانی دا تاوەکو بێن لە ئێران کاربکەن، تەنانەت لە هەندێک باردا گەیشتە خۆماڵیکردنیان ([١٤]). هەندێک لەو کارانەشی لەژێر ناوی چاکسازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی شادا ئەنجام دەدا، کە بە (شۆڕشی سپی) ناسرا بوو، لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٣ - ١٩٧٨) بە ئامانجی گۆڕینی کۆمەڵگە و پایە نەریتیەکانی جێبەجێ کرا.

خەڵکی بازاڕ ناچار بوون ملکەچی ئەو دۆخە ناچارییە بن کە بەسەریاندا سەپێنرابوو، ئەمەش وایکرد بەشێکی زۆر لە دەسەڵاتی بازرگانی خۆیان لەدەستبدەن، هەروەها خۆیان لەگەڵ ئاڕاستە کراوە و غەربزەدەییەکانی شادا بگونجێنن. دەستیانکرد بە وەرگرتنی بریکاری بازرگانی و بازرگانیکردن لەسایەی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر بازرگانی ناوخۆیی و دەرەکیدا. بەڵام بازاڕ زیانەکان و لەدەستدانی هەژموونی خۆیان لەبیر نەکرد، لەگەڵ هاوپەیمانە تەقلیدییەکەی خۆیان پیاوانی ئایینی، چاوەڕوانی کاتی گونجاویان دەکرد بۆ تۆڵەکردنەوە لە شا. دواتر ئەم هاوپەیمانییە دەرکەوت و لە ناوخۆی ئێراندا چەندین پشێوی توندوتیژانەی لێکەوتەوە، وەک ڕاپەڕینی پێنجی حوزەیرانی (١٩٦٣)، ڕاپەڕینی (١٩٦٤)، مانگرتنی یەک لە دوای یەکی بازاڕەکان لە ساڵی (١٩٧٧)ەوە، کە هەموو ئەمانە دەکرێ وەک پێشەکییەک هەژمار بکرێن کە بوونە هۆی شۆڕشی (١٩٧٩) کە شای ڕووخاند.

دوای ئەو خۆپیشاندانانەی کە پیاوانی ئایینی بە سەرۆکایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی لە (پێنجی حوزەیرانی ١٩٦٣) ئەنجامیاندا، لە دژی ڕیفراندۆمی شۆڕشی سپی (کۆمەڵێک چاکسازی کشتوکاڵی و پیشەسازی و کار بوو لەلایەن شاوە ئەنجامدرا، بەڵام لەنێویاندا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئایینی هەبوو کە لەلایەن پیاوانی ئایینیەوە ڕەتدەکرایەوە)، بازرگانانی بازاڕ وەک هاوپشتییەک لەگەڵ خەڵکانی عەمامەدار لە کار وەستان و بۆ ماوەی چوارده ڕۆژ دوکان و بازاڕەکانیان لە تاران داخست. خومەینی فەتوای قەدەغەکردنی ڕاپرسیەکە و پێویستی بایکۆتکردنی دەرکرد، دوای ئەوەی ڕاپرسیەکە ئەم بابەتانەی لەخۆگرتبوو: یاساکانی وەک هەڵوەشاندنەوەی مەرجی ئیسلام لەنێو کاندیدەکاندا

بۆ ڕێگەدان بە نوێنەرایەتیکردنی غەیرە مسوڵمانان لە پەرلەمان، ڕێگەدان بە ژنان بۆ خۆپاڵاوتن و بەشداریکردن لە دەنگدان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەماندا، هاوشان لەگەڵ قورئانی پیرۆزدا، ڕێگەدەدرێت سوێند بە هەر کتێبێکی ئاسمانی بخورێت کە لە ئێراندا دانیپێدانراوە ([١٥]).

دوای ئەوەی دەسەڵاتداران سزای خومەینیان دا بە دەستگیرکردنی، لە پێنجی حوزەیران لە تاران خۆپیشاندان دەستیپێکرد، لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنیەکاندا زیانی گیانی لێکەوتەوە و خۆپیشاندان بۆ شارەکانی دیکەش تەشەنەی کرد. پیاوانی بازاڕ بە داخستنی فرۆشگا و بازاڕەکان پشتیوانیان لێکرد. بازاڕی تاران بۆ ماوەی چواردە ڕۆژ بە داخراوی مایەوە، مانگرتنەکە گواسترایەوە بۆ بازاڕی قوم، پاشان شا ناچار بوو خومەینی ئازاد بکات ([١٦]). دوای ئەوە هاوپەیمانی بازاڕ لەگەڵ خومەینی بوو بە هێزێکی ڕاستەقینە لەسەر زەوی، کە دەتوانێت لە ڕێگەی کۆکردنەوە و مانگرتن و خۆپیشاندانەوە لە سەرانسەری وڵاتدا، هەڕەشە لە سەقامگیری دەسەڵات بکات.

پیاوانی ئایینی بە دامەزراندنی پارتی موئتەلیفەی ئیسلامی (بە فارسی: حزب مؤتلفه اسلامی) لە ساڵی (١٩٦٣)، هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ بازاڕییەکان لە دژی شا چەسپاند، کە تۆمەتبار کران بە ئەنجامدانی تیرۆر لە دژی ڕەمزەکانی ڕژێم و ئەنجامدانی کردەوەی توندوتیژی لە ناوخۆدا، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەرلەنوێ ناکۆکی لەنێوان حکومەت و پیاوانی ئایینی هەڵگیرسایەوە کە بە «ڕاپەڕینی ١٩٦٤» ناودەبرێت.

دوای ئەوەی بە یاسایەک پارێزبەندی تایبەت بە ڕاوێژکارە ئەمریکییەکان بەخشرا کە لە ئێران کاردەکەن و لە پەرلەمانیش پەسەندکرا، خومەینی نارەزایەتییەکانی زیاتر کرد و داوای ڕووخاندنی تەواوەتی ڕژێمی شای کرد، بۆیە شا بۆ کپکردنی دەنگی بڕیاریدا بە دوورخستنەوەی سەرەتا بۆ تورکیا و پاشان بۆ عێراق، بەڵام دۆخەکە خراپتر بوو، بە سەرۆکایەتیی بازرگانانی بازاڕ جارێکی دیکە نارەزایەتی لە شەقامەکاندا سەریهەڵدایەوە، دوای ئەوەی (ئایەتوڵڵا میلانی) فەتوایەکی دەرکرد کە ڕێگەی بە کوشتنی دەدا، حەسەن عەلی مەنسووری سەرۆک وەزیران کوژرا ([١٧])، ژمارەیەک لە بازرگانانی بازاڕ بەوە تۆمەتبار کران کە پەیوەندی ناڕاستەوخۆیان لەگەڵ کوشتنی سەرۆک وەزیران هەبووە.

لە ماوەی شەستەکاندا هەوڵەکانی شا بۆ سەپاندنی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر بازاڕەکان و دامودەزگا ئایینییەکاندا دوبارە بوویەوە. بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەبێت، هەوڵەکانی بە گۆڕینی بەشێک لە داب و نەریتە ئایینیەکان و شێوازی بەکاربەری لە چوارچێوەی پاکێجی چاکسازیی «شۆڕشی سپی»دا دەستی پێکرد، تا دەگات بە دامەزراندنی حیزبی ڕەستاخێز لە ساڵی (١٩٧٥) وەک تاکە حیزبی حکومڕان. بە ئامانجی بێلایەنکردنی دەسەڵاتی بازرگانانی بازاڕ لەناو کۆمەڵگەی ئێرانیدا، حزبەکەی بۆ سەپاندنی کۆمەڵێک ڕێکار بەکارهێنا، وەک پڕکردنی بازاڕەکان بە کاڵای هاوردە – ئەم دەرفەتەش بەهۆی بەرزبوونەوەی نرخەکان لەناوخۆدا هاتەپێش - حکومەت غەرامەی دارایی بەسەر هەزاران بازرگاندا سەپاند، مۆڵەتی بازرگانی لێوەرگرتنەوە، سەدان کەسیانی زیندانی کرد، زۆرینەی ژووره پیشەسازییەکان هەڵوەشێنرانەوە، کاتێک نارەزایەتیان لەبەرامبەر ئەم ڕێوشوێنە حکومیانە دەربڕی ([١٨]). حیزبی شا سەدان خوێندکاری وەک لیژنەی چاودێری نارد بۆ بازاڕەکان، ئەمەش وایکرد بازرگانەکان هەست بە سووکایەتیکردن بکەن و ئامادەبن هەر دەرفەتێک بۆ تۆڵەسەندنەوە بقۆزنەوە. تەنانەت بازرگانێک دۆخەکەی بەمجۆرە بۆ پەیامنێرێکی بیانی وەسف کرد و وتی: «شۆڕشی سپی شا گۆڕاوە بۆ شۆڕشێکی سوور». چونکە زۆرێکیان تووشی زیندان و گرتن و دوورخستنەوە هاتن.

کاتێک پریشکی شۆڕش لە سەرەتای ساڵی (١٩٧٨)دا هەڵگیرسا، بازرگانەکان پشتیوانیان لە خۆپیشاندانەکانی تاران کرد، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی ڕێکخراوەیی و داراییان لە درێژەکێشانی شۆڕش لە سەرتاسەری وڵاتدا گێڕا، کە بەبێ وەستان بۆ ماوەی (١٣) مانگ بەردەوام بوو، داوای گەڕانەوەی خومەینیان لە تاراوگە و هەڵوەشاندنەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت بەسەر نرخ و بازاڕەکاندا دەکرد ([١٩]). بەهێزترین چەکی بازاڕییەکان بۆ پاڵپشتیکردنی پیاوانی ئایینی بە سەرۆکایەتی خومەینی لە ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ شادا، داخستنی بازاڕەکان و دابینکردنی دارایی خەرجییەکانیان بوو، بەتایبەتی دوای توندبوونەوەی ڕووبەڕووبوونەوەی نێوانیان لە مانگی کانونی دووەمی ساڵی (١٩٧٨)دا، دوای ئەوەی شا لە ڕۆژنامەی خۆجێیی "اطلاعات"دا وتارێکی بڵاوکردەوە کە تیایدا سوکایەتی بە خومەینی و پیاوانی ئایینی کرد، کۆمەڵەی بازرگانان و پیشەوانانی بازاڕی تاران بەیاننامەیەکی یەکگرتوویان بڵاوکردەوە و تیایدا ئەو وتارەیان شەرمەزار کرد و داوای داخستنی بازاڕەکەیان کرد. ئەم بانگەوازە سەرەتای زنجیرەیەک پشێوی و

داخستنی بازاڕەکانی ئێران بوو کە سێزدە مانگی خایاند، لەو ماوەیەدا قەیرانی ئابووری و گرانبوونی نرخەکان ڕوویدا، بەهۆیەوە دۆخی ناوخۆی خراپتر کرد و دەسەڵاتی شای لاوازتر کرد.

وەڵامدانەوەی بازرگانەکان بۆ بانگەوازەکەی خومەینی لە گرنگترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی شۆڕش بوو. چونکە دوای ئەوەی کۆمەڵەی کاسبکاران و پیشەوانان لە دووی حوزەیرانی (١٩٧٨)دا مانگرتنی گشتیان ڕاگەیاند، بازاڕەکانی تاران، ئەسفەهان، شیراز، ئەهواز، مەشهەد و تەبریز داخران، لە ئەنجامی کاریگەریی چەکی مانگرتندا، خومەینی لە (١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٨)دا داوای یەکەمین مانگرتنی گشتی لە بازاڕەکانی سەرتاسەری ئێراندا کرد، بە لەبەرچاو گرتنی مەترسیەکانی ئەم دۆخە کە ڕەنگە ببێتە هۆی ڕاوەستانی ژیانی ڕۆژانەی ئێرانییەکان، یاخود هەڵگێڕانەوەی دۆخەکە بەڕووی پیاوانی ئایینیدا، هەروەها بۆ دەستەبەرکردنی کەرەستەی پێویست، کەڵکیان لە داهێنانێکی بازرگانانی بازاڕ وەرگرت کە لە گەڕەکەکاندا دوکانی هەرەوەزیان پێکهێنا. بازرگانەکان سەرکەوتوو بوون لە پێکهێنانی لیژنەی جۆراوجۆری دارایی بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی خۆراک و پێداویستییەکانی مانگرتووان و کەسوکاری دەستبەسەرکراوان و ئەو کەسانەی بەهۆی پشێوییەکانەوە بێکار بوون. هەروەها خوێندکاران و فەرمانبەرانی حکومەت بەشداربوون لە مانگرتنەکاندا، وەک بەشێک لە کرێکارانی کۆمپانیای نەوت یان ڕۆژنامەی کەیهان ([٢٠]).

ئەگەر ئەو لیژنانەی بازاڕ نەبوایە، ئەوا پیاوانی ئایینی نەیاندەتوانی خەڵکی کۆبکەنەوە، یان بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بن لە بەرخۆدان و خۆپیشاندان و ماندووکردنی ڕژێمی شا لەڕووی دارایی و ئابووری و سیاسییەوە. بازرگانەکان پاڵپشتی دارایی و ماددیی خۆیان ڕانەگرت، تا لە کۆتاییدا سەرکەوتوو بوون لە ڕووخاندنی ڕژێمی شا، خومەینی لە شوباتی (١٩٧٩) لە تاراوگە گەڕایەوە و پیاوانی ئایینی هاتنە سەر دەسەڵات.

## تەوەری سێیەم
## وەرچەرخانەکان لە پەیوەندی نێوان بازاڕییەکان و پیاوانی ئایینی لەدوای دامەزراندنی کۆماری ئێران

لە ماوەی چل ساڵی دوای شۆڕشی (١٩٧٩)دا، پاش ئەوەی پیاوانی ئایینی بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێیاندا بوونە حوکمڕانی ئێران، پەیوەندی نێوان بازرگانانی بازاڕ و پیاوانی ئایینی گۆڕانکاری گرنگی بەخۆوە بینی، کە زۆر جیاواز بوو لەو پەیوەندییەی لە ماوەی چوار سەدەی پێش شۆڕشدا هەبوو. ئەو گۆڕانکارییانە لە ڕێگەی پێنج ڕێگەی سەرەکییەوە ڕوون دەکەینەوە، کە لەدوای هەڵگیرسانی شۆڕش لە زیاتر لە چل ساڵ لەمەوبەرەوە دەستیان پێکردووە و تائێستاش بەردەوامن لە پەرەسەندن، کە بریتین لە:

١- ناهاوسەنگی و لێکدانەوەی ئابوورییانەی ویلایەتی فەقیە: پەیوەندی نێوان بازاڕییەکان و پیاوانی ئایینی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لاسەنگ بوو، لاسەنگییەکەش بە توندی لە بەرژەوەندی پیاوانی ئایینیدا بوو، چونکە توانییان دەسەڵاتی ئایینی و جێبەجێکردن لەدەستی خۆیاندا کۆبکەنەوە، سەروەت و سامانی وڵاتیان کۆنترۆڵ کرد، کە بریتی بوو لە سامانی شا، پارەی بازرگانانی هەڵهاتوو، هەموو سەرچاوە و سامانی ئابووری دەوڵەت، وەک نەوت، گاز، کانزا، کارگەکان، دامەزراوە بەرهەمدارەکان و هاوشێوەکانیان. ئەوە لەکاتێکدا بوو بەر لە شۆڕش بارەکە لە بەرژەوەندی پیاوانی بازاڕ بوو. ئەوان پاڵپشت و خاوەنی پارە و ناوبانگ بوون. لەکاتێکدا پیاوانی ئایینی هێشتا لە دەرەوەی دەسەڵات بوون و پێویستیان بە پارە و کۆمەکی بازاڕەکان هەبوو.

بەپێی تیۆری ویلایەتی فەقیە کە ڕوحوڵڵا خومەینی خستیەڕوو، فەقیهی دەسەڵاتدار خاوەنی هەموو سەرچاوەکانی سامانی سروشتی و سەرچاوەکانی داهاتی وڵات بوو، جگەلە خاوەندارێتی موڵکەکانی ئەوقاف و ئەو پارەیەی کە لە پابەندبوونە ئایینیەکانی باوەڕدارانەوە دەبەخشرایە پیاوانی ئایینی بۆ دابەشکردنی، وەک خومس، یان بەخشین و کۆمەک و زەکات.

جگەلەوانە، مێهدی خەلاجی، لێکۆڵەر و ئەکادیمیستی ئێرانی و خوێندکاری پێشووی

حەوزەی ئایینی لە قوم، سەبارەت بە دەستوەردانی پیاوانی ئایینی لە هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەتدا لەژێر ناوی "نوێنەری وەلی فەقیە" دەڵێت: "لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە دەگمەن کارێک یان پیشەیەک دەدۆزینەوە کە پیاوی ئایینی دەستی تێدانەبێت، هەر لە کارگە و وێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا و پترۆکیمیاوە بگرە تا دەگاتە دامەزراوەی سوپا و فەرمانگە حکومییەکان و زانکۆکان و یانە وەرزشییەکان".

پیاوانی ئایینی - بەپێی ئەو لێکدانەوە ئابوورییەی ویلایەتی فەقیە - سەرچاوە داراییەکان بەشێوەیەکی گەورە کەڵەکە دەکەن، حەوزە نەک هەر پشکی خۆی لە بودجەی حکومەت وەردەگرێت، بەڵکو ئیمتیازاتی تایبەتی بۆ پیاوانی ئایینی هەیە، وەک خاوەندارێتی پارەی دەست بەسەردا گیراو یان کە خاوەنەکەی نادیارە، هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا و شمەکی جۆراوجۆر، خاوەندارێتی کارگەی دەوڵەتی بەپێی ئیمتیازی تایبەت و بە نرخێکی کەم، خاوەندارێتیکردنی کۆمپانیاکانی بواری ئاوەدانکاری و بازرگانی، بەدەستهێنانی ڕێژەیەک لە باجی گشتی هاووڵاتیان، چوونە ناو جیهانی بازرگانی و وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکییەوە. ناڕوونی و نهێنی داهات و خەرجییەکانی پیاوانی ئایینی یان دامەزراوە ئابوورییەکانی سەر بەوان، لە گرنگترین هۆکارەکانن کە پشتگیری لە مانەوەیان دەکەن و لە غیابی شەفافیەتدا بەردەوامییان مسۆگەر دەکەن ([٢١]).

لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش و کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی وڵاتدا، پیاوانی ئایینی بازرگانانی بازاڕیان فەرامۆشکرد، دوای ڕێوشوێنە بێ پێشینەکانی حکومەت وەکو بە نیشتمانیکردنی بازرگانی دەرەکی، بە نیشتمانیکردنی پیشەسازییە گەورەکان و نەهێشتنی ناوەندکاران لە ڕێگەی پەرەپێدانی کۆمەڵگە هاوبەشەکانەوە، بەرژەوەندییەکانی پیاوانی بازاڕ بەگشتی کەوتە مەترسییەوە.

لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هاوکات لەگەڵ شەڕی عێراق، هەڵمەتی بەهێزی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕەکان دژ بە قازانج دەستپێکرد، بە سەپاندنی سیاسەتی داخستنی ئابووری، کە بەرتەسککردنەوەی بازرگانی دەرەکی و قەرز و بێدەنگکردنی دەمەکانی لەخۆگرتبوو لە بەرژەوەندی هەوڵەکانی جەنگ، ئەوەش زیانی بە بازرگانانی بازاڕ گەیاند و هەژموونیانی کەمکردەوە.

لەسەرەتادا بناغەی بازاڕەکان لەسەر پلەبەندییەکی ناوخۆیی و پەیوەندییەکی بەیەکەوە

گرێدراوی نێوان ئەندامەکانی دانرا، لەسەر بنەمای متمانە و ناوبانگ بوو بەبێ ئاڵۆزییەکی بیرۆکراتی زۆر، بەڵام ڕژێمی نوێ ئەم بونیادەی گۆڕی و وابەستەیی و پلەبەندیی نێوان ئەندامەکانی هەڵوەشاندەوە، ئەوەش لە ڕێگەی تێکەڵکردنی بەشێک لە نوخبەی بازاڕ بوو لە ژیانی سیاسیدا، هەروەها بە سەپاندنی ڕێسا و ڕێکاری ڕێکخراوەیی بوو بەسەر کاری بازرگانان‌دا، سیستمی کاری بەکۆمەڵیان هەڵوەشێندرایەوە، مۆڵەتی نوێ بۆ هەناردەکردن درا، هاوردەکردن سنووردارکرا، دامەزراوەکانی دابەشکردن کە ملکەچی ڕژێم بوون (بونیادەکان) ژمارەیان زیادکرا ([٢٢ ]).

یەکێک لە دیارترین دەرکەوتەکانی ئەو پەراوێزخستنە لەناکاوە کە دوای سەرکەوتنی شۆڕش بەسەر بازاڕەکاندا هات، ڕێژەی کەمی نوێنەرایەتی بازرگانانی بازاڕ بوو لە یەکەم خولی پەڕلەمانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشدا، هەرچەندە دیارترین ڕۆڵیان لە سەرکەوتنەکانیدا هەبوو، بەجۆرێک نوێنەرەکانیان لە (٢٪)ی نوێنەرانی پەڕلەمان زیاتر نەبوو، بە بەراورد بە نزیکەی (٥٠٪)ی نوێنەران لە بەرژەوەندی پیاوانی ئایینی و (٤٥٪) لە بەرژەوەندی ڕۆشنبیران، لەکاتێکدا لە یەکەم خولی پەڕلەمانی ئێران کە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی دەستووری لە ساڵی (١٩١١) بەڕێوەچوو، (٣٥٪)ی کورسییەکانی ئەنجوومەنەکەیان پێکدەهێنا، واتە زیاتر لە سێیەکی کورسییەکان، بە بەراورد بە (٢٩٪)ی پیاوانی ئایینی ([٢٣]). لەکاتێکدا ئەوان - وەک پێشتر بینیمان - فاکتەری سەرەکی سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە بوون، لەڕێگەی کۆمەک کردنی پیاوانی ئایینی بە پارە تاوەکو بە ئامانجەکانیان گەیشتن.

## ٢. کێبڕکێی دامودەزگا شۆڕشگێڕی و ئایینییەکان لەگەڵ بازاڕ و کەرتی تایبەتدا:

لەکاتێکدا دروشمە ڕاگەیەندراوەکان پشتیوانی لە بازرگانانی نیشتیمان پەروەر بوو، تەنانەت ڕوحوڵڵا خومەینی ئەو بیرۆکەیەی خستەڕوو کە "لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجی شۆڕشگێڕانەی سەربەخۆیی ئابووری، پێویستە بازاڕ بەشێوەیەکی تەواوەتی هانبدرێت" ([٢٤])، بەڵام بەدیهێنانی ئەو ئامانجە شۆڕشگێڕییە بە شێوەیەکی واقیعی - سەربەخۆیی - مۆڵەتێک بوو بۆ کردنەوەی دەرگایەکی فراوان بۆ دەستێوەردانی ڕێکخراو و دامەزراوە شۆڕشگێڕییەکان (ئەهلی متمانە) لە ژیانی ئابووریدا، لەسەرووی هەموویانەوە: سوپای پاسداران و دامودەزگا ئابوورییەکانی ملکەچی دەسەڵاتی ڕێبەری مەزن بوو، لەپێناوی گەیشتن بەو ئامانجە شۆڕشگێڕییە ئابوورییەی کە خومەینی لەزووەوە خەونی پێوە دەبینی،

ئەو دابەشکاری و ڕێکخستنەش لەسەر حیسابی کەرتی تایبەت و بازاڕ ئەنجامدرا.

لەدوای شۆڕش سێ دامەزراوەی ئابووریی شۆڕشگێڕانە دامەزران، کە ڕاستەوخۆ پەیوەستبوون بە ڕابەرە و خاوەنی پێگەیەکی دارایی ناوازە بوون، کە بریتی بوون لە: «دەسەڵاتی جێبەجێکردنی فەرمانەکانی ئیمام» (بە فارسی: ستاد اجرائی فرمان حضرت امام)، دامەزراوەی "عەتەبەی ڕەزەوی" و دامەزراوەی "چەوساوەکان". ئەم دامەزراوانە بە دامەزراوە گشتییە ناحکومییەکان ناوزەد کران و لە باج و وردبینی و چاودێری دەزگاکانی چاودێری و ئەنجوومەنی شورای ئیسلامەی (پەرلەمان) بەخشران.

ئەو دامەزراوانە لەبنەڕەتدا لەژێر پەردەی کاری خێرخوازیدا کاریان دەکرد، بەڵام پاشان خۆیان گلاندە کاری بازرگانییەوە، بوونە خاوەنی وەبەرهێنان لە بوارە جیاوازەکانی پیشەسازی، کشتوکاڵی، بازرگانی، دارایی و خزمەتگوزارییدا، کە ملیارەها دۆلاری تێپەڕاند.

بە نمونە دامەزراوەی "عەتەبەی ڕەزەوی" خاوەنی کۆمپانیاکانی وەک کانەکانی ئەلقودس ڕەزەوی، هەشتەمی دەرمانسازی، ئۆتۆمبێلی شهاب، بەرهەمە شیرەمەنییەکانی ڕەزەوی، خانووبەرە و ئەندازیاری ئەلقودس ڕەزەوی، کۆمپانیای تەکنەلۆجیای زانیاری ڕەزەوی و کۆمپانیا و پیشەسازی دیکەیە.

هەروەها دامەزراوەی "چەوساوەکان: المستضعفین"، خاوەنی دامەزراوە گەورەکانی وەک بانکی سینا، کۆمپانیای نەوتی بهران، پیشەسازی خۆراکی مێهرشار، زەمزم ئێران، ئەلکترۆنیات و وزەی سابا، هۆتێل سەفایی یەزد، یانەیەکی تایبەت بە ئێرانییەکانی نیشتەجێی دوبەی، پەیمانگای سینەمایی نور تابانە، جگەلە چەندین کۆمپانیا و دامەزراوەی دارایی دیکە ([٢٥ ]).

دوای بەرتەسککردنەوەی بازرگانی دەرەکی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە ماوەی ساڵانی شەڕ لەگەڵ عێراقدا، گڵۆپی سەوز بۆ سوپای پاسداران بۆ کارکردن و کێبڕکێکردن لە ئابووریی ئێراندا پێکرا. دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و جێبەجێکردنی سیاسەتی کرانەوەی ئابووری لە سەردەمی هاشمی ڕەفسەنجانی و محەمەد خاتەمیدا، نەدەکرا بە ئاسانی سوپای پاسداران لە ژیانی ئابووریی دوور بخرێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ دروستکردنی جۆرێک لە هاوسەنگی لە سیاسەتەکانی کرانەوەدا، دەکرا بوونی ئەوان بە فاکتەرێکی گرنگ هەژمار بکرێت، چونکە لە عەقڵیەتی پیاوانی ئایینی و بڕیاردەران لە

ئێراندا پرۆسەی کرانەوە مایەی وریایی و گومانێکی زۆر بوو، بۆیە دەستی سوپای پاسداران لە ژیانی ئابووریدا واڵاکرا. دەرەنجام ئەم ڕەوتانە دواتر کاریگەریی نەرێنی توندیان لەسەر بازاڕ و کەرتی تایبەت و ئیدارەدان و دابەشکردنی وەبەرهێنانەکان لە ئابووری ئێراندا هەبوو. بەم شێوەیە ڕووبەڕووی دوو کێبڕکێ بوونەوە: کراوەیی ئابووری بەرامبەر بە جیهانی دەرەوە لە لایەک و کێبڕکێی پاسداران لەلایەکی دیکەوە.

بۆ پاراستنی شۆڕش و ڕژێمی نوێ لە مەترسیی کودەتای سوپای فەرمی بەسەریدا، لە ساڵی (١٩٧٩) لەلایەن خومەینی ڕێبەری شۆڕشەوە سوپای پاسداران دروستکرا. هێزی ئابووریی ئەم سوپایەش لە ماوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دەرکەوت. بە ئامانجی پاراستنی ئامانجەکان و بیروباوەڕی شۆڕش لە ناوخۆ و دەرەوەدا بە "سوپای ئایدیۆلۆژی" ناودێرکرا، چونکە دوو باڵی سەرەکی هەیە، ئەوانیش سوپای قودس و بەسیجە، کە چەندین هەزار چەکدار و خۆبەخش لەخۆدەگرێت (*). ئامانجی ئەو هێزانە ڕاپەڕاندنی ڕۆڵی ئەمنی و پاراستنی ڕژێم بوو، بەڵام هەندێک مادەی دەستووری ئێرانیان قۆستەوە تاوەکو لە ناوخۆدا ڕۆڵ بگێڕن و لەناو جومگە ئابووری، پیشەسازی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی دەوڵەتدا هەژموون پەیدابکەن.

لە ماددەی (١٥٠)ی دەستووردا باس لەوە دەکات کە پاسداران "پاسەوانی شۆڕش و دەستکەوتەکانێتی"، هەروەها لە ماددەی (١٤٧)دا دەڵێت "دەبێت حکومەت لە کاتی ئاشتیدا سوود لە کارمەندان و کەرەستەی تەکنیکی سوپا وەربگرێت بۆ کاری فریاگوزاری و پەروەردە و بەرهەمهێنان و هەوڵەکانی بیناسازی، لەهەمانکاتدا بە تەواوی پێوەرەکانی دادپەروەری ئیسلامیی لەبەرچاو بگرێت".

لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان (١٩٩٦-٢٠٠٠)، ئەندامەکانی بەفەرمی تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بوون و بە بەهێزی هاتنە ناو پەرلەمانەوە، ئەویش لەڕێگەی دروستکردنی لیستی لایەنگرانی "حیزبوڵڵا" بوو، هەروەها لە ماوەی (٢٠٠٤ - ٢٠٠٨) توانیان سەد کورسی لە ئەنجوومەنی شورا بەدەستبهێنن. دواتر لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاددا پۆستی وەزارییان وەرگرت و بوونە خاوەنی پێنج وەزیر لە حکومەتدا. لە قۆناغەکانی دواتردا بوونە خاوەنی پێگەی ئابووری، ماوەی خولی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاد گرنگترین ماوە بوو کە تیایدا سوپای پاسداران توانییان ڕۆبچنە ناو ئابووری ئێرانەوە ([٢٦])، تەندەرە

حکومییەکانیان بە بڕە پارەیەکی زۆر بردەوە، کاتێک ڕابەری باڵا لە ساڵی (٢٠٠٦) فەرمانی بە تایبەتکردنی بۆ ژمارەیەکی زۆر لە کۆمپانیا حکومییەکان دەرکرد، پاسداران توانیان ژمارەیەکی زۆریان بە دەیان ملیار دۆلار بکڕنەوە، بەتایبەتی کۆمپانیا گەورەکان یان ئەو کۆمپانیایانەی کە لە بوارە گرنگەکاندا کاریاندەکرد، وەک کۆمپانیا سەرەکییەکانی پەیوەندیکردن لە وڵاتدا ([٢٧]) و کۆمپانیاکانی دیکە کە لە بوارە پیشەسازییەکانیدا کاریان دەکرد.

## ٣. مەیلی بازرگانە گەورەکان بۆ کارکردن لەژێر چەتری ڕژێم و بەرەنگاربوونەوەی هەوڵەکانی دیکەی بە مۆدێرن کردن:

کاتێک ڕابەری یەکەمی شۆڕش دەستیکرد بە چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی، هەوڵی بێلایەنکردنی بازاڕی دا، لە ترسی ئەوەی تێکچوونی ئابووری و ناسەقامگیری - لە ئەنجامی شۆڕش و پاشان شەڕ لەگەڵ عێراق – ببێتە هۆی وروژاندنی بازاڕەکان لە دژی دەسەڵاتە تازە سەرهەڵداوەکەی، بەڵام لەهەمانکاتدا سووربوو لەسەر پاداشتکردنی بەشێک لە بازاڕییەکان کە پاڵپشتی شۆڕشیان کردبوو، پارەشیان بۆ تەرخانکردبوو، وەک ئەندامانی "کۆمەڵەی موئتەلیفەی ئیسلامی" (کۆمەڵەی هاوپەیمانی ئیسلامی). خومەینی هەوڵیدا ڕیشەی وەلائی گەورە بازرگانانی بازاڕ بەهێز بکات و لە ناکۆکییە سیاسیەکاندا بێلایەنیان بکات تا ئەو ڕادەیەی بازرگانانی نزیک لە حکومەت بە "دەوڵەتی" ئاماژەیان بۆ دەکرا ([٢٨]) وەک هێمایەک بۆ دڵسۆزی تەواوەتیان.

لەدوای شۆڕش بەشێک لە بازرگانانی بازاڕ بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیان، بەتایبەت ئەو کەسانەیان کە پارەیان بۆ خۆپیشاندەران دابین دەکرد و تێچووی شۆڕشیان لە ئەستۆ دەگرت، ڕوویان لە سیاسەت کرد و بوون بە وەزیر و ئەندامی پەرلەمان، وەک جوتەبرا حەبیبوڵڵا و ئەسەدوڵڵا عەسکەر ئەولادی. میساق پارسا کە مامۆستایەکی بەڕەچەڵەک ئێرانی ڕشتەی کۆمەڵناسییە لە ئەمەریکا دەڵێت: "ئەسەدوڵڵا عەسکەر ئەولادی بازرگانێکی بازاڕ بوو کە لە چینی کرێکارانەوە پێگەیشت، لەدوای شۆڕش لە ڕێگەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەوڵەت سامانێکی گەورەی پێکەوەنا، لەکاتێکدا حەبیبوڵڵای برای لەو کاتەدا وەزیری بازرگانی بوو، مۆڵەتی بازرگانی ئەوتۆی دەستکەوت کە توانی دراوی قورس بە نرخێکی کەم بکڕێت و لە ڕێگەی کارەکانییەوە مامەڵەی پێوە بکات، سامانەکەی بە زیاتر لە نۆ ملیار دۆلار

خەملێندراوە، ئەمەش وایکردووە بەدووەم دەوڵەمەندترین پیاوی ئێران دابنرێت” ([٢٩])، لەکاتێکدا وەکو زانراوە خۆی و براکەی لە چینێکی کرێکاری سادەوە هاتوون.

هەروەها هەندێک لە بازاڕییەکان سەرۆکایەتی ڕۆژنامە گەورەکانیان دەکرد، وەک بازرگانی ئاسن حەسەن مەهدیان کە سەرۆکایەتی ڕۆژنامەی (کەیهان)ی دەکرد. ئەمانە و ئەوانی تر نوێنەرایەتی یەکەم گرووپی بازرگانانی بازاڕی (دەوڵەتی)یان دەکرد کە بازرگانی و سیاسەتیان تێکەڵ کردبوو. لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق و سەرەتای قۆناغی کرانەوەی ئابووری کە هاشمی ڕەفسەنجانی لە ماوەی هەردوو خولی سەرۆکایەتیەکەیدا لە (١٩٨٩-١٩٩٧) سەرکردایەتی دەکرد، دەستکەوتیان بەدەستهێنا. لایەنگرانی سەرەکی ڕژێمی خومەینی پۆستی باڵایان لە حکومەتدا پێدرا و بە مۆڵەتی تایبەتی هاوردەکردن پاداشت کران.

لەگەڵ بەرەوپێشچوون لە سەپاندنی سیاسەتی کرانەوەی ئابووری بەرامبەر دەرەوە و کێبڕکێی دامەزراوە شۆڕشگێڕی و ئایینییەکان لەگەڵ کەرتی تایبەتدا، قەبارەی کۆمەڵەی دووەمی بازرگانانی بازاڕ (واتە نەریتیە نادەوڵەتیەکان) وردە وردە بەرەو پوکانەوە ڕۆیشت. دوای ئەوەی هاوردەکردن لە دەرەوە لە ڕێگەی دەروازە فەرمییەکانی وەک بەندەر عەباس و ناوچەکانی بازرگانی ئازاد لە دوورگەکانی کیش و قشم کرایەوە، هەروەها لە ڕێگەی بە قاچاخ هێنانی کاڵا لە وڵاتانی دراوسێوە کە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا کراوە بوون وەک ئیمارات، قەبارەی کارەکانیان کەم بووەوە. ئەو کاڵایانە بە کوالیتی و کەمی نرخەکانیان کێبڕکێیان لەگەڵ بەرهەمە ناوخۆییەکانی ئێراندا دەکرد، بۆیە وردەوردە گۆڕەپانی بازاڕییەکان بچوک بووەوە.

بازاڕییەکان هیچ بژاردەیەکیان نەبوو جگە لە پشتیوانیکردن لە مەیلەکانی بزووتنەوەی پارێزگاران - پاڵپشتییەکانیان دواتر ڕووی لە پارێزگاران کرد - کە لە پرسی کرانەوەی دەرەکیدا خۆپارێزتر بوون، لە بەرامبەر مەیلەکانی بزووتنەوەی ڕیفۆرمخوازان کە داوای کرانەوەی زیاتریان بەڕووی جیهان و وەبەرهێنانی بێگانەدا دەکرد. بۆیە لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتیدا، پشتیوانی یان کۆمەکی دارایی هەڵمەتی پارێزگارانیان دەکرد. ئەمەش لەپێناوی پاراستنی بازرگانییەکانیان لە کێبڕکێی دەرەکی بوو ([٣٠]).

لە سەردەمی هاشمی ڕەفسنجانیدا کە لەدوای کۆتایهاتنی شەڕ لەگەڵ عێراق دەستی پێکرد، بازاڕەکان بەرەنگاری هەوڵەکانی بە مۆدێرنکردن بوونەوە، لەنێویاندا هێنانە ناوەوەی

زنجیرە فرۆشگاکان (مۆڵەکان) بۆ ناو تاران و شارە سەرەکییەکان، ئەوان لە ماوەی (١٩٨٩-١٩٩٨)دا لەدژی غولام حسێن کەرباسچی سەرۆکی شارەوانی تاران وەستانەوە، تا ئەو کاتەی کە بە تۆمەتی دامەزراندنی ڕۆژنامەی "هەمشەهری" کە بە "دەرچوون لە گوێڕایەڵی بۆ ڕابەر" وەسفدەکرا، هێنرایە بەردەم دەسەڵاتی دادوەری – کە پیاوانی ئایینی زاڵ بوون بەسەریدا –، سەرەڕای ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستی هێنابوو، بەڵام بۆ ماوەی دوو ساڵ لە پایتەخت دەستبەسەر کرا ([٣١]).

ئەوان لە ڕێگەی پارێزگارانەوە دژایەتی - تاڕادەیەک - مەیلە لیبراڵیەکانی سەرۆک محەمەد خاتەمیان (١٩٩٧ - ٢٠٠٤) کرد، بەتایبەتی کردنەوەی بازاڕە ناوخۆییەکان بۆ سەرمایەگوزاری دەرەکی، کە بۆ یەکەمجار بوو لە ئێرانی دوای شۆڕشدا ئەو کرانەوەیە ڕوویدات، چونکە پێشتر دژایەتی لەگەڵ هەموو شتێکی دەرەکیدا دەکرا. بۆ نموونە: لە (١٧ی حوزەیرانی ٢٠٠١) ئەنجوومەنی هەمواركردنەوەی دەستوور ڕەتیکردەوە ڕەشنووسی یاسای وەبەرهێنانی دەرەکی پەسەند بکات، کە پێشتر لە ساڵی (٢٠٠٠) لەلایەن پەرلەمانەوە پەسەندکرابوو، تاوەکو ڕێگە بە بیانییەکان بدرێت ڕاستەوخۆ بێنە ئێران و کار بکەن ([٣٢]).

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، پێشهاتەکانی ئابووری جیهانی و دزەپێکردنی هەندێک لە سیماکانی جیهانگیری بۆ ناو ئێران، ڕۆڵی هەبوو لە گۆڕینی پێگە و کاریگەریی بازاڕەکان لە کۆمەڵگەدا، وەک هێنانەکایەی زنجیرە فرۆشگا گەورەکان "مۆڵەکان" بۆ یەکەمجار لە ئێران و پێشوازی لێکردنی لەلایەن ئێرانییەکانەوە - بازرگانانی بازاڕ پێشتر دژایەتیان کردبوو، کاتێک شا هەوڵیدا بیخاتەڕوو بۆ ئەوەی کێبڕکێ لەگەڵیاندا بکات -، چونکە زیانی بە بازرگانی بازاڕ و ڕۆڵی تەقلیدی ئەوان وەک هاوردەکار و فرۆشیار و دابەشکەر لە ناوخۆی وڵاتدا دەگەیاند. چونکە چینی مامناوەندی نوێ و خوێندەوار لە ئێران پێیان باشتر بوو بچنە دوکانە گەورەکان و مۆڵەکانی شێوازی ڕۆژئاوایی، نەوەکو قەرەباڵغی لە کوچە تەسکەکانی بازاڕەکاندا دروست بکەن. مەیلیان بۆ بەدەستهێنانی کاڵا و براندە نێودەوڵەتییەکان زیادی کرد کە - لە تێڕوانینی هەندێکیاندا - ڕەنگدانەوەی پێگەی کۆمەڵایەتییان بوو، تەنانەت ئەگەر لە شێوەی بەرهەمی ساختەشدا بێت ([٣٣]). هەروەها جیهانگیری، دوبەی لە جیاتی تاران کردە ناوەندێک بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی، ئەمەش دەرفەتی بە ڕژێمی ئێرانی دا کە ناوچەی بازرگانی ئازادی لەتەنیشت یەکتر لەسەر حسابی بازاڕ دروست بکات و مۆڵەتی بازرگانی تایبەت بە هاوپەیمانەکانی بدات.

**٤- کوێرکردنەوەی چالاکییەکانی بازاڕلەگەڵ توندکردنەوەی سزاکانی ڕۆژئاوا بۆسەرئێران:**

گەمارۆکانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ئێران لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە هاتە ئاراوە، پاشان لە کۆتایی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاد لە ساڵی (٢٠١٠) توندترکرایەوە، ئەمەش لاپەڕەیەکی نوێ بوو لە تۆماری کەمکردنەوەی ڕۆڵی بازاڕ لە ئێراندا. هەروەها پێشکەشکردنی پاڵپشتی مەزهەبی و سەرۆکایەتیی زیاتر بوو بۆ سوپای پاسداران، بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ئابووری ئێران لە ناوەوە و لە دەرەوە لەژێر دروشمی "ئابووری خۆڕاگر"دا، واتە خۆڕاگری لە بەرامبەر گەمارۆ دەرەکییەکاندا، بە پشت بەستن بە توانا ناوخۆییەکان و دابینکردنی هەموو پێداویستیەکان بۆی تاوەکو بتوانێت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت.

ڕۆڵی ئابووریی پاسداران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە هەیە، بەڵام وردەوردە لە ماوەی دوو خولی سەرۆکایەتی ئەحمەدی نەژاددا گەشەی کرد و فراوانتر بوو، بەجۆرێک تەنها لە ساڵی (٢٠٠٥)دا زیاتر لە (٧٥٠) گرێبەستی حکومی درایە پاسداران ([٣٤])، پاشان سزاکان هاتنە ئاراوە، لەوانەش گەمارۆی سەپێنراو و ڕێگریکردن لە وەبەرهێنانی بیانی لە ئێراندا، ئەوەش بووە هۆی زیادکردنی کۆنترۆڵی پاسداران بەسەر بازاڕەکاندا.

دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان بازاڕ و پاسداران لەم قۆناغەدا لە کێبڕکێوە گۆڕا بۆ وابەستەیی، واتە ملکەچکردنی بازرگانەکان بۆ پاسداران، دوای ئەوەی پاسداران بوونە دیارترین بزوێنەری کەرتە ئابوورییەکان، لەنێویاندا کەرتی بازرگانی دەرەکی، بە سەرچاوەکانی دراوی بیانی و بانک و کۆمپانیا داراییەکانەوە. لە هەمووی گرنگتر، تۆڕەکانی قاچاخچێتی لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا، وایکرد کە بتوانێت خۆی لە سزاکانی ڕۆژئاوا بدزێتەوە کە بەسەر بازرگانی و گواستنەوەی کەشتیوانی و گواستنەوەی دارایی بۆ ئێران و لە ئێرانەوە بۆ دەرەوە سەپێنرابوون.

ئەوەی یارمەتیی پاسدارانی دا تاوەکو هەژموونی خۆیان بەسەر بازرگانی دەرەکی وڵاتدا بسەپێنن، باڵادەستیان بوو بەسەر زۆرێک لە بەندەر و دەروازە سنوورییەکان لە ئێراندا، هەروەها بەخشینی کۆمپانیاکانیان بوو لە باج، جگەلە ئەگەری خۆدزینەوە لە باجی گومرگی، بەم شێوەیە توانیان بچنە ناو کێبڕکێی نادادپەروەرانەوە لەگەڵ بازرگانە نەریتیەکاندا، بە دابەشکردنی کاڵای هەرزانتر، بە ئاسانی دەیانتوانی لەوان ببەنەوە، لە ئەنجامدا کێبڕکێ و بەردەوامبوون لەم تەرزە بازرگانیکردنەدا دەبێتە مەحاڵ، مەگەر تەنها لە ڕێگەی پەیوەندی تایبەتەوە بکرێت.

هیچ سەیر نییە کە ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری پێشووتری ئێران، کاتێک لە یەکێک لە کۆنفرانسەکانیدا لە ساڵی (٢٠١١) سوپای پاسدارانی بە "برایانی قاچاخچی" وەسف کرد، ئەوەش لەناوخۆدا هەرایەکی زۆری لێکەوتەوە، چونکە سەرۆکی دەوڵەت ڕاشکاوانە تێوەگلانیانی لە قاچاخچێتی لە دەرەوەی وڵاتەوە بۆ ناوەوەی وڵات لە ماوەی سزاکاندا ڕاگەیاند.

لەڕاستیدا لە سەردەمی ئیدارەی ئەحمەدی نەژاددا هەژموونی ئابووریی پاسداران زۆر گەشەی کرد، چونکە سەرقاڵی کاری بانکی و دارایی بوون، لە نمونەی بانکەکانی (قەوامین و ئەنسار و بانکی ئابووریی مهر کە سەر بە بەسیج بوو). گومانی تێدا نییە کە بەشداریکردن لە کاروباری بانکیدا بۆ ئاسانکاری بازرگانی و هەموو بابەتێکی پەیوەندیدار بە بازرگانییەوە گرنگە. هەرچەندە دیاردەی قاچاخچێتی بووە هۆی ئەوەی دەوڵەت پارەی باج لەدەستبدات.

لە خەمڵاندنێکدا کە دەگەڕێتەوە بۆ هێزی ئەرکی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی قاچاخی کاڵا و دراوی بیانی بۆ ناو ئێران، قەبارەی کاڵای قاچاخ ساڵانە بە زیاتر لە بیست ملیار دۆلاری ئەمریکی (نزیکەی ٥٪ بەرهەمی ناوخۆیی ساڵی ٢٠١٤) خەمڵێندراوە. وەزارەتی بازرگانیش گرنگترین ئەو کەلوپەلانەی کە بە قاچاخ بۆ وڵات دەهێنرێن تۆمارکردوە کە بریتین لە: زێڕ، جلوبەرگ، کەرەستەی ناوماڵ، مۆبایل، کۆمپیوتەر، کەرەستەی جوانکاری، جگەرە. ئەم کاڵایانە بەگشتی، جگە لە هاوردەکردنی دانەوێڵە، لە گرنگترین هاوردەکراوەکانی ئێرانن لە دەرەوەی وڵاتەوە ([٣٥]).

### ٥. بێلایەنکردنی ڕۆڵی بازارِ هەندێکجار لەگەڵ مەیلی خۆپیشاندان:

بازرگانەکانی بازاڕ جگە لە قبووڵکردنی ئەو دۆخەی کە هەبوو لەگەڵ قۆستنەوەی دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندان و دەربڕینی نارەزایی، هیچ چارەیەکی دیکەیان نەبوو، ئەمەش فێڵە مێژووییەکەیانە بۆ نارەزایەتی دەربڕین، دوای ئەوەی هەریەکە لە هەژموونی سیاسی و داراییان لێ دزرا و بازرگانی و قازانجەکانیان کرایە ئامانج، هەژموون و پێگەی کۆنیان لەلای پیاوانی ئایینی لەدەستدا، هەروەها هەژموونی کۆمەڵایەتی و داراییان لەدەستدا، لەئەنجامی کەمبوونەوەی بازرگانی و سامانەکانیان، لە ئەنجامی کێبڕکێی لەگەڵ دامەزراوە شۆڕشگێڕییەکان و باڵادەستیان بەسەر فرۆشگا و بازاڕەکاندا،

بەتایبەتی لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ئەحمەدی نەژاد دا لە (٢٠٠٥ - ٢٠١٣) کە لەسەر بزووتنەوەی ئایینی پارێزگاران ئەژمار دەکرا.

کیڤان هاریس، مامۆستای کۆمەڵناسی لە زانکۆی کالیفۆرنیا، لە کتێبی «شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی: سیاسەت و دەوڵەتی خۆشگوزەران لە ئێران»دا دەڵێت: « بازاڕەکان لە سەردەمی حکومەتی ئەحمەدی نەژاددا، لە ئاکامی زیادبوونی فشارەکان لەسەریان، مەیلیان بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین هەبوو، لەکاتێکدا لەدوای ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، بەدەگمەن بەشێوەیەکی ئاشکرا ناڕەزایەتیان بەرامبەر بە ڕژێمی ئێران دەربڕیوە. بەراورد بە قوتابیان، کرێکاران یان ژنان، تەنانەت کاتێک گرووپەکانی تر پێش ئەوان چوونە سەر شەقامەکان، بەڵام ئەوان لە ئۆکتۆبەری (٢٠٠٨) دەرچوون و دەستیان بە ناڕەزایی دەربڕین کرد. جارێکی دیکە لە مانگی تەممووزی (٢٠١٠)، وەک ناڕەزایەتییەک بەرامبەر بە هەوڵەکانی حکومەتی ئەحمەدی نەژاد بۆ کۆکردنەوەی باجی زیاتر لە فرۆشگاکانی بازاڕ، بەهۆی دابەزینی داهاتی حکومەت لە ئەنجامی ئەو سزا نێودەوڵەتیانەی کە لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە بەسەر ئابووریی ئێراندا سەپێنرابوو، بازرگانان بازاڕەکانیان لە شارە گەورەکانی ئێراندا داخست، بازاڕەکانی تاران و ئەسفەهان مانگرتنی پچڕپچڕ و داخستنی فرۆشگاکانیان بەخۆوە بینی، لە هاوینی (٢٠١٠)دا مەودای مانگرتنەکە فراوانتر بوو، بازاڕی تەورێزی پایتەختی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتیشی گرتەوە. مانگرتنە پچڕپچڕەکان تا هاوینی (٢٠١٢) بەردەوام بوون، لە ئەنجامدا سەرکەوتوو بوون لە هاندانی حکومەت بۆ پاشەکشە کردن لە سەپاندنی باج بەسەریاندا ([٣٦]) ([٣٧])."

هەرچەندە حکومەت لە بەرامبەر داواکارییەکانی بازرگانەکاندا پاشەکشەی کرد، بەڵام ڕێگەی نەدا ڕۆڵی زیاتر بگێڕن، بەجۆرێک سنوری داواکارییەکانی چینەکەیان تێپەڕێنێت کە پەیوەندیی بە کارەکانیانەوە هەبوو. هەربۆیە لە ساڵی (٢٠٠٩) کە ناڕەزایەتییەکانی بزووتنەوەی سەوز لە دژی دەستوەردان لە هەڵبژاردنەکاندا سەریهەڵدا، دەسەڵاتدارانی ئێران هەنگاوی پێشوەختەیان لە دژی بەشداریی بازاڕ لە ناڕەزایەتییە جەماوەرییە بەربڵاوەکاندا هەڵگرت، ڕێگرییان لە داخستنی دوکان و بازاڕەکان کرد و ژمارەیەک بازرگانی بازاڕیشیان دەستگیرکرد، لەوانەش موحسین دۆکمەشی کە یارمەتی بنەماڵەی بەشێک لە زیندانیانی سیاسی و ئەو کەسانەی دەدا کە لە کاتی ناڕەزایەتییەکاندا دەستگیرکرابوون ([٣٨]) ئەوەش هەمان کار بوو کە بازرگانانی بازاڕ سەد ساڵ لەمەوبەر لە کاتی شۆڕشە

جەماوەرییەکاندا ئەنجامیاندا، بۆیە دەسەڵاتداران درکیان بە مەترسی بابەتەکە کرد و بە بەکارهێنانی هێزی ئەمنی ڕێگەیان لێگرتن.

ئەوە جاری یەکەم بوو کە بازاڕ لە بەشداریکردن لە یەکێک لە ڕاپەڕینە جەماوەرییە گەورەکانی ئێران دووربخرێتەوە. کاتێک لەدوای ساڵی (٢٠١٠)لایەنگرانی بزووتنەوەی سەوز ڕژانە سەر شەقامەکان، بازرگانەکان چاودێری جموجۆڵەکانیان دەکرد، هەرچەندە میر حوسێن موسەوی بانگەوازی لێکردن تا بچنە ڕیزی بزوتنەوەکەیەوە، بەڵام سەرەڕای ناڕازیبوونیان لە حکومەت نەچوونە ڕیزی خۆپیشاندەران و داواکارییەکانیان لە چوارچێوەی کەمکردنەوەی باجدا سنووردارکرد. هەرچەندە بازرگانەکان ڕاستەوخۆ زیان بە کارەکانیان نەگەیشت، بەڵام ڕژێم لەو قۆناغەدا لە بێلایەنکردنی ڕۆڵی بازاڕ و ڕێگرتن لێیان لە بەشداریکردن لە ناڕەزاییەکانی کۆمەڵگەدا سەرکەوتوو بوو.

ناڕەزایەتییەکانی بازاڕ لە ساڵانی دواتردا زۆرتر و زیاتر بوو، هێزە ئەمنییەکانیش توندوتیژییان بەکارهێنا تاوەکو بەتۆپزی کۆتایی پێبهێنن و بەرفراوانبوونیان ڕابگرن. بازرگانانی بازاڕی گەورەی تاران لە ساڵی (٢٠١٢) بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانیان مانگرتنی گشتییان ڕاگەیاند، سەرجەم فرۆشگاکانیان لە تارانی پایتەختدا داخست، وەک دەربڕینی ناڕەزایی لەبەرامبەر زیانگەیاندن بە کارەکانیان، لە ئەنجامی دابەزینی بەرچاوی بەهای دراو و بەرزبوونەوەی نرخی دراوی بیانی، ئەمەش دوای توندکردنەوەی سزاکانی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە هەمان ساڵدا (*)، ئەو سزایانە کاریگەری لەسەر وەستانی بازرگانییەکانیان و سەختی کاروبارەکانیان هەبوو، بۆیە لە چەند شەقامێکی گرنگی تاراندا سەرکردایەتی ڕێپێوانی ناڕەزایەتیان کرد، دوای ئەوەی دەیان هەزار هاوڵاتی ئاسایی پەیوەندییان پێوە کردن، ڕێپێوانەکان گۆڕان بۆ خۆپیشاندانی جەماوەری، هاوڵاتیان توڕەبوون لە تێکچوونی بارودۆخی ئابووری وڵاتەکەیان و دروشمی بەفیڕۆدانی سامانی گشتیان بۆ بەدیهێنانی خواستە دەرەکییەکان لە وڵاتانی دراوسێدا ئیدانە دەکرد. دەسەڵات هێزی لە دژی خۆپیشاندەران بەکارهێنا، گومان دەکرا ئەو هێزانە سەر بە گرووپی بەسیجی سوپای پاسداران بن، بۆیە بازاڕەکان ناچاربوون کۆتایی بە مانگرتنەکەیان بهێنن و دوکانەکانیان بکەنەوە ([٣٩]).

لێرەدا ڕژێم جارێکی تر هێزە ئەمنیەکانی بۆ بێلایەنکردنی ڕۆڵی بازاڕ بەکارهێنا، هەروەها

بۆ سزادانیان بەهۆی نارەزایەتی دەربڕین و تێپەڕاندنی ئەو سنوورەی کە بۆیان دانرابوو. دەوڵەتیش لەڕێگەی هێنانە پێشەوەی پیاوانێک کە جێگەی متمانە بوون، دەستوەردانی زیاتری لە چالاکییەکانی بازاڕ و کەرتە جیاوازەکانی ئابووریدا کرد. نموونەی ئەو کەسانەش بابەک زەنجانی بوو، کە لەناکاو وەک بازرگانێک لە گۆڕەپانی ئابووریدا دەرکەوت، وەک سەرمایەدارێک کە نێوەندگیری لەنێوان ئێران و دەرەوەدا دەکات بۆ هەناردەکردنی نەوتی ئێران، کە لە ماوەی سزاکانی سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا فرۆشتنی قەدەغەکرابوو. دوای کۆتایی هاتنی رۆڵەکەی، بە دۆسیەیەکی گەورەی گەندەڵی تۆمەتبار کرا، کە پەیوەندی بە حکومەتەکەی ئەحمەدی نەژادەوە هەبوو.

بازرگانانی بازاڕ لە ساڵی (٢٠١٨)شدا بەشدارییان لە نارەزایەتییەکاندا کرد، ئەوەش دوای مانگرتن و نارەزایەتیی بەربڵاوی چین و توێژە جیاوازەکان بوو، کە لە ماوەی خولی دووەمی سەرۆکایەتی حەسەن رۆحانیدا سەرانسەری ئێرانی گرتەوە، بۆ نارەزایی دەربڕین لەبەرامبەر تێکچوونی باری گوزەرانی گرووپە جۆربەجۆرەکانی ئێران، وەک کرێکاران، شۆفێران، مامۆستایان، خانەنشینان و ئەوانی دیکە.

بازرگانانی بازاڕ لە کۆتایی مانگی حوزەیران تا پێنجی ئابی (٢٠١٨)، مانگرتنیان راگەیاند و بازاڕی گەورەی تارانیان داخست، رێپێوان و خۆپیشاندانیان بۆ بەردەم باڵەخانەی پەرلەمانی ئێران و لە شەقامە سەرەکییەکانی پایتەختدا رێکخست، بۆ نارەزایی دەربڕین لە بەرامبەر سەختی بەڕێوەچوونی کارە بازرگانیەکانیان، لەسایەی داڕوخانی نرخی دراوە بیانییە پێویستەکان بۆ هاوردەکردن لە بازاڕی ئازاد و سەختی دەستکەوتنیان (نرخی فەرمی دۆلار لە مانگی یەکی ساڵی ٢٠١٨ نزیکەی ٤٢٠٠ تمەن بوو، نرخی بازاڕی ئازادیش کەمێک زیاتر بوو، بەڵام لە مانگی حوزەیران جیاوازی نێوانیان فراوانتر بوو، بەمەش نرخی دۆلاری ئازاد لە مانگی حوزەیران گەیشتە نزیکەی ٨٥٠٠ تمەن، دواتر بۆ زیاتر لە یازدە هەزار لە مانگی تەمموزی هەمان ساڵدا بەرز بوویەوە). مانگرتنی بازاڕەکان لە بازاڕی گەورەوە بۆ بازاڕەکانی دیکەی تاران وەک بازاڕی چوارسوق و قەیتاریە گواسترایەوە، پاشان بۆ بازاڕی پارێزگاکانی دیکەی وەک ئەسفەهان، شیراز، مەشهەد، ئەهواز، کرماشان، قەزوین، قوم گواسترایەوە. ئەمجارەیان خۆپیشاندەران لافیتە گەلێکیان بەرزکردبووەوە کە سیاسەتەکانی رژێمیان لە ناوخۆ و دەرەوەدا ئیدانە دەکرد ([٤٠]) وەک: "سووریا بەجێبهێڵن!" بیر لە بارودۆخی خۆمان بکەنەوە".

بۆ سەرکوتکردنی نارەزایەتییەکان جارێکی دیکە هێز بەکارهێنرا. بەهۆی بەهێزی دەسەڵات و لاوازی ڕۆڵە تەقلیدییە کۆنەکانی بازاڕ یان توانای کاریگەری دانان لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان، ژیان گەڕایەوە بۆ دۆخی جارانی، بەڵام بەو جیاوازییەی کە ڕەنگە ئەمجارە یەکەمجار بووبێت کە دروشمی بازرگانەکان گۆڕا بوون و تەنها پەیوەست نەبوو بە بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیانەوە، بەڵکو لە ئەنجامی ئەوپەڕی لاواز بوونیان بوو لە بەرامبەر ئەو فشارە ئابوورییانەی کە بەسەر وڵاتەکەیاندا سەپێنرابوو، لە دوای دووبارە سەپاندنەوەی سزاکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە.

لە ساڵانی دواتردا گوشار و ئاڵنگارییە داراییەکان بەشێوەیەکی توندتر لەسەریان زیادی کرد، بەهۆی قەیرانە نێودەوڵەتی و ناوچەیی و جیۆپۆلەتیکییە یەک لەدوای یەکەکانی وەک پەتای کۆرۆنا، شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا، شەڕی غەززە، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر ئابووری ئێران و بازاڕەکانی ئاڵوگۆڕ و هێزی کڕین هەبوو. حکومەتی ئێرانیش ناچاربوو سیاسەتی ئابووری سکپەڵگوشن (تقشف) پەیڕەو بکات، کە بێگومان کاریگەری لەسەر قازانجی بازرگانان هەبوو.

سەرەڕای کۆتایی هاتنی پەیوەندییە کۆنە تەقلیدییەکەی نێوان بازاڕ و پیاوانی ئایینی و سەرکەوتنیان - دوای هاتنە سەر دەسەڵات- لە بێلایەنکردنی ڕۆڵی سیاسی بازاڕ تاڕادەیەکی زۆر، دوای ئەوەی بازاڕ هەژموونە داراییەکەی وردەوردە کەم بوویەوە، بازرگانانیش قایل بوون بەوەی تەنها بەرگری لە بەرژەوەندییە بازرگانییەکانیان بکەن، بەڵام وەکو ڕوونمان کردەوە، لە ساڵی (٢٠١٨)ەوە جارێکی دیکە بازاڕ گەڕایەوە و ئەو ڕێسایەی پێشێل کرد. بۆیە دەکرێت بڵێین ڕەنگە بازاڕ نەخۆش بکەوێت، بەڵام ئەستەمە بە دڵنیاییەوە بڵێین کە بە تەواوەتی مردووە. ئەمەش وا دەکات پێشبینیکردنی ڕەفتاری بازاڕ یان لە قاڵبدانی بۆ چوارچێوەیەکی جێگیر یان ژینگەیەکی بێدەنگ قورس بێت، کە تێیدا بەهیچ شێوەیەک کارلێک لەگەڵ گۆڕاوەکانی دەوروبەریدا نەکات.

بە درێژایی مێژوو کارلێککردنی بازاڕ و ئاوێتەبوونی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەوروبەریدا، وایکردوە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکەوەنانی سامان و هەژموونی لەناو کۆمەڵگە و ئابووری ئێراندا هەبێت، لێرەشەوە بووەتە ئەکتەرێکی گرنگ لە مێژووی ئێراندا.

## ئەنجامەکان

باسمان لەوە کرد کە چۆن لە ڕابردوویەکی دووردا، بازاڕ لەسایەی هاوپەیمانی لەگەڵ پیاوانی ئایینیدا لەپێش و لەکاتی شۆڕشی (١٩٧٩)دا، هێزێکی ڕاستەقینە بووە کە لە ڕووی ئابووری، سیاسی و ئایینییەوە کاریگەری لەسەر ژیانی ئێران هەبووە.

لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، لە نزیکەوە هاوکاری یەکتریان کردووە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە بازرگانییەکان و دەستکەوتە ئایینی و سیاسییەکان، واتە لە سەردەمی سەفەوییەوە، تا دەگاتە سەردەمی قاجارییەکان، دوای ئەوانیش ڕەزا پەهلەوی باوک دەسەڵاتی گرتە دەست، هاوپەیمانی بازاڕ پیاوانی ئایینی بە ڕووخاندنی محەمەد ڕەزا شا پەهلەوی، تاجی سەرکەوتنی لەسەر نا، چونکە پیاوانی ئایینی بۆ یەکەمجار گەیشتنە دەسەڵات.

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، ئەو هاوپەیمانییە مێژوویە بە چەند ڕێچکەیەکی جیاوازدا ڕۆیشت، هەتا گەیشتە لاوازبوونی پەیوەندی نێوانیان، چونکە ڕۆڵی مێژوویی بازاڕ بێلایەن کرا و دامەزراوەی نوێی سەر بە دەسەڵات دروستکرا، کە ڕۆڵە تەقلیدییەکانی بازاڕ و هاوپەیمانی مێژوویی لەگەڵ پیاوانی ئایینیدا تێکدا.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە لەدوای سەقامگیربوونی دەسەڵاتی پیاوانی ئایینی تائێستا، چەندین هۆکاری یەکلاکەرەوە هەن کە بوونەتە هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی تەقلیدی بازاڕ و دابەزینی هەژموونە ئابووری و سیاسییەکەی، کە بریتین لە:

١. بەپێی تیۆری ویلایەتی فەقیە، فەقیهی فەرمانڕەوا خاوەنی هەموو سامانە سروشتییەکان و داهاتە ئابوورییەکانە، جگە لەو وەقف و سەرچاوە داراییانەی کە لە ئەرکە ئایینییەکانەوە وەردەگیرێن، وەک زەکات و بەخشین و پێنج یەک، هیچ جیاوازییەکیش لەنێوان خەزێنەی دەوڵەت و خەزێنەی فەقیهدا نییە ([٤١])، لە ئەنجامدا دامەزراوەی ئایینی ڕێگەی بە خۆی داوە کە پایەکانی ئابووری لەسەر بنەمای لێکدانەوەیەکی ئایینی کۆنترۆڵ بکات و پێویستی بە پارەی بازرگانان نەمێنێت.

٢- لەدوای شەڕی عێراقەوە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بەهۆی

چەندین بڕیاری تایبەتەوە بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی بازاڕ کەوتە مەترسییەوە، کە بریتی بوون لە بە نیشتیمانیکردنی بازرگانی دەرەکی و پەرەپێدانی کۆمەڵگە هاوبەشەکان بۆ نەهێشتنی نێوەندگرەکان و کەڵەکەکردنی قازانج.

٣- بەدەستهێنانی وەلائی بازرگانە گەورەکان، بە هێنانیان بۆ ناو حکومەت و پەرلەمان، پاشان رێگەدان بە بازرگانانی بچووک بۆ خۆ تۆمارکردن لە بەرنامەکانی خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەخشندانەدا ([٤٢]).

٤. گواستنەوەی متمانەی دامەزراوەی ئایینی بەرەو کەسانی نوێی متمانەپێکراو، بەتایبەتی سوپای پاسداران و کردنەوەی رێگە بۆیان بۆ کێبڕکێی بازرگانی و ئابووری، جگە لەوەش دامەزراوە گشتییە ناحکومییەکان کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە دەسەڵاتی ئایینیەوە هەیە، رۆڵی دارایی و ئابووریان دەگێڕن. کاتێک لە سەردەمی ئەحمەدی نەژاددا بەتایبەتکردنی بەربڵاو (خصخصە) ڕوویدا، ڕێژەیەکی زۆر کە دەگاتە (٩٠٪)ی پشکەکانی کۆمپانیا بەتایبەت کراوەکان بۆ ئەو قەوارانە رۆیشت کە لەلایەن ڕژێمەوە پاڵپشتی دەکران و بۆ کەرتی تایبەت نەچوو ([٤٣]).

٥- لە سەردەمی ڕەفسەنجانی و بۆ یەکەمجار بوو لە دوای شۆڕشەوە، رێگە بە کۆمپانیا بیانییەکان درا کە لق لە ئێران بکەنەوە، لە ساڵی (١٩٩٧) پەرلەمان ئەو پرۆژەیەی پەسەندکرد. ئەو بڕیارەش دوای ماوەیەک لە دوژمنایەتیکردن لەگەڵ هەموو شتێکی بیانیدا هات.

٦- بازرگانانی بازاڕ لەدوای شۆڕشەوە بوون بە هاوردەکار و دابەشکەری ناوخۆ نەک هەناردەکار وەک پێش شۆڕش، بەمەش سەرچاوەی دراوی بیانییان لێ زەوت کرا و سەربەخۆییەکەیان شێوێنرا. دەوڵەت و دامودەزگاکانی دەسەڵات لە هەناردەکردنی دەرەکی و بازرگانی ناوخۆییدا قورسایی زیاتریان پەیداکرد.

٧. بەهۆی جیهانگیری و سەرهەڵدانی مۆڵە بازرگانییەکانەوە شێواز و بژاردەکانی کڕین گۆڕانی بەسەردا هات، ئەو گۆڕانکارییەش لە سەردەمی ڕەفسەنجانیەوە دەست پێدەکات و پاشتر گەشەی بازرگانی ئەلیکترۆنیشی بەسەردا هات، ئەوەش هەژموونی بازاڕی تەقلیدی وەک ناوەندێکی بازرگانی و شوێنی کۆبوونەوەی ئاسایی و کاریگەر لە شارەکاندا کەمکردەوە.

٨. بازرگانان لەئەنجامی نزیکبوونەوەیان لەگەڵ پیاوانی ئایینی و دەوڵەت بەدرێژایی

ساڵان، پشتیوانی جەماوەری و هەژموونی کۆمەڵایەتییان لەدەستدا. تەنانەت لە ئەنجامی تێکچوونی بارودۆخی ئابووری و خراپی گوزەران و پەرەسەندنی گەندەڵیدا، ئاستی جەماوەری خودی پیاوانی ئایینیش لە ئێران بەرەو دابەزین ڕۆیشت.

٩- بەهۆی کەمبوونەوەی پاڵپشتی دراوە بیانیەکان کە بۆ هاوردەکردنی کاڵای سەرەتایی تەرخانکرابوو، قازانجی بازرگانان لە بازرگانیدا بەرەو کەمبوونەوە ڕۆیشت، تەنانەت گەیشتە ئەو ئاستەی کە یارمەتییەکان بە تەواوەتی هەڵگیران، ئەمەش بووە کەمبوونەوەی قازانجەکانیان بە دوو شێوە: یەکەم بێتوانایی لە هاوردەکردنی کاڵاکان بە نرخێکی هەرزان و زیادکردنی قازانجەکان وەک پێشوو، دووەم دابەزینی ئاستی فرۆشتن بوو بەهۆی دابەزینی هێزی کڕینی بەکاربەران.

١٠- بەهۆی چڕبوونەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی سەپێنراو بەسەر ئێراندا، هاوردەکردن زەحمەتی و تێچووی زۆری دەویست، ئەوەش وایکرد هێنانی کەلوپەلی قاچاخ لە وڵاتانی دراوسێ و قۆرخکاری و کێبڕکێی دەسەڵاتە ئابوورییە کاریگەرەکان لە ئێراندا زیاتر ببێت، بەتایبەتی لەکاتی توندبوونەوەی ئابڵوقە و گەمارۆکانی ڕۆژئاوادا.

١١- دەسەڵات تاڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوو لە بێلایەنکردنی کاریگەری بازاڕ لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە. هەروەها وایکرد بەشداریکردنیان لە ناڕەزایەتییەکاندا تەنها بۆ بەرگریکردن لەو بەرژەوەندییانەیان بێت کە ڕاستەوخۆ زیانیان پێگەیشتووە.

دوای ساڵانێکی دوورودرێژ لە سزاکان، دەتوانرێت ئەم بێلایەنکردنە بە شمشێرێکی دوودەم هەژمار بکرێت، چونکە لەم ماوەیەدا توانای کڕینی هاوڵاتیان ڕووی لە دابەزین کرد، هەروەها بازرگانانان زیانێکی زۆریان لێکەوت بەهۆی هەڵبەز و دابەزی نۆخی دراوە بیانییەکان و داڕوخانێکی توندی بەهای دراوە ناوخۆییەکان، سەرباری گۆڕانی ڕەفتاری بازرگانیی هەندێک لە بازرگانەکان، کە پێیان باش بوو قازانجی بازرگانی خۆیان لە شێوەی سامانێکی جێگیردا بێت، وەکو خانووبەرە، قازانجی خێرا بەلای ئەوانەوە پەسەندتر بوو لە وەبەرهێنانێکی بەرهەمدار یان دووبارە بەکارهێنانەوەی قازانجەکان لە بازرگانیدا.

## دەرەنجام

ئەوە ڕوونە کە بوونی ڕژێمێکی ئایینی لە سەرۆکایەتی حکومەتدا، هەروەها فراوانبوونی هەژموونی دارایی و ئابووریی دامەزراوەی ئایینیەکان، وەک بەربەستێکی بنەڕەتی لەبەردەم ئەگەری گەڕاندنەوەی ئەو هاوپەیمانییە تەقلیدییەی نێوان ئەوان و بازاڕ دەمێنێتەوە، هەر ئەوەشە وادەکات ئەگەری گەڕانەوەی پێگەی دارایی و کۆمەڵایەتی بازاڕ بۆ دۆخی پێشووی بکاتە مەحاڵ، سەرباری ئەوەی بازنەی متمانەی پیاوانی ئایینی جەخت دەکات سەر ئەو دامەزراوە ئەمنییانەی کە پارێزگاری لە شۆڕش دەکەن، وەک سوپای پاسداران، بۆیە دەستیان لە کاری بازرگانی و وەبەرهێناندا واڵاکراوە. هەر بۆیە سەرکەوتنی دەسەڵات لە بێلایەنکردنی ڕۆڵی سیاسی و ئابووریی بازاڕ و کەمکردنەوەی توانای بازاڕ بۆ ئەوەی کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر شەقام هەبێت لە سەرهەڵدانی شۆڕشەوە لە ساڵی (١٩٧٩) تا ساڵی (٢٠١٧)، بەڕوونی دیارە. بەتایبەتی دوای ئەوەی لە کاتی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بەربڵاوی ساڵی (٢٠٠٩)دا کە ناوی بزووتنەوەی سەوزی لێنرا، ڕۆڵێکی بەرچاوی نەبوو، بەڵکو ڕۆڵی بازاڕ تەنها لە بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی سنووردار کرا، سەرەڕای هەندێک بانگەوازی هاندەرانە بۆ فراوانکردنی بازنەی ناڕەزایەتیەکان.

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە لە ناڕەزایەتییەکانی سەرەتای ساڵی (٢٠١٨) دا، بازاڕ بێلایەنی خۆی تێپەڕاند، ئەوەش دوای ئەوەی بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی زیانێکی زۆریان بەرکەوت، بۆیە گەڕایەوە سەر فێڵە تەقلیدییەکانی و مانگرتنی بەرفراوانی ڕێکخست وەک ئەوەی پێشتر کردبووی، کە ئەمەش وا دەکات داننان بە توانای ڕژێم بۆ بێلایەنکردنی تەواوەتی ڕۆڵی بازاڕ لە هەموو کاتێکدا ئەستەم بێت، بەتایبەتی لەسایەی ئەو ئاڵنگارییە ئابوورییە یەک لەدوای یەکانەی کە تووشی ئابووری ئێران بووە، هەر لەدوای سەپاندنەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا، لێکەوتەکانی کۆرۆنا، شەڕی ئۆکرانیا تا دەگاتە گرژییە جیۆپۆلەتیکییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەریای سوور، هەموو ئەم پێشهاتانە کاریگەری نەرێنیان لەسەر دۆخی ئابووریی ناوخۆیی هەبووە، بە تایبەتی کاردانەوەی ڕاستەوخۆی هەڵاوسانی نرخی ئاڵوگۆڕ کە دەبێتە هۆی زیانێکی گەورە بۆ بازرگانان، یاخود حکومەتەکان ناچاردەکات بڕیارگەلێک دەربکەن کە لە بەرژەوەندی بازرگاناندا نەبێت، وەک بەرزکردنەوەی باج و هتد. هەروەها پێناچێت گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی ئەتۆمی لەگەڵ ڕۆژئاوادا لە داهاتوودا، بەس بێت بۆ گەڕاندنەوەی پێگەی لەدەستچوویان، واتە

ئەو دۆخە هەر دەمێنێتەوە کە وابکات ماوە ماوە نارەزایی دەرببڕن.

لەلایەکی دیکەوە، هەمان ئەو هۆکارانەی کە وایکرد کۆمەڵگەی ئێران زیاتر لە چل ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ پیاوانی ئایینی یەکبگرێت بۆ سەرخستنی شۆڕشەکەیان، ڕەنگە دوبارە هانیان بدات تاوەکو لەپێناوی باشترکردنی بارودۆخی ژیانیاندا، لەدەوری هەر بزووتنەوەیەکی ڕێکخراو کۆببنەوە، چونکە گوزەرانیان لەم دوو دەیەی کۆتاییدا زۆر خراپ بووە، بە پێچەوانەی دوو دەیەی یەکەمی دوای شۆڕشەوە کە باش بوو.

دروشمەکانی باشترکردنی ژیان و گوزەران و نەهێشتنی گەندەڵی و نادادپەروەری لە گرنگترین دروشمەکان بوون کە وایکرد چینە پەراوێزخراوەکان لە دەوری پیاوانی ئایینی کۆببنەوە و لەگەڵیاندا یەکبگرن تاوەکو شۆڕشەکەیان سەربخەن. لەئەنجامدا لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش بارودۆخیان باشتر بوو، بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگە لە ماوەی دوو دەیەی یەکەمی دوای شۆڕشدا بەرەو چینی ناوەندی خوێندەوار و ڕۆشنبیر هەڵکشان. بەهۆی ئەوەی ڕژێم گرنگی بە دروستکردنی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی و چاودێری تەندروستی و گەیاندنی تۆڕی پرۆژە و خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان بە هەموو ناوچەکانی وڵات دەدا، هەروەها هەوڵیدەدا بۆ دروستکردنی چینێکی ناوەندێکی نوێ و گەورە و خوێندەوار کە هەوڵی گۆڕانکاری بدات، بەڵام دوای دوبارەبوونەوەی زنجیرەی گەمارۆ ئابوورییەکان بۆ سەر ئێران و کاردانەوەی نەرێنیان لەسەر ئاستی نرخەکان، دۆخی ئابووری و ژیانی هاوڵاتیان بەرەو خراپبوون ڕۆیشت.

لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا دۆخی ژیان و ئابووری بە ڕادەیەک خراپ بووە، کە لەدوای شۆڕشەوە وێنەی نەبووە. چونکە لەنێوان پاشەکشە و بچووکبوونەوە و گەشەیەکی ئابووری سنووردارادایە، بەهای دراوی ناوخۆیی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزینی تۆمارکردوە. بەجۆرێک لە ساڵی (٢٠١٤) هەر دۆلارێک بەرامبەر نزیکەی (٣٠٠٠) تمەن بوو، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٤)دا گەیشتە نزیکەی شەست هەزار تمەن، ئاستی هەڵاوسانیش بۆ زیاتر لە (٥٠٪) هەڵکشا، هەربۆیە چینی ناوەڕاست جارێکی دیکە بەرەو پوکانەوە و کەوتنە داوی هەژاری دەچێت.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی کار لە ئێران، ڕێژەی ئەو کەسانەی لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین، لە ساڵی (٢٠١٢)دا گەیشتوەتە (٢٢٪)ی کۆی دانیشتووان، بەڵام لە ساڵی

(٢٠٢٢)دا گەیشتۆتە (٣٥٪). لەکاتێکدا بەپێی سەرچاوە سەربەخۆکان ڕێژەکە بۆ زیاتر لە دوو لەسەر سێی کۆمەڵگە بەرز بۆتەوە. بۆیە ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان بەخێرایی و بە ماوەیەکی کورتتر لە ئاسایی دووبارەدەبنەوە. بە بەڵگەی ئەوەی لە ماوەی حەوت ساڵی ڕابردوودا، واتە لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە، ئێران پێنج ناڕەزایەتیی گەورەی جەماوەری و چینە جیاوازەکانی بەخۆوە بینیوە، واتە بە ڕێژەی نزیکەی ناڕەزایەتییەک لەماوەی ساڵ و نیوێکدا، ئەمەش لە ماوەی دەیان ساڵی دوای شۆڕشدا ڕوویندەداوە، چونکە پێشتر لە هەر دە ساڵێکدا نزیکەی یەک ناڕەزایەتی گەورەی بەخۆوە بینیوە.

## پەراوێز و سەرچاوەکان:

([١]) بتصرف: إلياس ميسوم، جامعة وهران ٢ (محمد بن أحمد) الجزائر، "الدور للفواعل غير الرسمية في إيران دراسة حال لبازارِ والبونياد"، دفاتر السياسة والقانون، مجلد ١٢، العدد ٠١، ٢٠٢٠. ص١٧٤-١٨٤.

([٢]) محمد رحمن بور، الجزيرة نت، "البازارات التراثية الإيرانية.. تجارة بوجه العقوبات وأشياء أخرى"، ٢٤ فبراير ٢٠٢٠. https://2u.pw/QG6Hy6G

([٣]) محمد نور الدين عبد المنعم، "إيرانيات، نماذج من الثقافة الإيرانية"، المجلس الأعلى للثقافة، القاهرة، الطبعة ١، ٢٠١٥، ص٥٢٩.

([٤]) بتصرف خضير البديري، "الدور السياسي للبازارِ في الثورة الدستورية الإيرانية ١٩٠٥-١٩١١"، العارف للمطبوعات، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠١٢، ص٥٤- ص٥٧.

([٥]) خضير البديري، مرجع سابق.

([٦]) بتصرف: محمد عبد المنعم، مرجع سابق، ص٥٣٢.

([7]) Momen, Moojan (1985)" An introduction to Shii Islam: the history and doctrines of Twelver Shiism، "Oxford: G. Ronald، P: 204 ، ISBN 978-0-85398-201-2.

([٨]) البازارِ السوق في التراث الإسلامي، مركز الحضارة لتنمية الفكر الإسلامي، مجموعة من المؤلفين، ص١٧٢.

([٩]) البازارِ السوق في التراث الإسلامي، المرجع السابق، ص١٧٢-١٧٧.

([١٠]) بتصرف: هوما كاتوزيان، "الفرس، إيران في العصور القديمة والوسطى والحديثة" ترجمة أحمد حسن المعيني، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، لبنان، الطبعة الأولى ٢٠١٤، ص٢٨٩-٢٩٢.

([١١]) أحمد يونس، نعيم جاسم "أوضاع المرأة الإيرانية في ظل إصلاحيات رضا شاه بهلوي وموقف المؤسسة الدينية (١٩٢٥-١٩٤١)" مجلة آداب البصرة، جامعة البصرة – كلية الآداب، ٢٠٠٩، ص١٩٠-٢٠٠.

([١٢]) بتصرف أحمد يونس، نعيم جاسم، المرجع السابق، ص٢٠١.

([١٣]) البازار السوق في التراث الإسلامي، المرجع السابق، ص١٨٠.

([١٤]) أمل حمادة، "الخبرة الإيرانية الانتقال من الثورة إلى الدولة"، الشبكة العربية للأبحاث والنشر، بيروت، ط ١، ٢٠٠٨، ص٧٦.

([١٥]) محمد سهيل طقوش، "تاريخ إيرن الحديث والمعاصر"، دار النفائس، بيروت، ط ١، ٢٠٢٠، ص٣٧٧.

([١٦]) البازار السوق في التراث الإسلامي، مرجع سابق، ص١٨٥.

([١٧]) بتصرف: أحمد يونس، نعيم جاسم، مرجع سابق ص١٠٢-١٠٤.

([١٨]) البازار السوق في التراث الإسلامي، مرجع سابق، ص١٨٨-١٨٩.

([١٩]) بتصرف: محمد عبد المنعم، مرجع سابق، ص٥٣٠.

([٢٠]) البازار السوق في التراث الإسلامي، مرجع سابق، ص١٩٢.

([٢١]) بتصرف: مهدي خلجي، "من وراء حجاب النظام الجديد للمؤسسة الدينية في إيران"، ترجمة أحمد موسى، دار مدارك للنشر ط: ١ ديسمبر ٢٠٢١. ص٩١ . ص١٧٠-١٧١. ص٢٥٧.

([22]) Arang Keshavarzian, "Bazar and state in Iran: The Politics of the Tehran Marketplace", Review by : said Amir Arjomand. American journal of Sociology, Vol. 115, No. 2 (September 2009), pp. 611-613.

([23]) Encyclopaedia Iranica Foundation, "BAZAR iii. Socioeconomic and Political Role of the Bazar", https://2u.pw/2PBI5mJ

([٢٤]) اواليلى بساران، "الثورة الإسلامية والاقتصاد، صراع النخب حول استقلال الاقتصاد الإيراني"، ترجمة مجدي صبحي، طبعة دار التنوير الأولى:٢٠١٢، ص١٠٤.

([٢٥]) مجيد محمدي، "في ظل عباءة المرشد.. المهام والعمليات في مكتب خامنئي"، المعهد الدولي للدراسات الإيرانية، ترجمة محمد الزعبي، ص٩٨. الطبعة الأولى ١٤٤٤هـ. ٢٠٢٢م.

(*) يُقدر عدد أفراد الحرس الثوري بين ١٢٠ ألفًا و٣٥٠ ألف فرد، ويتكون من جناحين رئيسين هما: قوات البسيج المسؤولة عن حماية أمن النظام داخليًّا ونشر معتقداته في المجتمع، وفيلق القدس المسؤول عن عمليات النظام خارج الحدود.. وكان من المفترض أن تكون أدوار الحرس متعلقة بالأمن فقط.

([٢٦]) بتصرف: الجزيرة نت، "الحرس الثوري.. حارس ثورة إيران المتوغل في مفاصل الدولة"، ٣١ ديسمبر ٢٠٢٣. https://2u.pw/zhL3leZ .

([٢٧]) أحمد شمس الدين ليلة، "النشاط الاقتصادي للحرس الثوري.. الأدوات والتداعيات على إيران والمنطقة"، تحرير: محمد السلمي وفتحي المراغي، من كتاب: "المؤسسة العسكرية في إيران بين الثورة والدولة"، المعهد الدولي للدراسات الإيرانية (رصانة)، ط ١، ص٢٢٥.

([28]) Esfandyar Batmanghelidj, Bourse and Bazar, "The business of political econ-

omy: moving from bazar to bourse", 6 may.

([٢٩]) ميثاق بارسا، "الديمقراطية في إيران .. أسباب الفشل واحتمالات النجاح" ترجمة محمد الزعبي، المعهد الدولي للدراسات الإيرانية (رصانة)، الطبعة الأولي، ١٤٤٠هـ. ص١٥٧ .

([٣٠]) علاء سالم، مجلة مختارات إيرانية، مركز الأهرام للدراسات السياسية والإستراتيجية، "الاقتصاد الإيراني.. محور جديد للصراع بين الإصلاحيين والمحافظين"، العدد السابع عشر، ديسمبر ٢٠٠١. ص٧٤-٧٩.

([٣١]) يوسف عزيزي، "البازار والنظام الإيراني.. جدلية الاقتصاد والسياسة"، المعهد الدولي للدراسات الإيرانية (رصانة)، ٣٠ أبريل 2016. https://2u.pw/XsCSCUB

([٣٢]) علاء سالم، مرجع سابق.

([33]) Kevan Harris, "The Bazaar", United States Institute of Peace, The Iran Primer. 11 Oct. 2010. https://2u.pw/Qph3JT6

([٣٤]) ميثاق بارسا، مرجع سابق، ص١٥٤

([35]) Kevan Harris, IBID.

([36]) Kevan Harris, IBID.

([٣٧]) بتصرف يوسف عزيزي، مرجع سابق.

([٣٨]) ميثاق بارسا، مرجع سابق، ص٣١٦.

(*) تداعت العملة الإيرانية بقوة خلال تلك الفترة عقب فرض العقوبات الأوروبية المشددة في عام ٢٠١٢، التي شملت حظرًا على شراء النفط الإيراني وعقوبات على البنك المركزي الإيراني وحظر استخدام إيران شبكة سويفت للتحويلات المالية الدولية، وارتفع سعر الدولار في إيران بحدة من ٢٢٠٠ تومان في سبتمبر ٢٠١٢ إلى ٤٠٠٠ تومان في نوفمبر ٢٠١٢.. الأمر الذي أضر بالمستوردين والتجار في البازار.

([٣٩]) محمد السلمي، مجلة المجلة، "العملة الإيرانية .. تاريخ وأسباب وآثار الانهيار"، ١٤ نوفمبر ٢٠١٢. تايخ الاطلاع ٢٠٢٣/١٢/٢٥. الرابط: https://2u.pw/YSf6aG

([٤٠]) للمزيد راجع: محمود حمدي أبو القاسم، المعهد الدولي للدرسات الإيرانية (رصانة)، "الاحتجاجات الفئوية والتعبئة الاجتماعية في إيران"، الطبعة الأولى أبريل ٢٠١٩. ص٦٣ و٦٤ و١١٨.

([٤١]) مهدي خلجي، مرجع سابق . ص١٧٠.

([42]) Kevan Harris, IBID.

([43]) Kevan Harris, "Iran's political economy under and after the sanctions" The Washington Post,, 23 April 2015. https://2u.pw/0gU5fa6



کەسایەتی

ئێرانناسی

# مەسعود پزیشکیان
## لە مهابادەوە بۆ پاستۆر



لە ڕۆژی ١٩٥٤/٩/٢٩، لە شاری مهابادی سەر بە پارێزگای ئازەربەیجانی ڕۆژئاوا لەدایکبووە. دایك و باوکی لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری ورمێن، بەڵام بە هۆکاری پیشەکەی باوکییەوە نیشتەجێی شاری مهاباد بوون. پزیشکیان خوێندنی سەرەتایی لە شاری مهاباد تەواو کردووە، ئەو وەك خۆی ئاماژەی پێدەکات تەمەنی منداڵی لە مهاباد بەسەر بردووە، بە منداڵی سەرقاڵی دەستگێڕی بووە لە ماوەی پشووی خوێندندا، تەواوی یادگارییەکانی منداڵی لەو شارە بووە. دواتر چووەتە شاری ورمێ بۆ درێژەدان بە خوێندن و هەر لەوێ لە ئەکادیمیای کشتوکاڵی بڕوانامەی دیبلۆمی لە پیشەسازی خۆراك بەدەستهێناوە. پزیشکیان دان بەوەدا دەنێت لەسەرەتای لاوێتی گرنگی زۆری بە خوێندن نەداوە، هەر ئەوەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی لەسەرەتای قۆناغی دواناوەندی نەتوانێت نمرەی پێویست بەدەست بهێنێت.

**د. یاسین عزەم - توێژەر**

دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی دیبلۆم، بۆ ئەنجامدانی خزمەتی سەربازیی و وەك ئەندامی فەیلەقی گەشەپێدان دەچێتە شاری زابل لە پارێزگای سیستان و بلوجستان. فەیلەقی گەشەپێدان، بەشێک لە خزمەتەکانیان لە گوندەکاندا بەسەر دەبرد و هەوڵەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیان بوو لای گوندنشینەکان و ئاشناکردنیان بە شێوازە نوێیەکانی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری. پزیشکیان لە شاری زابول پەیوەندی لەگەڵ گەنجانی ئەو شارە بەست و متمانەی ئەوانی بەدەستهێنا و بە هاوکاری ئەوان مزگەوتێکی دروستکرد و سەرقاڵی چالاکییە کولتووری و ئایینییەکان بوو. دوای تەواوکردنی خزمەتی سەربازیی، بڕیاریدا جارێکی دیکە بچێتەوە کێبڕکێی تاقیکردنەوەی گشتی و دیبلۆمی لە زانستە سروشتییەکان(زانستی ئەزموونی)، بەدەستهێنا، ئەوەش هاوکاریکرد کە لە زانکۆی تەبرێزی پزیشکی وەربگیرێت. پزیشکیان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنیدا ئاماژە بەوە دەکات، دوای کۆتاییهاتنی خزمەتی سەربازیی و ئەو مەینەتیانەی کە لەو ماوەیە بەسەریدا هات، هانیدا بۆ ئەوەی بە جۆرێکی دیکە بیربکاتەوە و بڕیاریدا لە ڕێگەی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیەوە خوێندنی پزیشکی تەواو بکات، ئەوە لەکاتێکدا بوو هاوڕێکانی گرەویان لەسەر ئەوەدەکرد، کە ئەو ناتوانێت نمرەی پێویست بە خوێندنی پزیشکی بەدەست بهێنێت. دوای هەوڵ و ماندووبوونێکی شەش مانگی و تێکۆشانی ڕۆژانەی چەند کاتژمێری، لە کۆتاییدا توانی نمرەی پێویست بەدەست بهێنێت و لە خوێندنی پزیشکی لە زانکۆی تەبرێزی پزیشکی وەربگیرێت.

دوای ئەوەی وەك خوێندکار لە زانکۆی پزیشکی تەبرێز دەستبەکاربوو، لەگەڵ کۆمەڵێك لە هاوڕێکانی زانکۆ، ڕۆڵێکی چالاکیان هەبوو لە خۆپیشاندانە مێژووییەکەی ١٩٧٨/٢/١٨ی تەبرێز، کە تیایدا برایەکی بریندارکرا و دواتریش لە لایەن دەسەڵاتی شاهەنشاهیەوە دەستبەسەرکرا.

لەسەرەتای دەستپێکی خوێندنەکەیدا، پزیشکیان کۆمەڵەی ئیسلامی خوێندکارانی خوێندنی پزیشکی دامەزراند، هاوکات خوێندی قورئان و نەهجول بەلاغە بۆ گرنگیدان بە گفتووگۆی ئیسلامیی، تا بتوانن ڕووبەڕووی ئەوانە ببنەوە کە دژ بە شۆڕش و حکومەتی ئیسلامی لە چالاکیدا بوون. پزیشکیان توانی بە هەوڵ و چالاکی بەردەوام کۆمەڵەی ئیسلامی خوێندکارانی خوێندنی پزیشکی وەك یەکێك لە بەهێزترین کۆمەڵەکانی ناو زانکۆ بناسێنێت، بە جۆرێك توانی ڕووبەڕووی گرووپی چەپەکانی ناو زانکۆ ببنەوە، کە لەو سەردەمەدا لەوپەڕی بەهێزیدا بوون.

پزیشکیان و هاوڕێکانی لە ئەنجومەنی ئیسلامیی خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی، لە ١٩٨٠/٤/١٥، هاشمی ڕەفسەنجانیان دەعوەت کرد، وتارێك پێشکەش بە خوێندکارانی زانکۆ بکات. هەرچەندە دوو ڕۆژ پێش هاتنەکەی ڕەفەسەنجانی، لە لایەن بەشێك لە خوێندکارانی بەشی پزیشکییەوە، هاشمی بە کەسێکی فیوداڵ و لیبراڵ تۆمەتبار کرا و داوایان کرد سەردانی زانکۆکەیان نەکات، بەڵام لە ڕۆژی دیاریکراو هاشمی گەشتە ناو هۆڵی دیاری کراو و دەستی بە وتارەکەی کرد. لە کاتی وتارەکەی هاشمیدا یەکێك لە خوێندکارە ناڕازییەکان بەناوی (ئەسغەری عەبدی) کە میلەیەکی ئاسنینی بەدەستەوە بوو ویستی پرسیار لە هاشمی بکات، بەڵام لە لایەن لایەنگرانی هاشمییەوە ڕێگەی پێنەدرا و ئاڵۆزی دروستبوو. بەشێك لە خوێندکاران هێرشیان کردە سەر هاشمی و برینداریان کرد، بەڵام پزیشکیان و هاوڕێکانی کە هاشمیان دەعوەتکردبوو، لە ژێرزەمینی بیناکەوە هاشمیان ڕزگارکرد. ئاڵۆزییەکان تەشەنەی سەند بۆ بەشێکی دیکە لە زانکۆکانی ئێران، ئەوەش چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی شۆڕشی ناچار کرد بۆ چارەسەری دۆخەکە لە ١٩٨٠/٤/١٨ ،سەردانی ئایەتوڵڵا خومەینی بکەن، لە بەیاننامەیەکیدا ئایەتوڵڵا خومەینی ڕایگەیاند پێویستە زانکۆکان لە گرووپە کۆمۆنیستییەکان پاك بکرێنەوە و سێ ڕۆژ مۆڵەتی پێدان، کە دەبێت تەواوی ئەو گرووپانە لەزانکۆکان دەربکرێن. تاقیکردنەوەکانیش دەبێت تا ١٩٨٠/٦/٣، کۆتاییان پێهێندرێت و لە ٤ی ٦، دەبێت هەموو زانکۆکان دابخرێت.

ئەنجومەنی شۆڕش بۆ کۆتایهێنان بە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانی خۆێندکارانی زانکۆ بڕیاریدا زانکۆکان دابخات، هەرچەندە داخستنی زانکۆ بەشێوەیەکی کاتی بوو، بەڵام دوو ساڵ و نیوی خایاند. دوای داخستنی زانکۆکان، پزیشکیان وەك ئەندامی (جهاد سازندگی) دەستبەکاربوو، سەردانی لادێ دوورەدەستەکانی دەرکرد و هاوکاری دەکردن. هاوکات لە دەزگای تازە دامەزراوی (جهاد دانشگاهی)، کاری دەکرد، دوای کردنەوەی زانکۆکانیش دەستی کردەوە بە خوێندنی پزیشکی و توانی بڕوانامەی پزیشکی لە زانکۆی تەبرێز بەدەستبهێنێت.

لەکاتی شەڕی ئێران-عێراق، پزیشکیان بەرپرسی ئامادەکردن و ناردنی تیمە پزیشکییەکان بوو بۆ چارەسەرکردنی بریندارانی شەڕەکە، هاوکات خۆشی یەکێك بوو لە پزیشکە سەربازییەکان و بەشداری چارەسەری بریندارانی ئەو شەڕەی کردووە.

دوای تەواوکردنی خوێندنی پزیشکی، وەك ڕاهێنەری فیزیۆلۆژی دەستی بە وتنەوەی وانە لە زانکۆی پزیشکی تەبرێز کرد. دواتریش لە هەمان زانکۆ توانی بڕوامەی تایبەت بە

نەشتەرگەری گشتی بەدەستبهێنێت. دوای چەند ساڵێك لە وانە وتنەوە پەیوەندی بە زانکۆی ئێرانی پزیشکییەوە کرد و لەو زانکۆیە بڕوانامەی باڵای لە بواری نەشتەرگەری دڵ بەدەستهێنا. دوای بەدەستهێنانی بڕوانەمەکەی گەڕایەوە بۆ شاری تەبریز و لە نەخۆشخانەی دڵی شەهید مەدەنی دەستی بە کار کرد. دوای ماوەیەك لە کارکردن بوو بە سەرۆکی نەخۆشخانەکە و دواتریش لەلایەن (عەلی ڕەزا مەرەندی) وەزیری تەندروستییەوە لە ساڵی ١٩٩٤دا، کرا بە سەرۆکی زانکۆی زانستی پزیشکی تەبریز و تا ساڵی ٢٠٠٠ لەو پۆستەدا مایەوە.

بەهۆکاری چالاکی بەردەوامی پزیشکیان لە بواری تەندروستی و دامەزراندنی ماڵی تەندروستی لە زۆربەی لادێکانی پارێزگاکە، لەلایەن (فەرهادی) وەزیری تەندروستیی کابینەی محەمەد خاتەمی، بانگهێشتی تارانی پایتەخت کرا و لەوێش پۆستی جێگری وەزیر بۆ کاروباری سەلامەتی پێدرا. لە حکومەتی دووەمی محەمەدی خاتەمی کرا بە وەزیری تەندروستی و بۆ ماوەی چوار ساڵ لەو پۆستە مایەوە، هەرچەندە سەرەتای دەستبەکاربوونی ڕووبەڕووی ئاڵنگاری گەورە بوویەوە، بەڵام توانی بەسەریدا زاڵ بێت و لە پۆستەکەی بەردەوام بێت.

پێش ناساندنی بە پەرلەمان و دەستبەکاربوونی وەك وەزیری تەندروستی، لە ناو ناوەندی سیاسی بانگەشەی ئەوە بڵاوکرایەوە کە لە لایەن بەشێك لە ئەندامانی گرووپی (دفتر تحکیم وحدت)، کە بەهێزترین گرووپی خوێندکاریی بوون لە زانکۆکان، کەسێکیان بۆ پۆستی وەزیری تەندروستی دیاریکردبوو، کە بە وتەی خۆیان سیفات و کارەکانی ئەو لە وەزیرانی سەردەمی کابینەی حکومەتی (میرحسەین موسەوی) زۆر نزیکە. بەڵام کاتێك ئەندامانی پەرلەمان دەنگیان بە پزیشکیان وەك وەزیری تەندروستی دا، بەشێك لە لێپرسراوانی ناو وەزرات و بەرپرسە باڵاکان وەك پیشاندانی ناڕەزایەتی دەستیان لەکارکێشایەوە، لەوانە (غولام ڕەزا ئەنساری) سەرۆکی ڕێکخراوی چاودێری کۆمەڵایەتی، کە لە نامەی دەستلەکارکێشانەوەکەیدا ئاماژەی بەوە کردبوو، ئەو پزیشکیان بە شیاو نازانێت، کە بکرێت بە وەزیر، هەربۆیە دەستلەکار دەکێشێتەوە.

دوای تێپەڕینی چوار ساڵ بەسەر کابینەکەی محەمەدی خاتەمی و هاتنەسەرکای (ئەحمەدی نەژاد)، پزیشکیان دەستبەرداری پۆستە وزارییەکەی بوو، زۆربەی کاتەکانی خۆی بۆ خوێندن و کاری پزیشکی تەرخانکرد. کاتێك بیستیەوە کە لەلایەن بەشێك لە لێپرسراوانەوە گلەیی لێکراوە، لەماوەی دەستبەکاربوونی وەك وەزیری تەندروستی،

لە لێدوانێکدا، ئاماژەی بەوە کرد لەماوەی چوارساڵی کابینەی ئەحمەدی نەژاد، کە ئەوسەرقاڵی کاری پزیشکی بووە، لەگەڵ ئەوەی تەنها دوو ڕۆژ لە حەفتەیەکدا کاری کردووە، بەڵام ئەو سەرمایەیەی کە بە دەستی هێناوە زیاتر بووە لە سی ساڵی ڕابردووی.

پزیشکیان کاتێك خۆی بۆ ئەندامی پەرلەمانی خولی هەشتەم کاندید کرد، ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو وابیر دەکاتەوە کە بۆ ئەوە دروست نەکراوە، کە پارە کۆبکاتەوە و بەتەنها خۆش بژی، بەڵکو بۆ ئەوە دەژێ کە بتوانێت هاوکاری خەڵك بکات. هەربۆیە لە ساڵی ٢٠٠٦، لە بازنەی تەبریز خۆی کاندید کردو توانی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

یەکێك لەو هەڵوێستانەی کە پزیشکیانی پێ دەناسرێتەوە لە پەرلەمان، دەربڕینی ناڕەزایەتی بوو لەبەرامبەر بە هەڵوێستی حکومەت لە بەرامبەر بەو خەڵکانەی کە ناڕەزایەتیان دەربڕی و هاتنەسەر شەقام دژ بە ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد لە دەورەی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی، چونکە خەڵك پێیانوابوو میرحسەین موسەوی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە و ڕاگەیاندنی سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژادیان بە ساختە ناودەبرد، ئەو هەڵوێستەی خەڵك وایکرد حکومەت بە توندترین شێوە ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران ببێتەوە، لە پەرلەمان پزیشکیان بەدەنگی بەرز ناڕەزایەتی دەربڕی و ڕایگەیاند کە هیچ دین و ئەخلاقێك ئەوە قبووڵ ناکات کە بەو شێوەیە ڕووبەڕووی خەڵکی وڵاتەکەت ببیتەوە.» بۆ دەبێت پۆلیس بە شێوەیەکی دڕندانە و بێڕەحمانە بەر ببێتە گیانی خەڵك» هەڵوێستەکەی پزیشکیان بوو بە مایەی ناڕەزایەتی دەربڕین لە لایەن (حەداد عادل) سەرۆکی ئەوکاتەی پەرلەمان و پزیشکیانی بە بێ ئینساف لە وتەکانی تۆمەتبار کرد.

لە دەورەی دەیەمی پەرلەمانی ئێران کاتێك (عەلی لاریجانی) لەگەڵ (حەداد عادل) لە کێبڕکێدابوون بۆ ئەوەی یەکیان وەك سەرۆکی پەرلەمان دەستبەکاربێت، بەرەی ڕیفۆرمخوازەکان بە لاریجانیان ڕاگەیاند لە ئەگەری پێدانی پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە عەلی موتەهەری و پزیشکیان، ئەوان دەنگ بە لاریجانی دەدەن. دوای ئەوە پزیشکیان وەك جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان دەستبەکار بوو. هەرچەندە پزیشکیان ئەندامی هیچکام لە حیزبە ڕیفۆرمخوازەکان نەبوو، بەڵام مەیلی بەلای ئەواندا بوو و لێیانەوە نزیکبوو. لەماوەی دەستبەکاربوونی وەك جێگری سەرۆکی پەرلەمان پاڵپشتی لە کابینەکەی (حەسەنی ڕوحانی) دەکرد.

لە کابینەی دووەمی ڕوحانی کاتێك ناڕەزایەتییەکان زۆر بوون، لە کۆبوونەوەیەکی

دەستەی سەرۆکایەتی پەڕلەماندا، بە ئامادەبووانی ڕاگەیاندبوو، ئێوە ڕێگە نادەن چاکسازی بکرێت و سەرۆکیش تۆمەتبار دەکەن، تەواوی دامەزراوە گرنگەکان بە دەست ئوسوڵگەراکانەوەیە، کاتێك بارودۆخ خراپە دەیخەنە ئەستۆی سەرۆك، کاتێکیش دۆخەکە ئاساییەوە بەرەو باشی هەنگاو دەنێت خۆتان دەکەن بە خاوەنی پرۆسەکە، هەربۆیە بە شێوەیەکی گاڵتەئامێز پێشنیازی کرد، لە باتی سەرۆك کۆمار، جێگری سەرۆکی جێبەجێکار بۆ ڕابەری باڵا دیاری بکەن و خۆتان لەو گێرە و کێشەیە ڕزگاربکەن.

لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی ساڵی ٢٠٢١، پزیشکیان خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار پاڵاوت، بەڵام لە لایەن ئەجومەنی پاسەوانی دەستوورەوە، ڕێگەی پێنەدرا و لە کاندید بوون دوورخرایەوە، بەڵام دوو ساڵ دوای ئەوە و لە هەڵبژاردنی دەورەی دوازدەهەمینی پەڕلەمان جارێکی دیکە پزیشکیان خۆی پاڵاوت، هەرچەندە لەسەرەتادا کاندیدبوونی ڕەتکرایەوە، بەڵام دواتر لە لایەن ئەنجوومەنی پاسەوانی دەستوورەوە، ڕێگەپێدرا، پزیشکیان لە چاوپێکەوتنێکیدا ئاماژەی بەوە کرد، کە ڕێگەدان بە کاندیدبوونی بە فەرمانی ڕابەری باڵا بووە، هەربۆیە ئەو تاماوە لە ژیان خۆی بە قەرزداری ڕابەر دەزانێت.

هەڵبژاردنی دەورەی دوانزەهەمینی پەڕلەمان زۆری نەخایاند، سەرۆك کۆمار بە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەی گیانی لەدەستدا، هەربۆیە پزیشکیان ئەو دەرفەتەی قۆستەوە و جارێکی دیکە خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماری پاڵاوت، هەرچەندە لە لایەن بەرەی ڕیفۆرمخوازانەوە چەند ناوێك پێشکەشکران، بەڵام پزیشکیان بوو بە تاکە نوێنەری ئەو بەرەیە، بەرەی ئوسوڵگەراکانیش چەند کەسێکیان لە لایەن ئەنجومەنی پاسەوانی دەستوورەوە، کاندیدبوونیان جێگیر کرا، کە گرنگترینیان سەرۆکی پەڕلەمان (محەمەد باقر قالیباف) و (سەعید جەلیلی) نوێنەری عەلی خامنەئی لە ئەنجوومەنی باڵای ئەمنی نەتەوەیی بوون.

کاندیدانی بەرەی ئوسوڵگەراکان، لەسەرەتادا پێیانوابوو پزیشکیان چانسی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکەدا زۆر لاوازە، بەڵام دەستپێکی بانگەشەی هەڵبژاردن، ترسی ئەوەی لە دڵی ئەو بەرەیە دروستکرد کە پزیشکیان توانای کێبڕکێکردنی هەیە، هەرچەندە هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆی بۆ هەڵبژاردنەکە نەبوو، هاوکات هیچ بەڵێنێکی گەورەشی بە کۆمەڵگەی ئێرانی نەدا لە ئەگەری بوونی بە سەرۆك کۆمار، لە دەورەی یەکەمی هەڵبژاردنەکە هیچ کام لە کاندیدەکان دەنگی پێویستیان بەدەست نەهێنا، بەڵام

لە دەورەی دووەمی هەڵبژاردنەکە پزیشکیان توانی دەنگی زۆرینە بەدەستبهێنێت و شکست بە کاندیدی بەرەی ئوسوڵگەراکان سەعیدی جەلیلی بهێنێت. بەو شێوەیەش پزیشکیان دەچێتە ناو بینای سەرۆکایەتی کۆمار، لە شەقامی پاستوور، لە ناوەندی تارانی پایتەخت.

لە ڕاستیدا بەشێك لەوانەی کە دەنگیان بە پزیشکیان دابوو ئەوەیان ڕاگەیاند، کە ئەوان بە ناچاری دەنگیان بە پزیشکیان داوە، چونکە هیچ کاندیدێکی دیکەی بەرەی ڕیفۆرمخوازەکان لە کێبڕکێیەکەدا نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە کاندیدی بەرەی ئوسوڵگەراکان،سەعید جەلیلی بەوە ناسرابوو، کە زۆر دژە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا، هەربۆیە خەڵك ترسیان لە سەرکەوتنی هەبوو، کە ڕەنگە ببێتە هۆکاری گەورەبوونی کێشەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەمریکا.

## سەرچاوەکان


داستان زندگی یک رئیس جمهور مجرد؛ مسعود بزیشکیان، لە چەناڵی یوتیوب، لینکی چەناڵ: https://www.youtube.com/watch?v=MU0Cxs9Z0Vc

- مسعود پزشکیان: زندگینامە دکتر مسعود پزشکیان، لە ماڵپەڕی https://entekhabat1403.com/، بڵاوکراوەتەوە.

- زندگی نامە مسعود پزشکیان، لە ماڵپەڕی https://www.jamaran.news/،بڵاوکراوەتەوە.

- بیوگرافی مسعود پزشکیان، لە ماڵپەڕی https://namnak.com/، بڵاوکراوەتەوە.

- مسعود پزشکیان کیست؟ +بیوگرافی و سوابق، لەماڵپەڕی <https://www.imna.ir/news fGh,;vh,mjm,m>

- مسعود بزشكيان.. ثالث إسلاحي يرأس إيران، لەماڵپەڕی https://www.aljazeera.net/، لە بەرواری ٢٠٢٤/٧/٦ بڵاوکراوەتەوە.

- سالح حسن، مسعود بزشكيان.. من هو الإسلاحي الذي فاجأ الجميع بتسدر انتخابات إيران؟، لە ماڵپەڕی <https://al-ain.com/article لەبەرواری ٢٠٢٤/٦/٢٩ بڵاوکراوەتەوە.

- سابر غل عنبرى، مسعود بزشكيان... لا شرق ولا غرب في السياسة الخارجية، لە ماڵپەڕی https://www.alaraby.co.uk/politics، لە ٢٨/یونیو/٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.


- هدير عادل، من هو مسعود پزشكيان الرئيس الإيراني الجديد؟، لە ماڵپەڕی https://www.shorouknews.com/، لە بەرواری ٦/ یولیە/٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.

- مسعود پزشکیان؛ نهمین رئیس‌جمهور ایران کیست و پیش از انتخابات چە گفت؟، لە ماڵپەڕی https://www.bbc.com/persian، لە بەرواری ٢٠٢٤/٧/٦ بڵاوکراوەتەوە.

- پاسخ بە سوالاتی دربارە زندگی شخسی مسعود پزشکیان، لە ماڵپەڕی https://www.tabnak.ir/، لە بەرواری ٢٠٢٤/٧/١٠ بڵاوکراوەتەوە.

کتێبناسی

ئێرانناسی




# تاریخ اجتماعی و سیاسی ایران در دوره معاصر

# [مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێرانی هاوچەرخ]

نووسینی: سعید نفیسی

ئامادەکردنی: ئێر انناسی

ئێرانناسی دوو ئامانجی لە ناساندی کتێب بۆ پسپۆڕانی ئەو بوارە هەیە. یەکەم: ناساندنی بەرهەمە ڕەسەن و بنچینەییەکانی پەیوەست بە ئێرانناسی کە وەک ماتریاڵی سەرەکی لە توێژینەوەو و لێکۆڵینەوەکان، دەتوانین تا ڕادەیەکی زۆر پشتییان پێ ببەسترێت. دووەم: ناساندنی کەسایەتییە زانستی و کاریگەرەکانی بواری ئێرانناسی، کە ڕۆڵییان هەبووە لە بەرەوپێشبردنی توێژینەوەکانی تایبەت بەو بوارە. مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران لە سەردەمی هاوچەرخ، کە دەکرێت وەک تێکستێکی کلاسیک سەیر بکرێت، بەڵام یەکێکە لە سەرچاوە ڕەسەنەکانی مێژووی ئێرانی هاوچەرخ. بۆ تێگەیشتن لە ئێرانی ئێستا، پێویستی بە شارەزابوون و ئاگاداربوون لە ڕووداوەکانی سەردەمی قاجار هەیە و گرنگە بەو بەڵگەیەی، کە ڕەگ و ڕیشەی زۆرێک لە کێشەکانی ئێستای ئێران لەو مێژووەوە سەرچاوە دەگرێت. مۆدێرنیزاسیۆن، ململانێی سەڵتەنەت و مەرجەعییەتی ئایینی، پەیوەندی ئێران لەگەڵ وڵاتانی جیهان ئەو ئەزموونانەیە کە تا ئێستا سێبەر و هەژموونی خۆی بە سەر مێژووی ئێرانەوە بە قوورسی بەجێهێشتووە.

سەعید نەفیسی (١٨٩٥-١٩٦٦) کوڕی نازمولئەتیبا کرمانییە. شاعیر، مێژوونووس، ئەدیب و نووسەرێکی بە توانای ئێران بوو کە لە تارانەوە دەستی بە کاری ئەدەبی و مێژوویی کرد و پاشان لە سویسرا و پاریس درێژەی بە خوێندنی ئەکادیمی دا و پاشان گەڕایەوە ئێران. سەردەمی تاریکی پاشایەتی ڕەزا خان، نەفیسی و مەلکولشوعەرای بهار و عباس ئیقباڵی ئاشتیانی و چەندانی کەسایەتی بەنرخ و گرنگ لە ئێران سەریان هەڵدا کە پاشان ئەمانە گەشەیان بە بواری دامەزراوەی زانکۆکان لە ئێراندا کرد. نەفیسی بە زیاتر لە هەزار و سەد لێکۆڵینەوە و زیاتر لە سەد کتێب لە بوارەکانی مێژوو و ئەدەب و پیاچوونەوە بە تێکستە کلاسیکییەکانی ئێران توانی خزمەتێکی زۆر بە ڕەنگڕێژکردنی مێژووی هاوچەرخی ئێران بدات. دکتۆر عەبدولحوسەینی زەڕینکوب مێژوونووسی گەوەی ئێران دەربارەی نەفیسی ڕای وایە کە: نەفیسی کەسایەتییەکی فرە ڕەهەندی هەبووە، مێژوونووس، لێکۆڵیار، ئەدیب، ڕەخنەگر، نووسەر، وەرگێڕ، زماناناس و ڕۆژنامەنووس بوو. تایبەتمەدی نەفیسی لە لێکۆڵینەوەکاندا شێوازی خێرانووسی بوو، کە وەک توێژەرێکی پڕبەرهەم توانی کاریگەری لە پاش خۆی جێبهێڵێت.

مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران هەروەک نەفیسی لە پێشەکی کتێبەکەدا باسی لێوە دەکات بە پێشنیاری گۆڤاری سوپای ئێران (ئەرتەش) نووسراوە. کە بە زنجیرەیەک

وتار هاتووەتە بەرهەم. نەفیسی پێیوایە کە ڕووداوەکان وەک زنجیر پێکەوە گرێدراون. لەسەر ئاستی ئێران و ناوچەکە و لەسەر ئاستی جیهانیش. ئەو لە تەک گەورەکردن و بچووککردنەوەی کاراکتەرەکاندا نییە، بەڵکو پێیوایە ڕووداوەکانن کە مێژوو دەخوڵقێنن و کاراکتەرەکان لەگەڵ خۆیاندا دەبەن. شەرافەتی مێژوو ڕێگە بە دوژمنایەتی و دۆستایەتی کەس نادات. کەس ناتوانێت ڕاست و دروستی فریو بدات. نووسین لای ئەو وەک کاری پزشکێک وایە کە لەسەر دیاریکردنی نەخۆشییەکە دەرمان دەنووسێت. نەفیسی دەڵێت کاری مێژوونووس وەک کاری ئەو پزیشکەیە کە بەپێی پێویستی کۆمەڵگەکەی خۆی دەنووسێت و تیماری دەردەکان دەکات.

مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی لای نەفیسی گێڕانەوەی ڕەگی مێژووی قاجاراکانە. دەروازەی باسی ئەوە بە ڕۆچوون بە ناو دڵی مێژووی زیاتر لە سەدە و نیوێک لە گۆڕانکارییەکانی وڵاتی ئێران. بە تیشک خستنەسەر باری کۆمەڵایەتی و ئابووری ئێران لە نێونیگای نووسەرەوە. پەیوەندی نێوان ئێران و وڵاتانی جیهان لە سەردەمی قاجار و کرانەوەی ئێران بەسەر جیهاندا چی بۆ ئێران هێنا؟ جێگەی باسی ئەوە. بە تایبەت لە سەردەمی ئاغا محەمەد خانی قاجار و جێنشینەکانی و پاشاکانی دواتر. ڕێککەوتنەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی زلهێزی سەردەمی قاجار. بە تایبەت پەیوەندی نێوان ئێران و ڕووسیا و ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لەگەڵ ڕووسیا گرێدراون. حیکایەتی خوێناوی نێوان ڕووسیا و ئێران کە لێوان لێوە لە بێمتمانەیی و دوژمنایەتییەکی قووڕس کە ڕووخساری ئایینی و شەڕی کوفر و ئیسلامیشی تێدا بەکارهاتووە. حیکایەتی ئێران و ڕووس لە سەردەمی قاجاریی حیکایەتی تەسلیمبوون و لاوازکردنی ئیرادەی میللەتی ئێران بەرامبەر بە داگیرکەران بووە. هەر بۆیە تا ئێستاکەش هەمان دیدگا لە ناو بیرمەندان و سیاسەتمەدارانی ئێرانی تا ئێستا ئیش دەکات.

کتێبی مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران یەکێکە لە سەرچاوە بە نرخەکانی مێژووی خانەدانی قاجاریی لە ئێران، نووسەر بە شێوەیەکی ورد ئاماژەی بە سەرچاوەکانی مێژووی قاجار داوە لە ئێران. ئەو دۆکیومێنت و بەڵگانەی کە لە بەردەستی نووسەر بووە بە باشی سوودی لێبینیوون. گرنگترین ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لە سەرەتای حکومەتی قاجاریی تا کۆتایی سەردەمی فەتحعەلی شای قاجار لە بەرگی یەکەمدا ئاماژەی وردیان پێدراوە. دەروازەی ڕۆچوونی بە کتێبەکەدا لە ژێر ناونیشانی» ئێرانی ئێمە لە سەد و هەشتا ساڵی ڕابردوو» تیشک دەخاتە سەر بنچینە و ڕەچەڵەکی قاجارییەکان لە ئێران.

نووسینەکانی نەفیسی وەک شێوازی داڕشتن پەیڕەوی نووسینی باوی سەردەمی خۆی دەکات. پێڕستی بابەتەکانی بە شێوازی کلاسیک داڕێژراون. بابەتەکانی بریتین لە: ئاغا محەمەد خانی قاجار، پەیوەندییەکانی ئێران و گورجستان، بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئێران لە سەردەمی ئاغا محەمەد خان، فەتحعەلی شا، پێشەکی شەڕی ئێران و ڕووس و پەیوەندی ئێران و ڕووس پێش جەنگ و کۆمەڵێک بابەتی گرنگی پەیوەست بەو مێژووە... شەڕەکانی ئێران و عوسمانی و ڕێککەوتننامەی تورکمانچای و بابەتی پەیوەندی ئێران و ئەفغانستان.

بە شێوەیەکی گشتی سەعید نەفیسی و نووسینەکانی دەروازەیەکی گرنگن بۆ ئێرانناسی و بەتایبەت ئەم کتێبەی بۆ ئەو کەسانەی کە خواستی ناسینی ئێرانی هاوچەرخیان هەیە. بۆ ئەو کەسانەی کە توانای خوێندنەوەی دەقە کلاسیکییەکانی ئێران و بەو شێوە نووسینەی باوی سەردەمی کۆتایی قاجار و ڕەزاخانیان هەیە. زمانی نووسینی نەفیسی و وەک هەموو نووسەرە دیار و ناودارەکانی سەردەمی خۆی شێوازی نووسینی فارسییە بە ئاستە ئەرستۆکراتی و شاهانەکەی سەردەمی خۆی، کە تێکەڵەیەکە، لە زمانی نوێی ژۆرنالیستی و قورس و تێکستی مێژوویی. وەک پێشتر سەید جەمالی ئەسەدئابادی و مەزنە نووسەرەکانی ئێران پێیان نووسیوە.

چەمکناسی

ئێرانناسی

# شیاویی خۆپاڵاوتن



ئامادەکردن: هەورامان فەریق

شیاوبوونی خۆپاڵاوتن بە گوێرەی دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران و ڕاڤە و هەڵسەنگاندنی ئەنجومەنی پاسەوان، بریتییە لە هەبوونی کۆمەڵێك مەرج لە کەسێکدا کە دەیەوێت خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆك کۆماری، ئەنجومەنی شوورای ئیسلامی، ئەنجومەنی شارەزایان و تەنانەت گشتپرسی بپاڵێوێت. ئەگەر بۆ نموونە کەسێك بیەوێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆك کۆماریی کاندید بکات، بە گوێرەی بنەمای سەد و پانزەی دەستوور، دەبێت لە نێو پیاوانی ئایینی و سیاسیدا هەڵبژێردرێت کە هەڵگری ئەم مەرجانەی خوارەوە بێت:

ئێرانیی ڕەسەن، دانیشتووی ئێران، بەڕێوەبەر و خاوەن تەدبیر، خاوەنی پاشخانی پاك و ئەمانەت و باوەڕ، باوەڕدار بە بنەماکاتی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئایینی فەرمیی وڵات[١]» کە دیارە مەبەست ئیسلامی .شیعی دوانزە ئیمامییە.

هەڵبەت لەبەر مشتومڕە بەردەوامەکان لەسەر هەندێك ڕەهەندی ناڕوونی یاسا و بڕگەکانی پەیوەست بە شیاوبوون لە دەستووردا، چەند جارێك هەوڵدراوە کە خوێندنەوەی نوێی بۆ بکرێت. چونکە وا دەردەکەوێت، تەنیا ئەم مەرجانە بەس نین. بەتایبەت بۆ ئەنجوومەنی شوورای ئیسلامی، ماددەی بیست و هەشتی یاسای هەڵبژاردن حەوت مەرجی بۆ کاندیداتۆری دیاری کردوون، کە جگە لە باوەڕ بە ئیسلام، بە دەستوور و بنەمای ویلایەتی ڕەهای فەقیهـ، هەبوونی بڕوانامەی ماستەر، نەبوونی ناوبانگی خراب، تەندروستی جەستەیی و زۆری تەمەن لە خۆ دەگرێت[٢]. کۆمەڵێك هەلومەرجی دیکە و هێزی دیکە لە دیاریکردنی شیاوبوونی کاندیدەکاندا ڕۆڵ دەبینن. ئەو مەرجانە لە ژێر چاودێری ئەنجومەنێکدا بە ناوی ئەنجومەنی پاسەوان هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت. ئەرکەکانی ئەم ئەنجومەنە زۆر گرنگ و چارەنووسسازن. ئەم ئەنجومەنە ڕاڤەی دەستووری کۆماری ئیسلامی لە ئەستۆدایە و چاودێری هەموو پرۆسەکانی دیکەی وەك ئەنجومەنی شورا و گشتپرسیش دەکات[٣]. هەرچەندە ئەنجومەنەکە ڕەتی دەکاتەوە کە هەرگیز لە ژێر کاریگەری هێز و دۆخێکی تایبەتدا بڕیار لە شیاوبوونی کاندید بدات، بەڵام ڕەخنەگرانی پرۆسەی دەنگدان لە ئێراندا پێیان وایە کە دۆخ و هێزگەلێك کاریگەرییان لەسەر بۆچوونی ئەنجومەنی پاسەوانی هەیە. بەرژەوەندییەکانی ڕژێم[٤]، دەسەڵاتی دادوەری؛ وەزارەتی ئیتڵاعات؛ فەراجا و کۆمەڵێك ڕێکخراوی سێبەری ئەم هێزانە کە هەریەکەیان دەتوانن لە ڕێگەی ڕاپۆرتگەلێکی تایبەت بە خۆیان کە ئاڕاستەی وەزارەتی نێوخۆ یان ئەنجومەنەکەی

دەکەن، کاریگەرییان لەسەر شیاوبوون یان نەبوونی کاندیدەکان هەبێت.

ئەم ڕەخنانەی لە پرۆسەی شیاوبوون و نەبوونی کاندیدێك بۆ خۆپاڵاوتن ئاڕاستە دەکرێن، چوار خاڵی جەوهەرین. یەکەم ئەو ئەنجومەنەی هەڵسەنگاندن بۆ کاندیدەکان دەکات، خۆی بە هەڵبژاردن لە لایەن خەڵکەوە دانامەزرێت. هەر بۆیە نەبوونی بنەما و زەمینەیەکی یاسا سەروەر و چاودێری گونجا و بێلایەنانە لە کاروبارە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی سیاسی و ئیداری، واتە نەبوونی زەمینە و کولتووری دیموکراسی و مافی مرۆڤ (مافسەنتەرانە)، و نەبوونی بەرپرسیارییەتی و وەڵامگۆبوونی بەرپرسان و کەموکورتی لە دەستنیشانکردنی بە یەکێك لە کێشە سەرەکییەکان دەزانرێت[٥]. دووەم لەبەر نەبوونی کۆمسیۆنێکی سەربەخۆی باڵای هەڵبژاردن، دەسەڵاتی ڕەهای هەیە و بانتر لە حکومەت و وەزارەتی نێوخۆ مومارەسەی دەسەڵات دەکات؛ سێیەم، لە کاتی ڕەتکردنی شیاوبوون، ئەنجومەنەکە هیچ ڕوونکردنەوەیەك و نارەزایەتییەك بە ئەرکی خۆی نازانێت؛ و چوارەم، ناڕوونیی لەو چەمك و بنەما یاساییانەدا کە لە دەستووردا بۆ پرسی شیاوبوون ئاماژەیان پێکراوە. بۆ نموونە، هەر بە گوێرەی دەستوور، هیچ سوونەئاییینزایەك و سەر بە پێکهاتە و نەتەوەیەکی جیاواز لە (فارس، شیعە) ناتوانێت بەربەستەکان و مەرجەکانی شیاوبوون تێپەڕێنێت. چونکە لە دەقەکانی دەستووردا بە شێوەی کۆنکرێتی ئاماژە بە فارس بوون و شیعە بوونی کاندید کراوە. کاتێك مەرجەکانی بەشداری سیاسی بۆ هەموو هاوڵاتیان لە هەڵبژاردن (بەتایبەت لە مافی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای سیاسی، ئایینی، ئایینزایی، ڕەچەڵەك یان ڕەگەز دادەنرێت، هەروەها تایبەتمەندی و پێوەرگەلێکی ڕوونیش بۆ هەڵسەنگاندنیان ناخرێنەڕوو، پرسەکە ڕووبەڕووی ئالەنگارییەکی جددی دەبێتەوە[٦]. ئەمە جگە لەوەیکە مافی هەڵبژاردنی کاندیدێك لەگەڵ مافی هەڵبژێردران لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا دوو ڕووی یەك دراون. ئەوەیکە کە کەسێك پێویست بێت ئەو هەموو فلتەرە ببڕێت و دواتر لە لایەن دامەزراوەیەکەوە دەستنیشانی ئەوە بکرێت کە ئەم کەسە شیاوە یان شیاو نییە، بە بێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت کە تانە لە ڕەتکردنەوەی شیاوبوونەکەی بدرێت، یەك ناگرێتەوە لەگەڵ سیستەمێکی دیموکراسیدا. بە تایبەت کە دەزگایەك ئەو هەڵسەنگاندنە بکات کە خۆی سەربەخۆ نەبێت. ئەم ڕەخنانە وایان کردووە کە بەردەوام هەوڵ بدرێت پێداچوونەوە بە ڕاڤەی بنەماکانی خۆپاڵاوتن و دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکە بکرێت. بەڵام نەتوانراوە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بەدی بهێنرێت.

بۆ نموونە ئەگەر سەرنجێکی ڕابردووی سەرۆك کۆماری هەڵبژێردراوی ئێستای ئێران بدەین لە هەڵبژاردنی خولی سیانزەدا کە سێ ساڵ لەمەوبەر ئەنجام درا، شیاوبوونی بۆ خۆپاڵاوتن ڕەت کرایەوە، هەروەها لە هەڵبژاردنی ساڵی (١٣٩٢)دا. مەحمودی ئەحمەدی نەژاد کە سەرۆکایەتی دوو کابینەی حکومەتی کردووە، سێ جار شیاوبوونی ڕەت کراوەتەوە[٧].

کەواتە گرنگە بزانرێت ئەم ئەنجومەنە لە چ کەسانێك پێك دێن، چۆن تاوتوێ و هەڵسەنگاندن دەکەن بۆ کاندیدەکان و لە ژێر کاریگەری چ دۆخ و هێزگەلێکی دیکەدا بڕیار دەدەن. بە گوێرەی بنەمای نەوەد و یەکەمی دەستووری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەنجومەنەکە لە دوانزە کەس پێکدێت، شەش فەقیهی دادپەروەر و شارەزا بە پێداویستییەکانی ڕۆژگار و پرسەکانی ڕۆژ کە هەڵبژاردنیان لە ئەستۆی ڕێبەردایە، لەگەڵ شەش یاساناس، لە بەشە جۆراوجۆرەکانی یاسا، کە لە لایەن سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەرییەوە بە ئەنجومەنی شورای ئیسلامی دەناسێنرێن و بە دەنگی ئەوان هەڵدەبژێررێن[٨]. لەو شوێنەوە کە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەریش لە لایەن خودی ڕێبەرەوە دیاری دەکرێت، کەواتە بە ناڕاستەوخۆ ئەو شەش ئەندامەی دیکەش هەر لە لایەن ڕێبەرەوە دەستنیشان دەکرێن.[٩]

پرۆسەی تاوتوێی شیاوبوونی کاندیدەکانی سەرۆك کۆماری پێنج ڕۆژ دەخایەنێت کە دەکرێت پێنج ڕۆژێك درێژ بکرێتەوە. لە مادەی ٥٧ی یاسای هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماریدا هاتووە کە ئەنجومەنی پاسەوانی لە ماوەی پێنج ڕۆژدا لە ڕێککەوتی گەیشتنی بەڵگەنامەکانی کاندەکانی دەست تاوتوێ شیاوبوونیان دەکات و بۆچوونی خۆی دەکات بە کۆنووسێك و یەك نوسخە لێی بۆ وەزارەتی نێوخۆ دەنێرێت.

هەر ئەمەش وای کردووە کە پرسی شیاوبوونی کاندیدەکانی سەرۆکایەتی کۆمار جێی مشتومڕ و تێبینی ڕەخنەگرانی پرۆسەکە بێت. نەک هەر ڕەخنەگرانی سیستەمی سیاسی و ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پرۆسەی سیاسیی ئێران، بگرە هێز و ئاڕاستە سیاسییەکانی نێو خودی شۆڕشیش ڕەخنەی زۆر لە ڕاڤەی بڕگەی چاودێریی هەڵبژاردنەکان دەگرن و لەوێشەوە تیری ڕەخنەکانیان ڕاستەوخۆ لە شورای پاسەوانە، چونکە پێیانووایە بووەتە سەرچاوەی ئەندازەکردن و بڕیاردەر لەسەر ئاڕاستەکردن و خاوکردنەوەی ململانێکان و یەکدەستکردنی دەسەڵات و ڕێگەخۆشکردن بۆ درێژەدان بە بڕیاردانی تاکلایەنانە

و سنووردارکردنی مافی خەڵک لە هەڵبژاردنی نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیاندا. هەروەها هەندێک لەسەرانی نێو شۆڕش، ئەم پرۆسەیە بە کارتی فشاری بناژۆخوازەکانی نێو سیستەمی سیاسیی لەقەڵەمدەدەن و پێیانوایە کێشەی قووڵی ئەم شورایە ئەوەیە لەبەردەم پەرلەمان و ئەنجوومەنی شارەزایاندا بەرپرسیار نییە و هیچ دەزگایەکی هەڵبژێردراو ناتوانێت لێپێچینەوەی لێ بکات.(١٠)

## سەرچاوەکان

١ - قانون اساسی جمهوری اسلامی ایران، فصل نهم، قوه مجریه، مبحث اول، اصل یکصد و چهاردهم و یکصد و پانزدهم، ص ٤٤.
٢ - فرمول تایید صلاحیت داوطلبان مجلس چیست؟ - تابناک | TABNAK
٣ - هەورامان فەریق، دەستووری کۆماری ئیسلامی، وەرزنامەی ئێراناسی ژمارە (٧)، ساڵی دووەم، نیسانی ٢٠٢٣، ل ١٦٣.
٤ - هەورامان فەریق، بەرژەوەندیی ڕژێم (مصلحت نظام)، وەرزنامەی ئێراناسی، ژمارە ٨، ساڵی دووەم، ٢٠٢٣، ل٢٠١.
٥ - اسدالله یاوری، بررسی صلاحیت نامزدهای انتخابات توسط شورای نگهبان: تأملی دیگر، فصلنامه تحقیقات حقوق، شماره ٨ ، ص ٢٣٥.
٦ - ص ٢٩٩
٧ - غیرمنتظره ترین ردصلاحیت در انتخابات ١٤٠٣ /احمدی نژاد همچنان در بن بست /پزشکیان بالاخره تایید صلاحیت شد +جدول - خبرآنلاین (khabaronline.ir)
٨ - همان ص ٣٥.
9 - https://www.iranintl.com/202406098293
١٠ - هەردی مەهدی، شوورای پاسەوان، وەرزنامەی ئێراناسی، ژمارە ١١، ساڵی سێیەم، ٢٠٢٤، ل٢٣١.

CFS


Center for Future Studies

## هەندێک لە بڵاوکراوەکانی
## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

CFS

Center for Future Studies


# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی




CFS
Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی















CFS

Center for Future Studies

# هەندێک لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی


































CFS

Center for Future Studies

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٢) ساڵی سێیەم، ئابی ٢٠٢٤